# دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان

## لە ناوەوە بونیادنان، لە دەرەوە دانپیانان

بورهان أ. یاسین . سەردار عەزیز

**دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان**

**لە ناوەوە بونیادنان، لە دەرەوە دانپیانان**

نووسینی: بورهان أ. یاسین  و  سەردار عەزیز

تیراژ: ۱۰۰۰ دانە

دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم أ. یاسین

سپۆنسەری کتێب: تەحسین قادر

| چاپخانەی کارۆخ

| چاپی یەکەم ۲۰۱۷

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (۱۳۷۰)ی ساڵی (۲۰۱۷)ی پێ دراوە.

# ناوەڕۆکی باس


**بەرکوڵ** ........................................ ٥

**١ دەستپێک** ........................................ ٧

١-١ چەمک و پێناسە تیۆرییەکان .................. ٢٤

١- ٢ دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .................. ٤١

١-٣ گوتاری دژە دەوڵەت لە کوردستان .................. ٤٦

١-٤ رێگرییەکانی دیکەی بەردەم پڕۆژەی
دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان .................. ٦١

١- ٥ دەوڵەت وەک پێداویستی .................. ٦٥

١- ٦ کورد و بێدەوڵەتبوون .................. ٦٩

**٢ باشووری کوردستان: هەندێک فاکتەری بوون بە دەوڵەت** ٧١

٢-١ رووخانی رژێمی عێراق و دارمانی دەوڵەتی عێراق ٧١

٢-٢ کێشەکانی ئەمریکا لە عێراق .................. ٧٤

٢-٣ دەوڵەتی پاش داڕوخان .................. ٧٨

**٣ ئەزموونی باشووری کوردستان: ناوەوە، ناوچە، جیهان** ... ٨٥

٣-١ سامانە سروشتیەکان .................. ٨٨

٣-٢ مەترسی لەسەر ئاسایشی کوردستان .................... ٩١
٣-٣ دەوڵەتی "من"، دەوڵەتی خەڵک ................................ ٩٥
٣-٤ جیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .......................... ١٠٢

**٤ کوردستانی سەربەخۆ: لە ناوەوە بونیادنان،**

**لە دەرەوە دانپیانان** ............................................. ١١٣

٤-١ نەتەوەگەریی (ناسیونالیزمی) کوردی، کوردایەتی.. ١٢٠
٤-٢ گلۆباڵیزم و دەوڵەت-نەتەوە! ................................ ١٣١
٤-٣ دەوڵەتی کوردی و ئەوانیتر .................................. ١٣٤
٤-٣-١ عێراق ........................................................... ١٣٥
٤-٣-٢ ئێران ........................................................... ١٥٨
٤-٣-٣ تورکیا ........................................................... ١٦٦
٤-٣-٤ سوریا ........................................................... ١٧٨
٤-٣-٥ ئەمریکا ......................................................... ١٨٣
٤-٣-٦ یەکێتی ئەوروپا .............................................. ١٩٢
٤-٣-٧ ئیسرائیل ........................................................ ١٩٦
٤-٣-٨ روسیا ........................................................... ٢٠٠
٤-٣-٩ سعودیە ......................................................... ٢٠٤
٤-٤ بنەماکانی گۆڕانکاری لە دیدی ئەوانی دیکەدا ........ ٢٠٧
٤-٥ هەندێک هێزی سیاسی و مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆ .. ٢٠٨
٤-٦ بۆچی پارتی پەلەیەتی؟ ........................................ ٢١٩

٤- ٧ ئاڵۆزی بڕیاری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.... ٢٢٤
٤-٨ نەرەتیڤ (چیرۆک)ی کوردی و ڤیژن (روئیا)ی
سەربەخۆیی .............................................................. ٢٣١
٤-٩ ریفراندۆم .............................................................. ٢٣٥
**٥ دەرئەنجام** .............................................................. ٢٤٥
**٦ نەخشە ڕیگا** .............................................................. ٢٥٥
٦-١ لە ئاستی ناوخۆدا، بونیادنان .................................... ٢٥٦
٦-٢ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، دانپیان ................................. ٢٦٣

## بەرکوڵ

هەمـوو قەیرانێکـی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی لـە بنەڕەتـدا قەیرانـی ئاگـاییە، بیرمەنـدی فەرەنسـی ئۆگسـت کۆمـت وەهامـان پێـدەڵێت. نەبوونی دەوڵەتـی کوردی، نەبـوونی توانا بـۆ بونیادنـانی دەوڵەتـی کوردی، نەبوونی هـاودەنگی و هـاوبەرنـامەیی هێزە کوردیەکـان بـۆ سیاسـەتکردن بەو ئاڕاسـتەیە، لـە بنەڕەتـدا قەیرانێکـی ئاگـاییە، نیشـانەیەکی زەقـی قەیرانـی ئاگـایی سیاسـییە. نیشـانەی نەبـوونی ئامانجێکی سیاسی روونە لە ئاگایی سیاسـی کوردیدا. مـامەڵەکردن لەگەڵ پرسـی دەوڵەتـی کـوردی لـە ئاسـتی ئاگاییـدا، دەبێـت پـێش هەموو هەنگاوەکانی دیکە بکەوێت. ئەم کارە هەوڵێکە بەو ئاڕاستەیە.

# ١
# دەستپێک

بێدەوڵەتیی بۆ مرۆڤی کورد وەک تراژیدیایەکی لێ هاتووە. گەلێکی گەورە، پەرتەوازە، نکوڵی لێکراو، خیانەت لێکراو بەڵام لە هەمان کاتدا "دژ بە خۆیشی." نەبوونی دەوڵەت لە زۆر ناوەندی دیپلۆماسی و سیاسی و ئەکادیمیدا وەها دەبینرێت وەک ئەوەی کە هێشتا ئەم خەڵکە نەیانتوانیوە بە شێوازی مۆدێرن (واتە بە شێوازی دەوڵەت) خۆیان ڕێکبخەن. بە مانایەکی دیکە بێدەوڵەتیی دەکرێت نیشانەیەک بێت لە دواکەوتوویی. ئەم دواکەوتوویییەی کورد، بە تایبەتی وەک لەلایەن ئەوانی دیکەوە وێناکراوە، بە زۆر شێوە دەردەبڕدرێت: کورد دوژمنی خۆیەتی، کورد ناتوانێت یەکبگرێت، کورد بە ئاسانی لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە بەکاردەبرێت، کورد خێڵەکییە، کورد چەندێک دژ بە ئەوانی دیکە دەجەنگێت هێندە و زیاتریش دژ بە خۆی. هەروەها گەواهی ئەوەیە کە هێشتا ئەم کۆمەڵگایە زۆر قۆناغی لەبەرە بۆئەوەی بیانبڕێت، هەتا بتوانێت ببێتە کۆمەڵگایەکی سەردەمیی، کە تیایدا هاوڵاتی و یاسا و سیستم و دەزگا و بواری هاوبەش و ئابوری و سنووردارێتی بوونیان هەبێت.

ئەم رستە تراژیدیانە هەموو بانگەشەن بۆ ئەوەی کە دەبێت کورد پچڕانێک بکات لەگەڵ ئەم دۆخە مێژووییە تراژیدییەیدا. ئەم پچڕانە فرە ئاستە، تەنها لە ڕێگای دەوڵەتەوە دەبێت. **دەوڵەت ئەو شێوازەی کۆکردنەوەی هێزی گشتییە لە پێناو چاکەی گشتیدا.** شێوازی بەرهەمهێنانی هێزە بۆ ئەنجامدانی کاری هەموان بۆ هەموان. ئەمە چوارچێوەی بیرکردنەوەی ئێمەیە. ئەمە خاڵی بەرێکەوتنی ئێمەیە.

لە کتێبی بونیادنانی دەوڵەتی مۆدێرندا، برایان نیلسۆن دەپرسێت: بۆچی لە دەوڵەت بکۆڵینەوە؟ وەڵامی دەستوبردی ئەم نووسەرە زۆر ئاسانە؛ چونکە هەریەکەمان لە هەناوی دەوڵەتێکدا دەژین.[1]

دەشێ دەربڕین و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پرسیارە بۆ مرۆڤی کورد، زۆر زیاتر لە خەڵکانی دیکەی دونیا جێگای بایەخ بێت: لە کاتێکدا مرۆڤی کورد لە هەناوی دەوڵەت (یا راستتر بڵێین کۆمەڵێک دەوڵەت)دا دەژی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خەون بە جۆرێکی دیکەش لە دەوڵەت، کە هەتا ئێستا نەخەملێوە، دەبینێت. کەواتە ئەم مرۆڤە لە دژایەتیەکدا دەژی: لە لایەکەوە بە فەرمی هاووڵاتی دەوڵەتێکە، کەچی لەگەڵ دەوڵەتدا کێشەی هەبووە و هەیە چونکە دەوڵەت لە بری ئەوەی ئامرازی بەدەستهێنانی مافەکانی هاووڵاتیبوونی بوبێت، ئامرازی چەوساندنەوە و لەناوبردنی بووە. لە لایەکی دیکەشەوە بەردەوام ئەو لەگەڵ راستییەکی تاڵ و خەم و هەستێکدا دەژی، کە بۆچی ئەو خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە.

---

[1] Nelson, Brian (2006) *The Making of the Modern State: A Theoretical Evolution*, Palgrave.

کەواتە ئەو شتە چییە کە کورد لە هەناویدا دەژێت بەڵام لە هەمان کاتدا نیەتی؟ ئەم پرسە گرنگە و کۆمەڵێک رەهەند و مانا لەخۆ دەگرێت، پرسەکە مرۆیی، سیاسی، ئابوری، ئاسایشی، شوناسی و تا ئاستێکیش ئەخلاقییە.

لە ساڵانی دواییدا، باسوخواس دەربارەی پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان پەرەی سەندووە. ئەم پەرەسەندنە لە ناو چاودێرانی غەیرە کوردیشدا هەستی پێ دەکرێت.[١] لەو فاکتەرە سەرەکییانەی بوونەتە هۆی ئەم پێشوەچوونە دوانەیەکی ئۆرگانیکی بووە: یەکەمیان بە بنبەست گەیشتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و زۆربەی کارو پرۆژە پەیوەندیدارەکان بەم پرۆسەیەوە، لە پێش هەمووشیانەوە سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق و لە قاڵبدانەوەی ئەو دەوڵەتە؛ دووەمیشیان سەرهەڵدانی داعش، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەم بنبەست گەیشتنەی پشتڕاست کردەوە و بوو بەو هۆکارەی کە بنبەستەکەی بردە قۆناغ و لوتکەیەکی دیکە و کێشەو لاوازییەکانی پرۆژەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقی واڵا و

[١] دیپلۆماتێکی فەرەنسی لە دیدارێکدا، لەگەڵ یەکێک لە نووسەرانی ئەم کتێبە، جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە گەورەترین گۆڕانکاری لە چەند ساڵی رابوردودا لە باشووری کوردستان، گەشەی بیری سەربەخۆیی بووە. رەنگە ئەمە لە روانگەی کوردەوە بە زەرورەت ئەوها بێت بەڵکو کوردێک دەشێ بڵێت کە "سەردەمانێکە کورد خەونی سەربەخۆیی هەیە"، بەڵام گرنگی ئەم دەربڕینە لەوەدایە کە پێمان دەڵێت کە چۆن ئەوانی دیکە لە پرسی گەشەی بیری سەربەخۆیی دەڕوانن.

ئاشکرا کرد. دەشکرێت بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەم قۆناغی بنبەستە چارەنووسساز بێت بۆ کۆتاییهاتنی دەوڵەتی عێراق.

عێراق لە سەرەتای دروستبوونییەوە، یان دروستکردنییەوە، پرۆسەیەکی نامۆبووە بە خەڵکەکەی. سنووررێژیەکەی لەگەڵ هەموو وڵاتانی دراوسێیدا کێشەی هەبووە، کە پاشان زۆریان دەبنە مایەی شەڕ و نەگبەتی بۆی: وەک کێشەی سنووری لەگەڵ ئێران، کوێت.

بەڵام موفارەقەکە (پارادۆکس) ئەوەیە کە ئەم چڕبوونەوەی باسوخواسی سەربەخۆییە هێندەی پەیوەندی بە لاوازی و کڵۆڵییەکانی سیستمی سیاسی باشووری کوردستانەوە هەیە، هێندە پەیوەندی بە توکمەیی و بەهێزی ئەم سیستمی سیاسییەی هەرێمەکەوە نییە. ئێمە لە دۆخێکدا ناژین کە پێگەیشتوبین بۆ دەوڵەت، بەڵکو دەوڵەت یان سەربەخۆیی بەکاردەبرێت بۆ ئامانجێکی جودا لە خۆی، کە لە ئاکامدا خودی بیرۆکە و پرۆژەی سەربەخۆیی زیانی بەر دەکەوێت. بە مانایەکی دیکە سەربەخۆیی بە مەبەستێکی تەسک و سنووردارکراو بە ئامرازکراوە و دەکرێت لە ئاڕاستەی بەرجەستەکردن و بەهێزکردنی پێگەی هێزێکی سیاسی دیاریکراودا، لە ناو ئەم هێزەش زۆر بە دیاریکراوی گروپێک. بە واتایەکی دیکە ئەم **بە ئامرازکردنەی پرۆژەی سەربەخۆییە** نەک هەر خزمەت بە سەربەخۆیی ناکات بەڵکو بگرە ئەم پرۆژەیە بارگاوی دەکات و دەبێتە مەترسی و هەڕەشەیەکی جددی لەسەری.

ئێمە بە پێویستی دەزانین کە ئەو جۆرە ئاگاییە ئەرێنی و نەرێنیانەی لە پانتایی گشتیدا بڵاون دەربارەی دەوڵەتی کوردی

بخوێنینەوە، رەخنەبکەین و راڤەیان بکەین لە پێناوی هێنانە ئارای گوتارێکی زانستیی نیشتمانیدا.

پرسی سەربەخۆیی پرسێکی هەستیارە بۆ زۆرینەی خەڵکی کوردستان، بۆیە مۆنۆپۆڵکردنی لەلایەن هەر هێز و لایەنێکەوە، دەبێتە سەرمایەیەکی گەورە بۆ ئەو هێزە، بەڵام مەرج نییە ئەم مۆنۆپلۆڵکردنە بە سوود بۆ پرۆژەی سەربەخۆیی بشکێتەوە، بگرە دەتوانێت زۆریش زیانبەخش بێت بۆ پرۆژەکە. ئەمڕۆ بە وردبوونەوە لە دۆخی حکومداری و سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان دەبینین کە لایەنێکی سیاسی دیاریکراو لە هەناوی سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، کە لە پاش کۆمەڵێک هەنگاو و رووداوی سیاسی گەیشتووەتە پلەی قۆرخکاری سیستمی سیاسی و ئابوری کوردستان، بە جەختکردنەوە دروشمی سەربەخۆیی هەڵگرتووە. گوتاری سەربەخۆیی هاوکاری ئەم هێزەی کردووە بۆ ئەوەی لە بەغدا داببڕێت، زیاتر بە ئاراستەی تورکیادا بڕوات، لە ئەنجامدا بتوانێت سامانی سروشتی و داهاتی هەرێم بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و سیاسیانە مامەڵەی پێبکات. بۆ خۆسەپاندنی زیاتر، ئەم هێزە پێویستی بە پەکخستنی هەموو ئەو ناوەند و دەزگایانە هەبوو کە وەک رێگرێک بون لە پێناو ئەم ئامانجەدا. بە واتایەکی دیکە، ئەم هێزە بۆ خۆ رزگارکردن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەستوور و یاسا و رەواییەتی دیموکراتی، دەست دەبات بۆ "کارتی" سەربەخۆیی بۆ ئەوەی رەوایەتی بدات بە حاڵەتی ناڕەوایەتی و ئەمری واقعیش بکات بە حاڵەتێکی قبوڵکراو. جگە لەمەش، ئەم شێوازە لە

دەستبردن بۆ سەربەخۆیی زیاتر هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی عەیب و کلۆڵییەکانی سیستمێکی پڕ لە کێشە و قەیران، یان بە روویەکی دیکەدا هەوڵدانە بۆ جوانکردنی ئەو سیستمە لە ڕێگای بانگەشەی "سەربەخۆییەوە". رەخنەگرانی گوتاری سەربەخۆیی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەخوازن ئەوە جەخت بکەنەوە کە ئەم بانگەشەیە بارزانی و پارتی بۆ سەربەخۆیی زیاتر بۆ شاردنەوەی کێشە و قەیرانەکانی باشووری کوردستان وە بازدانە بەسەریاندا. مەبەستێکی دیکەش لە وروژاندنی مەسەلەی سەربەخۆیی ئەوەیە کە لە ڕێگای ئەم وروژاندنەوە دەنگ و سۆزی خەڵک بۆ خۆی و حیزبەکەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەدەست بهێنێت.[١]

لێرەدا سەربەخۆیی دەبێتە ڕووداوێکی سیاسی ئاڵۆزی فرە ئاست و فرە رەهەند، کە دەبێت بە سەلیقە و ئاگایی وردەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت: لە کاتێکدا باس لە دەوڵەت دەکرێت، کەچی لە لایەکی دیکەوە و لە هەمان کاتیشدا هەموو بنەما و پایەکانی دەوڵەت خاپور دەکرێت. ئەم راستییە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە گوتاری دەوڵەت تەنها ئامرازە. ئەم بە ئامرازکردنە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سنووردار، سەربەخۆیی دەکات بە گوتارێک کە بە هەموو مانایەک دژ بە بنەما و خەسڵەتەکانی دەوڵەت یان بونیادنانی دەوڵەتی مۆدێرنە. چونکە ئەم جۆرە لە دەوڵەت، واتە دەوڵەتی مۆدێرن، وا پێویست دەکات کە دەربڕی تەواوی پانتایی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت بە هەموو رەنگە

[1] Bengio, Ofra (2017) ‘‘What Can Make or Break a Kurdish State?’’ *Telaviv Notes*, Vol. 11, No. 1, Januaey 10, p. 2

ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانییەوە وە دواجاریش پڕۆژەیەک بێت بۆ خزمەتی تەواوی پانتاییەکە نەک دەربڕی تەنها پێکهاتەیەکی ئەم پانتاییە.

پرۆسەی بە ئامرازکردن رەگی قووڵی لە بیری نوێی فەلسەفیدا هەیە. کاتێک خواستێک دەبێتە ئامراز، ئەوا مانای وایە چیدی وەک خواستێک نەماوە؛ بەڵکو وەک ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک. ئامراز بەکار دەبرێت، پەیوەندی ئامرازیی لەگەڵدا دەبەسترێت. پەیوەندی ئامرازی یانی پەیوەندی بەکاربردن و پاشان فڕێدان. ئێمە بڕوامان وەهایە کە سەربەخۆیی نە ئامرازە، نە ئامانج. بەڵکو پرۆسەیەکە لە پێناو مسۆگەرکردنی بوونی مرۆڤی کورد لە دونیادا، هاوتا بە مرۆڤەکانی دیکە.

ئەم دژایەتییە گەواهی ئەوەیە کە هەموو شتێک رەوایە لە پێناو مانەوەدا، تەنانەت بەکاربردنی خەونی مێژینەی گەلێکی بندەستیش. ئێمە بڕوامان وایە، ئەم گوتارە دژ بە واقیعە بە زیانێکی گەورەی پرۆسەی بە دەوڵەتبوونی کورد دەشکێتەوە.

ئێمە لەم جۆرە گوتارەدا خاڵی بەرگری دژ بە گوتارەکە دەبینینەوە؟ وەک لە بیرمەندی ناسراوی فەرەنسی میشێل فۆکۆوە فێردەبین، هەموو گوتارێک لە ناواخنیدا دژە گوتاریش هەڵدەگرێت. بەڵام ئەوەی پێویستە بوونی ئاگاییەک و شارەزاییەکە لە بەکاربردنی میتۆدی راڤەکاری گوتاردا (discourse analysis).[١]

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Foucault, Michel (1990) *The History of Sexuality an Introduction*, Translated from the French by Robert Hurley, Penguin books. P. 102.

دودەیەی رابوردوو دۆخێکی هێناوەتە ئاراوە لە کوردستاندا کە لە زۆر رووەوە لاسەنگە. ئەم لاسەنگییە، پارتی دیموکراتی کوردستانی گەیاندووەتە ئەو باوەڕەی کە لە رێگای گوتاری سەربەخۆییەوە دەتوانێت نەیارەکانی لاواز و گۆشەگیربکات و پاشان وەک هێزی لاوەکی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، یا لە رێگای ئەم گوتارەوە بیانخاتە ناو چوارچێوەی سیاسی خۆی و ژێر سێبەری قورسی هەژمونی خۆیەوە. ئەم قۆرخکردنەی گوتاری دەوڵەت و پاشان دەوڵەت بە گشتی، بنەمای هاتنەئارای جۆرێک لە دەوڵەتی رۆژهەڵاتییە کە نامۆیە و هەمیشە نامۆ بە خەڵکەکەشی دەمێنێتەوە. بۆیە ئێمە کە دەڵێین دەوڵەت مەبەستمان دەوڵەتی مۆدێرنە، نەک هیچ دەوڵەتێکی دیکە؛ دەوڵەتی هاوولاتی و خاوەن سیستمێکی کراوە و ئابوریەکی ئازاد و سیستمێکی سیاسی خزمەتکار.

بۆیە لە کاتێکدا کە پێویستە گوتاری دەوڵەت دەسەڵات بەرهەم بهێنێت، کەچی لەم حاڵەتەدا دەسەڵاتی سیاسی لاواز و پەرتەوازە دەکات، چونکە لە بری بونیادنانی رەوایەتی سیاسی دەبێتە هۆی لاوازکردن و لەکەدارکردنی ئەم رەوایەتییە. ئەم دژایەتییە لە هەناوی ئەم جۆرە لە گوتاردا سەیرنییە، بەڵکو راستییەکە، تەنانەت راستییەکی زۆر مەترسیداریشە.

لە لایەکی دیکەوە دەکرێت زۆر بە گشتی ئەو بانگەشانەی، کە تائێستا لە باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی کراون و دەکرێن، پۆلێن بکرێن بۆ دوو ئاڕاستە: یەکەمیان ئەوەیە کە، کەم یا زۆر، بە بۆنەو و بەبێ بۆنە باس لە پرسی سەربەخۆیی دەکات، دوور لە هەموو باسوخواسێکی جددی دەربارەی مەرج و

پێداویستەکانی هەنگاوی بە کردار بەرەو سەربەخۆیی و مەرج و پێداویستییەکانی بونیادنان، ژیان و مانەوەی ئەو دەوڵەتە و ... هتد. بەڵام ئاڕاستەکەی دیکەیان ئەوەیە کە بە بەهانەی بە عەقڵانیکردن و بە ناوەڕۆککردن و بە کێشە بینینی هەنگاوێکی ئەوها، کەم یا زۆر، تەنها باس لە ناوەڕۆک و مەرج و پێداویستییەکانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکات و خۆی لە بەرزکردنەوەی بێ پێچ و پەنای دروشمی سەربەخۆیی بە دوور دەگرێت.

ئێمە رەخنەمان لە هەردوو ئاڕاستەکە هەیە، چونکە بەشێک لە خەسڵەتەکانی ئەم دوو ئاڕاستەیە **پەرچەکردار و دەربڕی دۆخی دەرونی کێبڕکێیە**، لە بڕی ئەوەی لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی دوورخایەن بونیادنرابن. تێپەڕاندنی ئەم دۆخە دەرونییە، کارێکی هەنوکەییە. بەردەوامی ئەو دابڕانە لە نێوان ئەم دوو ئاڕاستەیەدا مەترسییەکی جددییە، چونکە ئەم دوو ئاڕاستەیە، پانتایی سیاسی، بە شێوەیەکی زیانبەخش بۆ پڕۆژەی سەربەخۆیی دابەش دەکات و دووریش نییە ببێتە هۆی لەبارбردن و لەدەستدانی دەرفەتەکانیش، کە لە راستیدا لەبەر دەرگای کورددان.

لە کاتێکدا ئاڕاستەی یەکەم زۆر گرنگی نادات بە ئەزموونە مێژووییەکان و بە کێشەکانی بەدەوڵەتبوون لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەد ساڵی رابوردوودا و بە خوێندنەوەی جیۆستراتیژییانەی هەلومەرجە هەنوکەییەکان: ئەوا بە هەمان ئاست، بەڵام بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە، ئاڕاستەی دووەم بە لەبەر چاوگرتنی ئەم هەموو رەگەزانە، ناخوازێت هەندێک رەهەندی دیکە ببینێت کە گرنگییان لەم رەگەزانە کەمتر نییە.

بە کورتی و بە چڕی: کێشـە سـەرەکییەکە ئەوەیە کە ئەم دوو ئاراستەیە، هەر یەکێکیان بە شێوەیەک، ناخوازن هەندێک رەهەند و رەگەزی گرنگی مەسـەلەی سـەربەخۆیی ببینن، ئەمەش دواجار کێماسی (نوقسانی) دەخاتە دید و بۆچوونی هەر یەکێک لەو دوو ئاراستەیە. ناتەبایی ئەم دوو ئاراستەیە رێگرێکی جددییە لەوەی هەر ئاراستەیەک لەم دوو ئاراستەیە بە تەنیا بتوانێت واقیع بە سەرجەم رەهەندەکانییەوە ببینێت. ئەم جۆرە جەمسەرگیرییە جۆرێک لە ئایدۆلۆژیای بەرهەمهێناوە، کە ئایدۆلۆژیا خۆیشی دواجار دەبێتە فلتەرێک لە نێوان ئێمە و واقیعدا. هەندێک جار خۆمان ئەم فلتەرە دادەنێین، کەچی زۆر جاریش بێئاگاین لە بوونی ئەم فلتەرە. بە هەر حاڵ ئەوەی گومانی تیادانییە ئەوەیە کە هەمیشە، فلتەر بوونی هەیە.[١]

خاڵێکی گرنگی لێوەدەرچوونی ئەم نووسراوەی بەردەست ئەوەیە کە پێویستە پەیوەندی ئەم دوو ئاراستەیە لە رەش یا سپی ببرێتەدەرەوە و لە فەزایەکی دوور لە جەمسەرگیری بە ئاراستەی یەکگرتنەوە و یەکتر تەواوکردن کاری لەتەکدا بکرێت. بە پێچەوانەشەوە ئەگەرێکی هەرە بە هێزە کە بەردەوامی دابڕان لە نێوان ئەم دوو ئاراستەیەدا بە زیانی گەورەی پرۆژەی سەربەخۆیی تەواو ببێت.

---

[١] ئەم دیدەی ئێمە بۆ ئایدیۆلۆژیا لە (کلیفۆرد گریتز)ەوە سەرچاوە دەگرێت. بڕوانە:

Geertz, Clifford (1973) *The Interpretation of Cultures*: Selected Essays, Basic book. New York

لە لایەکی دیکەوە ئوفرا بینگیو باس لە ئاراستەی سێیەمیش دەکات کە ئەویش ئەوەیە هەندێک کورد هەن پێیان وایە کە مانەوەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا باشترین بژاردەیە.[١]

ئەم دەقە هەوڵدەدات لە سەر ئەزری واقیع هەنگاوەکانی بنێت و بەخێرهاتنی هەموان بکات بۆ مەیدانی واقیع، بەبێ داڕن بوون لە خەیاڵ. بەڵام بە بەهۆشهاتنەوەش لە رۆمانسیەت و خەیاڵپڵاوی و ئۆپۆزسیونبوون لە پێناو ئۆپۆزسیونبووندا.

* * *

ئەم نووسراوە لە پێهەڵگرتن لە هەندێک خاڵی سەرەتایی، بەڵام گرنگ، وەک بۆ نموونە پێناسەی دەوڵەت، ئاگایی و دژە ئاگایی دەوڵەت، دۆخی بەرفراوانی ناوچەکە و هەڵوێستی هێزە جیهانییەکان، دەخوازێت بۆچوونێک بخاتە روو لەمەڕ مەسەلەی بەدەوڵەتبوونی باشووری کوردستان. هەروەها هەوڵ دەدات نەخشە رێگایەک بخاتە روو کە دەکرێت هاریکاربێت لە کاتی خەملاندنی هەر دیدێکی گشتگیر دەربارەی خوێندنەوەیەکی هەمەلایەن لەو رەگەزانەی کە کۆی روانگە سیاسی و جیۆ-ستراتیژیەکانی باشووری کوردستان پێکدەهێنن. هەڵبەتە ئەمەش بە ئامانجی خوێندنەوە و بەرهەمهێنانی نەخشە رێگایەک بۆ هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی ئەو بەشەی کوردستان.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەم نووسراوەی بەردەست دەخوازێت جەخت لە ئەوە بکاتەوە کە رەهەندی ناوخۆیی، واتە باسوخواس و

---

[1] Bengio, Ofra (2017) p. 1.

پـڕۆژەی سـەربەخۆیی لە نێوخـۆدا، نەک هەر گـرنگییەکەی کەمتـر نیـیە لە ڕەهەنـدی عێراقـی و نـاوچەیی و جیهـانی، بەڵکـو بگـرە دەکرێـت گرنگتـر و چارەنووسسـازتریش بێـت. چـونکە دەکرێـت لە چرکەسـاتێکدا ڕەهەنـدێکی نێگەتیـڤ و نەرێنـی نـاوخۆ هەمـوو ڕەهەندە نێگەتیڤە دەرەکییەکان بهێنێتە ناوەوە، بۆ ئەوەی دواجار "دەرەوە" بە ئاسـانی زەفەر بە "نـاوەوە" ببـات و خەون و پـڕۆژەی سەربەخۆیی لەباربـبات و شکسـتی پێبهێنێت. لە لایەکی دیکەشـەوە، بە هەمان پێوەر، دەکرێت ڕەهەندە نێگەتیڤەکانی نـاوخۆ ببنە هـۆی لاوازکـردن و لەبـاربردنی فـاکتەرە پـۆزەتیڤە دەرەکییەکـان و بەمەش لەبـاربردنی دەرفەتەکـان بە تەواوەتـی. دەرفەت لە دەرەوەی ئـێمە بە نـاوخۆ ناکرێـت و سـوودی لـێ وەرناگیرێـت ئەگەر نـاوەوە پۆزەتیـڤ و ئامـادە نەبێـت وە ئەو نـاوخۆیە باوەشێکی کراوە و پۆزەتیڤ نەبێت بۆ دەرفەتەکە.

* * *

لە سـاڵانی دواییدا پرسـی سـەربەخۆیی زیاتر لە پێشـوو بـووەتە جێگـای باسـوخواس. لە لایەکـی دیـکەوە ئەم باسوخواسـە بە زەرورەت هەمـووی لە خزمەتـی بیـرۆکەی سـەربەخۆیدا نەبـووە. لە کاتێکیشـدا پێویسـتە مەسـەلەی سـەربەخۆیی بەو پەڕی گرنگـی و لە گۆشـەبینینێکی نیشـتمانی و لە ئاسـتێکی ئەوپەڕی سـتراتیژییەوە دەستی بۆ ببردرێت، کەچی زۆر جار بە موناسـەبە و بێ موناسـەبە وە لە نەسـەقێکی زۆر تەسـک و تاکتیکیـدا مـامەڵە لەگەڵ ئەم مەسـەلە هەستیارەدا کراوە.

بە شـێوەیەکی گشـتی لە کتێبخـانەی کوردیـدا ئەو ئەدەبیـاتەی باس لە دەوڵەتی سـەربەخۆ و مەسـەلە پەیوەندیدارەکان دەکات تا ئێستا زۆر سنووردارە و لە ئاستی گرنگیی ئەو مەسـەلەیەدا نییە. لە راستیدا پێشتر زیاتر باسوخواسی دەوڵەتی سـەربەخۆ لە ئاستی مۆراڵی سیاسی و پرینسیپی مافی چارەی خۆنووسـیندا ماوەتەوە و زۆر کەمتـر چـووەتە ئاسـتی رەهەنـدە جیۆپـۆلیتیکی و لایەنە کردارییەکانی مەسەلەی سەربەخۆییەوە.

دەکرێت بە گشتی هۆکارێک بۆ کەمی ئەم جۆرە ئەدەبیاتە ئەوە بێت کە سـالانێکی زۆر، لە راسـتیدا مـاوەی دەیـان سـاڵ، بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد داوای مـافێکی سنووردارکراوی کـردووە کە هەڵبەتە ناگاتە ئاستی بەدەستهێنانی سـەروەریی نیشـتمانی، جا ئەم مافە سنووردارە ئۆتۆنـۆمی بێت یا سیستمی فیدراڵی. بە مانایەکی دیکە، لەبەر ئەوەی خەباتەکەی لە پێناو شـتێکی دیکەدا بـووە نەک دەوڵەت، ئەوا بە پێویسـتی نەزانیـوە زۆر باسـی دەوڵەت بکـات، تەنانەت زۆر جار خۆیشی لەو بابەتە گرنگە دزیوەتەوە بۆ ئەوەی هێزە ئیقلیمییەکان تـووڕە و بێزار نەکات وە بـۆ ئەوەی ئەم بزاڤە ئۆتۆنۆمیخوازە بە جیابوونەوە گوناهبار نەکرێت.

لە راسـتیدا زووتـر دەرکەوتـووە کە چارەسـەر لە رێگـای ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵی تەنها نیو چارەسـەر یا چارەگە چارەسـەرە، وە لە باشـترین حـاڵەتەدا مەسـەلە هەرە چارەنووسسـازەکان بە بـێ چارەسـەر دەهێڵێـتەوە. ئەم دەرهاوێشـتەیە هەرنەبێـت دوو جار لە ماوەی چل یـا ٥٠ ساڵی دوایدا بە کردار دەرکەوتووە، پێشتر بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ وە دواتر سیستەمی فیدراڵی

دوای کۆتاییهاتنی رژێمی سەددام حوسێن. ئۆتۆنۆمییەکەی ١٩٧٠ (کە هەڵبەتە بە کردار جێبەجێ نەکرا) وە دواتر فیدراڵیەکەی عێراقی دوای سەددام، هەردووکیان نەیان توانی کۆمەڵێک مەسەلەی هەرە گرنگ یەکلا بکەنەوە. لە راستیدا ساڵانی ئاشتیی دوای بەیانی ئاداری (١٩٧٠-١٩٧٤) کۆتایی هات بەبێ چارەسەرکردنی کێشە هەرە سەرەکییەکان، لەوانەش کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان. بە هەمان شێوە سیستمە فیدراڵییەکەی عێراقی دوای سەددام دیسان نەیتوانی مەسەلە هەرە چارەنووسسازەکان یەکلا بکاتەوە. بە مانایەکی دیکە ئەمڕۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا زیاتر زادەی ئەمری واقیعن، کە ئەمیش بۆ خۆی تا رادەیەکی زۆر زادەی شکستی عێراق لە شەڕی کوەیت بووە تا هەر شتێکی دیکە.

ئەم کتێبەی بەردەست هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوە لە مەسەلەی سەربەخۆیی بە شێوەیەک کە هەموو پانتایی سیاسی و جیۆپۆلیتیکی و ستراتیژی مەسەلەکە ببینێت و تێگەیشتنێکی لەبارەوە گەڵاڵە بکات.

کۆمەڵێک شت لەم هەوڵەی بەردەستدا جەختیان لێ کراوەتەوە، کە بە بۆچوونی ئێمە هەموویان گرنگن. بۆچوونێک کە بە گرنگییەوە باسی لێوە دەکەین ئەوەیە کە بەردەوامبوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەیەکی هەستیاری وەک سەربەخۆیی تەنها لە ئاستی دورشمدا، دەکرێت زیانبەخش، تەنانەت پشتشکێنیش بێت بۆ خودی پرۆژەی سەربەخۆیی. لە راستیدا دەتوانین تەنانەت ئەوەش بڵێین کە تا ئێستا لە باشووری

کوردستاندا شتێک نییە بە ناوی **پڕۆژەی سەربەخۆیی**. جگە لەمەش، دەتوانین بڵێین کە باسوخواسی سەربەخۆیی لە ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا زیاتر ڕەنگدانەوەی مەیدانێکی سیاسی پارچە پارچە و پڕۆژەیەکی پچڕ پچڕ و ماڵێکی پەرتەوازەیە تا هەر شتێکی دیکە. دیوەکەی دیکەی ئەم قسەیەشمان ئەوەیە کە ئەگەر بە ڕاستی کورد لە باشوور دەخوازێت بیرۆکەی سەربەخۆیی لە دروشمەوە بکات بە پڕۆژەیەکی نیشتمانی وە ئەم پڕۆژەیەش لە کردارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەمەڕەهەنددا بگات، یان ڕاستتر بڵێین بگەیەنرێت، بە کەناری ئارام، ئەوا بێگومان پێویستە ئەم پڕۆژە پچڕ پچڕە، ئەم مەیدانە دابەشبووە وە ئەم ماڵە پەرتەوازەیە یەکبخرێت. ئەگەر نا، وەک مایکڵ ڕۆبن دەڵێت، لە ئێستادا ئەگەر کورد بەسەر پەرتەوازەییەکەیاندا زاڵ نەبن، ئەوا دواجار وەک کەمایەتی لەژێر دەستی خەڵکانی دیکەدا دەمێننەوە.[1]

ئەم هەوڵەی بەردەست جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا لە بابەتی سەربەخۆیی باشووری کوردستان زیاتر لە ئاڕاستەیەکی سیاسی هەیە. لە لایەکی دیکەوە ئێمە لەم نووسراوەی بەردەستدا خۆمان بەدوور دەگرین لەوەی کە بێ سێ و دوو پشتگیری لە ئاڕاستەیەکی تایبەتی بکەین، بەڵکو هەوڵ دەدەین ئەوە یەکلابکەینەوە کە زێدەبوونی مەودا لە نیوان

[1] Rubin, Michael (2016), *Rising Kurdistan? Considerations for Kurds, thier Neighbors, and the Region,* American Interprice Institute. https://www.aei.org/wp-content/uploads/2016/07/Kurdistan-Rising_online-July-15.pdf , p. 19.

ئاراستەکان زیان بە بیرۆکە و پرۆژەی سەربەخۆیی دەگەیەنێت تا هەر شتێکی دیکە، واتە زیانەکەی لە ئاستی نیشتمانی و ستراتیژیدایە نەک ئاستێکی سنووورداری تاکتیکیدا.

ئامانجی ئەم نووسراوەی بەردەست ئەوە نییە کە مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆ لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، واتە لە کوردستانی مەزن، بخاتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە. ئەم نووسراوە زیاتر هەوڵێکە بۆ تیشکخستنە سەر ئەم مەسەلەیە لە ئاستی باشووری کوردستاندا، کە بە تایبەتی بە هۆی ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی لە ٢٦ ساڵی رابوردوودا و لە ساڵانی دوایشدا بەردەوام باسکردن لە سەربەخۆیی لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە، ئەم بەشەی کوردستان لە رووی بابەتی سەربەخۆییەوە گرنگیەکی هەنوکەیی و تایبەتی وەردەگرێت. لە هەمان کاتدا ئەوەش دەزانین کە تیشک خستنە سەر باسی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستانی مەزندا کارێکی فراوانتر، لە ئاستی مێتودی لێکۆڵینەوەش ئاڵۆزتر، دەخوازێت.

یەکێک لەو هەوڵە گرنگانەی کە لە ماوەی دوایدا بە شێوەی لێکۆڵینەوەیەکی پڕ لە وردەکاریی دەربارەی سەربەخۆیی بڵاوبوونەتەوە کتێبەکەی (مایکل رۆبن)ە کە نەک تەنها مەسەلەی سەربەخۆیی بە پەیوەندی لەگەڵ باشووری کوردستان دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، بەڵکو هەموو پارچەکانی کوردستان ئامانجی لێکۆڵینەوەی ئەون.[1] دواتر نووسراوێکی دیکەش لە

[1] Rubin, Michael (2016), *Rising Kurdistan? Considerations for Kurds, thier Neighbors, and the Region,* American Interprice Institute.

ناوەنـدێکی لێکـۆڵینەوەی ئەمریکـی بە نـاوی (RAND) دەربـارەی بـــابەتی ســـەربەخۆیی کوردســـتان بڵاوبـــووەتەوە، کە ئەم نووسراوەشیان کۆمەڵێک بۆچوونی سەرنجڕاکێش لەخۆ دەگرێت.[١]

ئەم کتێـبەی بەردەسـت لە چەنـد بەشـێک پێکهـاتوە. دەسـتپێک بەشـی یەکەمە وە لەوێدا بە شـێوەیەکی سـەرەکی چەمکی دەوڵەت، دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت، کـــورد و بەدەوڵەتبـــوون و گوتـــاری دژە دەوڵەت گفتوگۆیـــان لەبـــارەوە دەکـــرێن. لە بەشـــی دووەمـدا تیشـک دەخەیـنە سـەر هەنـدێک ڕەهەنـدی بەدەوڵەتبـوون، هەڵـبەتە لە حـاڵەتی باشـووری کوردسـتاندا. لە بەشـی سـێیەمدا هەندێک لایەنی دیکەی بەدەوڵەتبوون دەکرێنە ئامانجی قسـە لەسـەر کردن، وەک بۆ نمـوونە بـابەتی سـامانە سروشـتییەکان (بە تـایبەتی نەوت و گـــاز)، سیاســـەتی ئەمریکـــا، دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاسـت و سروشـتی دەوڵەت، واتە دەوڵەتـی **تـاک** و گرووپێکـی سـنووردار و دیـاریکراو یـا دەوڵەتـی **هەمـوان**. لە بەشـی چوارەمـدا باس لە دوو ڕەهەنـدی گرنگـی دەوڵەت دەکەین ئەوانیش لە نـاوەوە بونیادنـــان و لە دەرەوە دانپیانـــان. بـــۆ ڕوونکـــردنەوەی ئەم دوو ڕەهەنـدەش کۆمەڵێـک بـابەت خـراونەتە ژێـر تیشـکی لێکـۆڵینەوە کە دەکرێت باسـی ئەم بەشـە لە سـێ ڕەهەنـدی گرنگـی نـاوخۆ و ئیقلیمـی

---

https://www.aei.org/wp-content/uploads/2016/07/Kurdistan-Rising_online-July-15.pdf

[1] Nader, Alireza et al. *Regional Implications of an Independent Kurdistan*, RAND Corparation. http://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/research_reports/RR1400/RR1452/RAND_RR1452.pdf

و نێودەوڵەتیدا چڕبکرێتەوە. لە کۆتایشدا ئەم کارەی بەردەست بە دەرەنجام و قسەیەک لەمەڕ نەخشە ڕێگا کۆتایی دێت.

### ١–١ چەمک و پێناسە تیۆرییەکان

لە باسێکی وەک ئەوەی بەردەست گرنگە بپرسین دەوڵەت چییە؟ بێگومان دەوڵەت ژمارەیەک پێناسەی زۆری هەیە. بەڵام بە گشتی دەوڵەت ناوەندێکە کە پانتاییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و سنوور بۆ دارێژراو، لە ڕێگای هێز و یاسا و دانپیانانی نێودەوڵەتییەوە، بەڕێوەدەبات. ئەم ڕەگەزانە بە یەکەوە دەبنە بنچینەی سەروەری دەوڵەت. ئەم ناوەندە لە کۆمەڵێک دەزگا و دامەزراوە پێکهاتووە، کە هەریەکەیان بوارێک لە ژیانی کۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن. دەوڵەت مۆدێلی ڕێکخستنی دونیایە لە پاش پەیماننامەی ئاشتی وێستڤیلیا (١٦٤٨)، کە دابڕانێکە لە کایەی دەوڵەتداری لەگەڵ پاپا و میر و کوێخا و هەموو شێوازە ڕێکخستنە شەخسییەکانی دیکەدا.[١]

لە ناو کایەی دەوڵەتدا حکومەت و سیاسەت هەیە. دەوڵەت گۆڕاو و نەگۆڕاویشی هەیە: بەشە نەگۆڕەکانی دەوڵەت وەک بیرۆکراسیەت، بیرۆکرات، سیستم، یاسا (دەستوور)، بە ئەستەم گۆڕانکارییان بەسەردادێت و بنەمای بەڕێوەچوونی حوکمداری دادەڕێژن. بەڵام حکومەت، بە تایبەتی لە سیستمی دیموکراسیدا، ناوە ناوە نوێ دەکرێتەوە، بە پێی خواستی خەڵک. حکومەت لە سەر بنەمای ئایدیایەک دارێژراوە کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتە. بەو واتایەش جۆری حکومەت پەیوەستە بە جۆری سیاسەتی باڵا لە وڵاتدا.

---

[١] بڕوانە: Kissinger, Henry (2014) *World Order: Reflection on the Character of Nations and the Course of History*, Allen Lane.

سیاسەت لەم چوارچێوەیەدا بریتییە لەو گۆڕاوانەی کە لە ناو کایەی دەوڵەتدان وەک هێزی سیاسی (حیزب) و پلان و ئایدۆلۆژیا. کەواتە دوو توخمی سەرەکی لە ئیدارەی دەوڵەتدا بوونیان هەیە: یەکێکیان، کەم یا زۆر، **نەگۆڕە**، ئەویدیکەیان **(بگۆڕە)**. چۆنێتی پەیوەندی نێوان ئەم دوو بوارە خەسڵەت و ناسنامەی سیستمی سیاسی وڵات دیاری دەکات. حکومەت بەڕێوەبەری دەوڵەتە، لاوازیی و بەهێزیی دەوڵەت تا رادەیەکی زۆر لە سەر سروشتی حکومەت وەستاوە. حکومەت بنەماکانی هێزی خۆی هەیە کە بە پێی توانای خۆی بەرهەمی دەهێنێت و لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا بەرژەوەندی خۆی دەپارێزێت.

ئەگەر بیرۆکراسیی ئامێرێکی گەورەبێت ئەوا سیاسەت چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو ئامێرە دیاری دەکات. حکومەت دەبێت چاودێری بکرێت لە رێگای دەسەڵاتی خەڵکەوە، وەک مەرجەعی سەرەکی چۆنێتی بەڕێوەچوونی دەسەڵات.

بە هۆی گەشەی تەکنەلۆجیاوە ئەمڕۆ هێزی دیکە زۆرن کە دەتوانن دەسەڵات پیادەبکەن و کار لە سەر ئاڕاستەی حکومەت بکەن. وەک دەزانین دەسەڵات (power) بە گشتی سێ جۆرە: یەکەم، قەناعەتکردن بە کەسێک کە کارێک بکات لە پێناو تۆدا؛ دووەم، کاریگەریدانان لە سەر داڕشتنی ئەجێندای ئەوانی دیکە؛ سێیەم، کۆنترۆڵکردن لە رێگای دیسپلین و مەعریفەوە.[١]

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:
Lukes, Steven (2005) *power: A radical view*, Palgrave

دیارە بەکارهێنانی زەبر و زەنگ ناچێتە خانەی دەسەڵاتەوە. بۆیە هێز و دەسەڵات دوو شتی جیاوازن.بە واتایەکی دیکە،دەوڵەت ناتوانێت لە ڕێگای هێز و توندوتیژییەوە کۆمەڵگا بەڕێوەببات. لە لایەکی دیکەوە، پێناسە بەناوبانگەکەی (ماکس ڤیبەر) دەبارەی دەوڵەت مەبەست لێی قۆرخکردنی توندوتیژییە لە لایەن دەوڵەتەوە لە چوارچێوەی یاساییدا بە ئامانجی ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی بە نایاسایی لە لایەن ئەوانی دیکەوە، پاشان سنووردارکردنی بەکارهێنانی هێز لە سنووری یاسایی و شەرعیدا. بە واتایەکی دیکە دەوڵەت ئازادی بەکارهێنانی توندوتیژیی نییە بەبێ ڕەوایەتی یاسایی، کە ئەمەش وەها دەکات کە **ڕەوایەتی** کۆڵەکەی بنەڕەتی هەموو دەسەڵاتێک بێت.

سەروەری دەوڵەت دوو کۆڵەکە یا ڕەهەندی سەرەکی هەیە، کە هەردووکیشیان نەک هەر لە یەکتر جیاناکرێنەوە بەڵکو تەواوکەری یەکترن و بەردەوام کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن و کاریگەرییەکانیش بە پێی گۆڕاو و پێدراوەکان دەردەکەون. بە بۆچوونی (فیلیپ بۆبیت) ڕەهەندێکیان هی ناوەوەی دەوڵەتە کە ناوی ناوە **ڕەهەندی دەستووری**، واتە ڕێکخستنی فەزای نەتەوە و فەزای کۆمەڵایەتی ناو سنوورەکانی ئەو دەوڵەتە بە پێی دەستوورێک. ڕەهەندەکەی دیکەشیان هی دەرەوەیە کە بۆبیت پێی دەبێژێت **ڕەهەندی ستراتیژی**.[١] ئەوەی گرنگە جەختی لەسەر

---

[١] بۆ باسێکی فراوانتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

Bobbit, Philip (2002) *The Shield of Achilles: War, Peace and the Course of History.*

بکرێتەوە ئەوەیە کە ئەم دوو ڕەهەندە تێکەڵ بەیەکن، بە تایبەتی کاتێک باوەڕمان وەهابێت کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێک زۆربەی جار درێژکراوەیەکی کتومتی سیاسەتی ناوەوەیە. جگە لەوەش دەکرێت بڵێین کە کاری دەوڵەت لە پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا بریتییە لە دابینکردنی پێداویستەکانی ناوەوە و پاراستنی ئەم ناوەوەیە لە هەڕەشە و مەترسییە دەرەکییەکان.

بەم مانایە دەوڵەت یەکەیەکە لە جیهاندا، بەڵام یەکەیەکی دابڕاونییە بەڵکو بەشێکە لە ژینگەیەکی ئاڵۆزی سیستمی سیاسی و یاسایی و ئابوری و جیۆپۆلیتیکی ئیقلیمی و جیهانی. شوێنی دەوڵەت لە سەر نەخشەی جیهان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر جۆری دەوڵەت، تەنانەت بگرە جۆری خۆڕێکخستنی ناوخۆیی و سیستمی سیاسیشی.

دەوڵەت لە ناوەو لە دەرەوە پێویستی بە شەرعیەتە: لە ناوەوە توکمەیی سیستمی سیاسی و ئەو جۆرە پەیوەندییەی لەنێوان هاووڵاتی و دەسەڵاتدار بە پێی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا (کۆنتراکتێکی کۆمەڵایەتی بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی) ڕێکدەخرێت، لە دەرەوەش لە ڕێگای پێزانین و ڕێزگرتنی هاوبەش لە نێوان یەکە (دەوڵەتە) خاوەن سەروەرییەکاندا. کۆی ئەمەش لە سەر چۆنێتی بونیاد و بەڕێوەچوونی دەوڵەت وەستاوە. توخمێکی گرنگیش لێرەدا ئەو فەلسەفە سیاسییەیە کە دەبێتە ئیلهام و سەرچاوەی تیۆری بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

لە هەناوی دەوڵەتیشدا کۆمەڵگا هەیە، کە لە ڕێگای سیاسەتەوە بەڕێوەدەبرێت. سیاسەتیش، بە گشتی، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایە.

کۆمەڵگای ئازاد هەرگیز کۆمەڵگایەکی یەک ڕەنگ، یەک دید و یەک خواست نییە، بەڵکو بریتییە لە پێکهاتە و توێژی کۆمەڵایەتی و تاکی جیاواز، کە لە کێبڕکێیەکی بەردەوامدان بۆ داکۆکی لە دید و بەرژەوەندییەکانیان. لە ئەنجامدا سیاسەت وەک ڕەنگدانەوەی ئەم کێبڕکێیە کایەیەکە هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە. بۆیە چۆنێتی بەڕێوەچوونی حکومەتیش لە گۆڕانکاری بەردەوامدا دەبێت. ئەمەش، بە واتایەکی دیکە، کرۆکی کۆمەڵگای ئازاد و دیموکراتە، کۆمەڵگایەک کە دەخوازێت بەشێکی زیندوو بێت لە ژینگەیەکی زیندوو، ژینگەیەک کە لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە. دەکرێت کۆمەڵگا بە شێوازی دیکە ڕێکبخرێت، جیاواز لەم شێوازە لیبراڵە، ئەویش بە ڕێگەنەدان بە جیاوازی و کردنی کۆمەڵگا مرۆییەکە بەیەک تۆپەڵ (یەک ڕەنگ)، کە ئەمەش بە زۆری خەسڵەتی کۆمەڵگا تۆتالیتار و دیکتاتۆرییەکانە.

لە ڕێکخستنی فەزای سیاسی-کۆمەڵایەتی، یا فەزای نەتەوەدا، دژایەتییەک دەردەکەوێت کە پێویستی بە چارەسەرکردنێکی تەندروست، لەسەر بنەمای سیستم، هەیە. بە واتایەکی دیکە، کاتێک دەوڵەت لە ناواخنی خۆیدا نەتەوە کۆدەکاتەوە دژایەتییەک لە نێوان حاڵەتی یا خواستی ئەوەی کە لە لایەکەوە تا بکرێت نەتەوە یەکڕیزییەکەی پارێزراو بێت و یەک دەست و یەک دەنگ بێت، بە تایبەتی لە مەسەلە هەرە نیشتمانییەکاندا، لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە باوەڕ بەوە بهێنرێت و ئەوە قبوڵ بکرێت کە توێژەکان و ڕەگەزەکان و پێکهاتەکان و تاکەکانی نەتەوە جیا لەیەکتر بیر دەکەنەوە، بە تایبەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە جیاجیاکان.

پڕۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بتوانێت ئەم دوو جەمسەری "دژایەتییە"، واتە لە لایەکەوە یەک دەنگی وە لە لایەکی دیکەوە پاراستنی هەمەڕەنگی و بەرژەوەندییە دژ بە یەکەکان، بە یەکەوە کۆ بکاتەوە و هەردووکیشیان لە هەمان کاتدا بکات بە هێز و توانست بۆ نەتەوە.

نەتەوە شێوازێکی پێکەوەبوونی مۆدێرنە کە تاک تیایدا دەبێتە ئەندامی جڤاتێکی بەرفراوانتر لە خێزان و بنەماڵە و عەشیرەت و خێڵ و ناوچەگەرێتی. دەوڵەتی بێ نەتەوە دەوڵەتێکی لاوازە، وەک ئیتالیا و عێراق کە دوو نموونەی زەقن لە رۆژئاوا و رۆژهەڵات. پەندی ئەوەی ئیتالیا دروستکرا بەبێ ئەوەی بتوانرێت ئیتالی بەرهەم بێت، بە هەمان مانا بۆ عێراقیش راستە.

نەتەوە چەمکێکی فاشیستی نییە، وەک بە هەڵە لە هەندێک ئەدەبیاتی یوتۆپی کوردیدا ناوی دەبرێت. بەڵکو نەتەوە شێوازێکی پێکەوەبوونە بۆ ژیارکردن لە کایەی دەوڵەتدا، بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندی بە باڵایی یان نوقسانییەوە هەبێت. نەتەوەچێتی یان بوونی هەستی خۆ بە باڵا زانین بەرامبەر ئەوانی دیکە، دیاردەیەکی جیاوازە، دەکرێت بۆ رەگەز و خێڵ و بنەماڵە و پێکهاتەش راست بێت. هەستی خۆ بە باڵا زانین لە کۆمەڵگای کوردیدا بە بەرفراوانی بوونی هەیە: وەک لە نێوان شیخ و ئەوەی پێی دەگوترێت مسکێندا دەیبینیت، کە لای زۆرێکیان هێشتا تێکەڵی ژن و ژنخوازی بە رەوا نابینرێت. گەر کوردستان دەوڵەتی بێ نەتەوە بێت ئەوا هەمان دۆخی ئێستا بەردەوامی دەبێت کە بریتییە لە باڵایی شەخس و بنەماڵە و خێڵ و گروپ بەسەر هەموو کورد و کوردستاندا.

بە واتـایەکی دیـکە، لە کـاری نیشتمانسـازی و نەتەوەسـازیدا، لە چوارچێوەی سیستم و ڕێکاری دیموکراسیدا، ئەوپەڕی هاوسـەنگی پێویسـتە لە نێـوان **گشـتێکی یەکبـوو**، لە لایەکەوە، لەگەڵ **گشـتێکی ئەوپەڕی پارچە پارچەبوو** لە لایەکی دیکەوە، بە پێی بەرژەوەندی تـوێژ و تـاکە جیاجیاکـانی کۆمەڵگـا: **نەتەوە** یەکڕیـزی و تـوکمەیی دەخوازێـــت بەڵام **سیســـتمی دیمـــوکراتی** جەختکـــردنەوە لە جیاوازییەکـان دەخوازێـت. پڕۆژەیەکـی نەتەوەیـی سـەرکەوتوو وە دەوڵەتێکـــی مـــۆدێرنی ســـەرکەوتوو ئەوەیە کە تیایـــدا ئەم دوو ڕەگەزە لە ئاستی ئایدۆلۆژی و بە کردار ئاوێتەی یەکتر بکرێن، لە پێکهاتەیەکدا کە دەتوانین پێی بڵێین، **یەککردنی دژایەتییەکان**.

دیـوەکەی دیـکەی ئەم بۆچـوونە ئەوەیە کە ئەو ئەزموونـانەی، بە تـایبەتی لە نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، کە زۆر پێـداگرییان لەسـەر یەکڕەنگکـردن و یەکدەسـتکردنی نەتەوە کـردووەتەوە، بەڵام نەیـان توانیـوە ڕێکخسـتنی دژایەتییـە کۆمەڵایەتیەکانیـان لە ڕێگـای سیستمێکی دیموکراسییەوە ڕێکبخەن، بەردەوام بە ڕژێمـی ئاڕاسـتە فاشی و تاکڕەو و ستەمکار تەواو بـون. دوو ئاڕاسـتەی ئایدۆلۆژی کە دەکرێـــت لەم بـــارەیەوە ئاماژەیـــان پـــێ بکرێـــت ئەزمـــوونی کەمـــالیزمە لە تورکیـــا لەگەڵ بەعـــس لە عێـــراق و ســـوریا. بەعـــس پرۆژەی بـاڵابوون بـوو لە ڕێگای زیندووکردنەوەی ڕابـوردوو، بەم پێیەش پرۆژەی بەعس بریتـی بـوو لە گەڕانەوە بـۆ دۆخێکی بـاڵایی عەرەب کە لە ڕابـوردوودا بـوونی هەبـووە. بـۆیە بەعـس پرۆسـەی بونیادنـــانی نەتەوە نەبـــوو هێنـــدەی پرۆســـەی گەڕانەوەبـــوو بـــۆ سەردەمێکی "زێڕین."

ئەوەی گـرنگە لێـرەدا، وەک سـەرەتایەکی پێویسـت لە پـرۆژەی نەتەوەیـی- نیشـتمانیدا، بـوونی ئاگـاییە لەم ئـاڵۆزی و دژایەتیـیە. بەبێ بوونی ئەم ئاگاییە ناتوانرێت بنەمـای کۆمەڵگـایەکی بەهێـز و دەوڵەتێکی بەهێز، بەڵام خاوەن سیستمێکی دیموکراتی، دابڕێژرێت. بە واتایەکی دیکە ئەگەر ئێمە بنەمـای هەڵەمـان دارشت، ئەوا دواتر باجی گەورەی ئەم بنەما هەڵەیە دەدەین. بۆ نموونە، هەتا ئەمڕۆش خەڵکی کوردستان باجی دەسەڵاتی پەنجا بە پەنجا وەک مۆدێلێکی سـەقەت دەدات، کە بە بەهـانەی یەک دەنگـی و یەک ریـزی لە باشووری کوردستان سەپێندرا. زۆر جار ئەزموونی یەکڕەنگکردن سـەرەتای دەوڵەت لە قاڵـب دەدات، بەڵام پاشـان بە ئاسـانی بە سـەریدا زاڵ نابێت و ناتوانێت خـۆی لـێ رزگـار بکـات. دەوڵەتـی عەرەبی کە سـەرەتا خراپ لە قاڵب درا، پاشـان بوو بە دەزگـایەکی دژ بە خەڵکەکە، وەک بورهان غلیون ناوی دەبات: کێشـەکە ئەوەیە کە دەوڵەت دەبێتە دژی نەتەوە، نەک دەربڕی ئیرادەی نەتەوە.[١]

لێـرەدا دەتـوانین بڵێـین کە دەوڵەت پرۆسـەی بەرهەمهێنـان و بەڕێوەبردنی دوو سنوورە: سنوورێکیان جڤاتییە و هـی ناسـنامەیە، کـە بریتییـە لـە دروسـتکردنی ناسـنامەیەک کـە خەڵـک خۆیـانی پـێ- جـودابکەنەوە لـە ئەوانـی دیـکە بـۆ ئەوەی پەیوەسـت بـن بە وڵاتیانەوە. بەشێکی گرنگی ئەم ناسنامەیە جۆری ژیانە لـە هەنـاوی دەوڵەتـدا. ئەم جـۆری ژیـانەش کرۆکـی ئاسایشـی نیشـتمانییە. لـە

---

[١] غلیون، برهان (٢٠١٥)، *المحنه العربیه: الدوله ضد الامه*، المرکز العربی لابحاث و دراسه السیاسات، بیروت.

هەمان کاتدا دەوڵەت جۆرێکی دیکە لە سنوور بەرهەمدەهێنێت و دەیپارێزێت ئەویش سنووری جوگرافی یان فیزیکییە. بە زمانێکی سادە قسە بکەین، دەوڵەت بریتییە لە دروستکردنی ماڵێک و رێکخستنی ژیان لە ناو ئەو ماڵەدا، وە لەگەڵ "ماڵەکانی" دیکەدا لە دەرەوەی خۆی. بە واتایەکی دیکە خەڵک و خاک دوو بنەمای هەرە سەرەکی دەوڵەتن. لێرەوە خاکی دەوڵەت (territory) دەبێتە ئەو ناوەندەی کە هەموو (کۆی کۆمەڵایەتی) لە خۆ دەگرێت و دەوڵەت لە هەناویدا خۆی پیادە دەکات.

نیشتەجێبوون لە هەناوی ئەم خاکەدا بە هەموو مەوداکانی کارێکی گرنگە. وەک عەلی وەردی دەڵێت، کۆمەڵگای عێراقی نیمچە نیشتەجێیە و بڕێکی زۆریشی بەدەویە (دەوارنشین). ئەم حاڵەتە لای کوردیش راستە، بەڵکو دەکرێت ئەم دیاردەیە لای کورد بەهێزتریش دەربکەوێت. کورد هێشتا پەیوەست نییە بەو خاکەی کە تیایدا نیشتەجێیە. هێشتا تەنها سنووری ماڵە تایبەتەکەی خۆی بە پانتایی خۆی دەزانێت. ئەم دروستنەبوونی پانتایی گشتییە، کاری دەوڵەتداریی سەختکردووە. بواری گشتی (public sphere)، بوارێکی هەرە سەرەکی سیاسەت و حوکمداری و پێکەوەبوونی مۆدێرنە.

پێویستە لەم بارەیەوە بە جەختکردنەوەوە بڵێین کە لە ئەم دوو ئاستەدا لە باشووری کوردستان کۆمەڵێک کێشەی گەورەمان هەیە. خەڵکی کوردستان هەتا ئێستا **نادەوڵەتیین**، چونکە دەسەڵاتێکی سیاسی خەڵکدۆست نەهاتووە، خەڵک بەم ئاراستەیەدا ببات. لە هەمان کاتدا خاکی کوردستانیش، بڕێکی زۆری، هەتا

ئێستا کێشەی لەسەرە، یا راستتر بڵێین **دابڕێنراوە.** کەواتە پرۆسەی بونیادنانی **خاک و خەڵک** دەبێت هاوتەریب بەڕێوەبچن: بونیادنانی یەکێکیان بەبێ ئەوەی دیکە کورتهێنانێکی جددییە. ئەم دوو پرۆسەیە، لە ئاستی تیۆریدا ئەدەبیاتێکی زۆریان لەسەر بڵاوبووەتەوە، کە دەکرێت بۆ گەڵاڵەکردنی پڕۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆ و بونیادنانی دەوڵەت بە سوودبێت.

بە گشتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، دەوڵەت، وەک کۆدەزگایەکی باڵا، بۆ بەرجەستەکردنی خەونی خەڵک و رێکخستنی ژیانی خەڵک یا کۆمەڵگای مرۆیی، مێژوویەکی دوور و درێژی نییە. هەرچەندە هەندێک دەیگەڕێننەوە بۆ میزۆپۆتامیا و میسری کۆن و... هتد. بەڵام دەوڵەتی مۆدێرن لە ناوەڕاستی سەدەی هەڤدەهەمدا، راستتر بڵێین لە کۆتایی شەڕی سی ساڵەی ئەورووپادا (١٦١٨-١٦٤٨) لەگەڵ ئاشتی ویستڤالیا دێتە ئاراوە، بە تایبەت کاتێک ئەم ئاشتییە جەخت لەسەر سەروەری خاک و نەتەوە (هەردووکیشیان بە یەکەوە، دەوڵەت) دەکاتەوە، لە هەناوی پرۆسەیەکی عەلمانیدا.

بەم مانایەش ئاشتی ویستڤالیا ویستگەیەکی هەرە گرنگە لە بەرهەمهێنانی دەوڵەتی مەدەنیدا، هەر لەبەر ئەوەش دەوڵەتی مۆدێرن وەک "دەولەتی ویستڤاڵی" ناسراوە. لێرەدا عەلمانیەت گرنگییەکەی لەوەدایە کە پیرۆزکردن نابێت بکرێتە بنەمای دەوڵەت. ئەمڕۆ ئەم دیدە لە رووی دیموکراسییەوە زۆر گرنگە، ناکرێت، بۆ نموونە، خەڵکانێک هەبن لە سەروو خەڵکەوەبن و دەوڵەت بۆخۆیان بەکارببەن. لە هەمان کاتدا عەلمانیەت زامنی فرەیی دەکات و دەکرێت ببێتە زەمانەتی پاراستنی خودی دین لە

کێشـە و ئاڵۆزییەکـانی دەوڵەت و کێشـە و گەندەڵییەکانی دەسـەڵاتی سیاسـی. لە هەمـان کاتیشـدا پێویسـتە ئەوە بڵێـین کە بە تـایبەتی سـەدەی نـۆزدەهەم، سـەدەی بەرجەسـتەبوون و جێگیربـوونی دەوڵەت-نەتەوەیە لە رۆژئـاوای ئەوروپـا و ئەمریکـای بـاکوور، لە بەرامبەر ئیمپراتۆریەتدا.

ئێمە وەهـای دەبینین کە ململانێیەکی سـەرەکی لـە کوردسـتان لە سـەر ئەوەیە کە دەوڵەت **بـۆ کـێ بێـت**. لەم بارەیەشـەوە ئاراسـتەیەکی ناتەندروسـت هەیە کە دەخوازێـت دەوڵەت بکـات بە **موڵکی تاکە کەسێک یان کەسانێک، خێڵێک یان بنەماڵەیەک**. ئەم خواسـتە یـا ئەم تێگەیشـتنە دەرەنجـامی روانگەیەکـی سـەقەتە لـە دونیای کوردیدا، کە کەسێک خـاوەنی بنەمـاڵە و خێڵە، هەوڵ دەدات خـاوەنی پـڕۆژەی ناسیۆنالیزمی مـۆدێرنیش بێت، کە دەوڵەتە. ئەم دیـدە **خاوەنـداریتیە** دژ بە هەمـوو پرینسـیپەکانی دیموکراسـی و بـواری گشـتی و ئازادییەکـانە؛ لە راسـتیدا دژە لەگەڵ پرۆسـەیەکی تەندروسـتی بەرهەمهێنـانی نەتەوەدا بە مانـا هەرە مـۆدێرنەکەی. تەنهـا دەرچـوونێکیش لەم کێشـە و قەیـرانە ئەوەیە کە پێویسـتە دەوڵەت **دەوڵەتی خەڵک بێت**، چونکە ئەگەر دەوڵەت تەنیا هـی هەر پێکهاتەیەک یان گروپێک بوو، ئەوا ئەم پێکهاتە یا گروپە (خێڵ بێت یـان هەر پێکهـاتەیەکی دیـکە) لە رێگـای ئەم "خاوەنـدارییەتەوە" دەچێتە سـەرەوەی دەوڵەت و یاسـا. دەوڵەتێکی لەم جۆرەش لاواز و پڕ لە قەیران و ململانێی سیاسـی و کۆمەڵایەتی دەبێت. بـوونی دەوڵەتێکی لاوازی لەم شێوازە بۆ کورد، لـە ئەو جوگرافیا ئاڵۆز و ئەو مێژووە تـایبەتەدا، زیـانێکی درێژخـایەن بەم خەڵکە دەگەیەنێت

و بە ئەگەری زۆر لە بەردەوامیشیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم دەوڵەتە دەبێت بە **دەوڵەتێکی شکستخواردوو**.[١]

بەگشتی چەند تیۆرییەک هەن بۆ دروستبوونی دەوڵەت، کە دەکرێت وەک بەرچاوڕوونی بە سوودبن بۆ پرۆسەی دەوڵەتسازی:

**یەکەم**، دەوڵەتگەرایی (statism):[٢] لەم دیدەدا دەوڵەت وەک داینەمۆی بونیادنانی کۆمەڵگا دەبینرێت. لە میانەی گەشەی دەوڵەتدا، لایەنگرانی ئەم تیۆرییە بایەخ بە گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی ناو وڵات دەدەن، هەر لە قۆناغی پلاندانان تا جێبەجێکردن. بە مانایەکی دیکە ئەوە **تەنها دەوڵەتە** کە دەتوانێت گەشە بە کۆمەڵگا بدات، یان تەنها لە بوونی دەسەڵاتی دەوڵەتدا دەتوانرێت دەوڵەت بونیاد بنرێت.

[١] چەمکی دەوڵەتی شکستخواردو (the failed state) لە (٢٠ – ٣٠) ساڵی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو جێگەی خۆی لە ئەدەبیاتی زانستە سیاسییەکاندا کردووەتەوە. نموونەی دەوڵەتی شکستخواردوش ئەمڕۆ زۆرن لە ئاسیا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقا، تەنانەت بگرە لە ئەوروپای رۆژهەڵاتیش. رەگەزە هەرە گرنگەکانی دەوڵەتی شکستخواردوش ئەمانەن: ١) لەدەستدانی کۆنترۆڵ بەسەر خاکی وڵاتدا، ٢) لاوازی و پەرتەوازەیی لە دەسەڵاتی سیاسیدا بە شێوەیەک کە دەبێتە هۆی ئیفلیجبوونی، بە تایبەتی لە وەرگرتنی پڕیاری سیاسی "بە کۆمەڵ"، ٣) بێ توانایی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکاندا، ٤) بێ توانایی لە رایکردنی پەیوەندی پێویست و تەندروست لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا.

[٢] چەمکی statist دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨٠ لە فەڕەنسا، کە مەبەست لێی پەلکێشانی دەوڵەت بوو بۆ بوارەکانی ژیار بە فراوانی. ئەمڕۆ ئەم چەمکە بەمانای باڵابوونی دەوڵەت دێت بە سەر کۆمەڵگادا.

هەر لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییەدا دەکرێت بپرسین ئایا ئەزموونی حکومەتی هەرێم و رووداوەکانی وەک شەڕی ناوخۆ، دوو ئیدارەیی، رووخانی سەددام، هاتنی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، بە ئاڕاستەی بونیادنانی دەوڵەتن یان بە پێچەوانەوە. ئایا لە دۆخی کوردستاندا ناوەندێک دێتە ئاراوە کە بتوانێت **کۆمەڵگایەکی دەوڵەتیی** بونیاد بنێت. ئەوەی لە کوردستان دەبینرێت ئەوەیە کە هەموو چاوەڕانی دەستی دەوڵەت یان حکومەتن بۆ هەنگاو هەڵهێنان، ئەمەش گەواهی ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردی لە دۆخێکدایە کە دەبێت حکومەت رابەرایەتی بکات. ئەمە بە تایبەت لە ئابوری سامانی سروشتی و کرێخۆریدا زۆر زیاتر بە چڕی دەردەکەوێت. حکومەتیش درێغی نەکردووە لە بەکاربردنی سامانی گشتی بۆ "بەکارتۆنیکردنی" هەموو ناوەندەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەتا بگرە گۆمەڵگای سیاسی، و "خەساندنی" ئەندامەکانیان.[1]

دەکرێت دەربارەی ئەم بوارە زۆر زیاتر زیاتر بدوێین، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا جێگای بایەخە ئەوەیە کە هەر کاتێک دەوڵەتی کوردی دروست ببێت، ئەوا پێویستە بەبێ دواکەوتن دەست بە پرۆسەی بونیادنانی خۆی بکات. ئێمە لەبەر نەبوونی سیاسەتێکی دەوڵەتمەدارانە لەگەڵ عەقڵی دەوڵەتی و لە ئەنجامدا سیاسی دەوڵەتمەدار، دەوڵەتی کوردی کە دێتە ئاراوە ئەوا دەبێت خۆی لە هەناوی کۆمەڵگادا بونیاد بنێت و هاوتەریب بەمە کۆمەڵگاش

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Timothy, Mitchel (1991) "The Limits of the State: Beyond Statist Approaches and Their Critics," *American Political Science Review*, Vol. 85. No. 1

بونیاد بنێت. بێگومان کۆڵەکەی سەرەکی ئەم پرسە، مەسەلەی ئابوری دەبێت.

ئابوری لە دونیای ئەمڕۆدا لە زۆر باردا گرنگییەکەی لە سیاسەت زیاترە. ئابوری بەگشتی دوو ڕەهەندی هەیە: ڕەهەندی ناوەکی و ڕەهەندی دەرەکی. جا لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئێمە لە ناوەوە چ سیستمێکی ئابوری گونجاو بۆ خۆمان بەرهەم دەهێنین کە بتوانێت باشتر و زیاتر بە دەرەوەمان ببەستێتەوە، بەستنەوەیەک کە بە ڕادەی یەکەم لە خزمەتی ناوەوەدا بێت؛ هەتا بتوانێت نزیکبوونەوە و ئاشتی و سەقامگیری مسۆگەر بکات، ئەوەی پێی دەڵێن "ئاشتی لیبراڵ." لە لایەکی ترەوە، لە هەرێمدا هەتا ئێستا چەندین جۆر سیستمی ئابوری هەیە کە هەموویان لاوازکاری کۆمەڵگان وە ڕەگەزە گرنگەکانی ئەم ئابورییە بۆ نموونە کرێخۆری، ئابوری نافەرمی (ئابوری ڕەش)، قۆرخکاریی، هەروەها نەبوونی سیستمی باجە.

**دووەم**، جیۆپۆلیتیک: لەم دیدەدا جێگا و جوگرافیا و سیستمی نێودەوڵەتی پلەی باڵای هەیە. بەمانایەکی دیکە، بە پێی ئەم دیدە، ئەوە کاریگەری دەرەکییە کە قورسایی زیاترە لە سەر دروستبوونی دەوڵەت بە بەراورد لەگەڵ کاریگەری ناوەکی. بەم مانایەش، ئایا ململانێی وڵاتانی ناوچەکە و بەرژەوەندییان بە سوود یان بە قازانجی بوونی دەوڵەتی کوردی دەشکێتەوە یا زیان؟ لەم بارەیەوە پێویستە هەر وڵاتێک بە جودا لەم ڕوانگەیەوە راڤە بکرێت، جگە لەوەی کە بەیەکەوە مامەڵەکردنیشیان دیسان هەر پێویستە! دیدی جیۆپۆلیتیکی لە حاڵەتی کوردستاندا بایەخێکی

زۆر تایبەتی هەیە لە بەر نەبوونی دەریچەی دەریایی ئازاد بۆ کوردستان، بە پێی ئەوەی ئەم وڵاتە داخراوە (landlocked).

**سێیەم**، شێوازی بەرهەمهێنان: ئەم دیدە بە تایبەت لە کارڵ مارکسەوە سەرچاوە دەگرێت. لە رۆشنایی ئەم دیدەوە دەوڵەت بریتییە لە چۆنێتی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی شمەکەکان. بەم پێیە چینی سەرمایەدار دەوڵەت دروست دەکات بۆ مەبەست و قازانجی خۆی، بە هەردوو رەهەندی ناوخۆیی و دەرەکییەوە. دەکرێت هەر لێرەدا بپرسین ئایا بنەماڵەی بارزانی بۆ پەرەپێدان و سەپاندنی دەسەڵاتیان پێویستیان بە دەوڵەتە بۆ نموونە لە پێناو جیاکردنەوەی ئابوری کوردستان لە عێراق، هەر بۆیە بانگەشەی ئابوری سەربەخۆ و دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن؟ بەڵام بە دیوی دەرەکیدا، ئایا ئابوری نێودەوڵەتی سوود لە بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ (وەک دەوڵەت) دەبینێت، زیاتر لەوەی کە وەک بەشێک بمێنێتەوە لە عێراق؟

لە هەوڵێکی بە پەلەدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستمان بە تێگەیشتنی **دژایەتییەک** هەیە: جۆری گرێبەستە نەوتییەکان بکەرەوە وەک بەهانە بۆ پشتگیری لە جودابوونەوەی باشووری کوردستان لە عێراق، بەڵام لە لایەکی دیکەوە پشتگیری لە مانەوەی عێراق بە یەکبوویی (واتە عێراق بە کوردستانەوە) وەک بازارێکی گەورەتر بۆ سەرمایەدار و کۆمپانیا جیهانییەکان! جیاکردنەوەی باشووری کوردستان لە عێراق وەک پرۆژەیەکی سیاسی-ئابوری پێویستی بە یەکلاکردنەوەی ئەم دژایەتییەیە.

**چوارەم**، سیستمی جیهانی: ئەم دیدە زیاتر نیومارکسیانەیە، کە بڕوای وایە جیهان لە لایەکەوە کرۆک (center)ی هەیە و لە لایەکی

دیکەشەوە ئەم کرۆکە رۆخی (periphery) هەیە، کە پەیوەندی نێوانیشیان زیاتر پەیوەندی **وابەستەیی** (dependence)ە. ئیمانوئێل ڤاڵەرشتاین، کە بیرمەندی ناسراوی ئەم بوارەیە، پێی وایە کرۆک بۆ خۆی وڵاتانی وابەستە بەرهەم دەهێنێت لە پێناو بە هێزبوون و باڵادەستی و بە کرۆکبوونی زێتری خۆی. ئەمە مەرج نییە تەنها لە ئاستی گەردوونیدا روودات، بەڵکو تەنانەت لە ئاستی ناوچەیی (ئیقلیمی)شدا روودەدات. بۆ نموونە لە پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا (بە تایبەتی لەگەڵ بەشێکی هەرێم)، تورکیا بە روونیی رۆڵی کرۆکێکی بەهێز دەبینێت و هەرێم رۆڵی رۆخێکی تەواو وابەستە. دیارە ئەم جۆرە پەیوەندییە لە ئەنجامی بەرژەوەندی هاوبەشیش دێتە ئاراوە، بەڵام دیسانەوە پەیوەندییەکە هەر لاسەنگە و لەسەر بنەمای وابەستەیی دروست دەبێت، لەسەر بنەمای پێویستی رۆخ بە ناوەند یا کرۆک، بۆ نموونە لە رووی ئابوری یا ئاسایش و پاراستنەوە. لەم بوارەشدا لەیەکچوونێکی زۆر لە نێوان مۆدێلی (سعودی – ئەمریکی) لە لایەک، لەگەڵ تورکیا – بەشێک لە هەرێم (تۆ بڵێی تورکیا – بارزانی)دا هەیە. لەم پەیوەندی وابەستەییەدا لۆژیک لە رۆخەوە دەخوازێت بڵێ **سوودت پێ دەگەیەنم بمپارێزە، کە دەشمپارێزیت ئەوا دەتوانم باڵادەست بم لە رۆخدا بۆ ئەوەی دواجار سوودێکی زۆرترت پێ بگەیەنم**.

هەوڵی کودەتای سەربازی بە سەر ئەردۆگاندا لاوازی ئەم پرۆژەیەی (واتە پرۆژەی تورکیا – بارزانی) دەرخست. دەبێت ئەم هەوڵی کودەتایە زەنگێک بوبێت سەبارەت بەوەی کە ناتوانرێت هاوسەنگی هێزی ناوەکی، بەم شێوەیەی کە هەیە، پشت بەدەرەوە ببەستێت.

ئەم پەیوەندییە ناتەندروستەی نێوان لایەنی (یا راستتر بڵێین لایەنێکی) کوردی و هێزێکی ئیقلیمی دەکرێت بە دروستبوونی دەوڵەت لاواز ببێت، لەبەر کۆمەڵێک خەسڵەت کە تایبەتە بە دەوڵەتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو دەوڵەتەی کە دێتە ئاراوە دەوڵەتێکی پاشکۆش بێت.

دیارە دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەربوردەیەکی تایبەتی هەیە. وەک چارلس تیللی لە کتێبێکی بەناوبانگی خۆیدا باسی دەکات، هەر ناوچەیەک چیرۆکی خۆی هەیە بۆ دەوڵەت.[١] لە کتێبێکی ناوازەشدا فرانسیس فوکویاما باس لە ژمارەیەکی زۆر لە مۆدێل و رێڕەوی سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەوڵەت (راستتر، دەوڵەتان) دەکات. بە بۆچوونی فوکویاما توخم (یا رەگەز)ە هەرە گرنگەکان کە جیاوازی لە شێوازی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دەوڵەتاندا دروست دەکەن بریتین لە ١) گەشەی ئابوری؛ ٢) دامەزراوەکانی دەوڵەت؛ ٣) فەرمانڕەوایی یاسا؛ ٤) بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە؛ ٥) بەشداری خەڵک لە پرۆسە سیاسییەکاندا و رادەو ئاستی مۆبیلیزاکردنی ئەو خەڵکە. بە پێی ئەم بۆچوونە، پاش و پێشی ئەم پێنج رەگەزە دەبێتە هۆی ئەو جیاوازیەی کە لە چیرۆکی سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەوڵەتاندا دەردەکەوێت.[٢]

---

[1] Tilly, Charles (1990), *coercion, capital and European state*, 990-1990, 1st ed. 1990.

[2] Fukuyama, Francis (2014) *Political Order and Political Decay: from the Industrial Revolution to the Globalization of Democracy*, Profile Books,١٣ بەتایبەتی فەسڵی

### ١– ٢ دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

بە گشتی، هەردوو قوتابخانەی جیۆپۆلتیکی و سیستمی جیهانی کاریگەر بون لە سەر چۆنێتی دروستبوونی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە لایەکی ترەوە لە رووی کۆمەڵناسی سیاسییەوە دەبێت ئەوە جەخت بکەینەوە کە خەسڵەتێکی هەرە گرنگی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوە بووە کە ئەم دەوڵەتە لە فۆرم و رواڵەتدا **مۆدێرن** بووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا تا بڵێی **تەقلیدیی** بووە. جۆرێک لە "موتوربە (هایبەرد) هەبووە، لە ئاستی دەزگا و رەفتار و وێنادا."[١] واتە لە هەناوی ئەم دەوڵەتەدا کۆمەڵگایەکی تەقلیدی و پێش–مۆدێرن (pre-modern) هەبووە. ئەمەش وایکردووە کە پرۆسەی بە مۆدێرنیزەکردن، بیناسازی نەتەوە و دەوڵەت تابڵێی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پڕ کێشە و تەنگەژە بووە. لە راستیدا لە زۆر حاڵەتیشدا ئەم پرۆسە ئاڵۆزە سەرکەوتوو نەبووە، تەنانەت ئاشکراتر بڵێین شکستیشی خواردووە. ئەم دۆخی پێکەوەبوونی تەقلید و مۆدێرنە[٢] لە هەمان ئان و ساتدا دۆخێکی پڕ لە گرژی و ململانێی ناوخۆیی فرە ئاستی لە ناو کایەی دەوڵەتدا دروست کردووە. لەم ململانێیەدا نوخبەی سیاسی هەوڵ دەدات بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەرجەم کایەکانی ناو کۆمەڵگا لە پێناو

---

[١] سەردار عەزیز لە تێزی دوکتۆراکەیدا باس لە چۆنێتی ئەم جۆرە دەوڵەتە، لە ئاستی دەزگادا، دەکات.

[٢] بەسام طیبی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش باس لەم حاڵەتە دەکات وەک دۆخی (ناهاودەمی هاودەم –the simultaneity of the unsimultaneous).

هێشتنەوەی لە دۆخێکدا کە بتوانن حوکمی بکەن. بۆ نموونە حیزبی بەعس وەک رەوتێکی مۆدێرن ناسراوە، بەڵام بە ئەزموون لە هەردوو حاڵەتی سوریا و عێراق ئەم حیزبە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و مانەوەی لە دەسەڵاتدا بنەماکانی بنەماڵە و خێڵ و خزمایەتیان بەهێز کردووە. لە راستیدا هێزی ئەم دوو رژێمەی بەعس زیاتر پشتی بەستوە بە توخم و رەگەزە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای تەقلیدی وڵاتانی سوریا و عێراق، بە تایبەتی لە مەسەلەی وەلائی (loyality) تاکەکان بۆ دەسەڵات.

ئەمڕۆش دوای، کەمتر یان زیاتر، لە سەد ساڵ لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئامادەیی و کاریگەری کۆمەڵگای تەقلیدی شتێکی حاشاهەڵنەگرە. دیاردەی دوانە (dualism)ی تەقلید و مۆدێرنە، بەر لەوەی کورد ببێت بە دەوڵەت، کێشە بووە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی و بۆ ماوەیەکی تریش، لە داهاتودا، وەک کێشە دەمێنێتەوە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی و دەوڵەتە ئیحتمالییەکەی کوردستان. ئەوەتا لە باشووری کوردستان لە ناوەڕاستی سەدەی رابوردوو خێڵ دەستی بەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیدا گرت، هەر خێڵیش ئەمڕۆ دەخوازێت دەست بەسەر پڕۆژەی سەربەخۆییدا بگرێت، نەک هەر ئەوە بەڵکو دەخوازێت لە داهاتووشدا ئەم دەوڵەتی سەربەخۆیە هەر لە ژێر رکێفی خێڵدا بێت.

کەواتە، شانبەشانی تەحەددا ناوچەییەکانی بەردەم پڕۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، دەکرێت بڵێین ئەم هەوڵی خێڵ و کۆمەڵگای تەقلیدییە بۆ داگیرکردنی پڕۆژەی سەربەخۆیی و

دەوڵەتـی داهـاتووی کوردسـتان تەحەددا و کێشـەیەکی گەورەیە. لە راستیدا هیچ ڕێگرێک لەبەردەم خێڵ نییە بۆ ئەوەی دەست لەگەڵ هێزە ئیقلیمییەکـان بەرامـبەر پڕۆژەی سـەربەخۆیی تـێکەڵاو بکـات، ئەگەر بزانێت ئەو دەوڵەتی سەربەخۆیە لە ژێر رکێفی خۆیدا نابێت!

دەسـت بەسـەرداگرتنی ناسـیۆنالیزمی کـوردی و دەوڵەتە ئیحتمـالییەکەی کوردسـتان لە لایەن خـێڵەوە رێـک ئەو سـەربوردەیەمان بیـر دەخـاتەوە کە لە سـەردەمی سـەربەخۆیی نیشتمانیدا بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا هـات: پڕۆژەی دەوڵەتداری و مـۆدێرنیزەکردن لە وڵاتـانی عەرەبـی لە لایەن کۆمەڵێـک رژێمـی تاکڕەوەوە رفێندرا و بگرە داگیرکرا، لە **پڕۆژەی خەڵکەوە کرا بە پڕۆژەی هەندێک دیکتـاتۆر و رژێمـی تـاکڕەو**. رێک ئەمەشـە کە یەکـێکە لەو فـاکتەرە هەرە گرنگـانەی کە دەوڵەتـی عەرەبـی بە شکست گەیاند. لە راستیدا دەتوانین هەر ئێستا پرسیارێک، وەک زەنگی مەترسی، بوروژێنین، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەگەرێکی بەهێز نییە کە دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتانیش بە هەمـان رێـڕەوی وڵاتانی عەرەبیـدا بڕوات ئەگەر هـات و پڕۆژەی ئەم دەوڵەتە هەر لە ئێستاوە لە لایەن خێڵ، بنەمـاڵە، هێزێکی سیاسـی دیـاریکراو یـا تاکە سەرکردەوە دەستی بەسەردا گیرا؟ ئێمە پێمـان وایە ئەوانەی کە بە دڵسـۆزی و راسـتگۆیی خەریکـی پـڕۆژەی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتانن و دەخـوازن ئەم دەوڵەتە هـی **هەمـوو خەڵک** بێت، پێویستە بە گرنگییەوە لەم پرسیارە نزیک ببنەوە.

لە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، دەوڵەتـی عێـراق بە شـێوەیەک دروستکرا بۆ ئەوەی دواجـار **خۆی نەتەوەی خۆی بونیـاد بنێت**.

سەرکەوتویی ئەم پڕۆژەیە هەر لە سەرەتاوە جێگای گومان بوو،[١] هەروەها لە بەردەوامیدا پڕۆژەی بونیادنان و جێگیرکردنی ئەو دەوڵەتە پڕ کێشە و ئاڵۆز بوو.[٢] ئەمڕۆش دوای، کەمتر یان زۆرتر، لە سەدەیەک لە بوونی ئەم دەوڵەتە، هیچ گومانێک نەماوە لە شکستی ئەم پڕۆژەیەدا: عێراق نەیتوانی نەتەوەی خۆی بونیاد بنێت. ئەمرۆ کۆمەڵگای عێراقی (ئەگەر شتێکی وەها

[١] لە راستیدا ئەم گومانە هەر زوو لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی عێراقەوە پشتڕاست کرایەوە. لە سەردانێکی مەلیکی عێراق، فەیسەلی یەکەم، کە هەموو عێراقی گرتەوە و ماوەیەکی خایاند کە تیایدا سەردانی خوارو، ناوەڕاست و باکووری عێراقی کرد، مەلیک فەیسەڵ بە راپۆرتێک سەرنجەکانی خۆی خستە روو. لە راپۆرتەکەدا فەیسەڵ بە راشکاوی دەڵێت لە سەفەرەکەدا شیعی، سوننی، کورد، خێڵ، بنەماڵە و سەرۆک خێڵم بینی بەڵام (عێراقی)م نەبینی.

[٢] لە یەکێک لە کتێبە گرنگەکانیدا دەربارەی عێراق، ماجد خەدوری، باس لە ژمارەیەک کێشە دەکات کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە بەرۆکی ئەم دەوڵەتەیان گرتبوو. ئەمڕۆش دوای نزیکەی سەد ساڵ لە بوونی ئەم دەوڵەتە، ئەم کێشانە نەک هەر چارەسەر نەبوون، بەڵکو بگرە زیاتر تەشەنەیان کردووە و بەم مانایەش بەردەوامی ئەم کێشانە نیشانەی پرسیاری جددیان خستووەتە سەر تەواوی داهاتووی ئەم دەوڵەتە. لەو کێشانەی کە خەدوری باسیان دەکات، بەڵام ئێستاش بەردەوامییان هەیە، ١) ململانێی سوننە و شیعە؛ ٢) کێشەی کورد و عەرەب؛ وە کێشەی تەقلیدیبونی کۆمەڵگای عێراقی.

بۆ باسێکی فراوانتر و گرنگ دەربارەی ئەم کێشانە بە تایبەتی بڕوانە پێشەکی ئەم سەرچاوەیە:

Khadduri, Majid (1988), *The Gulf War*: *The Origins and Implications of the Iraq-Iran Conflict.*

ئەسـلەن بـوونی هەبێـت) لـە هەمـوو کاتێـک زیـاتر پەرتەوازەیە، لەگەڵ ئەوەشـدا هێشـتا کوردانێـک هەن کە بڕوایـان بە بـوونی کۆمەڵگـایەکی یەکبـووی عێراقـی "فیـدراڵی-دیمـوکراتی" هەیە، ئەگەرچـی بە بەراورد لەگەڵ سـاڵانی پێشـوتر ژمـارەی هەڵگرانـی ئەم باوەڕە زۆر کەمتر بۆتەوە.

دوای سـەد سـاڵ لە راگـوزەرێکی ئـاڵۆز و پڕ لە کێشـە، پرسـیار ئەوەیە ئایـا کاتێـک سـەد سـاڵ لەمەوپـێش کە بەرهەڵسـتکاری و ناڕەزایی هێندە بەهێز نەبووە، توانراوە لـە دەرەوەڕا خواسـتی هێزە کۆلۆنیالیسـتەکان بسـەپێنرێت، ئەی لە ئەمـڕۆدا دۆخەکە چۆنە؟ ئایا چ جیـاوازییەک هەیە لـە نێـوان بەرژەوەنـدی وڵاتـانی زلهێـزی سـەدەیەک لەمەوپـێش و ئەمـڕۆ؟ هەروەهـا ئەمـڕۆ وڵاتە ئیقلیمییەکـان، کـە ئەکـتەری کـاریگەرن، چ رۆڵێکیـان هەیە لـە سـەرلەنوێ دارشـتنەوەی سنوورەکان لە نـاوچەکەدا؟ جگە لەوەش پرسـیارێکی هەرە گرنـگ ئەوەیە ئایـا ناسـیۆنالیزمی کـوردی، دوای سەد ساڵ، ئەمڕۆ لە چ دۆخێک دایە؟

* * *

لە رۆشـنایی ئەم ئەزموونـانەوە، پرۆسـەی دەوڵەتسـازی کـوردی پێویسـتی بە تیـۆریزەکردنێکی تـایبەت هەیە، چـونکە جوگرافیـا و کۆمەڵگـا و مێـژوو وەک سـێ بنەمـای سـەرەکی دەوڵەتسـازی لە جێگـایەک بۆ جێگـایەکی تـر دەگۆڕێت. رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت جگە لە دەوڵەتی ئیسرائیل هیچ دەوڵەتێکی تـری تێدا نییە کە بە خواسـتی گەلەکەیـان یـان بەشـێک لە گەلەکەی دروسـتکرابێت. بەڵام دەبێـت

دان بەوەشـدا بنێـین کە ئەم دەوڵەتە سـیخناخە لـە قەیـران، بەڵام دەوڵەتـانی تـر هەموویـان دەسـتکردی دەرەکـین. ئێـران وەک هەبـوویەکی مێژوویـی بـوونێکی سـەقامگیری هەبـووە، کە دەکرێـت وەک مـۆدێلیکی تـر لێـی بـڕوانین: بە تـایبەتی هەتـا ئێسـتا ئێـران سـنووری نیشـتمانی خـۆی نازانێـت و لە ترسـی بچووکبـوونەوە هەمیشـە لە هەوڵی ئەوەدایە کە چۆن ئەم سنوورانە فراوان بکات. چـونکە لە دەرونـی دەوڵەتـی ئێرانیدا ئیمپراتـۆریەتێکی لە دەسـتچوو دەژی، کە بە ئاسـانی تەرمەکەی نانێژرێت. سـعودیەش تـا ئاسـتێک لـە مێـژووی دەوڵەتـی ئەوروپـی دەچێـت بەوەی بنەمـاڵەیەک یـان خێڵێک توانیویـانە زاڵ بـبن بەسـەر ئەوانـی تـرداو ئاینێک بۆخۆیـان بەرهەمبهێـنن، یـا راسـتتر ئاینێـک لە خزمەتـی پـڕۆژەی بیناسـازی دەوڵەتـدا بەکـار بـبەن، لێـرەدا مەبەسـتمان سـەلەفیەتی وەهـابیزمە وەک جۆرێـک لە ئـاینی دەوڵەت، کە ئامـانجی سـەرەکی کوشـتنی سیاسەت و پیرۆزکردنی سەروەرە.

## ١-٣ گوتاری دژە دەوڵەت لە کوردستان

هەتـا دێـت **گوتـاری دژە دەوڵەت**[١] و زیـانبەخش بە گوتـاری دەوڵەت لە کوردسـتان دەبێـتە گوتـارێکی بەهێـز، بەم مانـایەش لە ململانێیەکـی تونـد دایە لەگەڵ **گوتـاری دەوڵەت**. زاڵبـوونی ئەم گوتـاری دژە دەوڵەتە دەرەنجـامی کۆمەڵێک فـاکتەرە، کـە بەکـورتی لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین.

---

[١] لێرەدا ئێمە وشەی **دژ** لە بری وشەی زیانبەخشیش بە کار دەبەین.

پێش هەموو شتێک دەبێت ئاماژە بەئەوە بدەین کە لە راستیدا ئەوە لاوازی گوتاری دەوڵەتە کە گوتاری دژە دەوڵەتی کردووەتە گوتارێکی بیستراو و بەهێز، ئەگینا چ گەلێک هەیە لە گۆی زەویدا ئازادی خۆی رەت بکاتەوە. گوتاری دژە دەوڵەت دەکرێت زیانبەخش بێت بۆ بیرۆکە و خواستی بەدەوڵەتبوونی کورد. بە گشتی سەرچاوەکانی گوتاری دژە دەوڵەت ئایدۆلۆژی و پەرچەکردار و تەسکبینی و یۆتۆپیایە. بە شێوەیەکی گشتی گوتاری دژە دەوڵەت، بەلای ئێمەوە، هەر نەبێت سێ رەگی هەیە:

**رەگی یەکەم**، پەرچەکردار: داخوازی کورد بۆ دەوڵەت، هەرچەندە هەمیشە بوونی هەبووە لە سەدەی رابوردوودا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نوێیە. ئەمڕۆ لایەنێک خۆی کردووە بە هەڵگری ئەم پەیامە کە پارتی دیموکراتی کوردستانە. پارتی هێزێکە کە یەکخەری کوردستان نییە، بەڵکو دەخوازێت هەر یەکخستنێک لە ژێر سایەی ئەودا بێت و بە روانگەیەکی زۆر تەقلیدی فیۆداڵی، کە تیایدا کەسی مەسعود بارزانی و بنەماڵەی بارزانی بە براگەورە بزانێت. بە واتایەکی دیکە براگەورە دەخوازێت بالاتر بێت لە ئەوانی تر، لە سەرەوەی یاسا بێت؛ بە کورتی و بە چڕی خاوەنی هەموو شتێک بێت. جۆرێک لەیەکچوون هەیە لە نێوان براگەورە (big brother)ی جۆرج ئۆروێل و چەمکی براگەورە لە ئاگایی کوردیدا. ئەم چەمکە لە چەندین ئاستدا قەیراناوی و کێشەدارە بۆ دەوڵەتی مۆدێرن، بە واتای ئەوەی هەموو چەمکێکی خێزانی و خێڵگەرا بۆ دەوڵەت نەشیاوە: بۆ نموونە بە باوک زانین، بە براگەورە زانین... هتد.

ئەمـــانە دەرخەری ئاســـتی لاوازی تێگەیشـــتن و تەقلیـــدیبوونی جیهـانبینی سیاسـیین. لـە هەمـان کاتـدا ئەم جیهـانبینییە ئاسـۆی تێگەیشـتنی تاکەکـان سـنووردارەدەکات و ڕێگـری دەکـات لە هـاتنە ئارای پەیوەندیەکی مەدەنیانە لە نێوان تاکەکاندا لە **فەزای گشـتیدا**. ئەم جـۆرە لە جیهـانبینی فەزای گشـتی دەشـێوێنێت، لە راسـتیدا تەنـانەت ڕێگریشـە لە هـاتنە کـایەی فەزایەکـی گشـتی تەندروسـت. هەروەها ئەم جیهانبینییە دەبێتە سـەرچاوەی جۆرێک لە کەلتووری سیاسـی کە لە رۆشـناییدا جۆرێـک لـە سیاسـەت و هەڵسـوکەوتی تایبەت دێتە ئاراوە، بەوەی ئەوانی تر دەبێت برا بچووک بن، روو خواروتر بن، گوێگربن، جێبەجێکاربن، مـافی رەخنە و رای جیـاواز و دیدی تریان-نییە. بە واتـایێکی دیکە ئەوانـی دیکە شتێک کەمترن لە هاوولاتی خاوەن ماف، بەڵکو لە بری هـاوولاتی تەنهـا "رەعیەتن". ئەم جــۆرە دەوڵەتە ئەگەر بێتیشـــە ئــاراوە زیــاتر لە دەوڵەتێکـــی رەهاگەرا (absolutist) دەچێت تا هەر شتێکی تـر. ئەم جۆرە دەوڵەتە لە پێش شۆڕشـی فەرەنسـی لە ئەورووپا بـوونی هەبـوو، ئێسـتاش بە نموونەی شانشینی سعودی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بوونی هەیە.

لەم دەوڵەتەدا، کــە بە تــایبەتی لە ســەدەی حەڤــدە و هەژدە لە ئەورروپــادا بــوونی هەبــوو، خەڵــک وەهــا دەبینــران وەک ئەوەی بـوونێکی سـەربەخۆیان نەبێـت، بەڵکـو رەعـیەت (subject) بـن، لە بڕی ئەوەی هاونیشتمانی بن.[١]

---

[١] ئەمە لە کارەکانی جێن بۆدیندا رەنگدەداتەوە. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی جینالۆجیای چەمکی دەوڵەتەوە بڕوانە:

کێشـــەی جـددی ئەم جـۆرە گوتـــارە لەوەدایە کـــە دەوڵەت بە پـرۆژەی مەسـعود بـارزانی دەزانێت. بـۆیە وەهـای دەبینێت ئەگەر هاتەدی ئەوا نەک تاکەکان ئازادنابن، چونکە تاکەکان دەبێت وەک رەعیەت بمێننەوە و تـا مـردنیش سوپاسـگوزاری ئەو سـەرکردەیە بـــن، چـــونکە "ئەو دەوڵەتـــی بـــۆ بەدەســـت هێنـــاون." وەک دەربڕینێکیش دەبێت تاکەکـان ئامـادەبن ئـازادی و خۆشـگوزەرانی و ئاسـایشـــــی تاکەکەســـــییان ببەخشـــــن وەک شـــــێوازێکی **سوپاسگوزاری** (thankfulness) بەرامبەر بەو سەرکردە (تۆ بڵێ براگەورەیەی) دەوڵەتـی سـەربەخۆی بـۆ فەراهەم کـردون. ئەمەش رێک نموونەی دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداوی فارسـی بە تـایبەتی سـعودییەمان بیـر دەخـاتەوە: سـعودییەکان بەپێـی ئەم لـۆژیکە تـا مـاون دەبێـت سوپاسـگوزاری ئـال سـعود بـن و "براگەورەییـان" قبـوڵ بـکەن، چـونکە ئەم بنەمـاڵەیەیە کە دەوڵەتـی بـۆ خەڵکـی سعودییە بونیادناوە.

لە هەمـان کاتدا پـارتی ئامـانجیەتی کـە خەڵک و هێز هەبن بچنە بەرەی دژ بە ئەو و گوتـاری دەوڵەتـی ئەو قبـوڵ نەکەن. چـونکە بە بـــوونی بەرەیەکـــی وەهـــا ئەو زیـــاتر دەبێـــتە "خـــاوەنی" پـــڕۆژەی دەوڵەت، ئەمە بەشـــێکە لە یـــارییەکی ئاشـــکرا کە چـــۆن نەیـــار دروســـتدەکەیت بـــۆ ئەوەی رەســـەنێتی (authenticity) خـــۆت لەم "خاوەنـــداریەتییە" بســـەلمێنیت. ئەوەتـــا مەســـعود بـــارزانی زۆر راشـکاوانە دەخوازێـت وای پیشـان بـدات کە خەمـی هەرە گەورەی

Skinner, Quentin (2009) *A Genealogy of the Modern State, Proceedings of the British Academy*, The British Academy pp. 162, 325–370.

ئەو سەربەخۆییە وە بە لاشییەوە گرنگ نییە هێز و لایەنەکانی دیکە لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵ ئەودا کۆکن یا نا، کاتێک بارزانی دەڵێت "بەنیسبەت منەوە ئەولەویەت سەربەخۆیی کوردستانە ئەوەی لەگەڵیدایە باشە، ئەوەی هەڵوێستی تریشی هەبێت کەیفی خۆیانە."*

لە کاتێکدا ئەم رەخنەیە بنەمایەکی دروستی هەیە، بەڵام خەبات دژ بەم نوخبەیە، واتە ئەو دەستەبژێرەی کە دەخوازێت پڕۆژەی سەربەخۆیی بکات بەموڵکی خۆی، لە ناو کایەی دەوڵەتدا ئاسانترە، بە بەراورد بە کایەی نادەوڵەتی. هەروەها ئەم خواستی قۆرخکاری و بۆخۆبردنە (بەموڵککردنە) تەنها لای یەک بنەماڵە نییە، بەڵکو دۆخێکی گشتگیرە کە لە ئەنجامی لاوازی سیستم و کۆمەڵگا و زاڵبوونی بەهاکانی کۆمەڵگای تەقلیدیی و نەبوونی سەقامگیری و لاوازی، بگرە شکستی، پڕۆژەی دەوڵەت هاتووەتە ئاراوە. لە لایەکی ترەوە ئەم رەخنەیە نابێت دوا بکەوێت بەڵکو تا بکرێت هەر لە سەرەتاوە بەدەوڵەتبوون پڕۆژەی هەموان، یا هەرنەبێت زۆرینەیەکی رەها، بێت.

ئێمە ئەم پرۆسەیە ناودەنێین شەڕ لەسەر بەها (شمەکە) گشتییەکان، ئەو بەهایانەی کە هی هەموانن و هەموو کەس بەشدارن لە هەڵگرتنیان، بەڵام کەس بە تەنها خاوەنداریێتی ناکات. ئێمە ئەم چەمکە لە ئابورییەوە دەگوێزینەوە بۆ سیاسەت و کۆمەڵایەتی، بڕوامان وەهایە کە شەڕ لە سەر بەهای گشتی

---

* http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=36987&Jor=1 دەستگەیشتن (8/9/2016)

دەرخەری نەخۆشـییەکی کوشـندەیە لە ئاگـایی سیاسـی چینـی سیاسـەتمەداری کـورد و کۆمەڵگـای کـوردی بە گشـتی. گشـت وەک بوارێـک هێشـتا نە لە ئاگـایی و نە بە کـردار نەهـاتووەتە ئـاراوە. لە لایەکـی تـرەوە، دەوڵەت بەرجەسـتەکەری گشـتە لە هەموو ئاستەکاندا. بەبێ هاتنە ئارای گشت مەحاڵە قسـە لە سـەر هـاووڵاتیبوون و پێکەوەبـوون و چـاکەی گشـتی و ئـابورییەکی سەردەمیانە و نەمانی گەندەڵی بکرێت.

ئـێمە پرۆسـەی بونیادنـانی دەوڵەت جیـادەکەینەوە لە چـۆنێتی دەوڵەت. چۆنێتی دەوڵەت یان ناسنامەی دەوڵەت کاتێک دەتوانرێت زیاتر بە کۆنکریتی کاری لە سـەر بکرێت کە دەوڵەت لە ئارادابێت. بەڵام کاتێک کە ئەم تێزە دەخەینە بەردەست مەبەستمان ئەوە نییە کە مـامەڵە بکەیـن بە دەوڵەت بەرامـبەر ئـازادی، یـا بەمانـایەکی تـر ئامـادەبین بە مـامەڵە بە دروسـتبوونی دەوڵەت، لـە بەرامـبەر لەدەسـتدانی ئازادیمـان، بەڵکـو دەسـتبەرداری دەوڵەت نـابین و بە ئاقارێکیـدا دەیـبەین کە لەو دەوڵەتەدا ئـازادی و ئاسـایش و خۆشگوزەرانی تاکەکان فەراهەم و زامن کرابێت.

**رەگی دووەم**، ئیسلامی سیاسی:

گەرچی ئەم گوتارە هێندە بەهێز نییە، بەڵام جیهانبینیی ئیخـوان و هاوجۆرەکانی جیهانبینیی بەشێک لە خەڵکی کوردستان پێکدەهێنن. دژایەتی ئەمان، دژایەتییە بۆ ناسنامەی کوردبوون، بۆ کوردایەتی، بۆ عەلمـانیەت، بـۆ مـافی جیـابوونی کـورد لـە ئـومەی ئیسـلامی. ئەم دژایەتییە هێشتا نەبووەتە گوتارێکی تۆکمە. لە راستیدا دەبێت ئاماژە بە ئەوە بـدەین کـە بەشـێکی زۆری کـادیرە بە ئاگاکـانی پـارتە

ئیسـلامییەکان دژ بە دەوڵەتـی کـوردی نـین. رەنـگە ئەمە زیـاتر لە رووی پراگمـاتیبوونی ئەوانەوە بێـت یـان لە ئاکـامی فشـارەوە بێـت. بەڵام لە نێو کادیرە ناوەندییەکانیان ئەو خەسڵەتە بە روونـی دەبینـین. ئەم دژایەتییە تەبـایە لەگەڵ دژایەتـی چەپـی رادیکاڵـدا بـۆ دەوڵەتـی کوردی، بە تایبەتی بە جەختکردنەوەوە **چەپی نەتەوەی سەردەست**. هەردوو ئەم دیدە (ئیسـلامی سیاسـی و چەپی نەتەوەی سەردەسـت) هاوشێوەن لەوەی دژ بە پرۆسەی دەوڵەت و جیابوونەوەی کوردستانن.

چەپ و ئیسـلامی سیاسـی خـۆزگە دەخـوازن بـۆ سـەردەمی ئیمپراتۆریەت، وە لەبەر ئەوەشە کە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە خۆیـان لەگەڵ سـەردەمی دەوڵەتـدا بگـونجێنن. کـارڵ مـارکس کـە لـە سـەردەمی داروخـانی ئیمپراتۆریەکانـدا ژیـا، خوازیـاری ئەوەبوو کە ئیمپراتۆریەتێکی گەردوونـی بـۆ کرێکـاران بێتەدی، کـە لـە دروشـمی ناسـراوی، کرێکـارانی جیهـان یەکگـرن-دا خـۆی دەبینێـتەوە نەک دەوڵەت. مـارکس مێژووشـی وەهـا راڤەدەکـرد کە بەو ئاڕاسـتەیە دەچێت، واتە ئاڕاستەی پوکانەوەی دەوڵەت-نەتەوە. ئیسـلامیەکانیش لە گوتاری خەلیفەدا نوستالجیایان هەیە بۆ سیسـتمێکی "ئیمپراتۆری" بەسـەرچوو. بەڵام ئەم دیدانە زیـاتر خـۆ بە دوورگـرتنە لە واقیـع. لە پەیوەسـت بە ئیسـلامی سیاسـییەوە لە رووی ئەخلاقییشـەوە؛ وەک وائل حەلاق لە کتێبی (دەوڵەتی موستەحیل)دا باسـی دەکـات، بەڕای ئەو ناتوانرێـت دەوڵەتـی شـەریعە لە دونیـای ئەمـڕۆدا بهێنرێتە ئاراوە، بە تایبەت لەروی ئەخلاقییەوە.[١]

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حلاق، وائل (٢٠١٤)، *الدوله المستحیله: الاسلام السیاسی و مازق الحداثه الاخلاقی*، المرکز العربی للابحاث و الدراسات السیاسیه.

کورد وەک خەڵکێک ناتوانێت ئیمپراتۆریەت بهێنێتە ئارا. ئەگەر هەر جۆرە ئیمپراتۆریەتێکیش، چ چەپ چ ئیسلامی، هاتیشە ئارا، ئەوا بە ئەگەری یەکجار زۆر کورد لە پەراوێزیدا دەبێت و هیچ مافێکی نابێت.

**رەگی سێیەم**، گوتاری دژە دەوڵەتی پەکەکە: پارتی کرێکارانی کوردستان لە مێژووی چەند دەیەیدا بە چەندین وەرچەرخانی فیکریدا رۆیشتووە، تەنانەت هەندێکجار وەرچەرخانی زۆر رادیکاڵانەش. ئەم وەرچەرخانە بە رادەی یەکەم رەنگدانەوەی بیری کەسی یەکەمی ئەو حیزبە، عەبدوڵا ئۆجەلان، بووە. بەڵام وەرچەرخانەکە دەربڕی حاڵەتێکیش بووە کە تیایدا ئەم هێزە لە نێوان چەپبوون و نەتەوەییبووندا جێگۆڕکێ و بگرە و بەردەی کردووە.

دەکرێت بگوترێت کە سەرباری هەموو وەرچەرخانە فیکرییەکان، پارتی کرێکارانی کوردستان هەر لە پانتایی چەپدا ماوەتەوە. لەم بارەیەوە گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە پەکەکە لە قۆناغی سەرەتایدا پەرتبوونێک لەگەڵ چەپی نەتەوەی سەردەستدا دروست دەکات، کاتێک دەردەکەوێت کە چەپی نەتەوەی سەردەستیش (تورکییش)، کەم یا زۆر، بەهەمان شێوازی دەوڵەتی تورکی، واتە دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست، بیردەکاتەوە. بیری ئەم حیزبە، سەرباری چەپبوونی، بەڵام بەردەوام لە پرۆسەی تێکەڵکردنی ناسیونالیزمدایە لەگەڵ ئینتەرناسیونالیزم و لە ساڵانی دواییشدا گوتارێکی فیمینیستی و ژینگە پارێزی بەرزکردووەتەوە.

گوتاری دژە دەوڵەتی ئۆجەلان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەوڵەتی تورکی وەک نموونەی دەوڵەت-نەتەوە دژ بە کوردبووە

وە ئاشکراشـــــە کە لە راڤەکردنەکانیــــدا، بە تـــــایبەتی دوای دەســـتگیرکردنی، ئــۆجەلان زیــاتر لە پێشــو کەوتــووەتە ژێــر کـاریگەری ئەم نمـوونە نێگەتـیڤە لە دەوڵەت، واتە تورکیـا. بەپێـی ئەم بۆچـوونە و وەک دەربـڕی وەرچەرخـانەکە چارەسـەر ئەوەیە کە دەوڵەت-نەتەوە نەمێنێـت. جێگـرەوە (ئەڵتەرنـاتیڤ) بـۆ ئەمە، واتە بـۆ مـۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە (تـۆ بڵـێ دەوڵەتـی تـورکی)، رێکخسـتنی کۆمەڵگـایە لە شـێوازی یەکەی بچووکـدا کـە تیایانـدا کۆمـۆنە و گـروپ و پێکهاتەکـان کـاری خۆیـان بەڕێـوەببەن. لـە هەمان کاتدا بە پێی ئەم بۆچوونە خاک هیچ بـایەخێکی نییە و بەم واتایەش کورد، لە هەرکوێیەکی تورکیا بێت، دەتوانێت کورد بێت. چـونکە خـاک یـانی سـنوور و جیاکـاری و لە ئەنجامـدا دەوڵەت. دیارە لە زۆر رووەوە ئەم دیدە هەمـان دیدی "سیستمی میللەتی" سـەردەمی عوسـمانییە، یـا زۆر لێـیەوە نـزیکە، بەڵام لە حـاڵەتی دەوڵەتی عوسمانیدا چەمکی میللەت بۆ غەیرە موسـوڵمانان بەکار دەبرا. ئەمڕۆش بە پیی ئەم دیدە، یا راسـتتر بڵێین ئەم سیسـتمە، بـۆ هەر ناسـنامەیەک، دینـی یـا ئیتنـی، دەکرێـت چەمکـی مـیللەت بەکار ببرێت و بەو پێیەش مافەکانی ئەو میللەتـانە دیـاری بکـرێن. واتە چارەسەری ئۆجەلان بە پێی ئەم بۆچـوونەی زیـاتر گونجـاوە لەگەڵ بنەماکانی بەڕیـوەبردنی سیسـتمی ئیمبراتـۆری تـا دەوڵەتـی نەتەوەیـی یـان نیشـتمانی. خەسـڵەتی هـاوبەش لە نێـوان ئەم دوو مـۆدێلەدا، واتە مـۆدێلی ئـۆجەلان و ئیمبراتـۆری، نەبـوونی رۆڵـی خـاکە لـە پرۆسـەی دروسـتکردنی کۆمەڵگـا و شوناسـی تاکـدا. هەروەهـا ئەم دیـدە رەگـی هەیە لـە دیـدی چەپـی رادیکـاڵ و

ئەنارکیســـتی (فەوزەوی)دا، بەوەی دەوڵەت بە بەڵایەک دەبینێـــت بۆ مرۆڤایەتی تا سەرچاوەی خێر و خۆشی.

لە واقیعدا ئەگەر ئەم دیدە فەراهەم بێت ئەوا یەکپارچەیی خـاکی تورکیـا پـارێزراو دەبێـت، جۆرێـک لـە ئیـدارەی بچـووک بـۆ کـورد دروست دەکات، کە سەرتاپایان ئەوانەن کە یەکێتی ئەورووپا داوای دەکــات بــۆ حکــومەتە خۆجێییەکــان. بە هەر حــاڵ ئەم جــۆرە لە رێکخســـتنی کۆمەڵگــا باڵادەســـتبوونی تــورک بەســـەر کــورددا دەســتەبەر دەکـات، لـە رووی سیاسـی و ئـابوری و کـۆمەڵایەتی و نوێنەرایەتیکردن لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا.

هەڵەیەکــی مەنهەجیــی فیکــری ئــۆجەلان ئەوەیە کە خەتــای دەوڵەتە کە دەوڵەت لە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت شکسـتی هێنـاوە، نەک خەتای کەلتوور و ئاگایی و ئابوری و جیۆپۆلتیک. بەهـانەی ئەوەی کە دەوڵەت رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتی خراپکـــردووە، بەهــانەیەکی بــێ بنەمــایە، چــونکە کە دەوڵەت نامێنێـت، وەک لە یەمەن و ســـۆماڵ و ســـوریا و عێـــراق و لیبیـــا بینیمـــان ئەوا دۆخەکە، لە هەمـوو روویەکەوە، زۆر لە حـاڵەتی بـوونی دەوڵەت خراپتــرە. لە هەمــان کاتــدا خەتــای دەوڵەت نیـیە کە دەوڵەت لە لایەن نـوخبەی سیاسـییەوە دەرفێنرێـت و بـۆ ئامـانجی تـایبەت شکســتی پێــدەهێنرێت. لە ســەر هەمــان بنەمــا، چــۆن دەوڵەت شکســتی پــێ دەهێنرێــت، بە هەمانشــێوە هەر دەســەڵاتێکیش شکسـتی پـێ دەهێنرێت. (نابێت خەتـای ئۆتۆمبیـل بگـرین ئەگەر شۆفێر خراپ لێیبخوڕێت).

بەهەر حاڵ، تا ئەو جێگایەی قسە لەسەر (پەکەکە)یە ئەوا دەتوانین، لە لایەکی ترەوە، بڵێین کە دوو ڕەهەندی دڵخۆشکەر هەن: یەکەم، ئەمڕۆ لە سەر ئەرزی واقیع پەکەکە پشت بەم بۆچوونەی خۆی نابەستێت، بە واتای پشتگیری خواستی فیدرالیزم لە ڕۆژئاڤا مانای ئەوەیە کە ئیدارەی باڵا و سنوور و خاک و هەموو خەسڵەتەکانی تری دەوڵەتداری سەردەمیانە لە ئارادان وە خەریکە لەو بەشەی کوردستان ڕۆژانە ئەم خەسڵەتانە گەشە دەکەن و جێگیر دەبن. دووەمیان، خەڵکی باکووری کوردستان زیاتر بەرەو ناسنامەی کوردبوون دەچن، کوردبوونێک کە بە دیاریکردنی سنوور کۆتایی دێت، لەوەی ببنە بوونەوەرێکی لۆکاڵی خەم بچووک، بە بچووکی شارەوانی و کۆمۆنە و... هتد.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە ئەم سێ گوتارە ئەمڕۆ لە واقیعی کوردستاندا زۆرجار یەکتر تەواودەکەن، گەرچی هەریەکەیان کاروانی ڕێگایەکی جیاوازن.

ئێمە هەموو ئەم پرۆژانە بە ناکوردی و یۆتۆپیایی لە قەڵەم دەدەین. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئازارێکی زۆری چەشتوە وخوێنێکی زۆریشی ڕژاوە لە سەردەستی یۆتۆپیاچییەکانی سەدەی بیست. لە هەمان کاتدا گەڕانەوەی مێژوو بۆ دواوە لە پێناو دروستکردنی ئیمپراتۆریەت یان هەڵوەشانەوەی سیستمی جیهانی (کە دەوڵەتی مۆدێرن کرۆکەکەیەتی) کارێکی لە ڕادەبەدەر قورسە، تەنانەت ئەستەمە، کە کورد بیخاتە سەرشانی خۆی، جا ئەم کوردە ئیسلامی دەبێت یا چەپ. ئەگەر هاتو کورد خەلافەتی دروستکرد، یان دەوڵەتێکی چەپی ڕادیکاڵی بەرهەمهێنا یان کۆمۆنیزمی دژە سیستمی جیهانی (دژە دەوڵەتی

مۆدێرن)ی هێنایە ئاراوە، ئەوا راستەوخۆ دەکەوێتە ژێر ئابلۆقەی کۆمەڵگـــای نێـــودەوڵەتییەوە، وەک داعـــش، وەک ئێـــران پـــێش دانوستانەکان، وەک کۆریای باکوور، وەک کوبا.

بە کورتی و بە چڕی، ئێمە وای دەبینین کە دەوڵەتی کوردی لە پێناو کۆتاییهێنانە بە مێژوویەک و دەستکردن بە مێژوویەکی تر. واتە لە پێناو یەکسانییە لەگەڵ ئەوانیتردا، لە پێناو ئامادەبوونە لە دونیـادا، لە پێنـاو خۆپاراسـتنە، لە پێنـاو مـانەوەیە، لـە پێنـاو سەقامگیرییە هەتا ببێتە بنەما بۆ ژیانێکی مرۆڤانەتر نەک هەر بۆ کورد خۆی بەڵکو بۆ کورد و دراوسێکانیشی.

دەکرێت وەک نموونەیەکی تری گوتاری دژە دەوڵەت قسـە لە سەر عێراقیبوون یان عێراقچێتی یان هاتنەئارای "ئوممەی" عێراقی بکەین. کە لای هەندێک، بە تایبەت ئەوانەی کە سۆزێکیان هەیە بۆ عێـراق یـان راسـتەخۆ سـوودمەندن لێـی یـان وەک پەرچەکـردار بەرامبەر دەنگی سەربەخۆیی بانگەشەی بۆ دەکەن. دروستکردنی عێـراق وەک دەوڵەتێـک بـۆ خەڵـکەکەی و لە ئەنجامـدا بـوونی بە ناسنامەی هاوبەشی خەڵکە جیاوازەکانی دەبێت بەم شێوەیەبێت. عێراق دەبێتە ناسنامەی هاوبەش و هەموو ناسنامەکانی تر وەک کورد، سوننە، شیعە، مەسیحی، ئێزیدی، سوننی، تورکمان، صابئە، هەموو دەبنە شوناسی لاوەکی یان شوناسی دووەم. ئەم پرۆسەیە دوو ئاســتەی: ئاســتێک کە دەبێــت دەوڵەتــی عێــراق لە بــان ناسنامەکانەوە بێت، بە جۆرێک هەموان لەخۆ بگرێت و مۆرکی هیچ کامیانی پێوەنەبێت. دەبێت ئەمە لە دەستوور و ئاسایش و سوپا و ئابوری و بیرۆکراتیەت و هەموو بوارەکاندا رەنگبداتەوە.

لە هەمان کاتدا دەبێت پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە کە هەموو خەڵک رازی بن، بە زۆرینە و کەمینەوە، بە لاوەکیکردنی ناسنامەی ئیتنی و تایفی و کۆمەڵایەتییان لە پێناو شوناسی داهێنراو کە عێراقە. بنەمای ئەمە لە سەر هاووڵاتیبوون وەستاوە و لە هەمان کاتدا لە سەر باشێتی و قبوڵێتی دەوڵەت لای تاکەکان. بەم پێیە ئەم پرۆسەیە ئەم هەنگاوانە لە خۆی دەگرێت:

یەکەم، دەوڵەتێکی بێ ناسنامە یان فرە ناسنامە؛

دووەم، لاوەکی بوونی ناسنامە لۆکاڵییەکان و بالابوونی ناسنامەی عێراقیبوون؛

سێیەم، هاتنە ئارای هاووڵاتێتی وەک بنەمای پێکەوەبوون؛

چوارەم، دەوڵەت بە باشترین شێوە بێ جیاوازی لەگەڵ هەمواندا بەڕێوەدەچێت؛

پێنجەم، هیچ حیزبێک یان رێکخراوێکی سیاسی لە سەر بنەمای ئیتنی، تایفی، ئاینی رێگە پێدراو نابێت؛

شەشەم، سوپایەک دێتە ئاراوە کە سەر بە دەوڵەتەو لە نێو پرۆسەیەکی دیموکراسی مەدەنی سەربازیدا بەڕێوەدەچێت؛

حەوتەم، لە سیستمی خوێندندا بە هیچ شێوەیەک باس لە پێکهاتە جیاوازەکان و مێژوویان و یادەورییەکانیان ناکرێت، یان دەکرێت بەڵام بەجۆرێک نەبێتە مایەی وروژانی هیچ هەست و سۆزێک لای هیچ کەسێک؛

هەشتەم، دابڕانێک لەگەڵ مێژووی سەد ساڵەی عێراقدا دروست دەکرێت؛

نــۆیەم، نــوخبەی سیاســی دەســەڵاتدار هــیچ پەیوەنــدیەکی دەرەکییـان نابێت و نـاکەونە ژێر فشـاری هـیچ هێزێکـی دەرەکـی و بەرژەوەندی هیچ لایەنێک بەڕێوەنابەن؛

دەیەم، بە یەکسانی دەرفەتی ئابوری بۆ هەموان دەڕەخسێت؛

بە کـورتی کـۆی ئەم خـاڵانە جـۆرێکە لە یۆتۆپیـا وە ئەسـتەمە دەوڵەتێکــی ئەوهــا لە گــۆی زەویــدا بــدۆزیتەوە. چــونکە ئەگەر بچووکترین ترازان لەم پرۆسـەیەدا رووبدات ئەوا لە پەرچەکرداردا هەموو شوناسەکانی تر دەبوژێنەوە.

بیــری عێراقــی خــاوەن ناســنامەی عێراقــی بیرێکــی نــوێ و ئۆریجناڵ نییە. هەموو دەزانین بیری دەوڵەتی عێراقی بیـری خەڵکی عێـراق خـۆی نیـیە. زۆریـنەی خەڵکـی عێـراق و بگـرە بەشـێکیش لە تـوێژی سیاسـی عێـراق نـازانن کە پـرۆژەی عێـراق چـۆن بـووە، لە پێناوی چیدابووە. لە باشـترین حاڵەتدا تـوێژە خوێندەوارەکەی ئەوە دەزانـن کە پـڕۆژەکە بەریتـانی بـووە و مەبەسـت لێـی بە ئاسـانتر ئیــدارەکردنی ئەو مەیــدانە بــووە کە نــاوی عێراقــی لــێ نــرا. بە هــاووڵاتیکردنی خەڵکــی عێــراق لە پێنــاو ئەوەی کە هەمــوو بــێ جیـاوازیی ســەر بە دەوڵەتــی عێـراق بـن دەگەڕێـتەوە بـۆ رۆژانـی ســەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵەتـی عێراقـی. لە پـاش لـۆزان مەلیـک فەیســەڵ داوا لە خەڵکــی عێــراق دەکــات کە بە شــێوەیەکی بــاش مامەڵەی برا کوردەکانیان بکەن **بۆ ئەوەی ببنە عێراقییەکی باش**. خەونـی هـاتنە ئـارای عێراقییەکـی بـاش خەونێکـی زڕاوە وە ئەگەر بمانەوێـت لە ســەربوردەکە بگەیـن ئەوا دەبێـت ئـاوڕ لە ســەدەی رابــوردوو بــدەینەوە و خوێنــدنەوەیەکی وردی بــۆ بکەیــن بە

پێهەڵگرتن لە پرسیاری ئایا بۆچی لە ماوەی سەدەیەکدا ئەوەی کە بە کلیلی چارەسەری دەوڵەتی عێراق دادەنرا نەهاتە ئاراوە. بە هەر حاڵ دەکرێت ئەم وەڵامانە لە ئارادابن:

یەکەم، نەبوونی هیچ پەیوەندییەک لە نێوان عێراق وەک ناوێک بۆ پارچە خاکێک، لەگەڵ پێکهاتەکانی عێراقدا.

دووەم، زاڵبوونی شوناسێک، کە شوناسی سوننەیە بە سەر عێراقدا هەتا رووخانی سەددام و پاشان زەمینە رەخساندن بۆ یاخیبوون و نەیاری ئەوانی دیکە. سوننەی عێراق خاوەن پرۆژەیەکی نەتەوەیی عروبی بون وە عێراقیان وەک پارچەیەک لە نیشتمانی عەرەبی بینیوە. لە هەمووشی گرنگتر سوننەی عەرەب ئەوەیان بە مافی خۆیان زانیوە کە ئەوان هەڵگری مافی پێناسەکردنی عێراق بن، لە هەردوو رەهەندی ناوخۆ و دەرەوەی ئەو دەوڵەتەدا.

سێیەم، شوناسی ئوممەی عێراقی لە واقیعدا لای هەر پێکهاتەییێک مانایەک دەبەخشێت. لای سوننە یانی وڵاتێکی مەرکەزی ژێر هەژمونی خۆی، بەڵام لای شیعە وڵاتێک کە لە لایەن زۆرینەی شیعەوە ئیدارە دەکرێت لە رێگای **شەرعیەتی زۆرینەوە**. بۆ کوردیش زۆرەملێیی، ستەم وە بوونی یادەورییەکی بریندار.

چوارەم، جوگرافیا و جیۆپۆلیتیکی عێراق وەها دەکات کە هەمیشە جێگای بەریەککەوتن و ململانێ و هێز و کەلتوورەکان بێت.

پێنجەم، بوونی پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن لە **ڕێگای هێزەوە**، کە گۆڕانکاری زۆری لە شێوازی پەیوەندی و جۆری بونیادی کۆمەڵایەتیدا بەرهەمهێناوە.

شەشەم، باڵادەستی سیاسیی نەخوێندەوار، لەبەر مۆدێرن نەبوونی کۆمەڵگا و نەهاتنە ئارای چینی ناوەندی سەربەخۆ و دروستنەبوونی پانتایی گشتی و ئابوری.

لە بەر هەموو ئەم هۆکارانە و بە تێڕوانین لە کەلتوور و ئاگایی و ڕەفتار و جیۆپۆلیتیک و مێژووی عێراق؛ دروستبوونی ئومەی عێراقی و لە ئەنجامدا دەوڵەتی عێراقی، خەونێکی نەزۆکە. ئەمڕۆ ئەم گوتارە بەشێک دەبێت لە پرۆسەی باڵادەستی شیعە و ئێران لە ناوچەکەدا، کە مەرج نییە بە قازانجی کورد بێت، یان بتوانرێت فەراهەم بکرێت.

## ١–٤ ڕێگرییەکانی تری بەردەم پڕۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان

سەرباری گوتاری ئایدۆلۆژی، کۆمەڵێک ڕێگری دیکە هەن لە بەردەم گوتاری دەوڵەتی کوریدا، کە بە کورتی ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم، نەبوونی سیاسەتێکی دەوڵەتسازی لە هەرێمی کوردستان لە مێژووی چارەکە سەدەی ڕابوردوودا، تەنانەت پێشتریش. ئەگەر ئەم سیاسەتە بوونی هەبوایە ئەوا ئێمە ئەمڕۆ زۆرێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەوڵەتمان دەبوو. بۆیە دەوڵەت تەنها بە شێوەی "**مەجازی**" بوونی هەیە، نەک وەک بوونێکی ماددی، لەسەر ئەرزی واقیع.

دووەم، نەبــوونی "پیــاوی دەوڵەت" لە هەنــاوی سیاســەتی کوردیدا. پیاوی دەوڵەت یان دەوڵەتمەدار ئەو کەسە سیاسییەیە کە دەوڵەت وەها دەبینێت وەک ئەوەی کە چارەسەری زۆرێک لە کێشە زۆرەکانی مرۆڤی کورد دەکات. پیاوی دەوڵەت خاوەن دیــدێکە کــە دەوڵەت پــرۆژەی گەورەی ژیــانیەتی و هەمــوو بیرکــردنەوە و هەڵســوکەتەکانی بــۆ ئەو ئامــانجەیە. دەکرێــت هۆیەکی سەرەکی ئەم حاڵەتەش (واتە نەبوونی پیاوی دەوڵەت) ئەوە بێت کە پێشتر، لە راستیدا ساڵانێکی زۆر، کورد خەباتی بۆ ئۆتۆنۆمی کردووە، کە تەنانەت لە کاتی بەدەستهاتنیشیدا (واتە بەدەستهاتنی ئۆتۆنۆمی) کورد **بەشداری دەکات لە دەسەڵاتێکدا کە هەیە** و ئەوانی تر زووتر دایانمەزراندووە، **نەک دەسەڵاتێک یان دەوڵەتێک کە خۆی بونیادی دەنێت**.

لە بری پیاوی دەوڵەت، کورد پێچەوانەی پیاوی دەوڵەتی هەیە، تۆ بڵێ دەوڵەتکوژی هەیە. زۆرێک لە سیاسیانی کورد کەسانێکن کە بەرژەوەندی خۆیان و بنەماڵەکانیان بە پێویست دەزانن و **خەمی گشتی** و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەک هێندە جێگای بایەخ نییە لایان. هەر لەبەر ئەمەشە زۆر ئاسان ئامادەن سازشی لە ســەر بــکەن. خراپتــرین دەرکەوتەی ئەم دۆخە ئەوەیە کــە نوخبەیەکی سیاسی لە کوردستان بوونی هەیە کە تەنانەت ئامادەیە، ئەگەر دەوڵەتی کوردی **دەوڵەتی ئەو نەبێت،** دژی ئەو دەوڵەتە "کوردییەش" بووەستێتەوە. بەم پێیە، وەک ئەم جۆرە سیاسییانە دەیبینن، دەوڵەت ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی زیاتری کۆمەڵگای کوردی.

پێویستە، تا زووە ئەم حاڵەتە ترسناکە بگۆردرێت بۆ گوتاری **دەوڵەت لە پێناوی ئازادیدا**. پێویستە کەس یا تاقمێک، بە تەنیا، خاوەنی دەوڵەت نەبن، چونکە هەموان خاوەنین. دەوڵەتیش ئەو کاتە پرۆژەیەکی سەرکەوتوو دەبێت کە هەموان، بەبێ جیاوازی، خاوەنی بن و شانازی راگەیاندن و بونیادنانی ئەم دەوڵەتەش بەر هەموان بکەوێت و هی هەموان بێت، نەک تەنها هی کەسێک و تاقمێک.

سێیەم، نەبوونی یا هەر نەبێت لاوازی، دۆخێکی دەرونیی ئامادە بۆ دەوڵەت. مرۆڤی کورد هەموو مێژوو و تەمەنی لە سایەی "کوێخاکاندا" بەسەربردووە. ئێستا بۆ ئەوەی بتوانێت رووبەرووی ئەم "کوێخایانە" ببێتەوە، دەبێت دۆخێکی دەرونی جیاوازی هەبێت. ئەم پرۆسەیە بریتییە لە **گواستنەوە لە ژیان لە سایەی ئەویتردا بۆ ژیان بە سەروەری خود**: دەتوانین بە ئاسانی بڵێین تەنها مرۆڤی ئازاد دەتوانێت دەوڵەت فەراهەم بکات. ئازادی تەواویش تەنها لە سایەی دەوڵەتدا دێتە دی. دواجار دەوڵەتیش پێویستە ئەو ئامرازە بێت کە ئازادی تاکەکان بەرجەستە دەکات و ئەو ئازادییە دەپارێزێت، نەک پێچەوانەکەی.

چوارەم، مەحرومیەت، وەک دۆخێکی سیاسی و دەرونیی. مرۆڤی کورد لەبەر نەبوونی دەوڵەتی خۆی بەردەوام لە جیهاندا هەستی بە مەحرومیەت کردووە. مەحرومیەت بە مانای بێبەشبوون، نەبوونی دەنگ، نەبوونی ئامادەیی، نەبوونی نوێنەرایەتی، نەبوونی ئالایەکی پێزانراو، نەبوونی سەروەری نیشتمانی... هتد. ئەم **دۆخی مەحرومیەتە** لە سەردەمی جیهانگەری

و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا زۆر چڕتر بووەتەوە و زیاتر هەستی پێدەکرێت. چونکە بەردەوام کورد هەست بە نەبوونی خۆی دەکات لە ناوەند و بۆنە جیهانیەکان و رووداوە گرنگەکاندا. ئەم مەحرومیەتە وەهایکردووە کە دەستبردن بۆ دەوڵەت تەنها وەک مافێکی سیاسی ئاسایی دەرنەکەوێت بەڵکو زیاتر وەک شکاندنی کۆت و بەند و گوزارشت لەخۆکردن. ئەمەش وەهایکردووە کە بە ئاسانی لە دونیای کوردیدا ناتوانێت دیبەیت لە سەر دەوڵەتی کوردی بکەیت، چونکە هێشتا ئەم مەسەلەیە بە زۆری گوتارێکی عەقڵانی نییە، هێندەی **گوتاری دەرونییە**. بە واتایەکی دیکە هێشتا ئەم گوتارە تا رادەیەکی یەکجار زۆر گوتاری **یاریکردن بە هەست و سۆزی** مرۆڤی کوردە. هەندێک جاریش دەبینین لە پانتایی میدیای کۆمەڵایەتیدا خەڵکێکی زۆر بە زمانێکی گاڵتەجاڕی لە دەوڵەتی کوردی دەدوێن، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەربڕی نەبوونی بڕوابوونە بەوەی کورد شایستەی حاڵەتێکی وەهابێت. ئەم دۆخە دەرونییە وەهایکردووە کە کورد لە بەرامبەر دەوڵەتدا بە بچووک ببینرێت، یا لەوەش ئەولاتر خۆی لە بەرامبەر دەوڵەت و بەدەوڵەتبووندا، بە بچووک ببینێت.

کاتێک ئێمە ئاماژە بە ئەم خاڵانە دەدەین، بە وردی و بە قووڵی ئاگاداری رەخنە جددیەکانی دەوڵەتین، کە لە لایەن کەسانی وەک جۆرجیو ئەگامبین و ئەوانی ترەوە گیراون. بەڵام سادەترین بەراورد لە نێوان بوونی دەوڵەت و نەبوونی دەوڵەت ژیان خۆشتر و باشتر و درێژترە لە سایەی دەوڵەتی باشدا، ئەگەر یارییەک بە چەمکەکانی هۆبز بکەین.

## ١-٥ دەوڵەت وەک پێداویستی

دەوڵەت تەنها پێداویستیەکی ئابوری یان سیاسی نییە، بەڵکو کاریگەری هەیە لەسەر سەرجەم رەهەندەکانی ژیان. دەکرێت لە "نەرمترین" رەهەندەوە دەستپێبکەین کە ئەخلاقە، هەتا بەهێزترینیان کە ئاسایشە.

گەرچی پاش هێگڵییەکان هێندە باس لە رەهەندی ئەخلاقی دەوڵەت ناکرێت، بەڵام لە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەباشی دەزانین زیاتر جەخت لە سەر ئەم رەهەندە بکەینەوە. ئەگەر وەها دابنێین کە ئەخلاق بریتییە لە چاکەکردن لەگەڵ کەسێکدا کە جارێکی تر نایبینیتەوە، ئەوا بە مانای بوونی توانای چاکەکردن بەرامبەر ئەوانی دیکە بەبێ گوێدان بە دەسکەوتی ئابوریی. کەواتە ئەخلاق بریتییە لە توانای بوون لەگەڵ توانای بەخشیندا. ئەم توانایە بە ئاسانی نایەتە ئاراوە ئەگەر تۆ خاوەنی ماڵێک نەبوویت، خاوەنی داهاتێک نەبوویت و خاوەنی سەقامگیرییەک نەبوویت. ئەستەمە چاکە بکەیت کاتێک خۆت لە ژێر مەترسیدایت، مەحرومیت، لە ژێر سڕینەوەدایت، خۆت نەبوو بیت، لە ژێر هەڕەشەی لەناوچووندایت و بەردەوام لە دۆخی هەڵاتندا بیت. ئەم دۆخە بۆ مرۆڤی کورد رەهەندێکی دیکەی گرنگی هەیە ئەویش سارێژکردنی ئەو برینەیە کە مرۆڤی کورد بەرامبەر بە ئەویدیکە هەستی پێدەکات. ئەم برینە نەک هەر سارێژ نەبووە، بەڵکو بەردەوام دەکولێتەوە. ئەم کوڵانەوەیە بە تایبەتی بە دوو شێواز دەبێت، لە رێگای چالاککردنی یادەوەری بە کۆمەڵی مرۆڤی کورد یان لە روبەڕوبوونەوەی هەنوکەیدا بەردەوام

مەترسیەکان لەسەر ئاسایش و تەنانەت بوونی ئەم مرۆڤە قوت دەبنەوە. ئەستەمە لە دۆخێکی دەرونیی ناسەقامگیردا بژیت و داهێنەربیت، خۆت بە هاوتا و یەکسان لەگەڵ ئەوانیتردا ببینیت و بناسیت. لە دۆخێکی ئەوهادا مرۆڤی کورد بەردەوام هێز و توانستە مرۆییەکانی زیاتر بۆ مانەوە و بەرگریکردن لە بوونی خۆی بەکار بردووە تا لە گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە پێناو دوارۆژێکی باشتردا. هەست بە **کەمیکردن** و بە نەبوونی شوناسێکی دانپیانراو رێگرە لەوەی بتوانیت لە دونیادا کەسێکی باوەڕبەخۆبوو و داهێنەربیت وە بە شێوەیەکی یەکسان لە فەزای گشتی مرۆڤایەتیدا خۆت بنوێنیت. بۆیە دەوڵەت رەهەندێکی ئەخلاقی قووڵی هەیە بە تایبەت بۆ خەڵکێکی وەک کورد. لەم رووەوە دەوڵەت بەرجەستەکردنی بیرێکی ئیتیکی یان ئەخلاقیە، ئەمەش مەسەلەیەکی مرۆیی یەکجگار گرنگە.

ئەمە نەک تەنها لە ئاستی تاکدا بەڵکو لە ئاستی کۆمەڵگا و دەوڵەتیشدا راستە. ئەمرۆ کورد بەهۆی بێدەوڵەتییەوە ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک بەشداربێت لە پێدان یان بەخشین بەکاری خێرخوازی لە ئاستی دونیادا، کە ئەمەش بۆ خۆی کارێکی دیپلۆماسی زۆر بە سوودە.

لە هەمان کاتدا دەوڵەت ئاسایشت بۆ دابین دەکات لە ئاستی جیهاندا. لە یاسای نێودەوڵەتیدا دەستێوەردانی دەوڵەتێک لە دەوڵەتێکی دیکە ئاسان نییە. بەڵام وەک بینیمان لە رابوردودا دەوڵەتی عێراق کوردی ئەنفال و کیمیاباران کرد بەڵام دونیا لە

بێدەنگیەکەیدا بەهانەی ئەوەبوو کە بەڵگە نییە، یا بە بەهانەی ئەوەی کە "**ئەمە مەسەلەیەکی ناوەخۆییە**."

لە هەمان کاتدا لە ئاستی ئابوریدا، خەڵکی بێ دەوڵەت ناتوانێت ببێتە خاوەن سیاسەتی دراویی خۆی. بەو مانایە ناتوانێت سیاسەتی دراو و دارایی و هەڵاوسان و نەبوونی سیولە و هیچ شتێکی دیکە چارەسەر بکات بەبێ بوونی دەوڵەت و دراو.

ئەمە ئەگەر بێینە سەر بوارەکانی خەبات بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بونیادنانی دەزگا و سیستم و ژینگەی پاک و پاراستنی کەرامەت، هیچ کام لەمانە ئەگەر لە هەناوی دەوڵەتدا نەبێت ناتوانرێت بێتە دی و بپارێزرێت.

**دەوڵەت خاڵی پەڕینەوەیە:** ئەگەر دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە قەیراندایە، ئەوا سەرچاوەی ئەم قەیرانە تا رادەیەکی زۆر بێئاگایی و بێتواناییە لە بونیادنان و بەڕێوەبردنی دەوڵەت، نەک قەیران لە بیری دەوڵەت یان ستراکتۆری دەوڵەتدا بە گشتی. دیارە ناکرێت حاشا لەوە بکەین کە بیر و ستراکتۆری دەوڵەت قەیرانی زۆریان تیادایە، بەڵام چونکە هێشتا قۆناغی بونیادنان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست فەراهەم نەبووە ئەوا تەنها دەتوانین قسە لە سەر پرۆژەیەکی تەواونەبوو (ناکامڵ)، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتیشدا شکستخواردوو، لەم ناوچەیەدا بکەین. بەرجەستەکردنی دەوڵەت دەبێت لە سەر بنەمای بیری دەوڵەت، واتە دەوڵەتی مۆدێرن، بێت. کۆمەڵگای کوردی ئەمڕۆ گەرچی لە رووی دەرونییەوە خۆزگە بە دەوڵەتەوە دەخوازێت، بەڵام لە ئاستی بیر و ئاستی بونیادی کۆمەڵایەتیدا لە دۆخێکی زۆر خراپدایە.

دەوڵەتداری و کارکردن بۆ بەدەوڵەتبوون پرۆسەیەکی رۆژانەیە، دژەدەوڵەتیش هەروەها پرۆسەیەکی رۆژانەیە. کەواتە چۆن رۆژانە بەشێکی کاریگەر هەیە لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە پێچەوانەشەوە بەشێکی دژیش رێگرە لە هاتنە کایەی ئەو دەوڵەتە. ئەم ململانێیە بە جۆرەها شێواز وە لە ئاستی جیاواز جیاوازدا بەردەوامە.

بەڵام خاڵی پەڕینەوە لە کۆمەڵگایەکی نادەوڵەتی (تۆ بڵێ حاڵەتی بێدەوڵەتی) بۆ کۆمەڵگایەکی دەوڵەتی (خاوەن دەوڵەت) تەنها لە هەناوی کایەی بەدەوڵەتبووندا دێتە ئاراوە. بەمانایەکی دیکە، ئێمە بڕوامان وەهایە ئەوە دەوڵەتە کە دەتوانێت پەرە بە دەوڵەت بدات، نەک نادەوڵەت. بۆیە بەهانە (argument)ی ئەوەی کە ئێمە هیچ بنەمایەکی دەوڵەتمان نییە بۆیە نابێت باس لە دەوڵەت بکەین، بەهانەیەکی نوقسانە، چونکە دەوڵەت خاڵی کۆتایی نییە، بەڵکو دەکرێ خاڵی سەرەتاش بێت. لە هەمان کاتدا زۆربەی بنەماکانی دەوڵەت لە کاتی بوونی دەوڵەتدا دێنە دی.

دیارە ئێمە لە دۆخی کوردستاندا لەو راستییە تێدەگەین کە هەندێک هەڵسوکەوتی هێزە سیاسیەکان ئاماژەیەکی روونە کە لە دۆخی دەوڵەتدا دەوڵەت بە ئاقاری قۆرخکاری و شکستدا دەبەن، بەڵام کێبڕکێ لەگەڵ ئەمانەدا لە کایەی دەوڵەتدا ئاسانترە لەوەی لە دەرەوەی دەوڵەت. چونکە لە دۆخی نادەوڵەتدا هێنانی دەستی دەرەکی و دروستکردنی قەیران و هەنگاونانان بۆ بەرجەستەکردنی حاڵەتی یاسایی و دەزگایی ئاسانتر دەبێت لە دۆخی بوونی دەوڵەتدا.

## ١– ٦ کورد و بێدەوڵەتبوون

ئەگەر بە وردی لە پرۆسەی بونیادنان و ئەو ئایدیایانە بڕوانین دەبینین کورد، لە ساتەوەختی دروستکردنی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاریگەرییان هەبووە، وەها بینراوە کە پاش ماوەیەک کوردەکان لە هەناو ئەو دەوڵەتانەی کە بەسەریاندا دابەش بون دەتوێنەوە. لە کۆنگرەی پاریس وەها باسی کورد دەکرا کە وەک هیندیە سورەکانی لێبێت، وەک مارگرێت ماکمیلان لە کتێبی پاریس ١٩١٩دەدا باسی دەکات.

لێرەدا دوو پارادایمی بیرکردنەوە دەکرێت سوودبەخش بن بۆ تێگەیشتنی ئەو ئایدیایانە: یەکەم، مۆدێرنیزەبوون (modernization) دووەم، سۆشیال داروینیزم. بە گشتی تیۆری مۆدێرنیزەبوون بڕوای وایە کە دەوڵەتی دروستبوو دەتوانێت ئەو خەڵکە جیاوازانەی کە لە هەناویدا دەژین یەکبخات. لە لایەکی ترەوە، سۆشیال داروینیزم، بڕوای وایە کە لە دواوەبوونی ئاستی شارستانی مرۆڤی، وا دەکات کە ئەم مرۆڤە کە لە پاشەوەیە، لە میانەی گەشەی شارستانی توانای بەرگری و مانەوەی بە شێوازێکی جیاواز نامێنێت و دەتوێتەوە. ئەم دوو دیدە پاشان بون بە سەرچاوەی ئەوەی کە کورد لە ناو ببرێت و نکوڵی لە بوونی بکرێت بۆ ئەوەی دەوڵەت مۆدێرن بێت. لێرەدا دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ئەو لیڤیاسانەیە[١] کە دۆخی سروشتی دەگۆڕێت بۆ

---

[١] لیڤیاسان جۆرە ئاژەڵێکی ئەفسانەییە کە لە کتێبی پیرۆزی ئیجیلدا ناوی هاتوە. ئەم ئاژەڵە بە گەورەیی و دڕندەیی ناسراوە، بە جۆرێک هەموو ئەوانی

دۆخی مەدەنی و دۆخی مەدەنی کەسەکان تیایدا دەگۆڕێن، ئەگەر بە زمانێکی هۆبزیانە قسەبکەین.

بەڵام ئەم پرۆسەیە سەری نەگرت. شکستی ئەم پرۆژەیە دوو رەهەندییە: لە لایەکەوە کورد بەرگری تیادا دروستبووە، لە لایەکی تریشەوە دەوڵەت وەک پێویست مۆدێرن نەبووە. بە مانایەکی دیکە موفارەقەکە ئەوەیە کە مۆدێرننەبوونی کورد، واتە بەردەوامی وەک کۆمەڵگایەکی تەقلیدی بە پەیوەندی و بەها و جیهانبینییە تەقلیدییەکانەوە وایکردووە کە توانیویەتی بمێنێتەوە. بۆیە بۆ ئەوەی ببێت بە خاوەن دەوڵەت دەبێت بەر لە هەر شتێک وەک پێویست مۆدێرن بێت. ئەمە قەیرانێکی سەختە لە هەناوی سیاسەتی کوردیدا. کە خۆی لە پرسی کوێخای مۆدێرن (یا نوێ)دا دەبینێتەوە.[1]

---

دیکە ملکەچ دەکات. ئەم ملکەچکردنە دەبێتە هۆی هاتنە ئارای دۆخی مەدەنی، یان دۆخی نەمانی شەڕی هەموان دژ بە هەموان. هەروەها ئاماژەیە بۆ کتێبە ناسراوەکەی تۆماس هۆبز.

[1] بۆ باسێکی گرنگ دەربارەی کوێخایی یا باوکسالاری نوێ بڕوانە
Sharabi, Hisham (1992) *Neopatriarchy: A Theory of Distorted Change in Arab Society.*

# ٢
# باشووری کوردستان: هەندێک فاکتەری بوون بە دەوڵەت

## ٢-١ رووخانی رژێمی عێراق و دارمانی دەوڵەتی عێراق

مـۆدێلی حکـومەتی ناوەنـدی و باڵادەسـتی یەک پێکهـاتە، واتە عەرەبـی سـوننی، بەسـەر سیسـتمی حوکمـدا لـە هـاتنی بەریتانیەکـانەوە دەسـتی پێکـرد و لە مـۆدێلی ئەمریکیـدا هەوڵـدرا کۆتـایی بەم شـێوازە لە فەرمـانڕەوایی بهێنرێت. لە لایەکـی دیکەوە لە هەنـاوی پـڕۆژە ئەمـریکییەکەدا، پڕۆژەیەکـی کـۆن خـۆی حەشـاردابوو کە ئەویـش پارێزگـاریکردن بـوو لە رۆحـی پـڕۆژە بەریتانییەکە: **عێراقێکی یەکبوو و یەکپارچە**. بەڵام ئەم یەکبوونە لە نـاو کـایەیەکی تەواو یەکبـوودا نـا، بەڵکـو یەکبوونێـک کە لەنـاوەوە جیاوازە و خۆی لە هەردوو پرۆسـەی سیاسـەتی شوناسـی: کورد، سـوننە و شـیعە لەگەڵ سیاسـەتی بـوونی یەکەی فیدراڵیـدا دەبینیـیەوە. دەکرێـت بـاس لەوەش بکەیـن کە ئەمریکییەکـان حەزدەکەن دونیـای دەرەوە وەک دونیـای خۆیـانی لێبکەن: بـوونی جیاوازی لە ناو پێکەوەییدا. بەڵام ئەوەی دەبێت بزانرێت وە خودی

ئەمریکییەکانیش بیزانن ئەوەیە کە نە هیچ کوێ لە ئەمریکا دەچێت و نە ئەمریکاش لە هیچ کوێی دیکە دەچێت.

لە راستیدا مۆدێلی ئەمریکا بۆ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی رەها ئەمریکی نەبوو بەڵکو تێکەڵاویەک بوو لە سێ رەگەز، تێکەڵاویەک لە سێ دانە **هیوابوون** بە دەوڵەتی عێراقی یەکبوو، کە دواجار هەرسێ هیوابوون لە خاڵێکدا کۆدەبوونەوە کە ئەویش عێراقی "دیموکراتی و فیدرالی" بوو وە خودی ئەمریکاش یەک دانەی لەو هیوابوونانەی بەر دەکەوێت: ١) هیوابوونی ئەمریکا بە عێراقێکی یەکبوو لە رێگای بەرهەمهێنانی سیستمێک کە دان بە جیاوازییەکاندا دەنێت، و دەیانپارێزێت بەڵام لە هەمان کاتدا یەکیشیان دەخات؛ ٢) هیوابوونی بژاردەی عەرەبی بە عێراقێکی یەکبوو، لەگەڵ بوونی دژایەتییەکی مێژووی و ئەجێندای جیاوازیش لە نێوان دوو پێکهاتەی عەرەبی شیعە و سوننە، واتە هیوابوونی ئەو دوو پێکهاتەیە بە دەوڵەتی عێراقی یەکبوو؛ ٣) هیوابوونی بژاردەی سیاسی کوردی بەوەی کە عێراقی فیدرالی و دیموکراتی دەبێتە مایەی چارەسەری یەکجارەکی کێشەی کورد لە عێراقدا.

ئێمە پیمان وایە کە ئەم هیوابوونی کوردە بە عێراقێکی یەکبوو، بەڵام دیموکرات و فیدراڵ، زادەی لە ناکاوی کەوتنی رژێمی سەددام نەبوو، هەروەها بە زەرورەت لە ئاکامی فشاری ئەوانی دیکە (بە تایبەتی ئەمریکییەکان) نەبوو، بەڵکو بەرهەمێکی مێژوویی بزاڤی "ئۆتۆنۆمیخوازی" کورد بوو لە باشووری کوردستان: چڕبوونەوەی فەلسەفەیەکی سیاسیی بوو کە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی لە سەربەخۆیدا نەدەدی بەڵکو لە گرێدانی

مافی نەتەوە (لەم حاڵەتەدا ئۆتۆنۆمی) بە بنەما دیموکراتییەکان لە فەرمانڕەواییدا دیوە. ئەم شێوازە لە جیهانبینی هەرنەبێت لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بە چڕی وەک چوارچێوەی خەباتی کوردایەتی، بە تایبەتی لە عێراق و ئێران، دەست پێدەکات وە بەردەوام دەبێت تا دوای کەوتنی رژێمی سەددامیش.

بەڵام ئەمڕۆ دوای، کەم یا زۆر، ١٤ ساڵ لە کۆتاییهاتنی رژێمی پێشوو، دەوڵەتی عێراق لە داڕماندایە. فاکتەری زۆر هەن بۆ داڕمانی ئەم مۆدێلە کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە دەست پێدەکات، داڕمانێک کە هەتا ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە لە شێوەی کۆمەڵێک ململانێ و کێشمەکێشی خوێناوی و گەندەڵیی بژاردەی سیاسی و... هتد. لە لایەکی ترەوە پێویستە بگوترێت کە ئەم داڕمانە رێک تێکشکانی ئەو سێ هیوابوونەیە (کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا) کە عێراقی دوای سەددامیان لەسەر بونیادنرا. کەواتە ئەمڕۆ دوای ساڵانێک لەم ئەزموونە، دەکرێت بڵێین ئەم سێ **هیوابوونە** بوونەتە سێ دانە **بێهیوابوون،** وە ئەمەش کڕۆک و روحی داڕمانەکەیە: ١) بێهیوابوونی سوننە و شیعە لە یەکتر؛ ٢) بێهیوابوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەمریکا، لە سەرکەوتنی پڕۆژەی عێراقی یەکبوو؛ لەگەڵ ٣) بێهیوابوونی کورد لە سەرکەوتنی پڕۆژەی عێراقی فیدراڵی و دیموکرات.

لەگەڵ سەرهەڵدانیدا، رێکخراوی داعش زیرەکانە سواری ملی ناڕەزاییەتی و بێهیوابوونی عەرەبی سوننە لە عێراق بوو. ئەمەش مەودای دوژمنکاری و گومانی لە لای شیعە بەرامبەر بە سوننە زیاتر کرد. بەم مانایەش بیهیوابوون لە هەردوو لاوە قووڵتر

بووەوە و گەیشتە لوتکەیەکی جددیتر. لە لایەکی ترەوە هەمان شەڕی داعش دەنگی بیهوابوونی لە سەرکەوتنی پڕۆژەی عێراقی یەکگرتو لە لای هەندێک لە بەرپرسانی جاران و ئێستای ئەمریکا راشکاوتر و ئاشکراتر کرد. هەر بۆ نموونە لە دواترین ئاماژە لەم ئاڕاستەیەدا سەرۆکی دامەزراوەی هەواڵگری ئەمریکی سی ئای ئەی (جۆن برێنان) گومانی هەیە کە ئایا ئەسلەن"حکومەتێکی ناوەندی لە عێراق و سوریا بنیات دەنرێنەوە یاخود نا"،[1] ئەگەرچی ئەم بەرپرسە پێشتر بەردەوام جەختی لەسەر یەکگرتوی و یەکپارچەیی ئەم دوو وڵاتە کردووەتەوە.

## ٢-٢ کێشەکانی ئەمریکا لە عێراق

هەر لە سەرەتاوە ئاشکرا بوو کە کێشەکانی ئەمریکا لە عێراق دوو رەهەندی سەرەکییان هەیە یەکێکیان سیاسەتی دەرەوە و ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمریکایە لە عێراق و ناوچەکە و جیهاندا، بەڵام رەهەندەکەی دیکەیان پڕۆژەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقە.[2] دەکرێت ئەم هاوکێشە و پەیوەندییە ئاڵۆزە لەم چەند خاڵەدا کورتبکەینەوە:

---

[1] http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=48012, ٢٠١٦/٩/٨ دەستگەیشتن

[2] بۆ لێکۆڵینەوەیەک کە بەم مێتودەی بەیەکەوە گرێدانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە لایەک وە پڕۆژەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق بڕوانە: یاسین، د بورهان (٢٠٠٦) "راپۆرتی بیکەر-هامیلتون: سیاسەتی ئەمریکا بە بنبەست گەیشتوە یان پڕۆژەی "عێراقی دیموکراتی و فیدراڵی"، دهۆک، چاپکراوەی گۆڤاری مەتین، لاپەڕەکانی ٢٢٢-٢٥٢.

**یەکەم**، ئەمریکا، پێش هەموو شتێک، عێراق وەک بەشێک لە جیهان و ناوچەکە دەبینێت، ئەمە بە مانای ئەوەی ئەوەندەی بە پەرۆشی ئەوەیە کە هاوسەنگی هێز لە ناوچە و جیهاندا پارێزراو بێت، ئەوەندە پەرۆشی ناوەوەی عێراق خۆی نییە. لە راستیدا ناوەوەی عێراق بەشێکە لەو هاوکێشەیە و دەخرێتە خزمەت راگرتنی هاوسەنگی هێز لەو هاوکێشەیەدا، نەک بە پێچەوانەوە.

**دووەم**، ئەمریکا مۆدێلێکی یۆتۆپیایی هەبوو بۆ عێراق کە بریتی بوو لە "دیموکراسی تەوافوقی" و فیدرالیەت، بەمانای ئەوەی پێکهاتەی جیاواز لە ناوچەی خۆیان حوکمی خۆیان بکەن و لە بەغداشدا هەموو بەیەکەوە حوکمی هەموو عێراق بکەن (جۆرێک لە مۆدیلی ئەمریکی). ئەمە بە ئەزموون دەرکەوت کە ئەم مۆدێلە بۆ عێراق ناشێت، چونکە ئەم دەوڵەتە بەردەوام لە مێژووی خۆیدا بە دەست نەبوونی **هاوبەشی** لە نێوان خەڵکەکەیدا ناڵاندویەتی، لە ئەنجامدا جیاوازییەکان، لەبری کەمبوونەوە، بون بە سیستیماتیک و تەنانەت خوێناوییش.

**سێیەم**، لە رووی ئابورییەوە ئەمریکییەکان دیدێکی نیولیبرالی "یۆتۆپیاییان" هەبووە، بەوەی کە عێراق بکەنە بازاڕی ئازاد و کەرتی گشتی بچووک بکەنەوە و کەرتی تایبەت گەشە پێبدەن. بەڵام دەرەنجامی ئەم هەوڵە ئەو گەندەڵییە خەیاڵییەیە کە عێراقی گرتووەتەوە. کە بازاڕ، بە نەبوونی دەزگا، بە نەبوونی حکومەت، بە نەبوونی سیستمی باج و لاوازی سوڕانەوەی دراو، بە سیستمی ئابوری ئازاد دەکەیت ئەوا هەموشتێک لە وڵاتدا دادەڕمێت.

**چوارەم**، ئەمریکییەکان لە پرۆسەی ئیدارەدانی عێراقدا هەمیشە گرنگییان بە کەس داوە نەک دەزگا. هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون چۆن هەموو شتێک بکەنە قوربانی ئەوەی کە چۆن رەزامەندی کەسێک بەدەست بهێنن، یان رێگە بگرن ئەو کەسە بەلایەکی تردا نەچێت. لە ئەنجامدا هەموو وزە و وەبەرهەمهێنانە سیاسییەکان لە کەسەکاندا بەفیڕۆ دراون و هیچیش بەرهەم نەهاتوە. جگە لەمەش، لە پیناو دامەزراندنەوەی دەوڵەتێکی "مۆدێرن" لە عێراق، ئەمریکا دواجار پەنای برد بۆ بوژاندنەوە و بەهێزکردنی کۆمەڵگای خێڵ، واتە کۆمەڵگای دژ بە مۆدێرنە، بە تایبەتی لە پێناو بەرەورووبوونەوەی ئەلقاعیدە لە عێراقدا.

لە کوردستانیش هەمان شێواز مامەڵەیان کردوە، هەموو شتێکیان کردۆتە قوربانی بەدەستهێنانی رەزامەندی کەسێک. لە راستیدا ئەمە درێژکراوەی سیاسەتی ئەمریکایە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە باڵادەست بووە لە ماوەی زیاتر لە ٦٠ساڵی رابوردوودا: پەرەپێدانی دیموکراسی کراوەتە قوربانی سیاسەتی سەقامگیری، کێشەش نییە ئەگەر ئەم سەقامگیرییە لە رێگای هەندێک سەرکردەی تاکڕەو و گەندەڵ و بگرە دیکتاتۆر و ستەمکاریشەوە بەدەست بێت.[١]

---

[١] لە ئاست و پێگەی بەرپرسیارێتی جیاجیادا دەسەڵاتدارانی ئەمریکا دانیان بەو راستییەدا ناوە کە لە زیاتر لە ٦٠ ساڵی رابوردوودا دیموکراسیان کردووەتە قوربانی لە پێناو سەقامگیری و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەدا. لەم بارەیەوە گوتارێکی سەرۆکی ئەمریکا جۆرج دەبلیو بوش (بوشی کوڕ)، لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٤دا کە لە گوتارێکیدا کە تەرخان کرابوو بۆ بابەتی سیاسەتی نوێی ئەمریکا، ئەم جەختکردنەوەیە کرا.

بە پێی ئەم بۆچوونەی سەرەوە ناکرێت چاوەڕێ بکرێت کە ئەمریکا وەک بژاردە پشتگیری لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان بکات تا ئەو کاتەی کە بە باشی بۆی دەرنەکەوێت کە سەروبەری سیاسەتەکەی لە عێراق وە پڕۆژەی عێراقی "فیدراڵی و دیموکراتی" شکستی هێناوە. ئەو کاتەش بە ئەگەری زۆر لە وەرچەرخانێکی بە پەلەدا باوەڕ بەوە دەهێنێت کە ئیتر مێتودی یەک سیاسەت بۆ دووحاڵەت (حاڵەتی کوردی لە لایەک وحاڵەتی عێراقی عەرەبی لە لایەکی دیکەوە) شکستی هێناوە و پێویستە لەو شێوازە لە سیاسەت بپەڕێتەوە بۆ مێتودی دوو **سیاسەتی جیاواز بۆ دوو حاڵەتی جیاواز**: سیاسەتێک بۆ عێراقی عەرەبی وە سیاسەتێکی تایبەتیش بۆ کوردستان.

دیوێکی دیکەی ئەم قسەیە بە "کۆریاییکردنی" مەسەلەی عێراقە: بەم مانایەش کاتێک ئەمریکا، لە ئاکامی جەنگی کۆریادا لە سەرەتای ١٩٥٠کانی سەدەی رابوردوو، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئیتر ناتوانێت هەموو کۆریا بەدەست بهێنێت، ئیتر باوەڕی بەوە هێنا کە دەست بە بەشێک لە کۆریاوە (واتە کۆریای باشوور)ەوە بگرێت و واز لە بەشەکەی باکوور بهێنێت. بەم مانایەش کاتێک ئەمریکا ناتوانێت هەموو عێراق (عێراقی یەکبوو) بەدەست بهێنێت، ئەوا باشتر وایە هەرنەبێت دەست بە کوردستانەوە بگرێت، هەروەک چۆن لە نموونەی کۆریدا دەستی بە کۆریای باشوورەوە گرت و کۆریای باکووریش بۆ کۆمونیستەکان و چین و سۆڤیەت لێگەڕا.[١]

---

[١] بورهان یاسین ئەم باسەی بە وردەکاری زیاترەوە لە ساڵی ٢٠٠٦دا

ئەزموونی ئەمریکا لە جیهاندا لە بواری بونیادنانی دەوڵەت نوێیەو کورتە. ئەم پرۆسەیە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەست پێدەکات و لە عێراق کۆتایی دێت. وەک کۆمەڵێک لێکۆڵەر لە ناوەندی توێژینەوەی (راند) پیشانی دەدەن ئەمریکا لە چلەکانەوە هەتا ئەمڕۆ بەدەست ئەم پرۆسەیەوە دەناڵێنێت. ئەگەر لە هەندێک جێگا تا رادەیەکی باش سەرکەوتوو بووبێت، ئەوا لە زۆر جێگای دیکەدا وەها نەبووە. بۆ نموونە دەتوانرێت لەم ئاڕاستەیەدا ئەڵمانیا و یابان و کۆریای باشوور بە سەرکەوتن لە قەڵەم بدرێت بەڵام سۆماڵ وهاییتی و ئەفغانستان و عێراق بە پێچەوانەوە بووە. لە هەندێک وڵاتیشدا سەرکەوتنەکەی مامناوەندە وەک کۆسۆڤۆ و بۆسنیا.[١]

## ٢–٣ دەوڵەتی پاش داڕووخان

ئەگەر مەحاڵ بێت عێراق جارێکی دیکە ببێتەوە بە دەوڵەت، ئایا کێن ئەوانەی دەبنە خاوەن دەوڵەتی (یا راستتر بڵێین دەوڵەتانی) جێگرەوەی عێراق. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ناتوانین لە مێژووی ناوچەکە بڕوانین، بۆیە ناچارین هەندێک فراوانتر بڕوانین. گرفت

---

کردووە، بە جەختکردنەوەی ئەوەی کە بە ئەگەری زۆر رۆژێک دێت کە ئیتر ئەمریکا لە مێتودی یەک سیاسەت بۆ دوو حاڵەت بپەڕێتەوە بۆ مێتودی دوو سیاسەت بۆ دوو حاڵەت، بەمەش لە زەمەنێکی دیکە و لە جێگایەکی دیکەی جیهاندا دەست دەباتەوە بۆ نموونەی کۆریی.

[١] بە گشتی بڕوانە: Dobbins, James, et al (2003) *America's Role in Nation-building: From Germany to Iraq*, RAND Corporation

لـە روانـین لـە مێـژووی نـاوچەکە لەوێـوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە دەوڵەت وەک کۆدەزگـایەکی بـاڵا هێشـتا لە نـاوچەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاست بەتەواوی نەچەسپیوە، بەڵکو پاش سـەدەیەک هێشـتا لـە قۆنـاغی دروسـتبوونیدایە. ئەم درەنـگ کەوتنـی گەشـەو خـاویی بەرەوپێشـچوونە لە پرۆسـەی بونیادنـانی دەوڵەت لە نـاوچەکەدا وەهایکردووە کە ئەم وڵاتانە دواکەوتوو و لاواز و داخراوبن.

ئێمە کۆمەڵێک وڵاتی هەڵوەشاوەمان هەیە، بۆ نموونە یەکێتی سـۆڤیەت، یوگوسـلاڤیا (نمـوونەیەکی زۆر نزیـک لە عێـراقەوە، وەک وڵاتێکـی ئیتنـۆ-فیـدراڵ)، چیکۆسـلۆڤاکیا، بەڵام لـە هەمـان کاتـدا هەنـدێک وڵاتمـان هەیە کە یەکیـانگرتەوە. بە سـوودبینین لـە تیـۆریی (the segmental institution thesis)، کـە لە لایەن گلیـپ رۆیـدەرەوە خـراوەتە روو، هەوڵـدەدەین وەڵامـی ئەو پرسـیارە بدەینەوە. لای رۆیـدەر سـێ بنەمـای سـەرەکی هەن بۆ دەوڵەت کـە بـریتین لـە شـوناس، خەم و ئـازاری هـاوبەش، لەگەڵ خرۆشـان، (مـۆبیلیزەکردن). دەبێـت ئەم سـێ خەسـڵەتە هاوشـان بـن لەگەڵ دانپیانـانی نێودەوڵەتیـدا. رۆیـدەر بـڕوای وەهـایە کە بەبـێ ئەم خەسـڵەتانە دەوڵەتـی سـەرکەوتوو نـایەتەدی. رۆیـدەر دەڵێـت ١٧٧ وڵاتـی نـوێ لـە نێـوان سـاڵی ١٩٠٧ بۆ سـاڵی ٢٠٠٠، هـاتنە ئـاراوە، ١٥٣ وڵات لەم ١٧٧ وڵاتە پـێش ئەوەی سـەربەخۆیی وەربگـرن دەوڵەتی پارچە (segment state) بون.[١]

[١] سیگمێنت ستەیت بە مانای ئەوەدێت کە پێکهاتەیەک پیش بوونی بە دەوڵەت بنەماکانی دەوڵەتی بۆ خۆی بونیادناوە، وەک سنوور، شوناس، دەزگا. ئەو بڕوای وەهایە کە بەبێ دەوڵەتی سیگمێنتی، دەوڵەتی نەتەوەیی نایەتەدی.

لێرەدا پێویستە، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی کورد لە عێراق و دۆخی بەرەو هەڵوەشاوەیی عێراق، ئەم تێزە هەڵبسەنگێنین. عێراق، لە رۆشنایی ئەم تێزەدا، لە بەردەم دوو ئەگەردایە: یان ئەوەیە دەبێتە دەوڵەتێکی شیعە یان هەڵدەوەشێتەوە. بەبوونی بە دەوڵەتی شیعە دۆخەکە جیاواز دەبێت و پێویستی بە خوێندنەوەی جیاوازە، بە هەڵوەشاندنەوەشی دیسانەوە دۆخەکە تەواو جیاواز دەبێت.

سێگمێنت (پارچە، پرتک) وەک چەمکێک مانایەکی تایبەتی هەیە. بۆ ئاسانکاری هەوڵدەدەین خۆمان لە زمانی ئەکادیمی بەدەر بگرین، بەڵام لەگەڵ پاراستنی ناوەرۆکی ئەکادیمیانە. دەوڵەت وەها دەبینرێت کە کۆدەزگای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە، بە هەموو "پارچەکانییەوە"، واتە جیاوازیەکانییەوە. دەوڵەت بۆ ئەم مەبەستە سیستمێک دەهێنێتە ئاراوە، ئەم سیستمە کۆمەڵێک خەسڵەتی هەیە، وەک زمانی هاوبەش، بوونی پایتەختێک، بوونی سەروەری، بوونی سنوورێک و بوونی سوپایەک. بەڵام لە هەناوی ئەم دەوڵەتەدا زۆرجار بەشێک/پارچەیەک یان پێکهاتەیەک نابێتە بەشێک لەم **هاوبەشییە**. بەمانایەکی دیکە، سیستمی هاوبەشی دروستکردنی دەوڵەت وەها نابینێت کە دەبێت ئەو بەشێک بێت لێی یان وەهای دەبینێت کە دژیەتی. لەم دۆخەدا ئەم پێکهاتەیە دەوڵەتێک یان حکومەتێک بۆخۆی دروست دەکات لە هەناوی حکومەتدا کە دیاریترین خەسڵەتی بریتییە لە فیدراڵیزم، بەڵام مەرج نییە، تەنها لە شێوەی سیستمی فیدراڵیدا بێت. بەم پێیە دەوڵەتی سێگمێنت (یان دەوڵەتی بەشێک لە خەڵک) لە هەناوی دەوڵەتدا ئەگەری ئەوەی هەیە کە ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان ئەگەر توانییان ئەو

دەزگا و پێویستیانە بونیادبنێن کە پێویستن بۆ ئەوەی دەوڵەتیان پێ بەڕێوەببردرێت. بە مانایەکی دیکە، دەبێت دەوڵەتێک بن ئامادە بۆ دانپیانان. بۆیە دوو شت لێرەدا گرنگن: یەکەم دەزگا، دووەم پێکەوەبوونی ئەو دەزگایانە لە پێناو دروستکردنی سێگمێنتێکدا کە جیاوازبێت لە هاوبەش.[1]

ئەم تیۆرییە چیمان پێدەڵێت؟

یەکەم، ئەوە تەنها ناسیونالیزم نییە کە لە ئاستە ئایدۆلۆژییەکەیەوە دەوڵەت دروست دەکات، یان ئەوە تەنها هەستی نەتەوەیی نییە کە دەوڵەت بەرهەم دەهێنێت، بەڵکو ئەوە بوونی دەزگای تایبەت بەو خەڵکانەیە ئەو کارە دەکات. ئەمە لە دۆخی کوردستاندا قەیراناوییە. گەرچی کوردستان وەها دەردەکەوێت کە خاوەنی دەزگایە، بەڵام دەرکەوت دەزگاکانی بێ رەگ و بێ بنەمان و تەنانەت بە چەند چەکدارێک و خواستی تاکە کەسێک یان چەند کەسێک سەرتاپا ئەم دەزگایانە پەکدەخرێن. بەتایبەت لە ساڵانی دواییدا دەزگا بێحورمەت کراوە، وەک لە مامەڵەی پەرلەماندا بینیمان. هەروەها شکاندنی شکۆی دەزگا هەستیارەکانی دیکە وەک بۆ نموونە دادوەری. لە راستیدا لە رێگریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرۆکی پەرلەمان (لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥دا)، بە ئیرادە و بڕیاری چەند کەسێک و جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە رێگای چەند چەکدارێکەوە، دەرکەوت کە دەسەڵاتی کوردی چەند ناسەرکەوتوو بووە لە بەرهەمهێنای **دەزگای جێگیر**،

---

1 Roeder, Philip (2007) *Where Nation State Comes From*, Princeton University Press, p. 10.

دەریشکەوت کە **کەلتووری دژە دامەزراوە** (تۆ بڵێی دژە دەوڵەت) چەندە قووڵ رەگی داکوتیوە لە لای زۆرێک لە رەمزەکانی ئەو دەسەڵاتە کوردییە. لە راستیدا زۆر جار وەها دەردەکەوێت کە ئەمە خودی پارادۆکسە (موفارەقە) تاڵەکەیە: ئەو سەرکردە و هێزە سیاسییەی کە زۆرترین باسی سەربەخۆیی دەکەن، زۆرترین کەلتووری دژە دامەزراوە و دژە دەوڵەتیان بەردەکەوێت!

دووەم، ئەم تیۆرییە پێمان دەڵێت کە دەوڵەت بریتی نییە لە دانیشتوان، ماف، ئازار، مەترسی و کۆی هەستونەستی تاکەکان، بەڵکو بریتییە لە توانای خۆ بەڕێوەبردن، لە سەروی ئەوەشەوە پیشانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بدەیت کە توانای خۆ بەڕێوەبردنت هەیە. لەم ئاستەدا دیسانەوە دۆخی پاش کودەتای ١٢ ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ هەموو ئەو وڕێنانەی پووچەڵ کردەوە کە گوایە کوردستان خاوەن دەزگا و سیستم و یاسایە. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی رەنگە کۆمەڵێک نەوتراوی هەبێت لە بەرامبەر ئێمەدا، بەڵام کە نەوترا مانای ئەوەنییە کە ئەم نەگوتراوە نییە و کاریگەریشی نییە. یان ئەگەر بەردەوام گوتی کە دەبێت رۆڵی دەزگاکان تۆکمەتر بکەن و سیستمێکی ئابوری بهێننە ئاراوە، ئێمە هەر لە سەر رەوتەکەی خۆمان بەردەوام بوین ئەوا ئەوانیش وەها لە ئێمە دەڕوانن کە ئێمە ئەو خواستە راستەقینەیەمان نییە کە بچینە ریزی گەلانی خاوەن یاسا و دەوڵەت و سەروەرییەوە.

**سێیەم**، سنوور دروستکردن. ئەگەر لە نێوان پێکهاتەکانی وڵاتێکدا سنوور نەبێت ئەوا ناسنامە نابێت، لە ئەنجامدا دەزگاش نابێت. هەندێک دژە دەوڵەتی کورد، بوونەتە هەڵگری چەمکی فرە

کەلتووریی بە ئامانجی سڕینەوەی کەلتووری کورد، هەمووشی لە پێناو دروستکردنی عێراق و خەملاندنی ناسنامەیەکی گشتگیر و هاوبەش بۆ ئەم وڵاتە. دیارە پێویست ناکات سنوور تەنها لە سەر خاک بێت. دەکرێت لەسەر بنەمای زمان، کەلتوور، مۆسیقا و جلوبەرگ بێت، هەروەها جۆری ژیان و ئابوری سنوور بێتە ئاراوە. پرۆسەی سنوورسازی کرۆکی مۆدێرنەیە. سنوور یانی جیاکاری و دروستکردنەوەی پەیوەندی لە سەر بنەمای سەربەخۆیی هەر یەکەیەک بۆ ئەوەی باشتر کارەکان بەڕێوەبچێت و قۆرخکاری نەیەتە ئاراوە.

لە ئەگەری هەڵوەشانەوەی عێراقدا، گومان دەکرێت کە کوردستان هێشتا توانیبێتی زەمینەی ئەوە بخولقێنێت کە بتوانێت بەرگەی ئەو ڕێگری و هەڕەشانە بگرێت کە دێنە ڕێی لە پرۆسەی بوون بە دەوڵەتدا. دەزگا و دامەزراوەکانی کوردستان لە هەموو ئاستێکدا لاوازن، هێشتا نەیانتوانیوە کێشەی توندوتیژی لە شێوەی سوپایەکی یەکگرتوو بە دامەزراوەیی بکەن، هێشتا خاوەن سیستمێکی دارایی و ئابوری نین، لەبری ئەوەی کۆمەڵگاکەی یەکبخرێت و شوناسێکی نەتەوەیی لە نێویاندا بهێنێتە ئاراوە **بە چەندین شێواز پەرتکراون**. جگە لەمەش، لە کاتێکدا هێشتا دەزگاکان بەتەواوی پێ نەگەیشتوون، خەڵک هەموو باوەڕێکی بەو دەزگایانە لە دەستداوە. هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە زۆرێک لەوانەی باس لە دەوڵەتی کوردی دەکەن ئاگادارییەکی تەواویان لە بابەتی دەوڵەت و کێشەکانی بونیادنانی نییە. ئەگەر لە حاڵێکدا لە رووی تیۆرییەوە ئاگاداریش بن، ئەوا لە دەستبردونیان بۆ بابەتی

سەربەخۆیی، بازدانێکی پڕ لە مەترسی دەکەن بەسەر ئەم راستیانەدا، کە دوور نییە بازێکی ئەوها بە کەوتنێکی پڕ لە شکست تەواو ببێت!

ئێمە لە ئێستادا هەست بە مەترسییەکی گەورە دەکەین، بە تایبەت لە بواری کۆمەڵایەتیدا. نوخبەی کوردی لە پرۆسەی پوکاندنەوەدایە، خەریکە هەموو بەهاکانی پێکەوەگرێدانی کۆمەڵایەتی دەپوکێنێتەوە، بە شێوەیەک کە خەریکە کۆمەڵگای کوردی دەگەیەنێتە ئاستی ئەوەی کۆمەڵناسی فەرەنسی دۆرکهایم ناوی دەنێت "ئەنۆمی"،[1] واتە بێ دام و دەستووری و بێ ڕێسایی. بە واتایەکی دیکە، ئەنۆمی بەمانای نەبوونی هیچ ڕێگریەکی کۆمەڵایەتی لە بەردەم تاکەکان، بە تایبەت لە نێو چینی باڵادا، بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن، بە جۆرێک کە کاری تاکەکەسی دژ بە بەرژەوەندی گشتی، بە تایبەت تاکی خاوەن توانا، دەبێتە "ڕێسا"، بە ئاستێک کە ڕێسای کۆمەڵایەتی نامێنێت. کۆمەڵگای کوردی زۆر لە ژێر کاریگەریی کەسانی نوخبەدایە، تەنانەت ئەگەر لە زۆر رەخنەی کوردی بڕوانیت، بە گشتی، داواکارییە لە نوخبە کە بەو جۆرە بێت کە ئەوان دەیانەوێت یان ئەوان وێنای دەکەن. ئەمە بە پرۆسەی رۆڵ-مۆدێل ناودەبرێت. بڕی زۆری ئەوانی دیکە دوای نوخبە دەکەون. لە دۆخێکی وەهادا گەنینی نوخبە دەبێتە هۆکاری گەنینی کۆمەڵگا و کۆمەڵگای گەنیو ئەستەمە خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا کۆبکاتەوە. خۆ ئەگەر هاتو بووە خاوەن دەوڵەتیش ئەوا دەوڵەتێکی لە جۆری وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەبێت کە دواجار دژ بە خواستەکانی کۆمەڵگایە.

---

[1] Olsen, Marvin E. (1965) "Durkheim's Two Concepts of Anomie", *The Sociological Quarterly*, Vol. 6 , ISS. 1.

# ٣

# ئەزموونی باشووری کوردستان:
# ناوەوە، ناوچە، جیهان

ئەزموونی هەرێم پڕە لە قەیران، تاقیکردنەوەی دیموکراتیشی نەک هەر تێپەڕ نەکردووە، بەڵکو سیستمێک بەرهەم هاتووە کە ناکرێت بە دیموکراتی ناوبنرێت، بەڵکو تەنانەت بە دیمۆکراتیکردنیشی زۆر ئەستەمە. بەڵام لە دەرەوە بە شێوازێکی دیکە دەبینرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت: دەرەوە سەقامگیری و ئاسایش و بازاڕی کراوەی بەلاوە گرنگە. بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی دەوروبەر تا ئاستێکی باش ئەمانە لە هەرێمدا بوونیان هەیە.

مۆدێلی چینی (بازاڕێکی ئازاد و سیستمێکی نادیموکراسی) ئەوەمان پێدەڵێت کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کێشەی نییە کە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتێکدا هەبێت کە دیموکراسی نییە، کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات و جۆرەها ستەمکاریی تیایدا پەیڕەو دەکرێت، ئەگەر بازاڕەکەی کراوەبێت. مۆدێلی چینی لە پەیوەندی نیودەوڵەتیدا دیسانەوە ئەوەمان پێدەڵێت کە گرنگ نییە وڵاتێک چ

سیستمێکی هەیە، یان پێویست ناکات کۆمەڵگا و سیستم بە مۆدێلی ئەوروپی بگۆڕێت بۆ ئەوەی سوود لە وڵاتێک وەربگرێت، بەڵکو ڕێگای دیکە هەیە، کە خۆی لە خۆ بە دوورگرتن لە کێشە ناوخۆییەکاندا دەبینێتەوە. ئەمڕۆ ئەمە لە باشووری کوردستانیش زۆر لە زاری دیپلۆماتکارە ڕۆژئاواییەکانەوە دەبیسترێت.

بەم پێیە ئەگەر هەرێم دیموکرات و مۆدێرن بێت باشترە، بەڵام ئەگەر ئەوە نەکرا ئەوا جیهان کێشەی نییە لەگەڵ کوردستانێکی نادیموکراتی، بەڵام سەقامگیر و خاوەن بازاڕێکی کراوە بۆ ئەوانی دیکە. بەهانەی ڕۆژئاواییەکان بۆ ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە دیموکراسی تەنها هەر مۆدێلی حوکم و فەرمانڕەوایی نییە، بەڵکو کەلتوورە و وەرچەرخانی کەلتوورییش کاتی زۆری دەوێت: ئەوان هەمیشە دەڵێن ڕۆما بە دوو ڕۆژ دروست نەکراوە! لە هەمان کاتدا کوردستان وەک ئەکتەرێک لە جیۆپۆلیتیکی دژواردا دەبینرێت، کە دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت کە دژ بە ڕۆژئاوا نییە، تەنانەت بگرە پشتگیریشیەتی، بۆیە چاوپۆشی لە ناوەوەی (واتە ناوەوەی کوردستان) کارێکی ئاسانە لایان.

لە کاتێکدا کە هیوایەک بە سەقامگیری، بەم نزیکانە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی ناکرێت، ئەوروپا و ئەمریکا و ڕوسیاش پێویستیان بە بوونی پانتاییەکە هەتا لێیەوە بتوانن ئیدارەی ناوچەکە بکەن. دەکرێت کوردستان ئەو ناوچەیە بێت. ئەمە بە تایبەت بۆ دیپلۆماسی ئەمریکی ئاساییە، کە هەرگیز کێشەی نییە هەرچی پرینسیپی هەیە بیخاتە لاوە لە پێناو فەراهەمکردنی مەبەستەکەیدا، کە زیاتر هی (realpolitik)ە، نەک

سیاسەتێک کە بە هەندێک پرینسیپی مۆراڵی و ئایدیاڵی ئاڕاستە کرابێت. ئەم خەسڵەتە ئەوەشمان پێدەڵێت کە ئەمریکا دۆستێکی درێژخایەن نییە، چونکە ئاساییە لای کە لە شەورۆژێکدا سەدوهەشتا پلە وەربچەرخێت و پشتت تێبکات. بەم واتایە ئەم وڵاتە سیاسەتێکی ئەوپەڕی دینامیکی پیادە دەکات و خۆیشی لەتەک گۆڕانکارییەکاندا دەگونجێنێت، واتە تا سەر دژ بە گۆڕانکاری ناوەستێتەوە.

جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق لە قازانجی تورکیا و سعودیە و ئیسرائیلە، هەریەک بە ئامانجی جیاواز بەڵام دەرەنجام یەکە. دواتر ئەمە زیاتر باس دەکەین کاتێک باس لە هەریەک لەم وڵاتانە دەکەین بە جودا. بەڵام هەموو ئەمانە دەگۆڕێن ئەگەر هاتو عێراق پەرت نەبوو، بەڵکو بوو بە بەشێک لە قوڵایی ستراتیژی ئێران کە ئێستا ئەم وڵاتە کار بۆ ئەو مەبەستە دەکات لە ڕێگای، بۆ نموونە، گۆڕینی دیموگرافی عێراقەوە.

ئایا کوردستانی سەربەخۆ لە چ جۆرە پەیوەندیەکدا دەبێت لەگەڵ دیدی هەژمونی ئێراندا. پرسیارێکی گرنگیش ئەوەیە ئایا دەکرێت کوردستان سەربەخۆبێت و بەشێکش بێت لە قوڵایی ستراتیژی ئێران، یان لانی کەم کێشە دروست نەکات بۆ ئەو قوڵاییە ستراتیژییە؟ یان ئێران سەربەخۆیی هەرێم، لە هەر فۆرم و شێوازێکدا بێت، بە مەترسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێت؟ دواتر لە قسەکردن لەسەر پەیوەندی نێوان ئێران و هەرێم هەوڵی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە.

### ٣–١ سامانە سروشتییەکان

نەوت کاریگەری زۆری هەبووە لە سەر چۆنێتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق. نەوت وەک مایکل وات دەڵێت بریتییە لە کۆمەڵێک فاکتەری پێکەوە گرێدراو. وات چەمکی گایستی ئەڵمانی بەکاردەهێنێت بۆ نەوت، کە بە مانای عەقڵ و رۆح دێت لە هەمان کاتدا، کە ناوەندی مێژوو و ئەفسانەی دونیای مۆدێرنە. ئەم ئاڵۆزییە لە پێگە و رۆڵی کۆمپانیای نەوتی، گرنگیی نەوت لە ئابوری سەرمایەداریدا، کاریگەری نەوت لە سەر ئابوری وڵات و دارشتنی سیستمی سیاسی، نەوت وەک چەکێک بۆ دروستکردن و دارمانی سیستمی سیاسی و هەروەها کاریگەری لە سەر دروستکردنی خەیاڵ و پاشان بزاوتی کردار لای خەڵکی.[١]

بایەخی نەوت بێگومان کاریگەریی هەیە لە سەر چۆنێتی مامەڵەی هێزە گەورەکان لەگەڵ عێراق و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی. ئەم بابەتە، بە گشتی، دەچێتە خانەی ئاسایشی وزەوە. بەڵام وەک دانیال ییرگن دەڵێت: ئاسایشی وزە لە سەردەمی وینستن چەرچڵەوە بۆ ئەمرۆ تەواو جیاوازە و پێویستی بەوەیە کە جارێکی دیکە بیری لێبکرێتەوە.[٢]

سیستمی ئاسایشی وزە لە جیهاندا وەها دارێژراوە کە وەڵامدەرەوەی بەکارهێنانی نەوت بێت وەک "چەک" کە لە گەمارۆ

---

[١] بڕوانە: Watts, Michael (2010) “Resource curse? governmentality, oil and power in the Niger Delta, Nigeria," http://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/14650040412331307832

[٢] بڕوانە: *Foreign Affairs* . March /April 2006

نەوتییەکەی سەر جیهانی رۆژئاوا و یابان لە ساڵی ١٩٧٣ روویدا. بۆ چاودێری ئەم پێکەوەگرێدانەی نەوت لە لایەک وە بەکاربردنی وەک چەک لە لایەکی دیکە، ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی دامەزرا کە بنکەکەی لە پاریسە. بۆ رۆژئاوا وەها باشە کە نەوت کاڵایەکی ئابوری بێت نەک سیاسی، بەو مانایەی کە بازاڕ بنەمای دیاریکردنی نرخ بێت نەک بڕیاری سیاسی. بازاڕ بەمانای ئەوە کە خواست و بەردەست (عرض و طلب) بڕیاردەربن. بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی زیادبوونی رێگا و جۆری دەست گەیشتن بە نەوت، لەگەڵ ئاسانبوونی گواستنەوەی گاز، هەروەها فشار بۆ پاراستنی ژینگە، کە پشت بە وزەی نوێبووەوە و جێگرەوەی نەوت دەبەستێت، دۆخێکی نویێ هاتووتە ئاراوە.

ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین کە نەوت، کەم تا زۆرێک، بایەخی سیاسی لە دەست داوە. ئەمە بە مانای ئەوەی کە هیچ وڵاتێک، بە هۆکارێکی سیاسی، ناتوانێت بڵێت من نەوت نافرۆشم، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو وڵاتێک خەمی گەورەی ئەوەیە کە چۆن زۆرترین نەوت بفرۆشێت. بەم پێیەش ئێستا نەوت کاڵایەکی ئابورییە نەک سیاسی.

گرنگ نییە نەوت لە دەستی کێدایە: لایەنێک دەیەوێت بیفرۆشێت و لایەنی دیکەیش هەن دەیانەوێت بیکڕن، هەروەک لە کەیسی داعشدا بینیمان. داعش خۆی بە دژی دونیا لە قەڵەم دەدات کەچی "کێشەی نەبوو" نەوتەکەی بە هەرزان بە هەمان دونیا بفرۆشێت. کەواتە هەر خاوەن نەوتێک بەبێ گوێدانە ئەوەی کە جۆری سیستمی سیاسی چۆنە، ئەگەر نەوتی هەبێت دەیەوێت بیفرۆشێت، ئەمە لە پەیوەندی ڤەنزوێلا و ئەمریکاشدا بە روونی دەبینرێت.

دیارە نەوت، یان بە گشتی سامانی سروشتی، رۆڵی دەبێت لە بونیادنـــان و سەرخســـتنی پرۆســـەی دەوڵەتـــدا، بەڵام لە حـــاڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ئەگەری زۆر بە مۆدێلی وڵاتانی کەنداو دەبێـت. لە لایەکـی دیـکەوە، ئەو رۆژگـارە بەسـەرچوو کە نەوت و گاز ئەو رۆڵە چارەنووسسـازەیان هەبێت لە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا. ئەمە ئەو وەرچەرخانەیە کە تیایدا ئاسیای دوور بووە بە "نـاوچەی هەرە گرنـگ" بـۆ ئەمریکـا، لـە بـڕی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، یـان راستتر بڵێین بە رادەیەکی زۆر بەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

کەواتە ئەو خەونەی کە گـوایە ئـێمە نەوتمـان هەیە و بە دونیـای دەفرۆشـین بـۆیە دەبێـت بـێن بمـانکەنە خـاوەنی دەوڵەت، تەنهـا خەونێکی سیاسی بێ بنەمایە و هیچی دیکە. پرۆسـەی نەوتـی هەرێم لە کاتێکـدایە کە نەوت بـایەخی سیاسـی نەمـاوە و ئەمریکـا هێنـدە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی بەلاوە جێگـای بـایەخ نیـیە. بەڵام پرۆســەی نەوتی هەرێم سەرباری ئەمە لە چەند روویەکەوە جێگای سەرنجە:

یەکەم، نەوت بەکارهـاتووە وەک رێگـایەک بـۆ نزیکبـوونەوە و دەم چەورکردنـی خەڵکـانێکی دیپلۆمـات و سـەربازیی بە مەبەسـتی بەکارهێنانیـان وەک لۆبیکـار لە خزمەتـی دەسـەڵاتێکی دیـاریکراودا نەک بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ بەدەوڵەتبوون.

دووەم، ئەم کەســـانە هەروەهـــا کـــراون بە ئەنـــدام بـــۆردی کۆمپانیاکان، کە پارەیەکی زۆریان لێ وەدەست دەکەوێت، لە پێنـاو رۆڵ بینینیان بۆ دروستکردنی پەیوەندی گشتیی هەرێم.

سێیەم، دەکرێت ئەم پرۆسـەیەی سوودمەندکردنی ئەوانی دیکە، تەنهـا لە رووی لـۆبی و پەیوەنـدیی گشـتییەوە نەبینرێـت بەڵکـو

هەروەهـــا، بە هەمـــان عەقڵیەتـــی هەرێـــم، بـــۆ ئەوەی توانـــای بەرهەمهێنـــان و هەنـــاردەکردنی نەوت و گـــازت هەبێـــت پێویســـتە کەســـێک پشـــتیوانت بێـــت، هەر وەک چـــۆن لە هەرێـــم هـــیچ بازرگانییەک بەبێ پشتیوانی (شەریکی) بەرپرسێک ناکرێت.

چـوارەم، هەر وەک هەنـدێک دەخـوازن جەختـبکەنەوە، گەنـدەڵی ئەمریکییەکـان بنەمـای گەنـدەڵی سیسـتمی هەرێمە. هەر چەنـدە ئەم ئامـاژەیە زۆر بەهێـزیش نەبێـت، بەڵام دیسـان وەهـاش دەکـات کە ترس لە گەندەڵی کەم بێت، کاتێک لە ئاستی کەسـانی وڵاتێکی بـاڵادا گەندەڵی هاوبەش بوونی هەیە.

**پێنجەم**، وەک دەردەکەوێـت حکـومەتی ئەمریکـی خوازیـاری نـا-ناوەنـدکردن (de-centralization)ە لە پڕۆسـەی نەوتیـدا وە هەر لەم ڕۆشناییەشـدا ئەمریکـا هەر لە سـەرەتاوە لایەنگری نـا-ناوەنـدکردنی پرۆسـەی نەوتـی عێـراق بـووە. تەنـانەت جـۆری گرێبەسـتی هەرێـم پێشنیارێکی ئەمریکییە.[١]

## ٣-٢ مەترسی لەسەر ئاسایشی کوردستان

کوردسـتان لە هەڵکەوتەیەکـی جـوگرافیی یەکجـار سـتراتیژیدایە: دراوســێی ئەوروپـــایە، زۆر نـــزیکە لـــە روســـیاوە، لە ســـەروی هەمـــوویەوە لە دڵـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدایە.[٢] جـــاران تەنهـــا

[1] Department of state (2003) Future of Iraq project, oil and energy working group, nsarchive.gwu.edu/NSAEBB198/F%20OiL.PDF

[٢] دیارە ئەوەی پێشتر باو بووە ئەوە بووە کە ئێران، لە بۆچوونێکی جیۆ-پۆلیتیکییەوە، دڵی دووەمی جیهانە بەو مانایەی کە ئەڵمانیا وەک دڵی یەکەمی جیهان بینراوە.

باکووری کوردستان لە پانتایی جیۆپۆلیتیکی یەکێتی ئەورووپادا بوو، باشووری کوردستان زیاتر لە جیۆپۆلیتیکی ئەمریکادا بوو، بەڵام ئەمڕۆ جیۆپۆلیتیکی ئەورووپا باشووری کوردستان و ڕۆژئاڤاشی گرتووەتەوە، هەروەها گۆڕانکاری بەسەر دید و نزیکبوونەوەی ئەمریکاشدا هاتوە.

سەرباری ئەمە، ئەمڕۆ بەهۆی تەکنەلۆجیاوە ئەگەر مەترسییەک لە شوێنێکدا سەرهەڵبدات، تەنها لەو شوێنەدا قەتیس نابێت، بەڵکو لە زۆربادا مەترسییە بۆ گشت شوێنێک، ئەمە بە زەقی لە ڕووی نەخۆشی و ئابوری و تێکچوونی باری ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەوی و ئاسایشەوە دەیبینین. نەمانی سنووری مەترسی یەکێکە لە دیاردە ئاسایشییەکانی سەردەمی جیهانگیری. ئەوە تەنها کاڵاو بیر و کەلتوور و کەسەکان نین کە جیهانگیر دەبن بەڵکو مەترسی و هەڕەشە و نەخۆشی و تیرۆر و قەیرانەکانیش هەروەها جیهانگیر دەبن. بەم مانایەش ئاسایشی نیشتمانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری جیهانگیری.

ئەورووپا لە چەندین ئاستدا ڕووبەڕووی تیرۆری "ئیسلامی"، وەک مەترسییەک، بووتەوە. ئەورووپا هەتا پانتایی دۆستایەتی بۆ خۆی زیاتر بکات، ڕوبەڕوبوونی لەگەڵ تیرۆردا فراوان بکات، مەترسی لەسەر خۆی کەمدەکاتەوە. بەم مانایەش تا جەنگ دژی تیرۆر لەسەر خاکی ئەوانی دیکە کرابێت و بەو مانایەش لە ناو ماڵی ئەورووپییەکان خۆیاندا نەکرابێت، ئەوا هەڵبەتە لە قازانجی ئەورووپییەکانە.

لە لایەکی دیکەوە وڵاتانی دیموکرات بە ئاسانی ناتوانن جەنگی گەورە بکەن، چونکە جەنگ لە ڕووی ئابورییەوە تێچووی زۆرە،

هەروەها لە رووی هەڵسوڕانیشی چیدی وەک جاران نییە بە نهێنی بەڕێوە ببرێت. ئەم نەبوونی توانایە بۆ شاردنەوە، جەنگی لە دونیادا سەختتر کردووە، بە تایبەتی بۆ وڵاتانی بە سیستم لیبراڵ-دیموکرات. لە هەمان کاتدا مەسەلەی ئەوەی کێ بکوژرێت کێشەیە یا کێشە نییە، پرسێکی مۆراڵی سەختە. بە هەر حاڵ ئەم جیاکارییە بە شێوازێکی ئاشکرا و دڵڕەقانە لە لایەن وڵاتانی رۆژئاواوە دەکرێت. لەم چوارچێوەیەدا جەنگەکان بەردەوام دەبن و وزەی جەنگەکانیش مەرگی خەڵکانێکە، لەسەر خاکی خەڵکانێکە کە "مەرگیان ئەوەندە کێشە نییە." بەم مانایەش ئەمڕۆ کورد سەری رمە لە شەڕ بەرامبەر داعش و مەرگیشی لە رووی مۆڕاڵییەوە لە دیدی رۆژئاواییەکاندا هێندە کێشەیەکی گەورە نییە.[١]

ئەمە بەمانای ئەوەیە کە تا ئەم هەڕەشەیە بەگشتی بەردەوام بێت کە ئەمڕۆ هەیە بەرامبەر ئەوروپا و جیهانی رۆژئاوادا ، ئەوا کوردستان بەشێک دەبێت لە سیاسەتی ئاسایشی وڵاتانی لیبراڵ و دیموکرات. بەڵام تەنها ئەوان نا بەڵکو بۆ وڵاتێکی وەک روسیاش، وەک لەگەڵ پەکەکە و پەیەدەدا دەیبینین، ئەم بۆچوونە راستە.[٢]

بوونی کوردستان بە گۆڕەپان، خوێنێکی زۆری کورد دەڕێژێت، بەڵام دەکرێ ئەم بوون بە گۆڕەپانە بکرێتە بنەمای هەنگاونان بۆ

---

[١] ئەمە جەدەلێکی ئاڵۆزە لە بواری فەلسەفەی حکومڕانیدا، بۆ هەر کەسێک ئارەزوی بیری نوێی سیاسی هەبێت.

[٢] پێشتر باسی ئەوە کراوە کە ژمارەیەکی زۆری راوێژکاری روسی لە قەندیل بوونیان هەبووە، بەڵام بێ ئەوەی تونیبێتمان راستی و دروستی ئەم هەواڵە پشتڕاست بکەینەوە!

سەربەخۆیی. لە لایەکی دیکەوە ئەم هەنگاوە هەروا کارێکی ئاسان نییە بەڵکو پێویستی بە نەخشە ڕێگایەکی توکمە و هەمەلایەن و بەرچاوڕوونییەکی ستراتیژی و یەکڕیزییەکی نەتەوەیی پتەو هەیە، کە ئەمەش هەمووی بە یەکەوە لە ئێستای باشووری کوردستاندا کارێکی هەروا ئاسان نین.

ڕۆژگارێکە ئەمریکا سیاسەتی ئەوەی هەیە کە پێ نەنێتە سەر زەوی (no boots on the ground)، واتە بە سەربازەکانی بەسداری ڕاستەوخۆ لە شەڕدا نەکات. ئۆباما لە هەموو سەرکردەیەک زیاتر ئەم هەوڵەی دا. پێ نەخستنە سەر زەوی چەند پێودانگێکی هەیە:

**یەکەم**، هەناردەکردنی سەرباز لە ڕووی ژیان و ئابورییەوە سەختە، هەرزوو دەبێتە فشار لە سەر کۆمەڵگای ئەمریکی. هەرچەندە بە خۆبەشکردنی خزمەتی سەربازیی ئەم فشارەی کەمکردووەتەوە، بەڵام لە ڕووی داراییەوە کاریگەری هەر زۆرە.

**دووەم**، ئەمریکا لە دوای ڤێتنام سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە لە بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەت لە دەرەوە، ئەمەش جۆرێک لە دژە هەڵوێستی بەرامبەر بە دەستتێکەڵکردن لە دەرەوە لە لای ئەمریکیەکان دروستکردووە.

**سێیەم**، ئەمریکا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نەبوونی سەرباز لە سەر زەوی هاوپەیمانیی لەگەڵ هێزە لۆکاڵیەکاندا دروست دەکات، وەک ئەمڕۆ لە باشوور و ڕۆژئاڤا دەیبینین.

**چوارەم**، باوەڕی ئەمریکا کە شەڕەکانی ئەم سەردەمە هەموو ناوخۆیی و ئیقلیمین، بەم واتایەش کاریگەری ئەوتۆیان نابێت لە سەر ئەمریکا وە دەتوانرێت ئەم شەڕانە سنووورداربکرێن.

دەتـوانین لە سـەر ئەم پێودانگـانە بـگەیەنە ئەو دەرەنجـامە کە هاوپەیمـانێتی خواسـتێکی ئەمـریکییە، لە پێنـاو پڕکـردنەوەی بۆشـاییەک، کە لە ئەنجـامی حـاڵەت و میتـۆدێکی نوێـدا هـاتووەتە ئاراوە. بۆیە دەبێت لە بەرامبەریدا کوردیش خواست و داواکاری خۆی هەبێت. ئەگینا ئەم هاوپەیمانییە وەک پێداویستیەکی میتۆدەکە دەمێنێتەوە، نەک وەک جۆرێک لە پەیوەندی دوولایەنەی درێژخایەن.

## ٣-٣ دەوڵەتی "من"، دەوڵەتی خەڵک

لە کوردستان ئاراستە و هێزێک هەیە (راشکاوانەتر بڵێین، پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان) کە دەیەوێـت گوتـاری دەوڵەتـی کـوردی بکاتە **موڵکی** خۆی. پارتی، بە تایبەتی سەرۆکی ئەم حیزبە، لەم **بە موڵککردنەدا** لە رووی ئامانجەوە کۆمەڵێک گرفتی هەیە.

**یەکەم**، پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەم بانگەشـەیە دەکات، بە دەسـت گوتـارێکەوە دەناڵێنێـت کە کێشـەی لاوازی و بگـرە بـێ نـاوەڕۆکی (یـا لە باشـترین بـاردا کەم نـاوەڕۆکی) هەیە. دەکرێـت بشـڵێین کە لەبەر ئەوەی نـاوەڕۆکەکە پـڕ کێشـەیە، ئەم حیـزبە ناچارە نـاوەڕۆکەکە بە شـاردراوەیی و نـاڕوونی و لێڵـی بهێڵێتەوە، چونکە ئامانجە راستەقینەکەی، بریتییە لە حوکمی بنەماڵەیەک و بە ژێردەسـتکردنی هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان. هەر لەبەر ئەوەشـە ناوەڕۆکە شاردراوەکەی گوتاری سەربەخۆیی ئەم حیزبە بەکەڵکی ئەوە نـایەت راشـکاوانە بخـرێتە روو. بە واتـایەکی دیـکە گوتـاری پـارتی ئەرکـی ئەوەیە کە ئامـانجە راسـتەقینەکە بە نهێنـی بهێڵێتەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە تا بکرێ گوتارەکە رازاوەبێت.

**دووەم**، لە ڕێگای بەموڵککردنی گوتاری دەوڵەت، پارتی، لە پاش تەواوبوونی شەرعیەتی شاخ یان شەرعیەتی شۆڕشگێڕی (تۆ بڵێ شەرعیەتی پێشمەرگەبوون)[١]، دەیەوێت بە دوای سەربوردەیەکی دیکەدا بگەڕێت بۆ فریودانی کۆمەڵگا، چیرۆکەکەش بەم شێوەیەیە: بارزانی هەر تەنها "سەرۆک" نییە، بەڵکو بەر لەوەی سەرۆک بێت پێشمەرگەیە، بەم مانایەش ئەو "ئامادەیە لە پێناو مەسەلەیەکدا گیانی خۆی بەخت بکات." هەروەها گوتارەکە دەخوازێت بڵێت کە ئەم گیان بەختکردنە لە پێناو بەدیهێنانی خەونی لە مێژینەی کوردە کە بریتییە لە دەوڵەتی سەربەخۆ. بەم پێیە ئەم کەسە لە "خۆبوردووە" خۆی تەرخانکردووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی هەرە گەورەی خەڵکی کوردستان. خەریکە ئەم چیرۆکە لە چیرۆکێکی

---

[١] پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێین کە ڕووبەڕووبونەوەی باشووری کوردستان لەگەڵ داعشدا، جگە لە زۆر زیانی دیکە، پاشەکشەیەکی جددی بوو بۆ ڕەوایەتی دیموکراتی بە هۆی ژیانەوە و بەهێزبوونێکی مەترسیداری "شەرعیەتی شۆڕشگێڕی." کاتێک مەسعود بارزانی بەردەوام ئەوە جەخت دەکاتەوە کە ئەو "پێشمەرگەیە" بەر لەوەی هەر شتێکی دیکە بێت، ئەوا ڕێک ئامانجەکەی خۆی دەپێکێت: لە ڕێگای شەرعیەتی شۆڕشگێڕی (شەرعیەتی پێشمەرگایەتی) ژیان دەکات بەبەر پێگەکەی خۆی و کاتێکیش ئەو شەرعیەتە شۆڕشگێڕییە پاڵپشتی هەبێت ئەوا بێباکانە بەردەوام دەبێت لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمدا، گەرچی لە ڕووی یاسایی و شەرعیەتی دیموکراتییەوە ئەم پێگەیە ئێکسپایەر بووە. ڕەهەندێکی گرنگی ئەم پێشوەچوونەش ئەوەیە کە جیهانی ڕۆژئاوا باکی نییە لەوەی مەسعود بارزانی شەرعیەتی لەدەست داوە، گرنگ ئەوەیە ئەو وەک پێشمەرگە شەڕی بە وەکالەت (proxy war)یان بۆ بکات!

ئەفسـاناوییەوە دەبێتە چیرۆکێکی واقیعی، واتە لە لایەن خەڵکەوە قبــوڵ دەکرێــت. بەڵام لە راســتیدا ئەم پێشــمەرگەیە هەرچـــی خەسڵەتی دەوڵەتی مۆدێرنە ئەو دژیەتی، هەرچی بنەمای دەوڵەتە ئەو هەڵوەشاندووەتەوە یان دژایەتی کردووە و دەکات. بەم واتایە ئەم راستییە ئەوەمان پێدەڵێت هەرچی حەزە بە دەوڵەتی مۆدێرن و هەرچــی ئاشــناییبوونە بە دەوڵەتــی مــۆدێرن نیەتــی. ناکرێــت حەزێکی راسـتەقینەت بە دەوڵەتـی مـۆدێرن هەبێـت بەڵام بە بەر چاوی هەموانەوە و لە ژێر زەبری چەکدا گرنگترین دامەزراوەی "دەوڵەت" کە پەرلەمــانە پەک بخەیــت و بەمەش تەواوی سیســتمی سیاسی بخەیتە حاڵەتی ئیفلیجبوونەوە!

بە تێڕوانین لەم گوتارە، ئەوەی دێتە ئاراوە، ئەگەر تەنانەت لە باشـترین حاڵەتـدا دەوڵەتـیش بەرهەمبێـت، ئەوا بریتـی دەبێـت لە دەوڵەتێکی رەهـاگەرایی (ئەبسلوتیسـت) و ستەمکاریی (دیسـپۆتی)، لـە شـێوازی "دەوڵەتـی منـی" لویسـی چـوارده: دەوڵەتـی مـن یـانی دەوڵەت وەک مــوڵکی مــن. وەک پادشــای بەلجیکــا کۆنگــۆی (بە خەڵک و بە خاکەوە) بە موڵکی خۆی دەزانی، بنەماڵەی بارزانییش بەهەمان شێوە خەڵک و خاکی کوردستان بە موڵکی خۆیان دەزانن.

گوتاری بە مـوڵککردنی دەوڵەت لـە پێنـاو بە مـوڵککردنی کـایەی حکومڕانی و سیاسەتە، لە پێناو شـەرعیەت بەخشـینە بە دەسـەڵاتی بنەمــاڵە، لــە پێنــاو قــۆرخکردنی ســەرجەم کایەکــانی دەوڵەتە. لە راستیدا لە پێناو داگیرکردنی دوارۆژ و داهـاتووە: بەو واتـایەی کە ئەو هێزەی ئەمرۆ پێشڕەوی گوتاری سەربەخۆیی بکات، لە کاتی بەدەســـت هاتنیشـــیدا هەر ئەو هێـــزە زیـــاترین شـــانازی ئەم

بەدەستهێنانەی سەربەخۆیی پێدەبڕێت. ئەمەش شتێکی زۆر مەترسیدارە. بە واتایەکی دیکە، پێویستە هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان تەنها وەک موزایەدەی سیاسی تەماشای گوتاری سەربەخۆیی پارتی و بارزانی نەکەن، بەڵکو لەو گۆشە نیگایەوە بڕواننە ئەم مەسەلەیە کە بارزانی و پارتی بە ئاگادارییەوە و حسابکردنی سیاسییەوە "وەبەرهێنانێکی سیاسییانە" لە پڕۆژەی سەربەخۆییدا دەکەن، چونکە هەر ئەم سەربەخۆییەیە کە دەتوانێت فەرمانڕەوایی ئەم حیزب و بنەماڵەیە لە داهاتوودا مسۆگەر بکات. ئەوەی مەشروعیەتی شۆڕشگێڕی هەبووە لە ١٩٩١ەوە تا ئێستا حوکمی کوردستانی کردووە، ئەوەشی شانازی سەربەخۆیی وەدەست بخات ئەوا بۆ دەیان ساڵی دیکە بۆ خۆی و نەوەکانی فەرمانڕەوایی و قەڵەمڕەوی مسۆگەر دەکات. بە چڕی و بە کورتی *ئەم* **جۆرە لە گوتار هەوڵێکە بۆ داگیرکردن و رفاندنی پڕۆژەی سەربەخۆیی و لەم ڕێگایەشەوە داگیرکردن و رفاندنی داهاتوو.** دەرەنجام، هەر هەوڵێک بۆ سنووردارکردنی گوتاری پارتی و بارزانی، وەک ئەوەی کە ئەم گوتارە تەنها و تەنها **موزایەدەیەکی سیاسییە** و هیچی دیکە، دەتوانێت بۆچوونێک بێت کە دەرەنجامێکی کارەساتباری ببێت بۆ داهاتوو.

دەکرێت، لە لایەکی دیکەوە، ئەوەش راست بێت کە گوتاری پارتی و بارزانی لەمەڕ سەربەخۆیی جۆرێکە لە داپۆشینی کێشە و قەیرانەکانی ئێستای کوردستان و هەروەها جۆرێکیشە لە **راکردن بەرەو پێشەوە** لە دەست ئەو هەموو قەیرانانەی کوردستانیان تەنیوەتەوە. بە واتایەکی دیکە سەربەخۆیی وەک وەهمێک دەستی

بۆ دەبرێت لە پێناو "جێهێشتنی" واقیعێکی مرۆیی و سیاسی پڕ لە کێشە و قەیران کە لە ساڵانی دواییدا خەڵکی باشووری کوردستان تیایدا ژیاون.

بەڵام با راشکاوانەتریش بڵێین، جگە لە ئەندام و لایەنگرانی پارتی خۆیان، خەڵکی دیکەیش هەن، کە بە زەرورەت پارتی نین، بەڵکو خۆیان بە کوردستانی و نەتەوەیی و سەربەخۆخواز دەزانن، بەڵام کەوتوونەتە ژێر کاریگەری و هەیمەنەی گوتاری سەربەخۆیی پارتی و بارزانی و باوەڕیان هێناوە بەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان مەبەستیەتی راستگۆیانە کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکات. هەر ئەمەش زیاتر وامان لێدەکات کە بڵێین "**هەر لە ئێستاوە داهاتوو داگیر کراوە.**"

دامەزراو لەسەر ئەو بۆچوونەی سەرەوە، پێویستە گوتاری ئەڵتەرناتیف (بدیل)ی گوتارەکەی بارزانی ئەو گوتارە بێت کە جەخت لەسەر چەمکی "**دەوڵەتی خەڵک**"، دەوڵەتێک لە **هەموانەوە بۆ هەموان و بە بەشداری هەموان و دەوڵەتی شانازی هەموان،** بکاتەوە. جگە لەوەش، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، زۆر گرنگە هێزە سیاسییەکانی دیکە گوتاری پارتی و بارزانی تەنها وەک موزایەدەی سیاسی تەماشا نەکەن، بەڵکو وەک گوتارێک تەماشای بکەن کە دەکرێت دەرهاوێشتەکانی مەترسیدار بن بۆ هەموو ئێستگە و هەنگاوەکانی بە دەوڵەتبوون لە هەنوکەدا، بەڵام زۆر بە تایبەتی بۆ سەر داهاتوو. هەر چەندە ئەوەش دەبێت پشتڕاستبکرێتەوە کە زۆر جار بەرپرسانی پارتی دەربارەی سەربەخۆیی بۆ خەڵکی کوردستان قسەیەک دەکەن، بەڵام بۆ

عێراقی عەرەبی شتێکی تەواو جیاواز دەڵێن. جێگای سەرنج و تێڕامانە کە، بۆ نموونە، کاتێک شاندێکی باڵای هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە سەردانی کوردستانیان کرد وە لە هەولێر لە سەرەتای مانگی شوباتی ٢٠١٧دا لەگەڵ پارتیدا کۆبوونەوە، ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە بە ناڕاستگۆیی لە لایەن بەرپرسانی پارتییەوە گەیێندرایە خەڵک. لە لێدوانێکیدا فازڵ میرانی، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی، بە میدیاکانی ڕاگەیاند کە بە ڕاشکاوانە لەگەڵ شاندەکەی هاوپەیمانی باسی سەربەخۆییان کردووە. بەڵام دواتر یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە (هشام سوهەیل – ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق) ڕایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەک لە کۆبوونەوەکەدا باسی سەربەخۆیی نەکراوە.[١] هەروەها دوای کۆتاییهاتنی سەردانی شاندەکە بۆ کوردستان حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، ڕایگەیاند کە "هیچ بەرپرسێکی هەرێم باسی سەربەخۆیی لەگەڵدا نەکردون، بەڵکو تەنیا لە ڕاگەیاندنەکانەوە گوێبستی ئەو بابەتە دەبن."[٢] ئەمانە نموونەگەلێکی ئاشکران کە زۆرجار لە باسی سەربەخۆییدا دەخوازرێت هەست ونەستی خەڵک جۆشوخرۆش بدرێت، بێ ئەوەی بتوانرێت ئەم جۆشوخرۆشدانە سیاسەتێکی دروستی لەسەر بکرێت، تەنانەت ئەم دوو ڕوویە لە گوتاری سەربەخۆییدا دیسانەوە دەکرێت زیانی کوشندە بە خودی پڕۆژەی سەربەخۆیی بگەیەنێت.

---

[1] http://www.radionawa.com/view.aspx?n_=98569&m_=1 دەستگەیشتن ٧-٢-٢٠١٧

[2] http://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=79594 دەستگەیشتن ٧-٢-٢٠١٧

لە راستیدا چیتر ئەم مەترسییە (واتە مەترسی بە مۆڵککردن و رفاندنی پڕۆژەی سەربەخۆیی لە لایەن هێزێکی سیاسییەوە) نابێت وەک ئەگەر و گریمانە تەماشا بکەین، بەڵکو مەترسییەکە وەک پڕۆسەیەک ببینرێت کە زووتر دەستی پێکردووە: بارزانی کاتی یاسایی وەک سەرۆکی هەرێم تەواو بووە، ئەوەی ئەمڕۆ هەیە پێگەیەکی دامەزراوە لەسەر ناڕەوایەتی یاسایی و سیاسی. بەڵام لەولاشەوە لۆژیکێک ئەمڕۆ دەخوازێت باڵا دەست بێت و پێمان بڵێت: "لەبەر ئەوەی بارزانی خەریکی پڕۆژەی سەربەخۆییە، لێیگەڕێن با هەر ئەو سەرۆکی هەرێم بێت، هەر نەبێت تا ئەو کاتەی خەونی سەربەخۆیی دەگەیێنێتە کەناری ئارام!" تەنانەت مەسعود بارزانی پێشتر و لەم دواییانەشدا ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا هیچ پۆستێکی رەسمی ناوێت، پشتی ئەم قسەیەش ئەوەیە کە "مانەوەی من هەر نەبێ تا بە مەنزڵ گەیاندنی پڕۆژەی سەربەخۆیی گرنگ و پێویستە." لە راستیدا، هەر بەم لۆژیکەش، ئەو کەس و هێزە سیاسییانەی ئەمڕۆ باس لە ناشەرعیبوونی پێگەی مەسعود بارزانی دەکەن و باس لە چارەسەری کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم دەکەن هەندێک جار بەوە گونهاباردەکرێن کە گوایە ئەم کەس و لایەنانە دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیین، بە "لۆژیکی" ئەوەی کە ئەوان دژی مانەوەی مەسعود بارزانین لە پۆستەکەیدا، کەواتە ئەوان دژی مانەوەیەکن کە بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ پێویست و زەرورە. لەمەش زیاتر لایەنگرانی مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەیەدا لە دەرەوەی

ڕێسا و یاسا و شەرعیەتی دیموکراتیدا دەخوازن بڵێن کە ئەمڕۆ کێشـــەی ســــەرەکی بە لای پـــارتی و مەســـعود بـــارزانییەوە ریفراندۆم و سەربەخۆیین نەک پۆست و پلە و پایە!

## ٣–٤ جیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە جێگایەکی زێدە ستراتیژیدا یە، لەبەر ئەم هــۆیەش لە مێــژوودا بەردەوام جێگــای ململانــێ بــووە. لــە مێژووی نزیکدا چەند جۆرێک لە ئۆردەر (نەزم – نیزام)ی جیهانی دروستبووە، وەک شەڕی سارد، کە تیایدا دوو زلهێزی سەردەمی جــووت جەمســەرگەری (ئەمریکــا و یەکێتــی ســۆڤیەتی پێشــوو) کاریگەرییــان خســتبووە ســەر هاوســەنگی هێــز لە جیهــان، بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە.

ئەگەر لە مێژووی جیهاندا ئاشتی دیاردەیەکی دەگمەن بوبێت، ئەوا لە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا دەگمەنتــر بــووە. ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت لــە زۆر ڕووەوە لــە ئەورووپــا دەچێــت: گەرچــی ئەم ناوچەیە کۆمەڵێک وڵاتی گەورەی تیایە، بەڵام هیچ کام لەم وڵاتانە توانــای ئەوەیــان نیــیە کــە هەژمــونی تەواو بەســەر ســەرجەم ناوچەکەدا بسەپێنێت.[١] ئەم بێتواناییە وەهای کردووە کە هێزەکان لە ڕکابەرییەکی بەردەوامدابن لەگەڵ یەکتردا. ئەم ڕکابەرییە بەبێ پچڕان تا ئێستا بەردەوام بووە وە بە ئەگەری زۆر بۆ ماوەیەکی

---

[١] بــۆ ڕۆشــنایی زیــاتر لەســەر ئەم بــابەتە بە تــایبەتی کتێبــی *Diplomacy* کیسنجەر، بەسوودە.

باشیش لە داهاتوودا بەردەوام دەبێت.

ئەم خەسڵەتە وەهای کردووە کە، بە هۆی جێگای ستراتیژی و دەوڵەمەندی ناوچەکەوە، هێزە گەورەکان تەماحی بەردەوامیان هەبێت بەرامبەر ناوچەکە. چونکە دەست بەسەرداگرتنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی گرنگ بە هەر هێزێک دەدات لە دونیادا. لە هەمان کاتدا لە نێوان هێزە گەورەکاندا مەترسییەکی هاوبەش هەیە ئەویش ئەوەیە کە هێزەکان دەترسن لەوەی هێزێکی گەورە بە تەنیا **دەستبگرێت بەسەر ناوچەکەدا**. لەم روانگەیەوە شۆڕشی کورد لە حەفتاکان نموونەیەکی گرنگە کە چۆن ئەمریکا، لە رێگەی ئێرانەوە، یارمەتی کوردی دا بۆ ئەوەی کورد ببێتە فشارێک لە سەر عێراق، بۆ ئەوەی دواجار ئەم وڵاتە بە تەواوەتی نەبێتە پاشکۆی یەکێتی سۆڤیەت.

کەواتە هەمیشە دوو جۆر کێبڕکێ لە ئارادایە لە ناوچەکەدا، کێبڕکێی هێزە ناوچەییەکان لەگەڵ یەکتردا، لەگەڵ کێبڕکێی زلهێزەکان لەگەڵ یەکتردا. لە لایەکی دیکەشەوە، هەریەک لە هێزە ناوچەییەکان لە هەوڵی ئەوەدایە چۆن پشتیوانی و پشتگیری زلهێزەکان بەدەست بهێنێت، بەو مانایەش کێبڕکێی هێزە ناوچەییەکان سەربەخۆ و دوور لە کاریگەری زلهێزەکان بەڕێوە ناچێت.

بابەتێکی گرنگ لەم بارەیەوە مەسەلەی شێوازێکی نوێیە لە شەڕ و ململانێ بۆ باڵادەستی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەویش یارییە مەزنە نوێکەیە (the new great game). لەم چوارچێوەیەشدا، ئەمڕۆ کۆمەڵێک "جەنگی" جیاواز لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەڕێوەدەچن. هەریەک لەم جەنگانەش کاریگەرییان لە سەر

چـۆنێتی قـاڵبگرتنی ئەم نـاوچەیە هەیە، هەڵـبەتە راسـتەوخۆ یـا ناڕاستەوخۆ لەسەر کوردستانیش هەیەتی.

جەنگێـک لە ئـارادایە بـۆ سـەپاندنی هەژمـون یـا باڵادەسـتی لە نێـوان سـوننە و شـیعەدا کـە چەنـد خـاڵێکی روبەڕوبـوونی هەیە: ئێـران-سـعودیە، هەروەهـا ئێـران-تورکیـا. هەنـدێک جـاریش ئەم ململانێیە وەک ململانێی دوو هیلالی ئیسـلامی دەردەکەوێت: هیلالی سـوننی بە پێشـڕەوی سـعودییە و قەتەر و تورکیـا لـە بەرامـبەر هیلالـی شـیعی بە رابەرایەتـی ئێـران. لێرەدا گـرنگە ئەوە بڵێـین کە ئۆردوگـای (یـا جەمسـەری) سـوننە و رۆڵـی سـەرکردایەتیکردنی پڕ کێشـەترە بە بەراورد لەگەڵ ئۆردوگـای شـیعەدا، کە گومـان ناکرێت لە پڕ توانایی و تـوکمەیی ئەو سـەرکردایەتییەی کە ئێران لە هیلالی شیعیدا دەیکات.

وەهـا دیـارە کە هـیچ هێزێکـی نـاوچەیی توانـای سـەپاندنی هەژمـونی بە تەواوەتـی لە نـاوچەکەدا نەبێـت، تەنـانەت ئەگەرێکـی بەهێـزە کە لە داهاتووشـدا ئەم حـاڵەتە بەردەوام بێـت. لە کاتێکـدا جەمسـەری سـوننە لـە دونیـادا لە قەیرانـدایە، جەمسـەری شـیعە بەرەو خۆسـەپاندن و بەهێزبـوونی زیـاتر دەچێـت. لە ئێسـتادا هێماکـان ئەوە دەردەخەن کە ئێـران لە هەمـوو هێـزە ئیقلیمییەکـان زیـاتر دەرفەتـی باڵادەسـتبوونی لە نـاوچەکەدا هەیە. ئێـران زۆر زیرەکـانە سـوودمەند بـووە لە رووداوەکـانی نـاوچەکە، لەم رووداوانەش تێکشـکان و لاوازبـوونی عێراق. بە تـایبەتی لە سێبەری جەنگ دژی داعش، هەندێک لەو کارانەی ئەنجامدا کە پێشتر ئاسـان نەبون لە هەر بارودۆخێکی "ئاساییدا" جێبەجێیان بکات.

ئەگەر هەرێمـــی کوردســـتان یەکەیەکـــی بەهێـــزی، یەکگرتـــوو و بـێلایەن نەبێت، ئەوا دوورنیـیە بەســەر ئەم دوو جەمســـەرەدا (واتە جەمســـەری شـیعە و سـونە)دا پەرت ببێـت. لە لایەکـی تریشــەوە، دەکرێـــت هەر زوو بڵێـــین کە چەنـــد هێمـــایەکی ئەم دابەشـــبوونە دەرکەوتـــوون. بـــۆیە چارەســــەرکردنی ئەو جەمســــەرگیرییە لە نـــاوخۆی کوردســـتان پێویســـتی بە هەنگـــاوی جـــددییە، ئەگەر بخوازرێت کوردستان لە داهـاتوودا پارێزراو بێت لە لایەنگری بۆ هەر کـام لە جەمســەرەکان، لایەنگیـرییەک کە دەکرێت بـۆ کـورد بە کارەسات تەواو ببێت.[١]

دەرەنجـام، بە کـورتی و پـوختی پرسـی سـەربەخۆیی باشـووری کوردســـتان دەبێـــت ئەمـــڕۆ بە پەیوەنـــدی لەگەڵ ئەم دوو پـــڕۆژە "ئیســـلامییە" (پـڕۆژەی شـــیعی و پـڕۆژەی ســـوننی) و ململانـــێ لە نێوانیاندا ببینرێت. پرسیاری هەرە گرنگیش لەم پەیوەستەدا ئەوەیە کە ئایـــا هەرێمـــی کوردســـتان دەتوانێـــت بێلایەنـــی خـــۆی لە دوو

[١] لە لێکۆڵینەوەیەکـدا کە نـزیکەی دوو سـاڵ بەر لە ئێســتا بڵاوبـووەتەوە، بورهـــان یاســـین هەوڵ دەدات پێشـــبینی ئەم پێشـــوەچوونە بکـــات وە بە جەختکردنەوەی لەسەر رۆڵ و کاریگەری دوو مەسەلەی گرنگ (دەرکەوتنی حەشـدی شــەعبی و چارەنووســی موســڵ) لەســەر ئەگەری چڕبـوونەوەی جەمسەرگیری نێوان تورکیا و ئێران وە ئەگەری ئەوەشی کە کورد نەتوانێت لەم جەمسـەرگیرییەدا بێلایەن بمێنێتەوە. بڕوانە: یاسین، د. بورهـان (٢٠١٥) "کودستان لە روبەڕوبوونی داعشدا: رووداو و ئەگەرە فرەڕەهەندەکان"، لە بەرواری ٢٠١٥/١/١٩ لە مـاڵپەڕی نووســەردا (www.burhanyassyn.com) بڵاوبـووەتەوە. ئەم لێکـۆڵینەوەیە دواتـر لە لایەن دەزگـای ئەندێشــەوە وەک کتێب بڵاو بووەتەوە.

جەمسەرە تائیفییەدا مسۆگەربکات. ئایا ناچار دەبێت پاڵ بدات بە لایەکەوە، یان پەرت دەبێت بەسەر هەردوولادا؟

لێرەدا بە ئاسانی دەتوانین بڵێین چەند فاکتەرێک هەن کە دەبنە هۆی دابەشبوونی کورد بەسەر ئەم دوو جەمسەرەدا: ١) بوونی کێشەی دەسەڵات لەناو هەرێم ڕێگا خۆشکەرە بۆ پەرتبوون بەسەر ئەم دوو جەمسەرەدا؛ ٢) بوونی کێشە لە نێوان هەرێم و بەغدا، کە لە بەرامبەریشیدا لایەنی کوردی یەک دەست نییە؛ ٣) مەیلی لایەنێکی سیاسی بۆ قۆرخکردنی فەزای سیاسی لە باشووری کوردستان. بە واتاییەکی دیکە، خواستی باڵادەستبوونی ڕەهای ئەو هێزە ڕێگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی ئەو هێزە پاڵبدات بە جەمسەرێکەوە لە پێناو مسۆگەرکردنی باڵادەستی لە ناوەوەی هەرێمدا؛ ٤) لە ڕووی مێژووییەوە ساڵانێکی زۆرە لە باشووری کوردستان کەلتوورێکی سیاسی جێگیر بووە ئەویش ئەوە بووە کە هاوپەیمانی لەگەڵ داگیرکارێکی دیکەدا بۆ ڕزگاربوون لە ڕژێمی بەغدا. هەندێک جاریش ئەم جۆرە لە هاوپەیمانییە کراوە لە پێناو زاڵبوون بەسەر هێزێکی دیکەی سیاسییدا بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستی لە تەواوی پانتایی ناو ماڵی کورد خۆی. ئەمڕۆش ئەم کەلتوورە سیاسییە ئامادەییەکی بەهێزی هەیە لە ئاڕاستەکردنی پەیوەندییە ئیقلیمییەکاندا؛ ٥) جوگرافیای سیاسی هێزە سیاسییەکانی کوردستان ڕوو لە دەرەوەی هەرێم، بە درێژایی ئەزموونی باشووری کوردستان لە ٢٦ ساڵی ڕابووردوودا، شێوە دابەشبوونێکی پێوە دیار بووە وە هیچ هێمایەک نییە بەوەی کە ئەم حاڵەتە لە داهاتووشدا بەردەوام

نەبێت. بۆ نموونە ئێمە ناتوانین بڵێین کە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێـم هـی هەمـوو هەرێمـی کوردسـتانە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا، بەڵکـو ئەم پەیوەنـدییە رێـک لە لایەن پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانەوە دەسـتی بەسـەردا گیـراوە و هەر لە بەرژەوەنـدی ئەم حیزبەشدا ئاڕاستە دەکرێت.

لە لایەکەوە ئەمە هەمـووی لە چوارچێوەیەکـدا روودەدات، لە لایەکـی دیکەشـەوە هەمـوو هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتان بە رووکەش بە ئاگـان لە ئەجینـدای سـەرەکی هێـزە ئێقلیمییەکـان، کـە بریتییـە لـە هێشـتنەوەی کـورد بە پەرتـی و پەرتەوازەیـی، کەچـی ئێسـتاش هەرنەبێت بەشـێک لەو هێزە سیاسییانە بەشـێکی چالاکن لەو ئەجێندایەی پەرتکردن.

* * *

جەنگێکـی دیـکە جەنگـی بۆرییەکـانە. هەر سـێ وڵاتـی ئێـران و روسـیا و قەتەر خـاوەن گـازێکی زۆرن و بەدوای کڕیـار و رێگـای هەرە گونجـاوی نـاردنەدەرەی گـازدا دەگەڕێـن و هەوڵـی قـۆرخکردنی بـازاڕ دەدەن. جەنـگ و ململانێکـانی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کاریگەرییـان هەیە لەسـەر یەکەم، رێـڕەوی ئەم گـازە، دووەم، بڕی ئەم گازە.

بـۆ کـورد، بە ئەگەری زۆر هـیچ کـام لە وڵاتـانی خـاوەن گـاز حەزنـاکەن هەرێمـی کوردسـتان ببێتە سـەرچاوەیەکی دیکەی گـاز بـۆ بازاڕی تورکیا و ئەوروپا. لە هەمان کاتیشدا شـەڕ هەیە لەسـەر ئەوەی کێ باڵادەستە بەسـەر خاکدا. ناسنامەی هێزی باڵادەست لەو خـاکەدا

بڕیاردەرە لەسەر ئەوەی کە گازی کێ بەوێدا تێ بپەڕێت، لە هەمان کاتیشدا بڕیاردەرە لەوەی کە بۆریی گازی کێ بەوێدا تێنەپەڕێت.

گـــاز پێویســـتی بە کۆمەڵێـــک ئامادەکـــاری هەیە: ئاسایشـــێکی سەقامگیری درێژخایەن، ڕێکەوتنی یاسایی، جیاکاری نێوان سیاسەت و ئـابوری و بەردەوامـی. لەم رووەوە هەریەک لە وڵاتـانی نـاوچەکە کۆمەڵێک کێشەی هەیە. گازی هەرێم لە زۆر ئاستدا لە قاڵبدراوە و لە پرۆسەیەکی ئەمنی سیاسیدا، کە لە گرێبەستی پەنجا ساڵەی نێوان تورکیا و هەرێمدا، خۆی دەبینێتەوە. ئەم پرۆژەیە دەکرێت بەشێکی گەورەی پرۆســەی بەسـتنەوەی هەرێـم و تورکیـا بێـت بە ئامـانجی دابینکردنی گازی هەرزان، سێ قات هەرزانتر لە گازی ئێران.

* * *

جەنگـــی دانیشـــتوان یەکێکـــی دیـــکەیە لە جەنگەکـــانی ئەمـــڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەم شێوازەش لە ململانێ درێژکراوەی ململانێیە لەســـەر هەژمـــون. لە جەنـــگە جۆراوجۆرەکانـــدا لەســـەر دانیشـــتوان دیموگرافیـــای ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت دەگۆڕێـــت کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لـە سـەر کۆمەڵگـای کوردی و کوردستان لە هەموو ئاستێکدا.

کــورد لە نێــو ئەم کێبــڕکێیەدایە و خــاکەکەی جێگــای تەمــاح و تەراتێـــنە، چـــونکە کوردســـتان بە زاراوەی جیۆپۆلیتیـــک خـــاکێکی ســـنووری (border line)ە بـــۆیە ســـەربەخۆیی کوردســـتان وەک سەربەخۆیی جێگاکانی دیکەی دونیا نابێت، بەڵکو جێگـای بـایەخێکی زۆری هێزە ناوچەییەکان و هێزە جیهانییەکان دەبێت و بەم پێیەش

بە ئەگەری زۆر پڕۆسەیەکی پڕ مەترسی و ئاڵۆز دەبێت، تەنانەت بە ئەگەری زۆر لە داهاتووشدا ئەم حاڵەتە بەردەوامی دەبێت. بە تایبەتی ئەمە لە چرکەساتێکی وەک راگەیاندنی سەربەخۆیی توندتر و زەقتر دەبێتەوە، بگرە دووریش نییە بگا بە ترۆپکێکی مەترسیداری چاوەڕواننەکراو.

بۆیە دەکرێت بیر لەم پرسیارانە بکرێتەوە:

**یەک**، ئایا جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، بۆ هاوسەنگی هێز و ململانێی هێزەکان لە ناوچەکە چی دەگەیەنێت و چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو هاوسەنگییە دەبێت؟

**دوو**، ئایا کام (لە هێزە جیهانی و ناوچەییەکان) سوودمەند دەبێت و کامیان زەرەرمەند دەبێت لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان، ئایا لە ئەنجامدا ئەم هێزانە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم سوود و زیانانەدا دەکەن؟

لە لایەکی دیکەوە، دیوی ناوەوە، یا ناوخۆی کوردستان، یەکجار گرنگە بۆ شێوازی رەنگدانەوە و ململانێی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان وە دواتر کاریگەری ئەم رەنگدانەوەیە لەسەر پرسی سەربەخۆیی. بە کورتی و بە چڕی: ئەم دیوی ناوەوەیە یەکگرتو و یەک دەست نییە، وە بەم پێیەش لە بەرامبەر رۆڵ و کاریگەری هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان، خاوەن هەمان دید و هەڵوێست نییە. ئەمە درزێکی جددیە و ئەم درزەش **کەناڵێکی** ئاسانە بۆ ئەوەی هێزە ناوچەییەکان پیایادا بپەڕنەوە ناوەوەی ماڵی کورد. ئەم درزە ئەو ژینگەیەیە کە تیایدا هێزە ناوچەییەکان بە ئاسانی دەتوانن پلانەکانیان جێبەجێ بکەن. هەر وەک شارەزایەکی بواری مەسەلەی کورد جەخت

دەکـاتەوە، پەرتەوازەیـی بەردەوامـی نـاو مـاڵی کـورد دیـارترین ڕێگـا خۆشـکەر بـووە بـۆ وڵاتـانی دراوسـێی کـورد کە دەسـت بـخەنە نـاو کاروباری کوردەوە و هەندێک جاریش لەناویاندا شـەڕی لەبر (proxy war) بخولقێنن.[١]

بە شـێوەیەکی گشـتی، ئەم دۆخە لە هەمـان کاتـدا پـڕە لە ڕێگـری، بەڵام لە دەرفەتـیش. هەر بـۆ نمـوونە، پێشـتر روسـیا و تورکیـا پەیوەنـدیەکی زۆر باشـیان هەبـوو، بەڵام بە هـۆی شـەڕی روسـیاوە، پەیوەنـدیەکەیان تێـک چـوو، ئینجـا جـارێکی دیـکە بەرەو باشـی چووەتەوە. بە تێکچوونی ئەم پەیوەندییە، روسیا دەستی کرایەوە لـە پشـتیوانیکردنی کـورد لە رۆژئاڤـا، بەڵام لە هەمـان کاتـدا مەترسـی هەیە، بۆ هـاتنە ئـارای ڕێککەوتنێکی نێوان ئەم دوو هێزە لە شێوەی ڕێککەوتـنە پشتشـکێنەکەی جەزائیـر (١٩٧٥)، هەر وەک چـۆن لە حـاڵەتی باشـووری کوردسـتاندا ئەگەری ئەوە بەردەوام هەیە کە بەغـدا و ئەنـکەرە بـگەنە ڕێککەوتنێکـی لەو جـۆرە. راسـتە پرسـیاری ئەوەی، ئایا ئەگەری ڕوودانی ئەم جۆرە ڕێککەوتـنانە چەنـدە، گرنگن، بەڵام لەوە زۆر گرنگتـر ئەوەیە ئایـا کـورد چـۆن دەتوانێت ڕێگـری لە ڕوودانـی سـیناریۆی لەم جـۆرە بکـات؟ ئایـا چـۆن ئامـادەیی بـۆ ئەوە بکـات کە لە چرکەسـاتی ڕوودانـی ڕێککەوتنـی لەو شـێوەیە بە کەمتـرین زیـان دەربچێـت؟ هەوڵـدان بـۆ وێنـاکردنی سـیناریۆکان و بەرهەمهێنـانی ئاگـایی لە بارەیـانەوە، هەنگـاوێکی سـەرەتاییە، بەڵام هەنگـاوێکی گەورەشـە، بـۆ کەمکـردنەوەی زیانیـان لە کـاتی ڕوودانیاندا.

---

[1] Rubin, Michael (2016), p. 25.

بە مانـایەکی دیـکە، دۆخـی نـاوچەکە لە بـارێکی شـلدایە، واتە هاوسەنگی و لاسەنگی زوو دێنە ئاراوە و زووش هەڵدەوەشێنەوە. بەڵام ئەم دۆخە "شلییە" هەمیشەیی نییە، بەڵکو لە دۆخێکدا سەقامگیر دەبێـت کاتێـک بە تـایبەت هێـزە دەسـکەلاکان لاوازدەبـن و هێـزە ئیقلیمییەکان لەگەڵ هێزە جیهانییەکاندا دەگەنە بەرژەوەندی هاوبەش.

کورد بەبوونی شلۆقی قازانج دەکات، **بەڵام بۆ هەمیشە نا**. بۆیە شـلی دۆخەکە یـان شـلۆقی، سـاتەوەختێکی دەرفەت ئـامێزە. بەپێـی هەنـدێک بۆچـوون، هەرگیـز کـورد وەک ئێسـتا نزیـک نەبـووە لە ســەربەخۆیی.[١] بە هەر حــاڵ زۆر گــرنگە کە ئەم دەرفەتە، بــۆ بەرژەوەندی، بچووک بچوکنەکرێتەوە و قوربانی پێنەدرێت.

---

[١] بڕوانە، بۆ نموونە: Rubin, Michael (2016), p. 23.

# ٤

# کوردستانی سەربەخۆ:
# لە ناوەوە بونیادنان، لە دەرەوە دانپیانان

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی مەسەلەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان ئەوە بووە کە ئەم مەسەلەیە زیاتر لە **ئاستی گوتاردا ماوەتەوە**، لەگەڵ بوونی کۆمەڵێک بونیادی تایبەت کە تەنها بۆ یەکێتی و پارتی دەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوامی بە حوکمی خۆیان بدەن. هەڵسەنگاندنی هەردوو گوتار و بونیادی تایبەت، بەرەو ئەو ئامانجەمان دەبات کە دەوڵەتی کوردی دەوڵەتێکی سنوورداری، دوور لە خەڵکی و نوخبەوی دەبێت. گوتاری پارتی بە تایبەت هەتابێت تەسکتر دەبێتەوە و بە شەخسی دەکرێت. رۆژی ٢٣ی کانوونی دووەم ٢٠١٧، رۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی، نزیک لە باڵی سوننە و سعودیە دیدارێکی لەگەڵ مەسعود بارزانیدا ئەنجامداوە کە تیایدا دەڵێت: ئەگەر جارێکی دیکە مالیکی ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران ئەوا من دەوڵەت رادەگەینم،

جا چی دەبێ با ببێت. شێوازی دەربڕینەکە سەرتاپای لە بارێکی دەرونیی ناسەقامگیر و دۆخێکی عەقڵی خێڵەکی و تێگەیشتنێکی تەسک بۆ پرۆسەی بە دەوڵەتبوون هاتووە. زەقکردنەوەی مەسەلەی سەربەخۆیی بەم جۆرە پێگەی مالیکی لە ناو شیعەدا زیاتر پتەودەکات و هەماهەنگی دروست دەکات لە نێو شیعەدا، تا پێچەوانەکەی. بە ئاستێک ئەگەر شەخسی مالیکیش نەبێتەوە بە سەرۆک وەزیران ئەوا کەسێکی دیکە دەبێت، ئەگەر لە مالکیش نزیک نەبێت، ئەوا دیسان ناتوانێت بە ئاسانی لە سەر گوتاری یەکپارچەیی خاکی عێراق هیچ سازشێک بکات. ئەم پێشوەچوونەش هاوکاتە لەگەڵ لێدوانی بەرپرسێکی سەربازی ئێرانی لە سنە دژ بە بوونی قونسوڵخانەی سعودیە لە هەولێر.

کورد ناچارە لەگەڵ عێراقدا رێک بکەوێت، عێراقیش بەبێ رەزامەندی ئێران سازش ناکات. ئەگەر سیاسەتی کوردی بەمجۆرەبێت ئەوا زیاتر ئێران و عێراق پێکەوە گرێ دەدات دژ بە سەربەخۆیی کوردستان.

لە راستیدا کورد لە باشوور لە ٢٦ ساڵی حوکمڕانی خۆیدا نەک هەر سەرکەوتوو نەبووە لە پڕکردنەوەی ئەم ٢٦ ساڵە بە ناوەڕۆکێک کە هی خۆئامادەکردن بێت بۆ چرکەساتی سەربەخۆیی، بەڵکو زۆرێکیش لە بنەماکانی بەدەوڵەتبوون و بە نەتەوەبوون و پرۆژەی رێکخستنی فەزای نەتەوە لە رێڕەوی ئەم ساڵانەدا تێکشکێندراون. تێکشکاوی سیستم و پەرتەوازییەکەی، زۆر بە تایبەتی، لە پێنج ئاستدا دەردەکەوێت: لە ئاستی سیستمی سیاسی لە ناوەوە؛ پەیوەندییەکان لە ئاستی کوردستانی مەزندا؛ لە

ئاستی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا؛ لە ئاستی پەیوەندییە ئیقلیمیەکان و لە ئاستی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان. شکستی ریکخستنی فەزای نەتەوە لە ١٢ی ئوکتوبەری ساڵی ٢٠١٥دا گەیشتە لوتکەیەکی زۆر مەترسیدار. بەڵام شکستی هەرە گەورە ئەوە بووە کە مرۆڤەکان ئامادە نەکراون بۆ هەنگاوێکی گرنگ و چارەنووسسازی وەک سەربەخۆیی، تەنانەت ئەمرۆ زۆرێک لە خەڵکی کوردستان خەریکن لەوە دەسڵەمێنەوە کە باسی سەربەخۆیی بکەن؛ بە رادەیەکی زۆر بە هۆی بێزاری لە دەسەڵاتێک کە "شانازی" و ناسنامەکەی بووەتە **گەندەڵی**. باسکردنی سەربەخۆیی لە لایەن دەسەڵاتێکەوە کە تا سەر ئێسقان گەندەڵە، لە بری ئەوەی ببێتە مایەی شانازی بۆ تاکەکان، بە پێچەوانەوە بووەتە مایەی بێزاری. لە کایەی ئەم سیستمە گەندەڵدا دەوڵەت مانای گەڕانەوەی سامان وخاک و ئاسایش و ئازادی بۆ خەڵک نییە، رزگاربوونی یەکجارەکی نییە لە هێزی دەرەکی. چونکە دەوڵەت وەک دەسەڵاتی باشووری کوردستان تێی دەڕوانێت ئامرازێکە بۆ رزگاربوون لە بەغدا بەڵام هەمان ئامراز، لە هەمان کاتدا، هی **وابەستەبوونیشە تا ئاستی داگیرکاری** بە هێزێکی دەرەکی دیکە (تورکیا)وە لە پێناو بردنی هەرچی زیاتری سامانی وڵات وە بەشکردنی لەگەڵ ئەو هێزەدا. کوردستانێکی گەندەڵی سەربەخۆ بە ئەگەری زۆر لە وڵاتە شکستخواردووە ئەفریقیەکان خراپتر دەبێت، بە هەر حاڵ باشتر نابێت.

لە باسی بە دەوڵەتبوون، بەروارد لە نێوان ئەزموونی جوولەکە لە فەلەستین وە ئەزموونی کوردی لە باشووری کوردستان،

دەری دەخات کە ئەم ئەزموونە کوردییە چەندە کڵۆڵ و تەنانەت شکستخواردووە. لێرەدا مەبەست نییە کە بەراوردێکی تێر و تەسەڵ بکەین، بەڵکو تەنها یەک نموونە بۆ بەراوردکردن دەهێنینەوە. جووەکان لە سەرەتای سەدەی رابوردوو، ٣٠-٤٠ ساڵ، بگرە لە هەندێک حاڵەتدا ٥٠ساڵیش بەر لە راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، کۆمەڵێک هەنگاوی زۆر گرنگیان هاویشت بە ئاراستەی بە دەوڵەتبوون. کاتێک گەیشتنە ساڵی راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل (١٩٤٨) ئەم دەوڵەتە هەر زوو هەموو پێداویستییە دامەزراوەییەکانی فەراهەم بووبوون... تەنها وەک نموونە، لە ساڵی ١٩١٩ نەک هەر یەک سەرکردە بەڵکو دوو سەرکردەی ئەو کاتەی زایۆنیستەکان پرۆژەیان داوە بە سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا (ودرۆ ولسۆن) دەربارەی ئەوەی کە "دەوڵەتی جوو لە داهاتودا" لە فەلەستین بەرەورووی کێشەی کەم ئاوی دەبێتەوە، لەبەر ئەوەش ئەو ناوچانەی کە دوایی بون بە بەشێک لە خواروی لوبنان خوازراوە بەپێی ئەم دوو پرۆژەیە ببنە بەشێک لە دەوڵەتی **داهاتوی** جوو، کە دواجار لە فەلەستین دادەمەزرێت... بەڵام ئەمرۆ پاش نزیکەی ١٠٠ ساڵ لەو مێژووە هێشتا مەسعود بارزانی رێگرە لە دروستکردنی بەنداوی بێخمە، بە بەهانەی ئەوەی چەند لادێیەکی ناوچەی بارزان ژێر ئاو دەکەون، کەچی بەغدا ئامادە بووە هەر هەموو تێچووی ئەم بەنداوە (کە نزیکەی ١٠ ساڵ بەر لە ئێستا ئەم برە پارەیە دەیکردە، دەوروبەری، ٥ ملیار دۆلار) بدات. لە حاڵەتی بە ئەنجامگەیاندنی ئەم بەنداوە دەکرا نەک هەر وزەی کارەبا بۆ

هەرێمــی کوردســـتان مســـۆگەر بکرێــت بەڵکــو زیادەشـــی لــێ بفرۆشـــرێت، جـــگە لەوەی ســـەرچاوەیەکی گرنـــگ دەبـــوو بـــۆ بوژاندنەوەی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان!

لە راستیدا یەکێک لە کێماسییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەوە بـــووە کە بەردەوام هۆکـــاری دواکەوتنـــی دەوڵەتـــی ســـەربەخۆی کوردستانی بە هۆکارە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە گرێداوە و زۆر کەمتر دەستی بۆ کێشەکانی ناو خودی ناسیۆنالیزمی کوردی و کڵۆڵی لە ماهیەتی ئەم ناسیۆنالیزمەدا بردووە. ئێمە باوەڕمان وایە ئەگەر کورد لە باشوور خاوەنی ناسیونالیزمێکی تەندروست بوایە لە ماوەی ٢٦ ساڵی ئەزموونی کوردیدا، ئەوا بێگومان باشووری کوردستان ئەمڕۆ لە جێگە و پێگەو ئیستگەیەکی تەواو جیاوازدا دەبوو، لەوەی کە ئەمڕۆ تیایەتی. نەک هەر ئەوە بەڵکو هەندێک لە رووداوە تراژیدییەکانی ئەم ٢٦ ساڵە روویان نەدەدا، لە پێش هەمووشیانەوە شەڕی خۆکوژی (براکوژی)[١] و دوو ئیدارەیی... هتد، بۆ ساڵانی داهاتووش وەک زام و درزێکی مەترسیدار لە کەسایەتی و یادەوەری مرۆڤی کورددا دەمێننەوە.

---

[١] تا ئەو جێگەیەی ئێمە ئاگادار بین بۆ یەکەم جار بورهان یاسین چەمکی "شەڕی خۆکوژی" لە بری شەری براکوژی بەکاربردووە لە گوتارێکدا کە ماوەیەکی کەم دوای دەستپێکردنی ئەو شەڕە لە ١٩٩٤/٥/١. بڕوانە: یاسین، د. بورهان "شەڕی خۆکوژی لە کوردستانی باشوور و چەند تێبینیەک"، رۆژنامەی هەنگاو کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ وە دواتر لە کتێبی نووسەر بە ناوی *ئەوەی ئەمڕۆ سیاسەتە سبەی مێژووە* (٢٠٠٢)، لاپەڕە ١٦٩-١٨٠دا بڵاوبووەتەوە.

ئەم زامە لە رۆژی ١٢ی تشـــرینی یەکەمـــی ســـاڵی ٢٠١٥ بە شێوەیەکی زۆر ئازاربەخش کوڵێنرایەوە، دوای ئەم رووداوە دوو چمکـی "بـازگەی دێـگەڵە" و "بـازگەی پـردێ" وەکـو دێـوەزمە لە وینـاکردنی دەسـەڵاتی کـوردی و یـادەوەری خەڵکـی باشـووری کوردستاندا دەردەکەون. ئەم دەرکەوتنە گوزارشتە لە کلۆڵی ئەو ناســـیۆنالیزمە و لەتکردنێکـــی مەترســـیداری کەلتـــووری و کۆمەڵایەتی و دەرونیی کەسایەتی کوردە.

ئێمە ئەم پرۆسـەیە نـاو دەنێنین **کوردایەتی دژ بە کورد** خـۆی، زۆر جــاریش "کــوردایەتی" لە خــزمەت ئەوانــی دیــکەدا، لەوانەش داگیرکاران. ئەگەر ناسیونالیزم ئەرکی بونیادنـانی خەڵکێکە لە فۆرمی نەتەوەدا بــۆ ئەوەی لە شــێوازێکی مۆدێرنــدا بتــوانن بەباشــی لە پرۆسـەی دەوڵەتداریدا پێکەوە کـاربکەن، ئەوا ناسـیونالیزمی کـوردی بریتـی بـووە لە رفانـدنی ئەم گوتـارە بـۆ نـاو لەپـی هەنـدێک نـوخبە فیۆدالّییەکـانی کـورد، بـۆ دژایەتیکردنـی هـاتنە ئـارای هەر فـۆرمێکی مـۆدێرن لە کوردبـوون. ترسـناکی کـوردایەتی دژ بە کـورد لەوەدایە کە ژەهرێکــت دەرخــوارد دەدات بە نــاوی هەنگــوینەوە. لە کاتێکــدا پێویسـتە کـوردایەتی دژ بە پەرتبـوون بێت، بەڵام ئەو پەرتـت دەکـات. لە کاتێکدا کوردایەتی تێکۆشـانە بۆ هاوتـا بـون لەگەڵ ئەوانـی دیکەدا، **نە کەمتـر لە ئەوانـی دیـکە و نە زیـاتر**، کـوردایەتی دژە کـورد واتە کوردایەتی زۆرێک لە دەسـەلاتدارانی ئەمڕۆی باشـووری کاردسـتان، کورد دەکاتە پاشکۆ و دەسکەلا و ئامرازی ئەوانی دیکە.

بێ بـوونی نەتەوە گەنـدەڵی لە ناوناچێت، حوکمـداری دادپەروەر نـایەتە ئـاراوە، متمـانە لە کۆمەڵگـادا دروسـت نابێت. کۆمەڵگـا بەبـێ

متمانە بە یەکتر لە نێوان تاکەکانیدا، ناتوانێت لە ڕووی ئابوری و سیاسی و ئیدارییەوە ببوژێتەوە، وەک فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی باوەڕدا پێمان دەڵێت.

بە مانایەکی دیکە، ئەمڕۆش ئێمە تەنها وەک زەمەنێکی موجەڕەد ئەم ٢٦ ساڵەمان جێهێشتون، چونکە هێشتا تەواوی کێشەکانی ٢٦ ساڵی ڕابوردوو، بگرە هەندێکیشیان بە چڕبوونەوە، بە کۆڵی خەڵکی کوردستان و کەسایەتی کوردی، دەسەڵاتی کوردی و ناسیۆنالیزمی کوردییەوەن. کورد لە هەمان کاتدا لە دوو زەمەنی جیاواز و دژ بە یەکدا گوزەردەکات: زەمەنێکیان هی تێکشکاندنی هەموو بنەماکانی نەتەوەسازی و نیشتمانسازی و دەوڵەتدارییە، کە ڕێگای لەکارخستنی پەرلەمان بە لوتکەیەکی زۆر مەترسیدار گەیشت، بەڵام زەمەنێکیشیان هی "گوتاری سەربەخۆیی و ئامادەکاریی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆیە." یەکەمیان لە ڕووی کردارییەوە ئەو واقیعە تاڵەیە کە باشووری کوردستانی تیایە، بەڵام دوومیان لە باشترین حاڵەتدا دروشمێکی سیاسی سەرپێییە، تەنانەت دروشمێکیشە کە مەبەست لێی شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی ئەم زەمەنە یا واقیعە تاڵەیە و ڕاکردنە لێی. بەردەوامی ئەم حاڵەتە گەورەترین مەترسییە لەسەر پڕۆژەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان، نەک بە زەرورەت هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان. بە واتایەکی دیکە دیاردە نێگەتیڤەکان لە ناواخنی ناسیۆنالیزم و دەسەڵاتی کوردیدا درێژ دەبنەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی هەرێم وە هەر ئەم دیاردە نێگەتیڤانەن کە دەبنە باوەشێکی کراوە و ژینگەیەکی لەبار بۆ دەستوەردان و

تەراتێنی هێزە ناوچەییەکان لەو ناوخۆیە کڵۆڵەدا، لە قوڵایی ئەو "ماڵەی" کە پێی دەبێژین کوردستان.

## ٤-١ نەتەوەگەریی (ناسیونالیزمی) کوردی، کوردایەتی

ڕەنگە چەمکی ناسیونالیزم بۆ "کوردایەتی" نەگونجاوبێت، بە هەر حاڵ بێگومان گونجاو نییە لەگەڵ ئەو شێوازە لە کوردایەتی کە تا ئێستا ئاراستەی سیاسی و ئایدۆلۆژی بزاڤی کوردەواری پێکهێناوە. بە گشتی ناسیونالیزم سەدایەکی وەهای هەیە کە بریتییە لە پرۆسەی **خۆ یەکسان بینین** لە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکەدا. بەڵام کورد لە قۆناغی هاتنە بووندایە، لە دۆخێکدایە کە دانپیانەنراو و پەراوێز و کۆڵۆنیکراوە. لێرەدا کورد ئاگایی و توانا و دەزگا و ئایدۆلۆژیای ئەوەی نییە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو یەکسانییە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا بهێنێتە دی. بۆیە دۆخی کوردستان زیاتر بریتییە لە هەوڵ و کۆشش بۆ هاتنە دەرەوە لە بنەما و قاوغە نامۆدێرنەکان (تۆ بڵێی تەقلیدییەکان) بۆ پێکەوەبوون لە شێوازێکی مۆدێرندا کە ئەویش نەتەوەیە، هەڵبەتە بە مانا مۆدێرنەکەی ئەم چەمکە. دەکرێت لە ڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە ئەو پرسیارە بوروژێنرێت، شێخ-بوونی هەردوو بنەماڵەی باڵادەست لە کوردستان، چ جۆرە پەیوەندییەکی هەرەمی دەهێنێتە ئاراوە لە نێوان شێخ و ئەوانەی لە ئەدەبیاتی ئاینیدا بە مسکێن (ڕەش و ڕووت) ناسراون؟ هەروەها دەکرێت ئەگامبیانە بیر لە چەمکی ڕەش و ڕووت بکرێتەوە، وەک وەرگێڕانێک بۆ چەمکی ژیانی ڕووت.

ناسیونالیزم لە دیدی زانستی سیاسی، سۆسیۆلۆجیا و سۆشیال-ئەنترۆپۆلۆجییدا چەمکێکی پڕ کێشەیە. یەکێک لە پێناسە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکان ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم ئەو ئایدیۆلۆجیا، پرۆگرامە سیاسییە و بزاڤە کۆمەڵایەتییەیە کە گەلێک مۆبیلیزە دەکات بۆ راگوزەر لە حاڵەتی بە یەکەوەبوون لەسەر بنەمای هەست و نەست و هەندێک رەگەزی دیکە بۆ حاڵەتی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و سەروەری و دەسەڵاتی نەتەوەیی/نیشتمانی. کاتێک ئەم سەروەرییەشی بەدەستیهێنا، ناسیۆنالیزم دەبێتە ئەو رێڕەو و ئامرازە کە ئەو سەروەری و دەسەڵاتە دەپارێزێت و گەشەی پێدەدات، لەسەر بنەمای نوێبوونەوە لە ناوەڕۆک و ماهیەتی ناسیۆنالیزمدا. زۆر جاریش نوێبوونەوە لە ناوەڕۆک و ماهیەتی ناسیۆنالیزمدا شانبەشانی گۆڕانکاری لە ماهیەت و ئەرکەکانی دەوڵەتدا روودەدات.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا ناسیونالیزمی کوردی بەگشتی وەها نابینرێت کە بریتییە لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەی کورد و بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی نیشتمانی سەروەر، واتە کوردستانێکی سەربەخۆ. ئەمە بە هەر حاڵ دۆخی باڵادەست بووە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، کە دروشمی کوردایەتی بە تایبەتی لە باشوور و رۆژهەڵات دەبێتە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق/ئێران. لە رووی چەمکی زانستییەوە ناسیونالیزم بۆ ئەو پرۆسەیەی لە کوردستان روودەدات نەگونجاوە، چونکە ناسیونالیزم بە گشتی بەمانای هەستی باڵایی و یەکسان بون لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە دێت. بەم واتایەش یەکەم،

رزگاربوون لە کەمتر بوون و لەخوارتر بوون بە بەراورد لەگەڵ گەلانی خاوەن دەوڵەت، دووەم یەکسان بوون بەو نەتەوانەوە. نەتەوە بەمانای ئەوە نایەت کە بریتییە لە شێوازێک لە **پێکەوەبوونی ئیتنی** بەڵکو زیاتر بریتییە لە پێکەوەبوون لە میانەی پرۆسەی دانپیانان و پێکەوەبوون و رێز و یەکسان بوون لەگەڵ ئەوانی (تۆ بڵێ نەتەوەکانی) دیکەدا.

بەڵام رەهەندی هەرە گرنگی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە دەوڵەت ئەستەمە بەبێ نەتەوە بتوانێت بەباشی کارەکانی بەڕێوەببات. نەتەوە لێرەدا پێداویستییەکە بۆ ئەوەی پێیدەبێژرێت حکومداریی باش (good governance).[١]

لە هەمان کاتدا کۆمەڵگای کوردی پڕیەتی لە شوناسی جیاواز، ئەگەر شوناسێکی باڵا و هاوبەش نەدۆزرێتەوە، ئەوا ئەستەمە بتوانرێت ئەو هەمووپێکهاتە جیاوازانەی لە هەناوی کۆمەڵگای کوردەواریدا هەن کۆبکرێنەوە، بە شێوەیەک کە یەک ناسنامەی "باڵادەستی" لێ بەرهەم بێت، ناسنامەیەکی پلە یەک. مرۆڤ دەکرێت لە هەمان کاتدا هەڵگری چەند ناسنامەیەک بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لە حاڵەتی نەتەوەدا ناسنامەی نەتەوە بۆ گشت تاکەکانی ئەو نەتەوەیە پلە یەک و بژاردەی یەکەم بێت. ئەمڕۆ دەبینین کورد دابەش بووە بەسەر بادینی و سۆرانیدا، بەسەر

---

[١] لێرەدا بواری ئەوەمان نییە راڤەی تیۆرە زۆرەکان دەربارەی نەتەوە بکەین بۆ ئەم مەبەستە دەتوانیت بنواڕیتە توێژینەوەی
Jaffrelot, Christophe (2003) *For a Theory of nationalism*, centre d’etudes de recherches internationals, Science Po.

موسـولّمان و ناموسـلّماندا، بەسـەر سـوننە و شـیعە و عەلەویـدا، بەسەر عەلمانی و دینیدا، بەسەر... هتد. ئەم هەمـوو جیاوازانە تەنها نەتەوە دەتوانێـت کۆیـان بکـاتەوە، بەڵام نەتەوەیەک کە خـاوەن توانـای **کـۆکردنەوە** بێـت و لە رۆشـنایی **پڕۆژەیەکـی نەتەوەیـی هاوچەرخدا** خۆی ساز بدات و رێکبخات.

بە هـۆی گـۆڕانی دۆخـی کـورد و لە دەرەوەی ئەویـش گـۆڕانی کۆمەڵگـای مرۆڤایەتیـدا، کوردبـوون تەنها بریتی نییە لە قسـەکردن بە کـوردی، یـان هەبـوونی بـاوانی کـوردی، یـان نیشـتەجێبون لـە کوردسـتان، بەڵکـو کوردبـوون جـۆرێکە لە بـوون کە دەکرێـت لە چەنـدین شـێوازی جیـاوازدا دەربکەوێـت. ئەم چەمـکە چەمکێکـی فرەئاییننییە، چەمکێکی دونیاییە هەروەها چەمکێکی کۆمەڵایەتیشە.

ئەزموونی وڵاتان پێمان دەڵێت کە دەوڵەتـی سـەرکەوتوو بەبێ نەتەوە نابێـت. شوناسـی نەتەوە جۆرێـک لـە خۆشەویسـتی هاوبەشـی لە نێـوان تاکەکـانی نـاو کۆمەڵگـادا دەهێنێـتە ئـاراوە. خۆشەویسـتی بـۆ هاونیشـتمانیان، بـۆ سروشـت و ژیـنگە و دەسـتکەوتە گشـتییەکان. لـە هەمـان کاتـدا، روو لە دەرەوە، خۆشەویسـتی بـۆ جێگـایەک (واتە مـاڵی هەمـوان) بە مانـای رق و کینە بەرامبەر جێگاکـان (تۆ بڵێ ماڵەکان)ی دیکە نییە، بەڵکو بە پـێچەوانەوە بەمانـای بەشـداریکردنە لـە خۆشەویسـتیەکی گەردوونیدا لە رێگای جێگاکەی خـۆتەوە، لە رێگای خۆشەویستی بـۆ جێگـاکەی خـۆت. دەوڵەتـداری و حوکمـداریی بە تـایبەتی پێویسـت بەوە دەکـات کە ئـێمە ماڵێکمـان هەبێـت، کـە هەڵگـری شوناسـی ئێمە بێت هەتـا بتـوانین باشـتر لـە دونیـادا چـالاک بین.

وەک لە لیڤیاسانەوە فێر دەبین ئەگەرماڵێکت نەبێت ناتوانیت وەک خۆی لە دونیادا بەشداربیت.

بڵاوترین جۆری دەوڵەت، بگرە سەرکەوتووترین دەوڵەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، دەوڵەتی نەتەوەییە. لە لایەکی دیکەوە گومان هەیە لەوەی *بە مانا هەرە سیاسیی و مۆدێرنەکەی* کورد نەتەوە بێت. یەکێک لە مەترسییە هەرە گەورەکانی پرسی نەتەوە ئەوەیە کە کورد وەها دەزانێت نەتەوەیە. کاتێک وەها دەزانیت کە شتێکیت بەبێ ئەوەی ئەو شتەبێت، ئەوا ئاگاییت بۆ ئەوەناچێت چۆن ئەو شتە بە راستەقینەیی بونیاد بنێیت و بەدەستی بهێنیت. لە راستیدا نەتەوە بە مانا هەرە سیاسییەکەی بەرهەمی ئەفراندن (خولقاندن)ێکی کۆمەڵایەتییە (social construction). بە واتایەکی دیکە، نەتەوە حاڵەتێکی بەڵگە نەویست نییە کە لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووبێت و بەم مانایەش پێویستی بە ئەفراندن نەبووبێت. بەم مانایەش زۆرێک لەو دەوڵەتانەی کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بون، ئەرکی هەرە لە پێشینەیان خولقاندنی نەتەوە بوو بۆ ئەو دەوڵەتانە. ئەمڕۆش دوای، کەم یا زۆر، سەد ساڵ لە بوونی ئەم دەوڵەتانە شکستێکی هەرە گەورەی ئەم دەوڵەتانە ئەوە بووە کە لە ئەفراندنی نەتەوە بۆ وڵات (تۆ بڵێ بۆ دەوڵەت) سەرکەوتو نەبون.

بە مانایەکی دیکە، نەتەوە شتێکی "سروشتی" نییە، بەڵکو جۆرە پێکەوەبوونێکی مۆدێرنە، ئەم پێکەوەبوونە پێویستە لە بیر و جیهانبینی تاکەکانی ئەم نەتەوەیەدا رەنگ بداتەوە و لەوێشدا بەرجەستە ببێت. ئەم جۆرە پێکەوەبوونە لە ئەنجامی بڵاوی دەزگا

مۆدێرنەکـــانی وەک چـــاپ و بڵاوکـــردنەوە و ئـــابوورییەکی گەشەســەندوە و زمــانی نیشــتمانی ســتاندارد (یــان نەتەوەیــی) و بەیەکەوە بەســتنەوەی بەشــەکانی نەتەوە و خاکەکەیــان بە یەکەوە (لە ڕێگــای ئــامرازی پەیوەنــدی و گواســتنەوە و ڕێگــاو بــانێکی مۆدێرن و توندو تۆڵەوە)[١] هاتوونەتە ئاراوە.

نەتەوە بریتییە لـە بـوونی خەیـاڵێکی (وێنـایەکی) هـاوبەش کە لـە ڕێگــای ئەم ناوەنـدە مۆدێرنـانەوە لــە نێـوان ئەندامەکانیـدا خـۆی بەرجەســتە دەکـات، کە بنـدیکت ئەندرســون پێــی دەڵێـت چڤـاتێکی خەیاڵکراو/وێناکراو (imagined community).[٢]

لە مێـژوودا بە ئەزمـوون دەرکەوتـووە کە بونیادنـانی دەوڵەت و نەتەوە (state building and nation building) هەم جەدەلێکـی تیۆریــانەی لەبــن نەهــاتووە، هەمــیش ئەزمــوونێکی مێژوویــی و کەلتــووری، کــۆمەڵایەتی و سیاســی ئــاڵۆزە. پرســەکە زۆر جــار دەربـارەی ئەوەیە ئایا کامیـان پـێش کامیـانە: لە پێشـدا دەوڵەت ئینجا نەتەوە یـان نەتەوە ئینجا دەوڵەت یـان هەردووکیـان بە دوو هێڵـی هــاوتەریبی هاوکـــات بەڵام بە شــێوەیەکی ئــاڵۆز تــێکەڵاو و تێکهەڵکێش بە یەکتر؟ بۆ کورد باشترین شێواز ئەوەیە کە دەبێت ئەم پرســە بە پرۆســەیەکی هاوتەریـب بونیادبنرێـت، بە مانـایەکی

---

[١] کــارل دوێــتش (Karl Duetsch)، وەک شــارەزاییێکی بــواری نەتەوە و ناســیۆنالیزم، بەوە ناســراوە کە جەختــی کــردووەتەوە لەســەر گرنگــی گواستنەوەو پەیوەندی و ڕێگاوبان لە بەرهەمهێنان و بەرجەستەبوونی نەتەوە.

[2] Anderson, Benedikt (2006) *Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism*, Revised Edition.

دیکە ناکرێت هیچیان دوابخرێت بۆ دواتر یان یەکێکیان لەوەی دیکە بە گرنگتر ببینرێت.

نەتەوە ئەو گشتە پێکدەهێنێت کە فەزای گشتی لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزدا پڕ دەکاتەوە. لەبەر ئەوەش کاتێک باس لە خاک (ماڵ)ی نەتەوە دەکەین باس لەو فەزایەدەکەین کە نەتەوە دەگرێتە خۆی، بەمەش باس لە **فەزای نەتەوە (فەزای هەموان)** دەکەین. یەکێک لەو شتانەی کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ نەتەوە بواری (فەزای) گشتییە. بەبێ بوونی بواری گشتی ئەستەمە حکومدارییەکی سەردەمیانە بەڕێوە بچێت. بواری گشتی بریتییە لەو بوارەی کە هی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایە، بەم مانایەش ئەم بوارە بە تەنیا هی هیچ کەس، هیچ حیزب، هیچ خێڵ یان توێژێکی حیزبیی دیاریکراو نییە. لە بواری گشتیدا خزمەتگوزاری دابیندەکرێت، وەک رێگاوبان، قوتابخانە، تەندروستی، ئاسایش، پاراستن و زۆر بواری دیکە.

نەتەوە لە ئەوانی دیکە جیامان دەکاتەوە بۆ ئەوەی شوناسی خۆمان هەبێت (یان لەبەر ئەوەی شوناسی تایبەتی خۆمان هەیە). بۆ ئەوەی بتوانین بە باشی و بە ئاسانی و بەبێ هیچ گرێکوێرەیەکی دەرونیی، کە مەترسیدارترینیان خۆ لە خوارەوە بینین و بە کەم زانینە، پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە (تۆ بڵێ نەتەوەکانی دیکە) دروست بکەین. ئەم نەبوونی شوناسە نەتەوەییە، زۆرێک لە کوردی خستووەتە بارێکی دەرونیی شڵەژاوەوە. هەر لەم ئاڕاستەیەدا بەڵام بە دەربڕینێکی دیکە، ئەمڕۆ دەبینین هەندێک دەنگ لە فەزای رۆشنبیری کوردیدا هەن

دەخوازن کورد خۆی **کورد نەبێت** بەڵکو دابڕاو لە ناسنامە و خەونە نەتەوەییەکەی تەنها، بە مانا هەرە گشتییەکەی، **مرۆڤ بێت**، کورد نەبێت بەڵکو ئینتەرناسیۆناڵ بێت، کورد نەبێت بەڵکو تەنها موسوڵمان بێت. زۆرێک هەن هەر رۆژێک هەڵگری جۆرە شوناسێکن، کە ئەمەش نیشانەی ناسەقامگیری باری دەروونییانە. لە راستیدا بێ شوناسیی بێ ماڵییە، بێ ماڵییش لە نەتەوەیەکی جێگیر و خاوەن جێگاوە دەتکات بە کۆمەڵێکی کۆچەری، ئۆقرەنەگرتو و بریندار، وێڵ بە دوای ماڵدا، وێڵ بە دوای پێزانیندا. ئەم کۆچەرە بەردەوام بە دوای ساڕێژکردنی برینەکەیەوە وێڵە و لە حاڵەتێکی دەروونیی ناجێگیردا مامەڵەی جیهانی دەوروبەری خۆی دەکات. ئێمە شوناسمان بۆ ئەوەنییە کە بە زەرورەت لە ئەویتر داببڕێین، بە پێچەوانەوە ئێمە بوونی شوناسێکی جێگیری تایبەت بە خۆمان بە بنەمای پەیوەندیەکی مرۆڤانە دەبینین لەگەڵ ئەویتر (یا ئەوانی دیکە)دا، پەیوەندییێک کە لەسەر بنچینەی پێزانین لە نێوان دوو شوناسی یەکساندا دێتەکایەوە.

ئێمە لە جیهاندا دوو پرۆسەی پێچەوانەی شوناسسازی دەبینین: پرۆسەیەک لە رۆژئاوا، کە بایەخی زیاتر لە سەر شوناسە پەراوێزەکانە، کەمینە، رەشپێست، ئافرەت، هۆمۆسێکچوال. بەڵام لە رۆژهەڵات بە پێچەوانەوە شوناسە باڵاکان لە برەودان: ئیسلام، شیعە، سوننە، خەلافەت، ئیمپراتۆری، عەرەب، تورک، عێراق، ئێران. بە هەر حاڵ، لە رۆژئاوادا چیرۆکە گەورەکان توشی قەیران بون، بەڵام لە رۆژهەڵاتدا، چیرۆکە گەورەکان هەتابێت رەونەقیان زیاد دەکات.

لە راستیدا بە شێوەیەکی دیکەش دەتوانین بڵێین کە شوناسێکی بە کۆمەڵ سنوورەکانی نەتەوە لەگەڵ ئەوی دیکە (ئەوانی دیکە) دیاریدەکات، بەو مانایەش بەر لەوەی سنوور لەسەر زەمین دیاریکرابێت، سنوور لە ناو خەیاڵ و وێنای کەسەکان، لە نێو خەیاڵدانی ئەندامانی نەتەوەدا جێگای خۆی کردووەتەوە. رەگەزێکی هەرە گرنگی شوناسیش، کە زۆر جار رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە لە دیاریکردنی **سنوور**دا، زمانە.[١]

لە راستیدا لە حاڵەتی ئێمەی کورددا، بە پەیوەندی لەگەڵ جێگا (کوردستان) پێویستە ناسنامەی نەتەوەیی نیشتمانی جەختبکرێتەوە، یا هەرنەبێت لایەنە نیشتمانییەکە لە بری لایەنە ئێتنییەکە زەقبکرێتەوە. پێویستە هەر لێرەشدا ئەوە بڵێین کە لە حاڵەتی کوردستاندا، چ باشووری کوردستان یان تەنانەت کوردستانی مەزن، باشتر وایە لایەنی نیشتمانی لە رێکخستنی فەزای نەتەوەیی/نیشتمانیدا جەختبکرێتەوە ئەمەش هەر نەبێت لەبەر چوار هۆی سەرەکی: ١) نابێت کوردستان لە هیچ پارچەیەکی (یا بەشێکی)دا وا مامەڵە بکرێت وەک ئەوەی سەدا سەدی دانیشتوانی لە رووی ئێتنییەوە کورد بن؛ ٢) باشتر وایە، بۆ رێکخستنی فەزای نەتەوە (organizing the national space) بە شێوازێکی دیموکراتیانە، بەها نیشتمانییەکان و هاوولاتیبوون

[١] تیۆریستی نەرویجی، بواری سۆشیال-ئەنترۆپۆلۆجی، فرێدریک بارث (Fredrik Barth) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زمان بە شێوەیەکی خۆرسک سنوور دیاری دەکات وە لەبەر ئەوەشە هەر یەکێک لە مرۆڤەکان هەڵگری سنوورێکە چونکە هەڵگری زمانێکی تایبەتی (هەڵبەتە وەک زمانی دایک)ە.

جەختبکرێنەوە، ئەمەش لانی کەم بۆ خۆدوورگرتن لە "دەمارگیری نەتەوەیی"؛ ٣) پرۆسەی بە دەوڵەتبوون، ئەگەر بە نیشتمانی کرا، ئەوا هەر لە سەرەتاوە کورد خۆی لە دووبارە بوونەوەی ئەزموونی نەتەوە سەردەستەکان (عەرەب، تورک و فارس) دەپارێزێت، بەم پێیەش لە بری بیرکردنەوە لە **تواندنەوەی** ئەوانی دیکە لە پێناسەی ئیتنی خۆیدا، بۆ پرۆژەی رێکخستنی فەزای گشتی، پێزانینی بۆ ئەوانی دیکە، کەلتووریان، ناسنامەیان و مافەکانیان دەبێت. ئەمەش لە رێگای جەختکردنەوەی بەها دیموکراتییەکان وجەختکردنەوەی ناسیۆنالیزمی مەدەنی/دەستووری (civic nationalism)، لە بری ناسیۆنالیزمی ئیتنی (ethnic nationalism)؛ ٤) لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، هەر وەک چۆن لە باشووری کوردستان، هەروەها پێشتر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، کورد بەرەو رووی حاڵەتی تێکەڵاویەکی چڕ بووەتەوە لە ناوچە سنوورییەکاندا، لەگەڵ تورک، عەرەب، فارس، ئازەری... هتد. بۆ ئەوەی بە کەمترین باجی مرۆیی و بە کەمترین رادەی ململانێ و خوێنڕێژی ئەم ناوچانە ببن بە بەشێک لە قەلەمڕەوی کوردی (تۆ بڵێ کوردستانی)، گرنگە جەخت لەسەر چەمکەکانی نیشتمان و هاووڵاتیبوون و فەرماڕەوایی باش بکرێتەوە بێ ئەوەی پێویست بکات سازش لەسەر شوناسی کوردبوون و کوردستانیبوون بکرێت.

نموونەی تەندروست لە دەسەڵات و پیادەکردنی فەرمانڕەوایی باش (good governance) زامنێکی گرنگە بۆ سەرکەوتن لەم ئاڕاستەیەدا. بە مانایەکی دیکە هەرچەند سیاسەتمەدارە کوردستانییەکان و دەسەڵاتی کوردی سەرکەوتوو بن لە

بەرجەسـتەکردنی نەتەوەبـوونێکی کـراوە و لەخـۆگر (inclusive)، ئەوەندەش پێکهاتە غەیرە کوردەکان بە دڵنیاییەکی زیاترەوە خوازیاری ئەوە دەبن کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردی (کوردستانی)دا بژین. پێچەوانەکەشـی وەدەرنـان و لەدەرەوە-هێشـتنەوە (exclusiveness)، لە پێناسـەکردنی نیشـتمان و شـوناس ئەوەنـدەش پێکهـاتە غەیـرە کوردەکـان بە گومـان و دڵەڕاوکـێ، نزیکـی ئەو دەوڵەتە کوردییە/کوردستانییە دەبنەوەوە، بگرە دوور نییە دژایەتیشی بکەن.

بیـری نەتەوە، خوشەویسـتی بەرهەم دەهێنێـت لـە ڕێگـای پێکەوەگرێـدانی سـیمبولی و ژیـاری تاکەکـانی نەتەوە. ئەمە بـۆ گەلێکی وەک کورد پێویستە چونکە لە ناوچەیەکدایە کە ململانێی زۆرە و ناسـەقامگیرە. لاوازی و کڵـۆڵی بیـری نەتەوەیـی و کەسایەتی نەتەوەیی کورد وەها دەکات کە کورد هێندە بە ئاسانی، بە ژمارەی هێندە زۆرەوە، دەبێتە بەکرێگیراو (جاش)ی ئەم و ئەو و شەڕی بە وەکالەت بۆ ئەوانیتر دژی نەتەوەکەی دەکات. لەوەش ئەولاتـر بگـرە هێزێکـی سیاسـی کە بانگەشـەی پێشـڕەوایەتی کوردایەتی دەکات، بە ئاسانی پشت بە هێزێکی داگیرکار دەبەستێت بۆ تێکشکاندن و لەناوبردنی هێزێکی سیاسی دیکە، کە ئەویش لە لای خـۆیەوە خـۆی بە پێشـەنگی کـوردایەتی "مـۆدێرن" دەزانێـت، ئەمەش لوتکەی ترادیژیای کوردایەتییە. ئەمڕۆش هیچ زەمانەتێک نییە کە کـورد تـوانیبێتی ئەم دوێنێیە تراژیـدیاویە **تێبپەڕێنێت!** ئەمـڕۆش جەسـتەی نەتەوە پڕیەتـی لە درزی مەترسـیدار کە لێیانەوە دوژمن بە ئاسانی دەتوانێت تەراتێن بە نیشتمانی کورد، کەسایەتییەکەی و سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی نیشتمانی کوردەوە

بکات. جارێکی دیکە جیاوازی ئێمە و جووەکان لەم بابەتەشدا بە زەقی دەردەکەوێت: هەرگیز رووی نەداوە لە مێژووی زایۆنیزمدا کە هێزێکی سیاسی جوو پشتی، بۆ نموونە، بە وڵاتێکی عەرەبی بەستبێت بۆ "رزگارکردنی" تەلئەبیب لە دەست هێزێکی دیکەی جوو!

بیری نەتەوە "مەککەیەک"[١] یا ناوەندێک دروست دەکات. گرنگی ناوەندێک، جێگایەک، کە هەموان پێکەوە گرێبدات، بۆ کورد "نەزانراوە"، یا هەرنەبێت سەرکەوتوو نەبووە لە بەرهەمهێنانی ناوەندێکی ئەوها.

## ٤-٢ گلۆبالیزم و دەوڵەت-نەتەوە!

لە سەروبەندی کۆتایی جەنگی سارددا، لە سەرەتای١٩٩٠کان، گفتوگۆیەکی ئەکادیمی و لە لایەکی دیکەیشەوە مشتومڕێکی ئایدۆلۆژی بە گڕوتینەوە باڵی بەسەر فەزای گشتیدا گرت. یەکێک لەو بابەتانەی کە گرنگییەکی تایبەتی لە هەر دوو رەهەندی ئایدۆلۆژی و ئەکادیمیدا هەبوو، بانگەشەی کۆتاییهاتنی دەوڵەت-نەتەوە بوو. کوردستانیش لە کاریگەری ئەم جۆرە گفتوگۆ و بانگەشەیە بێبەش نەبوو. هەر زوو لە ناو کوردیشدا ئەو دەنگە سەریهەڵدا کە گوایە، هەڵبەتە بە جەختکردنەوەوە بە کاریگەری گلوبالیزم، دەوڵەت-نەتەوە کۆتایی هاتوە، ئیتر بۆچی تازە بە تازە

---

[١] هەڵبەتە لێرەدا وشەی "مەککە" بە هیچ شێوەیەک بە مانا دینییەکەی نایەت، بەڵکو میتافۆرە. لە زۆرێک لە زمانە ئەوروپییەکانیش ئەم وشەیە بەکار دەبرێت وەک ئاماژەیەک بە ناوەندێک/جێگایەک کە هەموان رووی تێدەکەن.

کورد داوای دەوڵەتی سەربەخۆ بکات. ئەو دەنگانەش هەبوون کە باسکردونیان لە دەوڵەتی "نەتەوەیی" بە گوتارێکی پاشڤەڕۆ و جێماو لە مێژوو لە قەڵەم دەدا. بەڵام هەر ئەو کاتە، لە ئاڕاستەیەکی جیاوازەوە، دەنگێکی دیکە هەبوو کە دەیخواست کورد لەوە ئاگادار بکاتەوە کە مەترسی ئەوە دەکرێت گلۆبالیزم جێگەی ئایدۆلۆژیای چەپی نەتەوەی سەردەست بگرێتەوە لە دانانی لەمپەڕ لەبەردەم داوای کورد بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ یان کەمکردنەوە لە گرنگی داوای لەمجۆرە، بەڵام بە شێوەیەکی کەمێک جیاواز. بەو واتایەی کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا (واتە لە گوتاری گلۆبالیستەکان و چەپی نەتەوەی سەردەست) بە کورد دەگوترێت "کاتی دەوڵەتی سەربەخۆ نییە": پێشتر چەپی نەتەوەی سەردەست دەیگوت **کاتی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد نەهاتوە**، دواتر "گلۆبالیستەکان" گوتیان **کاتی دەوڵەتی سەربەخۆ بەسەر چووە.** هەردووکیشیان، بەڵام هەر یەکەیان بە شێوەیەک، هەمان ئاماج دەپێکن: کورد ناتوانێت ببێت بە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ، پێویستی بە دەوڵەتی سەربەخۆ نییە.

ئێستا هەموو هێماکان ئەوەمان پێدەڵێن کە نەک هەر کاتی دەوڵەتی سەربەخۆ بەسەر نەچووە، بەڵکو دەوڵەتی نیشتمانی (بە هەموو باشی و کەموکوورییەکانییەوە) یەکێکە لە بەرهەمە هەرە گرنگەکانی مۆدێرنە و تا ئێستاش کۆمەڵگا مرۆییەکان نەیانتوانیوە فۆڕمێک لە ڕێکخستنی کۆمەڵگای مرۆیی بەرهەمبهێنن، کە بە سەرکەوتویی جێگرەوەی دەوڵەت بێت.

کاتێک لە سەرەتای ١٩٩٠کان باس لە کۆتاییهاتنی دەوڵەتی

نەتەوەیـــی (تـــۆ بڵـــێ نیشـــتمانی) دەکـــرا یەکێتـــی ئەوروپـــا وەک گەواهییەک بۆ کۆتاییهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئاماژەی پێ دەکرا. بەڵام دوای مـــــاوەیەکی زۆریـــــش لە چڕبـــــوونەوەی گلۆبـــــالیزم گەشەسەندنی ئەو یەکێتییە، ئەوەتا نیشانەیەکی پرسیاری جددی کەوتـــووەتە ســـەر یەکێتـــی ئەوروپـــا، کە ئایـــا ئەم یەکێتیـــیە دوای دەرچوونی بەریتانیا (brexit) ئەسلەن دەکرێت بەردەوام بێت یان نا؟ بە هەر حاڵ، هەر زوو پێشتریش بۆچوونێک هەبوو دەربارەی پاشەڕۆژی یەکێتی ئەوروپا بەوەی کە ئەگەری زۆرە ئەم یەکێتییە هەڵبوەشێتەوە ئەگەر هات و بەرەو رووی قەیرانی جددی بووەوە، چـــونکە ئەوکـــاتە ئەگەر هەیە هەر نەتەوەیەک لەو یەکێتیـــیەدا هەوڵ بدات خۆی بە شێوازی خۆی بپارێزێت لەو قەیرانە، کە مەرج نییە ئەو شێوازە لەگەڵ بۆچوونی ئەندامانی دیکەی یەکییتیەکەدا یەکانگیر بێت، بەڵکو بگرە دەکرێت دژیش بێت.

جگە لەوەش بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە دەیخواست بڵـێ ئیتـــر بە کـــاریگەری تەوژمـــی گلۆبـــالیزم مەســـەلەی نەتەوەیـــی و ناسنامە نیشتمانی و لۆکاڵییەکان لەناو دەچن، ئەوەتا ئێستا تەوژمی ناســـیۆنالیزم لە ئەوروپـــای رۆژئـــاوا رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتـــر دەبێت، باسی ئەوروپای رۆژهەڵات و روسیاش هەر ناکەین. پێشتر هەنـــدێک دەنـــگ هەبـــوون جەختیـــان دەکـــردەوە کە بە کـــاریگەری سیستمی لیبرال-دیموکراسی هەروەها ئەو کاریگەرییە نێگەتیڤەی کە لە فاشیزم و نازیزم کەوتەوە (بە مانای دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم وەک دیاردەیەکی نێگەیڤ)، ئیتر ناسیۆنالیزم لە جیهانی رۆژئاوا، بە تـــایبەتی ئەوروپـــای رۆژئـــاوا، بـــووە بە بەشـــێک لە مێـــژوو! بەڵام

رووداو و پێشـــوەچوونەکانی ســـاڵانی دوای گەواهـــی گەڕانەوەی ناسیۆنالیزم و جوداخوازی و دەوڵەتی نەتەوەیین لە جیهانی رۆژئاوا.

بێگومـان جیهـانگەرایی رەوتێکـی بەهێـزە، گەرچـی ئێسـتا وەهـا دەردەکەوێـت کە تەوژمـی جیهـانگەری لە قەیرانـدایە، بە تـایبەت کە گوتاری ئەمرۆی مرۆڤایەتی لە نێوان دوو ئاڕاستەی گەردوونـی و نیشتمانیدایە. بەڵام ئێمە لە دۆخی کورددا، هیچ تەنگژەییەک نـابینین لە نێوان نیشتمانی و جیهانیدا. ئەگەر جیهـانگەری هانمـان دەدات کە لە دونیـــادا باشـــتر ئامـــادەبین ئەوا نیشـــتمان ئەو پێگەیەمـــان پێدەبەخشـێت کە بە باشـترین شـێوە لە جیهانـدا ئامـادەبین. بـوونی نیشتمانێک ئێمە لە دۆخی پەنـابەری و بێناسـنامەیی و نکوڵیکردن و نەناسراوی و پەراوێز کەوتن و بێداکۆکیکەر و بێماڵی دەپارێزێت.

ئـێمە بڕوامـان وەهـایە کە دەوڵەت رۆڵـی گـۆڕاوە، بەڵام لە نـاو نەچـووە، تەنـانەت بەو شـێوەیەش رۆڵـی کەم نەبـووەتەوە وەکـو هەنـدێک دەخـوازن بڵـێن. لە دۆخێکـی وەهـادا کوردبـوون بـوونێکی ناسـیونالی نیـیە، هێنـدەی خەبـاتە بـۆ یەکسـانبوون لەگەڵ ئەوانـی دیکەدا و بـوونی دەریـچەیەک بـۆ دونیـا، مـرۆڤ بـوون لە دۆخێکـی یەکساندا نەوەک نایەکسان و بگرە بندەست بوون. ئێمە کوردسـتان لە هەمان تای جێگاکانی وەک سکۆتلەندا و کەتەلۆنیا دەبینین.

## ٤-٣ دەوڵەتی کوردی و ئەوانیتر

لەم بەشـەدا هەوڵ دەدەیـن هەڵوێسـت و بۆچـوونی ئەوانـی دیکە لەمەڕ دەوڵەتـــی ســـەربەخۆی کوردســـتان روون بکەیـــنەوە. ئەو بەشـــەی پەیوەنـدی بە عێـراقەوە هەیە هەوڵـدەدەین لە نزیکتـرەوە

تەماشـــای نەک هەر عێـــراق وەک دەوڵەت بەڵکـــو پێکهـــاتە هەرە گرنگەکانی وە هەڵوێستیان دەربارەی ئەم مەسـەلەیە هەڵبسـەنگێنین. شـێوازی نزیکبـوونەوەی ئـێمە لەم بەشـەی نووسـراوی بەردەسـت ئەوەیە کە ئـێمە یەکە سیاســییەکان یــا یــاریکەرە سیاســییەکان بە شـــیوەی دابـــڕاو لەیەکتـــر نـــابینین بەڵکـــو بەردەوام کـــارتێکردن و تێکهەڵکێشێک بەدی دەکەین لە هەڵوێستەکاندا.

## ٤-٣-١ عێراق

گرنگتـرین وڵات، لـە میـانەی لە دایکبـوونی دەوڵەتـی کـوردی لە باشـووری کوردسـتان، عێراقە. لـە ئەدەبیـاتی دیپلۆماتیـدا بە عێراق دەگوترێت وڵاتی دایک. رازیبـوونی ئەو دەبێتە هۆکاری رازیبـوونی زۆر وڵاتی دونیـا بە شـێوەیەکی دەسـتوبرد. پێچەوانەکەشـی راسـتە، لە ئەگەری رازینەبـــوونی عێـــراق بە ســـەربەخۆیی باشـــووری کوردســـتان، ئەوا بە ئەگەری زۆر لەمپەڕێکـــی جـــددی لەبەردەم کۆمەڵگـــای جیهانیـــدا دروســـت دەبێـــت بە ئاڕاســـتەی داننـــان بەو دەوڵەتە کوردســـتانییە ســـەربەخۆیە. لەم حـــاڵەتەدا دەکرێـــت هاوپەیمانییەکی ئیقلیمییش بۆ پشـتیوانی عێراق دژ بە سـەربەخۆیی کوردسـتان بێتە کـایەوە. بـۆیە عێـراق دوای نـاوخۆ (واتە نـاوخۆی مـــاڵی کـــورد)، رۆڵـــی هەرەســـەرەکی دەبینێـــت لە پرۆســـەی لە دایکبوونی دەوڵەتی کوردیدا.

دەوڵەتی عێراقی، وەک دەستکردێکی دەرەکی (artificial state)، لـە سـەدەی رابـوردوودا کێشـەی ئەوەی هەبـووە کـە چـۆن ببێـتە دەوڵەت وە لە هەمـان کاتیشـدا ئەم دەوڵەتە چـۆن نەتەوەیەک پڕ بە

پێســـتی ئەم دەوڵەتە بەرهەم بهێنێــت. دەکرێــت جینالۆجیـــای ئەم دەوڵەتە هاوکارمـان بێت بۆ ئەوەی بتوانین لێی تێبگەین. دەوڵەتـی عێراقی، بە تـایبەت لـە دیدی ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە، وەهـایکرد کــە زۆریــنەی خەڵکــی عێــراق بە عێراقیــی لە قەڵەم نەدرێــن و لە ئەنجامـدا خۆیــان بە عێراقــی نەزانــن، بە تــایبەت شــیعە و کــورد. شـــــیعەو کـــــورد لەبەر ئەوەی لە بنەماکـــــانی فەرمەنڕەوایــــی و دەوڵەتداریەوە دووربـوون، فریویـانخوارد بە دژایەتـی بەریتانیـا، بۆ نمـوونە شـەڕی شـوعەیبە و شۆڕشـی بیسـت، کوردیش کەسـایەتی دیپلۆمات و دەوڵەتمداری نەبوو، زیـاتر خەڵکانی خێڵەکی دەمـارگیر بە ســەر بــزووتنەوەی سیاســی کوردیـدا زاڵ بــوون، لە ئەنجامــدا هەردووکیـــان، واتە کـــورد و شـــیعە، بە خەڵکـــانێکی دژە دەوڵەت بینران. سوننە چونکە خـاوەن چینـی سـەربازی و ئیداری بـوو، زوو خۆی لەگەڵ دەسەڵاتدا گونجاند، نەک هەر ئەوە بەڵکو تەنـانەت ئەم پێکهاتەیە بوو بە خاوەنی عێراق. دەبێت ئەوە بگوترێت کە کورد بە نــاڕەزایی خــۆی بە عێــراقەوە لکـاوە. لە ئەنجامـدا ســوننە بــون بە خـــاوەنی عێــراق و ئەوانیتــر پەشــیمان بــوونەوە لە خەبــاتی دژە ئیمپریـالی، دەبینـین چـۆن شـیعە، بە پێچەوانەی ئەزمـوونی پێشـوی لەگەڵ بەریتانیــای مەزن، بە گــوڕەوە لە کــۆنگرەی لەنــدەن (٢٠٠٢) باوەش بۆ هاتنی ئەمریکا دەکاتەوە.[١] بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراقدا لە ئـارادایە شــەڕە لە ســەر **خاوەنـداریێتی عێـراق**. هەر پێکهـاتەیەک ببێتە خـاوەنی عێراق لە ئەنجامـدا عێراق لە نـاوەوە شـێوازی دیکە

---

[١] بۆ زیاتر لەم رووەوە بڕوانە: Jabar, Faleh (2003) *The Shi'ite Movment in Iraq*, Saqi, London.

وەردەگرێت. بڕێکی زۆری ئەمە خوێن رشتن و کوشتن و راگواستنی زۆری لەگەڵدایە.

بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە بەسەرهاتی دەوڵەتی عێراق هەر لە رۆژی دروستبوونییەوە، پێویستمان بەوەیە شتێکی زیاتر دەربارەی شەڕ و ململانێ لە سەر خاوەندارێتی ئەم وڵاتە بڵێین.

لە ٢٩ی تەموزی ساڵی ١٩١٨دا ئەدمیراڵ سێر ئیدمۆند سلەید راپۆرتێکی نووسی لە ژێر ناونیشانی دۆخی پەترۆل لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیدا. ئەم راپۆرتە لە لایەن هانکی-وە خوێنرایەوە کە یەکێک بوو لە راوێژکارانی لوید جۆرج. لە ٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨دا لوید جۆرج لە پاریس میوانی خوانێکی ئێوارەبوو بۆ قسەکردن لە سەر چۆنێتی دابەشکردنی شام و میزۆپۆتامیا. لوید جۆرج دژ بە تورک بوو، وەهای دادەنا کە تورک یان عوسمانییەکان میزۆپۆتامیای بێشکەی شارستانیەتیان کردووەتە بیابانێکی وشک، بۆیە نابێت چیتر رێگەیان پێبدرێت خراپ حکومڕانی ئەو ناوچەیە بکەن. بەڵام ئەو ئێوارەیە لە پاریس هۆکاری دیکە هەبوو، ئەویش کاریگەری راپۆرتەکەی سلەید بوو، کە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی پێویستی بەوەیە کە واز لە خەڵوزی بەردین بهێنێت و بە پەترۆڵ کەشتییەکانی بخاتە گەڕ. ئەو رۆژگارە بەریتانیا لە ئەمریکاوە پەترۆڵی دەهێنا، سلەید بڕوای وەهابوو کە ودرۆ ویلسن، سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا، کە بە چواردە خاڵەکەی و داڕێژەری قوتابخانەی ئایدیالیزم لە روانگەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ناسراوە، دژ بە ئیمپریالیزمە، بۆیە دەبێت بەریتانیا خۆی

سەرچاوەی پەترۆڵ بۆ خۆی مسۆگەر بکات، ئەویش بە تایبەتی لە ڕێگای بەدەستهێنانی موسڵ دەبێت. ئەو شەوە لە پاریس لوید جۆرج زۆر بە گوڕەوە داوای موسڵی دەکرد، دەیوت "موسڵم دەوێت". موسڵ بەپێی ڕێکەوتنامەی سایکس-پیکۆ (١٩١٦) دەکەوتە دەست فەڕەنسییەکان، بەڵام پاشان بە سەرکێشی سەربازی کەوتە دەست ئینگلیزەکان و لە ئەنجامدا ئەم قەبارەیەی ئێستای عێراق بەرهەم هات.

بە پێی تیۆریی مۆدێرنیزەبوون (التحدیث) دەبوو عێراق لە میانەی حکومڕانی و بونیادی دەزگاکانی وەک قوتابخانە، بواری گشتی، بوونی ناوەندێکی هاوبەش، و هەروەها بوونی سەرباز، شوناسێکی هاوبەش لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانیدا دروست بکات. هەروەها لەم پێناوەدا بەریتانییەکان کۆمەڵێک کاریان ئەنجامدا بە تایبەت بونیادنانی هێڵی شەمەندەفەر و بۆری گواستنەوەی نەوت و ڕێگاو بان. شایانی باسە عەرەبە ناسیۆنالیستەکان ئاگاداربون لە نەتەوەنەبوونی عەرەب و بە تایبەتی عێراقییەکان، لەبەر ئەوە ئەو ناسیۆنالیستانە، لەوانەش ساطع الحصری، خزمەتی سەربازییان وەها دەبینی وەک ئەوەی بوارێک بێت بۆ دروستکردنی نەتەوە. بەڵام دواکەوتوویی خەڵکی عێراق و دواکەوتویی سیستمی فەرمانڕەوایی عێراق نەیتوانی بەسەر ئەو سەختیانەدا زاڵ ببێت کە پەیوەندیدارن بە دروستکردنی دەوڵەت و خوڵقاندنی نەتەوە. عێراق نەبووە خاوەن شوناسێکی هاوبەش و حکومەتێکی کارا و سیستمێکی دیموکراسی و بوارێکی (فەزا) گشتی کراوە.

ئەم پرۆسـەیەی بونیادنـانی دەوڵەت و نەتەوە، لە جێگایەکـدا کە بـوونی نەتەوە مەسـەلەیەکی زۆر ئـاڵۆز و پـڕ لە ململانێـیە، زۆر ئەسـتەمە. بە تـایبەتی کە بنەماکـانی کۆمەڵگـای تەقلیـدی هەتـا ئەمڕۆش زۆر بەهێزە.

ئەمە وەهـا دەکـات کە چەمکـی خاوەنـداریێتی عێـراق لە نێـوان عەرەبـی سـوننە و شـیعەدا زیـاتر چەمکێکـی نـامۆدێرن و لە ماهیەتیدا بەهـا و جیهـانبینییە تەقلیـدییەکان تیایـا بـاڵا دەسـت بـن نەک بەهـا مۆدێرنەکـان. ئەم چەمکـی خاوەنـداریەتییە زۆر فرەڕەهەنـدە: ڕەهەنـدی سیاسـی و دیمـوگرافی و جیۆپـۆلیتیکی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری لەخۆ دەگرێت، کە ئێمە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە کاریان لە سەر بکەین. جگە لەم ڕەهەندانەش، لـە هەنـاوی ئەم ململانێـیەدا نـوخبەیەکیش هـاتووەتە ئـارا، کـە پێویسـتی بە دەسـت بەسـەراگرتنی ئـابوری و سیاسـەتە بە شـێوازێکی مۆنۆپـۆلی هەتـا بتوانێـت بمێنێـتەوە و درێـژە بە ململانێکانی و مانەوەی لە دەسەڵاتدا بدات.

تێـزی ئـێمە ئەوەیە کە بـۆ ئەوەی کـورد و عەرەب بیانتوانیـایە ببـنە خـاوەن یەک خـاک، ئەوا لە ڕێگـای یەکێـک لەم مێتـودانەی خوارەوە دەبوو:

یەکەم، عێراق ببوایە بە وڵاتێکی بێ ڕەنگ، بێ ڕەگەز. بە مانـایەکی دیکە نە کورد نە عەرەب (لە عەرەبیش نە شیعە و نە سـوننە) باسـیان نەکرایە لە عێراقدا، بەڵکو تەنها باس لە هـاووڵاتی عێراقی بکرایە. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوویبـدایە پێویسـت بـوو عێـراق وەک شوناسـێکی ئەڵتەرناتیف و هاوبەش بهاتایەتە ئاراوە. بۆ ئەوەی ئەمەش ڕوویبدایە

ئەوا پێویست بوو دەوڵەتێکی مۆدێرنی سەرکەوتوو کە ببوایەتە قیبلەی هەموان بهاتایەتە ئاراوە، کە هەڵبەتە ئەمەش نەکرا.

دووەم، پێویست بوو کورد و عەرەب هەردوو خاکی خۆیان دیاریبکردایە و لە پرۆسەیەکی پێکەوەیی هاوبەشدا، لەهەوڵی ئەوەدابوونایە کە چۆن بتوانن پێکەوەبوونیان زیاتر تۆکمە بکەن. ئەمەش دیسانەوە پیویستی بە بوونی حکومەتی بالای کارای مۆدێرن دەبوو، کە کاری بەڕیوەبردنی هەریەک لەم دوو پانتاییە بێت، چۆن زیاتر لەیەکتر نزیکیان بکاتەوە، لە ڕێگای پێکەوەبەستنی مۆدێرن: وەک ڕێگاوبان، کەلتوور، بازرگانی، ئاسایش، چالاکی ئابوری... هتد.

بەڵام ئەم بژاردانە لە ئەوروپاش بە ئەستەم روودەدەن، چ جای لە شوێنێکی وەک رۆژهەلاتی ناوەڕاست. تەنانەت لە ولاتێکی وەک بەلجیکا بڕوانە چەند پڕ لە قەیرانە لە شێوازی حوکمڕانی بەهۆی بوونی دوو پێکهاتەی ئیتنی جیاواز لە هەناویدا.

هەریەک لە پێکهاتەکانی ناو عێراق دیدی جیاواز و بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە و لە هەمان کاتدا دیدی جیاوازیان هەیە بەرامبەر بە کورد. لێرەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر پێکهاتەکان و هەڵوێستەکانیان:

### أ) سوننە:

سوننەی عێراق هاوسنووری کوردن. هەرچەندە لە پاش هاتنی داعش و گۆڕانکارییە زۆرەکانی ناوچەکە، ئەم هاوسنوورییە گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە وە بە ئەگەری زۆر لە داهاتودا گۆڕانکاری

زۆرتریشـــی بەســـەردا دێـــت. بەم واتـــایەش چیـــدی کـــورد تەنهـــا هاوسنووری سوننە نییە، بەڵکو هاوسنووری شیعەشـە. (لـە بەشـی قسەکردن لەسەر شیعە زیاتر رووناکی دەخەینە سەر ئەم پرسە).

ســوننەی عێــراق لــە دۆخێکــی راگــوزەردان. ئەم دۆخە خــۆی لەوەدا دەبینێـــتەوە کە ئەم کەمیـــنەیە خاوەنـــداریێتی عێراقـــی لەدەســـتداوە، تەنـــانەت لەمەش زیـــاتر بـــووە بە کەمینەیەکـــی بێدەسـەڵات، یـان لە باشـترین حاڵەتـدا کەم دەسـەڵات، لە عێراقـدا. ئەم راگـوزەرە ئاسـان نیـیە، چـونکە بریتییـە لـە گواسـتنەوە لـە کەمینەک کە ماوەی زیاتر لە ٨٠ ساڵ لە پێگەی زۆرینەدا بووە و لەو پـێگە بەهێزەشـییەوە فەرمـانڕەوایی عێراقـی کـردووە و هەر ئەویــش پێناســەی دەوڵەتــی عێراقــی کــردووە، بــۆ کەمینەیەکــی پەراوێزخـراو، تەنـانەت هەنـدێک جـاریش وا وێنـاکراوە وەک ئەوەی هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی بە کۆمەڵ و لەناوبردنیشی لەسەر بێت.

سـوننەکان هەتـا ئێسـتا لە بەرگرییەکـی سـەختدان بەرامـبەر ئەم دۆخە، کە لـە ئەنجـامی کـۆی پێشـووەچونەکەش بـاجێکی زۆریـان داوە. بە هەر حـاڵ بە دوورخسـتنەوە و پەراوێزخسـتنی دەسـەڵاتی سـوننە، عێراق گۆڕانکاری گەورەی بەسـەردا دێت. عێراقـی گـۆڕاو بە ئەگەری زۆر عێراقی شیعە دەبێت بە دیموگرافیا و جیۆپۆلیتیکی جیـــاوازەوە. ئەم پرۆســـەیە هێشـــتا لە قۆنـــاغی راگـــوزەردایە و پرۆســـەکەش پـڕە لە کۆسـپ و ململانـێ. دەسـتبردنی سـوننە بـۆ تیـرۆر پرسـی سـوننەی گـۆڕی، تەنـانەت داعـش کە بەم مـاوە کەمە تـوانی ئەو هەمـوو پێشـڕەویە بکـات تـا رادەیەکـی زۆر لەبەر ئەوە بوو کە داعش توانی سواری ملی بەرهەڵستکاری و ناڕەزایییەکانی

سوننە ببێت. کێشـەی سـوننە ئەوەیە لە بـری ئەوەی لەگەڵ دۆخە گـۆڕاوەکەدا خۆیـان بگـونجێنن، هەوڵـدەدەن ڕێگـری لـە گـۆڕانی دۆخەکە بکەن، بە وەهمـی ئەوەی جـارێکی دیکە عێـراق بگەڕێننەوە دۆخی باڵادەستی سوننە. ئەم ڕێگرییە لە گۆڕانکاری و هەوڵدان بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێشوو، مەترسی و هەڕەشـە لەسـەر سـوننە زیاتر دەکات و بەرامبەرەکانیشیان (تۆ بڵێ شیعە) مکوڕتر دەکات لە سنووردارکردنی، تەنانەت پەراوێزخستنی، سوننە لە عێراقدا.

سوننە لە سێ ڕوانگەوە دژ بە جیابوونەوەی کوردسـتانن. ئەم سێ ڕوانگەیە بـریتین لە ڕوانگەی خاوەنداریێتی عێـراق، ڕوانگەی عروبەی عێراق، پاشان ڕوانگەی ئیسـلامی سیاسـی کە ئەمیشـیان، جگە لە عـروبە، دیـدێکی باڵادەسـتە لە نـاو عەرەبـی سـوننەدا. لەم بارەیەوە کەرکوکیش گرنگیەکی تایبەت وەردەگرێت. بەڵام هەمـوو ئەم دیدانە لە قەیراندان. گەرچی عێراق بە ئەگەری زۆر لە ڕووی ناسـنامەوە وەک عێراقـی عەرەبـی دەمێنێـتەوە، بەڵام **عـروبەی عێراق بۆ سوننەیەک جودایە لەوەی بۆ شیعەیەک**. جگە لەمەش دەمێکە عروبە خۆیشـی بە قەیرانێکی گەورەدا گوزەر دەکات، کە زۆرێـک لە شـارەزایان وای بـۆ دەچـن کە ئەو پشتشـکانەی لە نسـکۆی عەرەب لە شـەڕیدا لەگەڵ ئیسـرائیل ١٩٦٧ بەر وڵاتـانی عەرەبـی کەوت، بەشـی زۆری شکسـتەکە بەر خـودی عـروبە کەوت. بە واتـایەکی دیـکە ئەو شکسـتە خـاڵی گەڕانەوەی عـروبە بوو لە لوتکەوە بەرەو هەڵدێر.

کـورد و سـوننە هەم دەبێـت پـێکەوە بـژین و هەم دەبێـت هاوسـنووربن، بەڵام ڕێکخسـتنی ئەم دۆخە ئاسـان نیـیە. کاتێـک

سوننە لە ناو کورددا دەژی مانای وایە کوردستان بەشێک دەبێت لە قوڵایی ستراتیژی دەوڵەتی عێراق، یان راستتر بڵێین پێکهاتەی سوننە. بۆیە ئەگەر چی سنووریش لە نێواندا هەبێت بەڵام لە یەک دابڕانی بە تەواوەتی ئاسان نابێت، ئەمەش هەر نەبێت بە دوو هۆی سەرەکی: یەک، هاوبەشی لە مەزهەبدا؛ دوو، بەردەوام ناو ماڵی کورد کەلێنی تیا هەبووە کە لە رێگایەوە سوننە بتوانێت لە رووی سیاسییەوە "دزە" بکاتە ناو مەیدانی سیاسی کوردستان، بە تایبەتی کە لایەنێکی کوردی هەبووە بە هۆی حیساباتی ئیقلیمی و بەرژەوەندییە حیزبییەکانی ئەم لایەنە کوردییە، ئامادە بووە دەست لەگەڵ سوننە تێکەڵاو بکات.

ئەگەر بێتو شیعە زاڵ ببێت ئەوا سوننە بە سەر دوو ئەگەردا دەکرێنەوە، یان ئەوەیە رایان دەگۆڕێت و خۆیان لەگەڵ روانگە سیاسییەکەی دوای کەوتنی رژێمی پێشوو دەگونجێنن، یان بێدەسەڵات دەبن و دەکەونە پەراوێزی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی. بەڵام دەبێت ئاگامان لە ئەگەری سێیەم و چوارەمیش بێت. ئەگەری سێیەم ئەوەیە کە سوننە بەکاربێن دژ بە کورد، ئەگەری چوارەمیش ئەوەیە کە سوننە و کورد پێکەوە گرێبدرێن لە یەکەیەکی دینی- مەزهەبی، غەیرە ئیتنی، کە دەکرێت لەبەر هەندێک بەرژەوەندی تایبەتی، هەر وەک پێشتر باسکرا، لایەنێکی کوردی پشتگیری لە پرۆژەیەکی لەم جۆرە بکات!

ئێمە هەر جۆرە گۆڕینێک لە شوناسی کوردیدا (لەم حاڵەتەدا لە رێگای کاراکردنی شوناسێکی بە ناو هاوبەشی ئیسلامی سوننی بۆ کورد و عەرەبی سوننە) بە مەترسی بۆ سەر بوونی کورد دەبینین،

چونکە کورد، نەتەوەیەکی بچووکە لە چاو عەرەب یان سوننە، بۆیە هەر پێکەوەبوونێک لەگەڵ ئەویتردا تەنها لاوازی دەکات. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە نابێت سوود لە دۆخ و دەرفەتەکان ببینین. بەڵام بە بوونی ئامانجێکی روون؛ ئەویش سەربەخۆیی خودە.

سوننە لە میانەی ململانێییاندا لەبەر بوونی توانای مۆنۆپۆلی ئایینیی ئیسلام توانیویانە خەڵکی ترسناک لە گشت گۆشەکانی دونیاوە بهێنن و بەکاریان بهێنن بۆ جەنگەکەیان، لە فۆرمی قاعیدە و داعشدا. راستە ئەمە لە لایەکەوە زیانی گەورەی لێدان، بەڵام لە لایەکی دیکەوە کردنی بە خاوەن ژمارەیەکی بێشومار لە دڕندە کە هەتا مردن ئامادەن بجەنگن. ئەم دڕندانە هێزێکی ترسناکن. بەڵام وەڵامی ئێمە پێویستە دیموکراسی بێت. چونکە لە دونیای ئەمڕۆدا لە دوا ئەنجامدا دەزگا و تەکنەلۆجیا جەنگ دەباتەوە بەرامبەر ئەوانیتر؛ مۆدێرنە براوە دەبێت لە نامۆدێرن.

وەها دیارە کە سوننە لە پاش داعش بە چەند پرۆسەیەکی جیاواز شوناس و پانتاییان بەرهەم دێتەوە. بەسوودبینین لە دیدی هێنری لۆفبڤێر، لە کتێبی دەوڵەت، کە باس لە بەرهەمهێنانی پانتایی دەکات لە لایەن دەوڵەتەوە، دەتوانین خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی سوننە بکەین. سوننە لە ئاستی شوناس و پانتاییدا بەرهەم دێتەوە، لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە. ئەم بەرهەمهێنانە بەم شێوەیەیە:

لە ئاستی ناسنامەدا سوننە، دەبێت بگۆڕیت بۆ خێڵ، یان خێڵە سوننییەکان. مەبەست لەمە دروستکردنی درزە لە هەناو شوناسی گەورەی سوننەدا بۆ وردکردنەوەی ئەم شوناسە بۆ شوناسی وردتر، شوناسی نادەوڵەتی (هی خێڵ).

هاوتەریــب، دەبێــت جوگرافیــای نــاوچە ســوننیەکان بە چەنــد ئاســتێک بەرهەم بێــتەوە. لە جێگــا هەســتیارەکان وەدەربنــرێن و پاشـان ژمارەیـان کەم بکرێنەوە، بـۆ نمـوونە لە دیـاله. لە جێگاکـانی دیکە ناوچەی تایبەت لە ئاستی نـاحیە و قەزای تـایبەت بە سـەرۆک عەشــیرەتێک دروســت بکرێــت، کە ســەر بە دەســەلاتی شــیعەبێت، وەک لە نــاوچەی ئەنبــار. هەنــدێک جێگــا ســوننەی لــێ دوور دەخـرێتەوە، وەک پشـتێنەی بەغـدا و سـامەڕا. جگە لەوەش بە پێـی دیـدی شـیعە دەبێـت لە خـانەقینەوە بـۆ حەڵەب کە شــەقامێکی دوو سـایدی خێرا هەیە لەژێر دەسـتی شـیعەدا بێت، ئەمەش کەلێنێک و درزێکــی جــددی دەبێــت بــۆ ســوننە لە رووی کــۆمەلایەتی و جوگرافییەوە، وە بە ئاکامیش لە رووی سیاسییەوە.

ئەم گۆڕانکارییانە لە عێراقدا بۆ ئەم مەبەستانەیە:

یەکەم، زامنکردنـی دەسـەلاتی شـیعە، بە تـایبەت دوای ئەوەی لە رێگای داعشەوە کەوتە ژێر مەترسییەوە؛

دووەم، رێــگەنەدان بەوەی کە جــارێکی دیــکە ســوننە ببێــت بە مەترسی بۆ سەر شیعە؛

سێیەم، دروستکردنی دەسەلاتێکی بالای شیعە لە عێراقدا؛

شــایانی باســە کاتێــک هێشــتا ســوننە بە تەواوەتــی تێــک نەشـکێنرابوون، بە فیـدڕالی رازی نەدەبـوون، کەچـی شـیعە رازی بـوو. بەلام ئێسـتا کە تێکشـکێنراون بە فیـدراڵی رازیـن، بەلام شـیعە رازی نییە. لەوە دەچێت دواجار سوننەی عەرەب لە عێراق ببێت بە قوربــانی وەهمــی خــۆی، وەهمــی بەدەســتهێنانەوەی دەســەلاتی لەدەست چوو، وەهمی بالا دەستی لە عێراقدا!

**ب) شیعە**

لە مێژووی عێراقدا و پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیش، لە بیست و سییەکانی سەدەی رابدودا، شیعە هەر لە پەراوێزدا بون. ئەم پەراوێزیەی شیعە لە راستیدا رەگێکی قووڵی هەیە لە مێژووی ئیسلامدا. لە یەکەم پەرتبوونی ئیسلام، شیعە بون بە کەمینەی ئۆپۆزسیون لە ناو ئیسلامدا. وەک کەمینەیەک کە خواستیان ئەوەبوو بنەماڵەی موحەمەد حاکم بێت، بەڵام بە گشتی شکستیان هێنا. ئەم شکستە بووە هۆی جیاوازی زیاتر لە نێوان سوننە و شیعە کە دواتر چووە بواری تەفسیر و ئوسوڵ و بە گشتی تێگەیشتن لە ئیسلام.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئاینزای شیعە ئەوەیە کە دەبێت چاوەڕوانی هاتنی مەهدی بکەن بۆ ئەوەی بتوانن حوکم بکەن. ئەم تێگەیشتنە یەکێک بووە لەو هۆیانەی وایلێکردن کە لە مێژوودا دوور بن لە حوکمدارییەوە. بەڵام لە شەستەکان و پاشان لە حەفتاکان گوتاری رەوایی دەسەڵات بۆ فەقیە (ولایة فقیە)، لە سەردەستی خومەینی هاتە ئاراوە. دەقەکانی لە بەیروت چاپکرا و بە نهێنی بڵاوکرایەوە.

پاشان ئەم تێزە، بوو بە مانیفێستی شۆرشی ئێرانی/ئیسلامی.[١]

---

[١] گرنگە لێرەدا ئەوە روونبکەینەوە کە بۆچی دوو ناوی شۆڕشی ئێرانی و شۆڕشی ئیسلامی، وەک جێگرەوەی یەکتر، بۆ ئەم هەمان شۆڕشە بەکاردەبرێت. پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێین کە، بە هەر حاڵ بە بۆچوونی ئێمە ئەم شۆڕشە لە سەرەتادا ئێرانی بوو وە بە بەشدارییەکی سەرتانسەری (چەپ، نەتەوەیی، کەمایەتییەکان... هتد) کەوتە سەرپێ، بەڵام هەر زوو ئەم

ئێمە شۆرشی ئێرانی بە ڕووداوێکی سیاسی زۆر گرنگ دادەنێین بە هەمـــوو مانــــایەکی چەمکـــی رودای سیاســـی لە فەیلەســـوفانی رووداوگەرایــی فەرەنســی وەک دۆلــۆز و بــادیو و ئەوانــی دیــکە. مەبەســــتمان لەمە ئەوەیە کە شۆرشـــــی ئێرانـــــی ڕووداوێکـــــی وەرچەرخێنەری ئەوهـا بـوو کە هەتـا ئەمڕۆش ئێمە مـامەڵە لەگەڵ دەرەنجامەکانیدا دەکەین، کە دەکرێت دەرەنجامەکان لە ئاستەکانی نـاوخۆی ئێـران و ئیقلیمـی و ئیسـلامی و جیهانیـدا کـورتبکرێنەوە. لێرەدا دوو دەرەنجام گرنگن:

یەکەم، زەمینەسازی و ڕەوایی بەخشین بە حوکمداری لای شیعە، سەرەتا لەرووی ئایینییەوە، پاشان لەرووی پراکتیکی و کردارییەوە.

خەسڵەتێکی دیکە ڕزگارکردنی شیعە لە باوەڕی خۆ دوورگرتن لە دەســـەڵات، بەم مانــــایەش بــڕوا بە خــۆ پەیــداکردن، بەوەی کە شیعە مـاف و توانـای ئەوەیـان هەیە کە حـاکم بن. ئەمە بە تـایبەتی لە رووی کـردارییەوە گرنـگ بـوو. هـاتنە سـەر دەسـەڵاتی شـیعە لە ئێـران، پـاڵنەربوو بـۆ هێنـانە ئـارای دۆخـی ئەوەی کە شـیعەی هـیچ

---

شۆڕشـــە لە لایەن ئیســـلامیەکانەوە، لە ســـەروی هەمووشـــیانەوە ئـــایەتوڵڵا خومەینیەو "رفێنرا." لەبەر ئەوەشە دەتوانین بڵێین کە ئەم شۆڕشە لە ئێرانییەوە کرا بە ئیسـلامی. ئەمەش جـاری یەکەم نییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بگـرە لە مێـژووی مـۆدێرنی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاستیشـدا، کە شۆڕشـێک یـا کودەتـایەک دەڕفێنرێـت یــا "دەدزرێـت." دەکرێـت، هەر بـۆ نمـوونە، بڵێـین کە شۆڕشـــی مسـرییەکان دژی ڕژێمـی حوسـنی موبـارەک لە لایەن ئیخـوانین موسـلمینەوە رفێنــرا، بەڵام دواتــر دامەزراوەی هێــزی ســەربازی ئەو وڵاتە، بە پشـــتگیری هەندێک توێژ و چینی میسر، شۆڕشەکەیان لە دەست ئیخوان دەرهێنایەوە.

کویَ رازی نەبن بە حوکمی سوننە، بەم مانایەش شۆڕشەکە بوو بە ئەرزهەژ (بـــومەلەرزە)یەک کە لە خــــاڵێکی زۆر تایبەتیــــدا روودەدات، بەڵام کاریگەرییەکـــانی دەپەڕنەوە بــۆ دەوروبەرێکـــی زۆر فراوانتر. یەکێکیش لەو ناوچانەی کە لە رێگای کاریگەری ئەم ئەرزهەژەوە جۆشوخرۆشــی تـێکەوت عێـراق و وڵاتـانی نـاوچەی کەنـداو بـون وە لە ئاکامـدا بـووە هـۆی کـاردانەوەی جۆراوجـۆر بەرامبەر شۆڕشی ئیسلامی، کە دەکرێت هێڕشی عێراق بۆ سەر ئێران بخرێتە ناو قاڵبی ئەم کاردانەوەیە.

ئەوەی ئەمـــڕۆ لە بەشـــێکی زۆری رۆژهەڵاتـــی ناوەراســـتدا دەیبینــین درێــژەدانە بە شۆرشـــی ئێرانـــی، بە تــایبەتی بە واتـــای خواسـتی شـیعە بـۆ حـوکمکردن و کۆتـایی هێننـان بە دەسـەڵاتی سـوننی. ئەمەش خـۆی لە خۆیـدا بـووەتە هـۆی کـۆمەڵێکی زۆر لە گۆڕانکاری لە جیهانی ئیسلامیدا، بەڵام زۆر بە تـایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وە زۆر بە تایبەتیتریش لە نیوەدوورگەی عەرەبیدا.

وەک دەزانـین عێـراق لـە مێژوویـدا هەمیشـە کێشـەی شوناسـی هەبـووە ئەمەش بـووەتە هـۆی ئەوەی کـە نەتـوانراوە عێراقێک بـۆ هەمـوان دروسـت بکرێـت. کێشــەیەکی وەهـا کـە رەگـی قـووڵی لە مــۆدێرنەو کۆلۆنیالیزمــدا، بە تــایبەتی بەریەککەوتنــی مــۆدێرنە و تەقلیـددا، رۆچـووە. شکسـتی عێـراق لــە سـاتەوەختی یەکەمەوە ئەوەبوو کـە شوناسـێکی پڕ کێشـەی هەبـووە، سـەرباری ئەوەش بە زەبـر هەولـدراوە شوناسـێک بەسـەر هەموانـدا بسـەپێنرێت. جگە لەوەی **عێراقیبـوون** وەک شـوناس خـۆی کێشـە بـوو بە تـایبەتی بە پەیوەنـدی لەگەڵ پرسـیاری ئایـا ئەم وڵاتە هــی کێـیە، ئایـا کــیَ

خـــاوەنی ئەم وڵاتەیە؟ ئەمـــڕۆش، نەک تەنهـــا پێشـــتر، بەو پەڕی خوێناویـــانە، لە هەنـــدێک ڕەهەندیـــدا خوێنـــاویتریش لە جـــاران، هەوڵـدەدرێت وەڵامـی ئەم پرسـیارە یەکلابکـرێتەوە. گـرنگە لێـرەدا ئەوە جەخـــت بکەیـــنەوە کە ئەم یەکلاکـــردنەوەیە بە زەرورەت پرۆســـەیەکی نـــاخۆیی عێراقـــی و دابـــڕاو نیـــیە. ئێـــران نەک هەر نزیکیەکـی جـوگرافی هەیە لەو پرۆسـەی یەکلاکـردنەوەیەدا، بەڵکـو ئەم وڵاتە، واتە ئێـران، بە زۆر شـێوە و لە زۆر ئاسـتدا خـۆی لە قوڵایی ئەم یەکلاکردنەوەیەدا دەبینێتەوە.

لە کاتێکـدا کە هاوبەشـییەکی راسـتەقینە لە نێـوان پێکهاتەکـانی عێراقـدا نیـیە، کاتێـک عێـراق وەک بونێـک لای هەریەکەو مانـایەکی هەیە، لای هەنـدێک خـاوەن دەسـەڵات بـوون و باڵادەسـتی بـووە، بەڵام لای هەنـدێکی دیکەش بێبەریبوون و پەراوێزخستن[١] بووە لە

[١] لێرەدا گرنگە ئەوە بڵێین کە پەراوێزخستنی یا پەراوێزکەوتنی شیعە لە عێراق، هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم دەوڵەتەوە تا کەوتنی رژێمی بەعس، مەرج نییە تەنها بەوە لێکبدرێتەوە کە ئەمە تەنها و تەنها خواستێک و سیاسەتێکی حساب بۆکراوی سوننە و بەریتانییەکان بووە. لەم بارەوە ئەو لێکۆڵینـانەوانەی لەبەردەستدان بـاس لە دوو ئەگەری دیکەش دەکەن، جـگە لەوەی کە ئەم پەراوێزخســتنە خواســتی ســوننە بـــووە. ئەم دوو ئەگەرەش: ١) لە سەرەتادا دەستەبژێرێک لە شیعە لەگەڵ ئەوەدا نەبوون، یا تەنانەت دژی ئەوەش بون، کە شیعەکان بەشدار بن لە فەرمـاڕەواییەک کە بەریتانییەکان رۆڵیان لە دامەزراندن و سەرپێخستنیدا هەبوو؛ ٢) بە درێژایی سەدان ساڵ لە فەرمـانڕەوایی عوسمانییەکان بەسەر عێراقدا، پارچەکانی عێـراق لە شـیوازی پەیوەنـدی لەگەڵ دەوروبەر، ئاڕاسـتەی جیـا جیایـان هەبوو. سوننەکان زیـاتر پەیوەنـدیان لەگەڵ وڵاتـی شـام و قوستەنتینییەدا

دەسەلات و لای کوردیش بێدەسەلاتی و ناچاری و بەزۆر لکاندن بە عێراقەوە بووە.

لە دۆخێکی وەهادا شەڕ لە پێناو ئەوەی کە **کێ خاوەنی عێراقە**و کێ (کام لایەن) عێراق "دەباتەوە" شەڕێکی سەختە. ئەمڕۆ ئەو شەڕە بە هەموو ئاستەکانی لە ئارادایە. شیعە دەیەوێت ببێتە خاوەنی عێراق، بەلام سوننە هەست دەکات، لانی کەم لە ئێستادا، ئەو خاوەنداریەتەی لەدەست داوە. ئێستا و لەداهاتووشدا بە خاوەنبوون پێویستی بەوەیە ئەوەی کە هەتا ئێستا خاوەن بووە دووربخرێتەوە، بەواتایەکی دیکە سوننەی عەرەب پەراوێزبخرێت. ئەم دورخستنەوەیەی سوننە لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی سوپا و لە بەعسداماڵین (debabthification) دەستیپێکرد و پاشان بە راگوازتن، بگرە هەندێک جاریش بە لەناوبردنی فیزیکی یان جەستەیی سوننەکان، بەڕێوەچووە. بۆیە بە گشتی شیعەی عێراق لە پاش ٢٠٠٣وە لە دوو پرۆسەدان: یەکەم، **خۆدروستکردن**، دووەم، **خۆجێکردنەوە** (واتە جێگای خۆ کردنەوە). ئەم دوو پرۆسەیە لە ئەنجامی دروستبوونی ئەو دەرفەتە هاتە ئاراوە کە پاش رووخانی سەددام لە لایەن ئەمریکاوە بۆ شیعە دەستەبەرکرا. ئەوەتا لە چاوپێکەوتنێکی هەرە نوێیدا، تارق هاشمی، سەرکردەی سوننە و جێگری پێشووی سەرۆک کۆماری عێراق، جەخت لەوە دەکاتەوە کە "هاوکێشەی سیاسی لە عێراق

---

هەبوو، شیعەکان زیاتر لەگەڵ ئێران وە کوردیش زیاتر لەگەڵ سوننە و راستەوخۆش لەگەڵ قوستەنتینییەدا پێشخستبوو.

هاوسەنگ نییە، رۆڵی عەرەبی سوننە تەنیا بووەتە قسە و بۆچوون." هەروەها دەڵێت "لەو چەند ساڵەی دواییدا عەرەبی سوننە لە عێراق رووبەڕووی هەڵمەتێکی تائیفی بوونەتەوە، هەڵمەتەکەش بەرنامە بۆ داڕێژراو بووە."[1]

پێکەوەبوونی ئەم دوو پرۆسەیە (واتە خۆ دروستکردن و خۆ جێکردنەوە) زۆر هاوشێوەیە بە بەراورد بە دۆخی سیاسی کورد. چونکە بە هەمانشێوە کورد لە دوو پرۆسەی پێکەوەدایە، کە ململانێیە لە "ناو خۆیدا"، کە رێگرە لە **خۆدروستکردن** و شەڕ و ململانێیە لەگەڵ ئەوانیتردا لە پرۆسەی دووەمدا، واتە لە پیناو **خۆجێکردنەوەدا**. دیڤید ماکداوڵ[2] ئەمە ناودەنێت لە لایەکەوە شەڕی بەنەتەوبوون وە لە لایەکی دیکەوە شەڕی رزگاربوون. بەڵام شەڕی کورد لەگەڵ خۆیدا ململانێی نوخبەی کوردە بۆ زاڵبوون بە سەر کورددا، بۆ بەدەستهێنانی فەزای کورد، کە ئێستا لە وەرچەرخانێکی ترسناکدایە بەوەی کە کۆمەڵێک نوخبەی کورد، ئەوانەی هەندێک بە ئۆلیگارش و هەندێکی دیکە بە بازرگانان و (لۆرد)ی جەنگ ناویان دەبەن، دروست بووە کە کۆمەڵگا و جوگرافیا و سامانەکەی کورد ورد ورد و پەرتەوازە دەکات، **بەبێ بوونی هیچ خەمێکی نیشتمانی**. دەرەنجام هەر ئەمە هەڕەشە هەرە مەترسیدارەکەیە لەسەر هەردوو پرۆسەی خۆدروستکردن و خۆجێکردنەوەی کورد لە باشووری کوردستان و عێراقدا.

---

[1] http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/020220171
[2] McDowall, David, A Modern History of the Kurds, 3rd rev. ed., London: I.B. Tauris, 2004.

زۆر نـین ئەو سیاسـییە کـوردانەی نیشـتمانانییانە هەڵسـوکەوت دەکەن. ئەگەر سیاســـییەکیش هەبێـــت بەو ئاڕاســـتەیە هەوڵـــی سیاســـەتکردن بـــدات، هەمیشـــە ڕووبەڕووی ســـەختی دەبێـتەوە. هەڵبەتە هۆکارێکی گرنگیش بۆ ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە کورد هێشتا خـــاوەنی چوارچێـــوەیەکی نیشـــتمانی نیـــیە بـــۆ سیاســـەت و سیاسەتکردن، نە لە ڕووی خەملاندنێکی ئایدۆلۆژی و تیۆری و نە لە ئاستێکی کرداریشدا. نەبوونی سیاسـەت و بنەمـایەکی ئایدۆلۆژی یەکبـووی نیشـتمانی وەهـایکردووە کـە باسـکردن لە دەوڵەت تەنهـا وەک دروشـمێک ببینرێـت نەک وەک پرۆژەیەکـی نیشـتمانی. نەک هەر ئەوە، بەڵکـــو لەوەش مەترســـیدارتر تەنـــانەت بگـــرە وەک دروشـمێکی پچڕ پچڕیش. هێشـتنەوەی مەسـەلەی سـەربەخۆیی لە ئاستی دروشمێکی پچڕ پچڕدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەکرێت ببێـتە هەڕەشـە لەسـەر خـودی پـڕۆژەی بەدەوڵەتبـوون، چـونکە دواجـار بە دروشـــم مـــانەوەی ئەم خەمە دەکرێـت ببێـتە هـۆی پوکانەوەی پڕۆژەکە و بێزاری خـودی خەڵکیش لەو دروشـمە، زۆر بە تـــایبەتی ئەگەر **گومـــان** کەوتە ســـەر خولیـــا و خواســـتە ڕاسـتەقینەکانی ئەو لایەنەی یـا ئەو سـەرکردەیەی کە ئەم دروشـمە بەرز دەکـــاتەوە. لە ڕاســـتیدا خەریـــکە ئەمـــڕۆ لە باشـــووری کوردســـتاندا ئەم شـــتە بە بەرجەســـتەیی ڕوودەدات: لە لایەک دروشـمی سـەربەخۆیی و لە لایەکی دیکەشـەوە نـاوەڕۆکێکی پڕ لە کێشـە، پەرتەوازەیـی سیاسـی و قەیـران لە شـێوازی دەسـەڵاتێکی سیاســی ئەوپەڕی ناســەرکەوتوو. ئەمــڕۆ خەریـکە ئەم دروشــمە یەکســان دەبێـت لەگەڵ هەمــوو نــاهەمواری و کێشــەکانی ژیــانی

خەڵکــدا، جــگە لە پەککەوتــوویی دامەزراوەیەکــی هەرە بــاڵای نیشــتمانی، واتە پەرلەمــانی کوردســتان. جــگە لەوەش خەریــکە دروشـمی سـەربەخۆیی بە توندی یەکسان دەکرێت لەگەڵ هەڵپەی حیزبێکی دیاریکراو وە سـەرکردەیەکی دیارکراو لە پێناو رفاندن و دەست بەسەرداگرتنی دروشم و پڕۆژەی سەربەخۆیی.

لە ناو شیعەشدا دۆخێکی هاوشێوەی، ئەم حاڵەتە دەبینین. بەڵام بە شێوازێکی کەمێک جیاواز. لە کاتێکدا شیعە لە هەناوی خۆیدا لە ململانێدایە، لە هەمان کاتدا لە جەنگدایە بۆ لە قاڵبدانەوەی عێراق بە جۆرێــک کــە باڵادەســتی ئەوان مســۆگەر بکــات لە ئێســتا و داهاتوودا. لە ئاستی ناوخۆی شیعەدا ئەم ململانێی شیعە-شیعەیە، جگە لە ململانێ سیاسییەکان، پاشخانێکی تیولۆجیشی هەیە، کە ململانێــیە لە نێــوان نەجەف و قومــدا. ئەم ململانێــیە دەرکەوتەی سیاســی و جیۆپــۆلیتیکی زۆری هەیە کــە خــۆی لە سیســتمی "ولایەتــی فەقیــە" لە لایەک و نەیارەکــانی لە لایەکــی دیــکەوە دەبینێتەوە. هەڵبەتە رەهەندێکی گرنگی جیۆپۆلیتیکیش ئەوەیە ئایا دەبێــت عێــراق وەک وڵات چ جــۆرە پەیوەنــدییەکی لەگەڵ ئێرانــدا هەبێــت: بەشــێک بێــت لە هەژمــونی ئێــران، بگــرە ببێــت بە درێژکراوەیەکی ئێرانیش یا عێراق روو لە ئێران سـەربەخۆیی تەواوی هەبێت. هەڵبەتە وەڵامی ئەم پرسیارە تا رادەییێکی زۆر پەیوەستە بە رادەی گەشە و بەهێزیی ناسیۆنالیزمی عێراق لە ناو شیعەکاندا، بە تایبەتی ئاستی دەستەبژێردا.

کورد شیعە بە دۆست دەزانێت، بەڵام وەک هەموو بەکاربردنێکی دیکەی "ساویلکانەی" چەمکی دۆست لە سیاسەتی کوردیدا، ئەم

چەمکی دۆستە وەها دەبینرێت کە کۆنکریتی و نەگۆڕ و هەمیشەیی بێت. دۆستبوونی کورد و شیعە بەرهەمی دۆخێکی سیاسی تایبەت و **قۆناغێکی زەمەنی** تایبەت بووە، کە خۆی زیاتر لە زەمەنی باڵادەستیی سوننەدا بینیوەتەوە. جگە لەوەش ئەم دۆستایەتییە هی زەمەنێکە کە تیایدا هەردوو پێکهاتەی کورد و شیعە ڕووبەڕووی هەمان سیاسەتی پەراوێزخستن لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی پێشوو وە بەم واتایەش ئەو زەمەنە لە کەوتنی ڕژێمی بەعسەوە کۆتاییهات: ئێستا زەمەنێکی تەواو جیاوازە، هەڵبەتە بە حزور و ئامادەیی و ڕۆڵێکی بەهێزی ئێرانی "شیعی." ئێستا ئەو دۆخە سیاسییە تایبەتە بوونی نییە: ئێستا شەڕی باڵادەستی شیعە بەسەر عێراقدا و تەنانەت "بەشیعیکردنی عێراقیش" لە ئارادایە.

دیارە بە شیعەبوونی، یا ڕاستتر بڵێین بە شیعەکردنی عێراق وەرچەرخانێک بەسەر جیۆپۆلیتیکی ئەم وڵاتەدا دەهێنێت. ئەم وەرچەرخانە بە تایبەت لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە سوننە دووردەخرێنەوە، ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بە تایبەتی بە قوڵاییە سونییەکەی، لاوازدەبێت، بەڵام ناسیونالیزمی عێراقی بە ڕەنگ و تامی شیعە، کە زیاتر خۆی لە ڕەوتی موقتەدا سەدردا دەبینێتەوە، جێگای دەگرێتەوە. بەم پێیە ململانێی شیعە لە نێوان دوو قوتابخانەدایە: یەکەم بوونی عێراق وەک بەشێک لە جیۆپۆلیتیکی شیعە (بە ئێرانەوە)، بە چەمکی ئێستا هیلالی ئیسلامی شیعی؛ دووەم، بوونی عێراق وەک عێراقێک لە ژێرسایەی شیعەدا، وەک هاوسێیەکی ئێران. ئەم دوو شێوازە لە بوون و پەیوەندی، زیاتر بەریەک دەکەون تا یەکتر تەواو بکەن. ئێران خوازیاری عێراقێکی

زۆر بەهێزنییە. ئەمە بۆ عێراقی سەدریش راستە. عێراقی سەدر ناوەندێکی ئایینی و پیرۆزی خۆی هەیە کە نەجەفە، شوناسێکی جیاوازی هەیە کە عێراقیبوونە.

بەم پێیە کورد لە مامەڵەی لەگەڵ شیعەدا لەگەڵ، هەرنەبێت، دوو جیهانبینیدا مامەڵە دەکات کە یەکەمیان دەیەوێت عێراقێکی سەر بە جیۆپۆلیتیکی شیعە دروستبکات کە کەم یا زۆر "سەر بە ئێران" بێت، بەڵام دووەمیان، دەیەوێت عێراقێکی سەربەخۆ دروست بکات لە ژێر سایەی حوکمی شیعەدا.

سەدر دەیەوێت کورد عێراقی بێت. بەو مانایە دژ بە جیابوونەوە یان سەربەخۆیی کوردستانە و لە داهاتووشدا بە ئەگەری زۆر هەر وا دەبێت. لە دوا خۆپیشاندانەکانی ئەم رەوتەدا کوردێکی زۆری "عێراقچی" کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم رەوتە. مەترسی لەوەدایە کە کورد زوو دەبێتە عێراقی، لە کاتێکدا عێراق مایەی نەبون و قڕکردنی بووە. لە لایەکی دیکەوە هەوادارانی قوتابخانەی قوم پرۆژەکەیان گەورەترە لە هی موقتەدا سەدر. ئەوان دژ بە هەموو شیوازێکی دەسەڵاتی سوننەی عەرەبن لە عێراق و شامدا.

بۆ مامەڵەی تەندروست لەگەڵ هەردوو رەوتەکەدا کورد دەبێت **خۆی لە سوننەبوون**، وەک میکانیزمێکی خۆپاراستن و بەرەنگاربوونەوە، **بپارێزێت**، بە واتای ئەوەی کە بە زەرورەت خۆی نەخاتە خەندەقی سوننە لە پێناو خۆپاراستندا.هەڵبەتە لێرەدا سوننەبوون وەک شوناس و وەک هاوکێشەی جیۆپۆلیتیکی. ئەگەر کورد بچێتە بەرەی ململانێی تایفیەوە، ئەوا لە چەندین ئاستدا زیانی بەردەکەوێت و دەرەنجام هیچ دەستکەوتێکیشی نابێت.

شـــتێکیش کە لە پرۆســـەیەکی ئەوهـــادا زیـــانی هەرە زۆری بەردەکەوێـت **کوردبـوونە**، کە بە کـاریگەری سـوننەبوونەوە لاواز دەبێت و دەپوکێتەوە و دواجار کاریگەریشی لە رووی سیاسییەوە سنووردار دەبێت. دەرەنجامیش پرسی سەربەخۆبوون و پرۆژەی سەربەخۆیی زیانی کوشندەی بەردەکەوێت. پێشوەچوونێکی ئەوها کاریگەری لەسەر **کوردبوون** لە کوردستانی مەزنیشدا دەبێت.

ئایا لە میانەی پرۆسەی خۆ بە خاوەنکردنی عێراق لە لایەن شیعەوە، بە تایبەتی رەوتی سەدر و لایەنگرانی بۆچوونی ئەو، زەبـر بەکاردەبرێـت بـۆ بە عێراقیکردنـی کـورد. ئەمە یەکـێکە لەو مەترسییانەی کە وەها دەبینرێت پاش داعش یەخەمان بگرێت.[1] ئەگەر هـاتو جەنگێـک لەو ئاراسـتەیەدا روویـدا و ئـێمە توانیمـان بـراوەبین ئەوا بە قازانجمـانە، بەڵام لە دۆخێکـی پەرتەوازەیـی و نەبوونی پشتیوانی نێودەوڵەتیدا ئەستەمە کورد بتوانێت براوە بێت. جگە لەوەش لە حاڵەتێکی ئەوهادا ئەستەمە کورد بتوانێت شەڕەکە

---

[1] لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە پێشتر لەم نووسراوەدا ئاماژەی پێکراوە، پێشتر لە کۆتـایی ٢٠١٤ وە دواتـر بە شـێوازی کتێـب لە سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٥ بڵاوبووەتەوە، بورهان یاسین باس لە کۆمەڵێک مەترسی دەکات کە دەکرێت دوای داعش یەخەی کورد بگرن لە هەمووشیان مەترسیدارتر بە شیعیکردنی ململانێی کورد و عێراقە کە دەکرێت ئێرانیش ئەو کاتە بێلایەن نەبێت. دوو لە دەرهاوێشتە هەر گرنگەکانی سیناریۆییێکی ئەوها ١) بە شیعیکردنی ململانێ دەبێت لەسەر ناوچە دابڕێنراوەکان؛ ٢) ئەگەر لە شەڕی داعشدا کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی پشتی کوردی گرتبێت ئەوا بە ئەگەری زۆر لە ململانێیەکی شیعی-کوردیدا کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بێلایەن دەبێت و پشگیری کورد ناکات.

سنووردار بکات بە شەڕی "خۆی"، بەڵکو لەم شەڕەدا بە ئەگەری زۆر کورد دەبێتە بەشیک لە شەڕی سوننە و شیعە، نەک هەر لە ئاستی ناوخۆی عێراق بەڵکو لە ئاستی ناوچەکەدا بە گشتی.

دەرەنجام دەتوانین بڵێین، ڕێگری یەکەم لە بەردەم سەربەخۆیی کوردستان، عێراقە. هەتا عێراق دان بە کوردستاندا نەنێت ئەستەمە هیچ وڵاتێکی دیکە بە ئاسانی دان بە کوردستاندا بنێت، مەگەر ئەو وڵاتە نەیاری عێراق بێت. ڕەزامەندی ئەو وڵاتەی کە لێی جیا دەبیتەوە پێگەیەکی یەکلاییکەرەوەی هەیە لە پرۆسەی دانپیانانی نێودەوڵەتیدا.

کاتێک شیعە دەیەوێت ببێتە خاوەنی عێراق ئەوا یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی ئەوە دەبێت کە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان سەختتر دەبێت، چونکە ئەم سەربەخۆییە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر، وە ڕێگر لەبەردەم ئەم پڕۆژەی خاوەنداریەتییە. لەم بارەیەوە گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە چیدی عێراق وەک جاران نییە کە لە نێوان کورد و شیعەدا بەربەستێک هەبێت و لە هەمان کاتدا فشار ببێت بۆ سەر شیعە و ڕێگر بێت لە هەژمونی ئەو گروپە کە ئەویش سوننە بوو. ئەمڕۆ لە زۆر جێگاوە ئەو بەربەستە نەماوە، بۆ نموونە لە پارێزگای دیالە و تکریت. دراوسێبوونی ڕاستەوخۆی کوردو شیعە دۆخی پەیوەندی کورد و شیعە دەگۆڕێت، بە تایبەتی بە شیعەکردنی ململانێ لەسەر ناوچە دابڕێنراوەکان. ئەمە ڕەنگە ببێتە بەشێک لە فاکتەرەکانی دیکەی دابەشکردنی باشووری کوردستان لە جەمسەرگیریەکی ناوچەیی کە فەزای سیاسی ئەو بەشەی کوردستان بەسەر خۆیدا دابەشدەکات، هەروەک چۆن لە ١٩٩٠کاندا ڕوویدا، بەڵام

ئەمجارەیان بە هۆی جەمسەرگیری شیعە و سوننە لە ئاستی عێراق و ناوچەکەدا. لە دۆخێکی وەهادا قسەکردن لە سەر سەربەخۆیی پێویستە لە دروشمەوە ببرێتە ئاستێکی زۆر ئاڵۆز لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی پێدراو و رەگەزە جیۆپۆلیتیکییەکان. هەر چی زووشە پێویستە ئەم کارە بکرێت لە پێناو پاراستنی دروشم و پرۆژەی سەربەخۆیی لە هەموو جۆرە سەرکێشی و موغامەرەیەک، جا تاکحیزبی دەبێت یا تاکەکەسی، یا هەردووکیان بەیەکەوە.[١]

کورد دەبێت لەگەڵ شیعەدا پێکەوەبوون دابڕێژێت بە ئاراستەی سەربەخۆیی بەبێ ئەوەی شیعە بخاتە بەرەی دوژمنەوە، چونکە بە دوژمنکردن وەها دەکات کە هەم عێراق هەم ئێرانیش ببنە نەیار. هەنگاوێکی هەرە پێویست، بە دووبارەکرنەوەوە دەیڵێین، خۆپاراستنی کوردە لە هەر جۆرە هاوپەیمانییەک لەگەڵ جەمسەر (تۆ بڵێ هیلال)ی ئیسلامی سوننی.

### ٤-٣-٢ ئێران

ساڵی ١٩٧٩ کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئاراستەیەکی تەواو جیاواز لە سیستمی جیهانی وەرچەرخا. وەک لە سەرەوە

---

[١] لە راستیدا هەر ئێستا ئەم سەرکێشی و موغامەرە کردنە لە لایەن تاکە سەرکردەیەکەوە بە چڕی لەسەر پێیە کاتێک دەبینین مەسعود بارزانی ماوەیەکی کەم پێش ئێستا تەواوی پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان و راگەیاندنی ئەو دەوڵەتەی خستە قاڵبی کاردانەوە بەرامبەر ئەگەری بوونەوەی مالیکی بە سەرۆک وەزیرانی عێراق. بەم مانایەش ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێک زیاتر "کورد" خۆی هەڕەشەیە لەسەر پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان.

ئاماژەمان پێدا، ئەم وەرچەرخانە رەگی هەیە لە ئایین و باوەڕی شیعەدا. ئەم وەرچەرخانە وەهای کرد کە ئەم وڵاتە بکەوێتە ژێر ئابلۆقەی نێودەوڵەتییەوە، بە تایبەتی ئابلۆقە و تەنگپێهەڵچنین لە لایەن ئەمریکاوە. ئەمەش زیاتر بەهۆی بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتە ئەمریکییەکان، هەروەها بەهۆی دژایەتیکردنی ئێران بۆ نۆرمی ئیقلیمی و جیهانی بوو.

ئێمە ئەمڕۆ لە رۆژانی کەمبوونەوەی ئابلۆقەی سەر ئێراندا دەژین. لە هەمان کاتدا لە ساتەوەختێکی وەرچەرخاندا دەژین کە تیایدا سیستمی جیهانی خەریکە باوەڕی دەگۆڕێت بەرامبەر بە شیعە. لە ئێستادا ئێمە گەواهی سەردەمێکین کە لەمەودوا سوننە تیایدا دەبێتە لایەنە مەترسیدارەکە بۆ سیستمی جیهانی، نەک شیعە. ئیسلامی شیعە ئامانجی لە سنووری جوگرافیای ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، بەڵام ئیسلامی سوننەی رادیکاڵ دژ بە سیستمی جیهانییە.

بۆیە دەبینین کە ئێران خۆی ئامادە دەکات بۆ کرانەوە بە رووی دونیادا. ئەگەر تەنها گرێبەستە نەوتییەکانی ئێران بە نموونە وەربگرین، دەبینین کە ئەو وڵاتە ئامادەیە هەتا ئاستێکی زۆر لە بەرامبەر سیستمی سەرمایەداری جیهانیدا بکرێتەوە. ئەم دۆخە، واتە لابردنی ئابڵۆقەکانی سەر ئێران، دەرەنجامی سێ وەرچەرخان بوو: یەکەم توندڕەوبوون و تیرۆریست بوونی بەشێک لە ئیسلامی سیاسی سوننی؛ دووەم، ئامادەبوونی ئێران کە ببێتە بەشێک لە سیستمی ئابوری جیهانی؛ سێیەم، لە ئاکامی "بەهاری عەرەبی" و سەرهەڵدانی داعشدا ژمارەیەکی زۆر لە

وڵاتانی ناوچەکە دوچاری نائارامی بوونەوە، لە کاتێکدا ئێران تا ئێستا **لەو نائارامییە پارێزراوە**.

لە راستیدا تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ تورکیادا، ئەمڕۆ ئێران وەک وڵاتی هەرە جێگیر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینرێت. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پێویستی بە ئێرانە وەک هێزێکی ئیقلیمی خاوەن توانا و، تا ئێستا جێگیر، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە راستیدا نەک کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەم خواستەی هەیە، بەڵکو ئێران خۆیشی باش لەو چاوەڕوانییە گەیشتوە و دەخوازێت وەبەرهێنانی ستراتیژیانەی تیادا بکات. بەم واتایەش ئێران ئامادەیە هاوکاری رۆژئاوابێت لە شەڕی دژ بە تیرۆری ئیسلامی (سوننی)، لە هەمان کاتدا ئامادەیە کە رێگا بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بدات لە هەموو ئاستێکدا لە سامانی سروشتی ئێراندا سەرمایەگوزاری بکەن و لە ئێران، وەک بازاڕ، سوود وەربگرن.[١]

بەڵام ئەو شتەی دەتوانێت کێشە بۆ ئێران دروست بکات ئەوەیە کە: ١) ئێران ئاسایشی خۆی وەها دەبینێتەوە کە باڵادەست بێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم باڵادەستییە خەونێک نییە تایبەت بێت بە کۆماری ئیسلامی یان ئێرانی شیعی، بەڵکو لە سەردەمی شای

---

[١] شایانی باسە تاکە جیاوازییەک لە نێوان جۆری گرێبەستە نەوتی و گازییەکانی ئێران و کوردستان ئەوەیە کە لە جۆری گرێبەستی هەرێمدا کۆمپانیا بۆی هەیە حیجز (booking)ی ئەو سامانە بکات کە لە ژێر زەویدایە هەتا ئەو ساتەی خۆی بە پێویستی دەزانێت بۆ دەرهێنان، بەڵام ئێران رێگە بەم حیجزکردنە نادات.

ئێرانیشدا ئەم خواستە بوونی هەبوو.[١] ئەوەی جێگای تێڕامانە،وە جیاوازییەکی گەورەش لەگەڵ ئێرانی شیعیدا، ئەوەیە کە شای ئێران هەوڵی دەدا وڵاتەکەی ڕۆڵی هاوپەیمانێکی هەرە نزیکی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببینێت وە لە ڕێگای ئەم هاوپەیمانییەشەوە برەو بە هەژمونی خۆی لە ناوچەکەدا بدات.[٢]

---

[١] لە کۆتایی ١٩٦٠کان و سەرەتای ١٩٧٠کان سێ ڕووداوی گرنگ گڕوتینی زیاتریان بە خواست و توانستی ئێران دا لە بەهێزکردنی باڵادەستی و هەژمونی خۆی لە ناوچەی کەنداودا: ١) بەریتانیا لە کۆتایی ١٩٦٠کان بڕیاری کشانەوەی لە کەنداو دا وە لە ١٩٧٠-١٩٧١ ئەم کشانەوەیەی بە کردار کۆتایی پێ هێنا بەمەش بۆشاییێکی ئاسایشی (security vacuum) لە کەنداو دروست بوو کە پێویستی بە پڕکردنەوە هەبوو. ئێران خواستی هەبوو وە ئامادەش بوو ئەم "بۆشاییە" پڕبکاتەوە، دواتر لەم ئاڕاستەیەدا پشتگیری ڕۆژئاواشی، بە تایبەتی ئەمریکاشی، بەدەست هێنا؛ ٢) گرتنە دەستی دەسەڵات لە بەغدا لە لایەن حیزبی بەعسەوە (وەک ئاڕاستەیەکی ڕادیکاڵی عروبی) لە عێراق لە تەمموزی ١٩٦٨دا. بەمەش پێشبڕکێی عێراقی – ئێرانی (تۆ بڵێی عەرەبی – فارسی) لەسەر ناوچەی کەنداو گڕوتینێکی تازەی بەخۆوە بینی؛ ٣) بەرزبونەوەی نرخی نەوت بۆ ئاستێکی زۆر باڵا لە ئاکامی قەیرانی پیترۆڵ لە ئاستی جیهانیدا لە ساڵی ١٩٧٣دا کە دواجار وایکرد ئێران بە ملیارەها دۆلار بودجەی ساڵانەی زیادە بکات، کە هەڵبەتە بەشێکیش لەم داهاتە خرایە بواری بەهێزکردنی توانستی سەربازییەوە.

[٢] وەک دەربڕینێکی ڕاشکاوانە دەربارەی ئەم هاوپەیمانییە، لە سەردانێکیدا بۆ تاران لە مانگی ٥ی ١٩٧٢دا ڕیچارد نیکسۆن، سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا، دوو دڵنیایی، دەربارەی ڕۆڵ و گرنگی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دا بە شای ئێران: ١) ئێران و سعودییە جووت ستوونی (twin pillars) جێگیری و ئاسایشن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ ٢) ئەمریکا ئامادەیە هەموو جۆرە

ئێستاش ئێرانی ئیسلامی بە ناڕاستەوخۆ و زۆرجار راستەوخۆش هەمان رۆڵ دەبینێت، بەڵام بەبێ هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکادا، تەنانەت بە دژایەتیش لەگەڵ ئەو وڵاتە. بەڵام دواجار دەکرێت خواستی ئەم باڵادەستی و هەژمونییە ببێتە هۆی بەریەککەوتن، دواجار ئەمەش ببێتە هۆی پاشەکشێ لە نۆرمالبوونی پەیوەندیەکانی ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا؛ ٢) زۆرێک لە دۆستانی وڵاتانی رۆژئاوا، بە تایبەتی وڵاتانی کەنداو، زۆر بە تایبەتیش سعودییە، هەروەها ئیسرائیل، نەک هەر بە گومانەوە لە لابردنی ئابلۆقە لەسەر ئێران نیگەرانن، بەڵکو تا بۆیان کرابێت دژایەتی ئەم ئاڕاستەیەشیان کردووە وە بە ئەگەری زۆر لە داهاتووشدا بەردەوام دەبن.

بە هەر حاڵ، ئێرانی ئیسلامی لە ئێستگەیەکی گرنگی پڕۆسەی باڵادەستبووندایە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. نەیارەکانی ئەم پڕۆسەیەش زۆرن، بەڵام لە هەمان کاتدا فرەجۆرن، تەنانەت ئەو بەهێزەش نین کە دواجار هێزەکەیان بە توانست و هێزی ئێران بەراورد بکرێت. گرنگتریش لەمە مەرج نییە ئەم نەیارانەی ئێران یەکگرتوو بن. بەڵام بە گشتی دوو نەیاری سەرەکی هەیە: یەکەم سعودیە، دووەم ئیسرائیل، هەردوو ئەم دوو وڵاتە ئامانجی

---

چەکێک، جگە لە چەکی ئەتۆمی، بدات بە ئێران... (هەر بۆ بیر خستنەوە پشتگیری ئێران و ئەمریکا بۆ کوردانی عێراق بەشێکی گرنگی ئەم گفتوگۆیانەی نیکسۆن و شای ئێران بوو وە تەواوی ئاڕاستەکە دەربڕی مامەڵەیەک بوو لەگەڵ کورد لە چوارچێوەی رۆڵی ئێران لە ناوچەکە، کوردیش وەک ئامرازێک بۆ گەیشتنی ئێران بە باڵادەستی لە ناوچەکەدا).

جیاواز و لە رووی سیاسی و ستراتیژیشەوە خاڵی لێوەدەرچوونی جیاوازیـان هەیە. ئەم ئامـانج و خـاڵانەی جیـاوازیی رێگـرن لەوەی کە ئەم دوو وڵاتە ببن بە دوو هاوپەیمـانی راستەقینە دژ بە ئێران، هەرچەنـــدە هاوئاڕاســـتەییەکی گشـــتیش لە سیاســـەتی ئەم دوو وڵاتەدا، تەنگپێهەڵچنینی ئێران، بەدیدەکرێت.

سعودیە، چونکە لە ناوەوە سـەقامگیرنییە، دەبێت هەمیشـە خۆی بپارێزێـت لە هەڕەشــەی دەرەوە، کە بە شــێوەیەکی ســەرەکی لە دوای شۆڕشـــی ئیســـلامیەوە ئەم هەڕەشـــەیە لە ئێرانـــدا چـــڕ کـــــراوەتەوە. بەڵام زۆر جـــــاریش ئەم هەڕەشـــــەیە لە دەرەوە پەیوەندیـــدار دەکرێـــت بە هەڕەشـــەیەکی نـــاوخۆیی کە ئەویـــش کەمـایەتی شیعەیە لەو وڵاتەدا، ئەمەش شـێوازی هەرە مەترسیدارە. جـگە لەوەش بەرهەڵسـتکاری سـوننەش، بە تـایبەتی لە شـێوازی رێکخـــراوی قاعیـــدە، لە ســـعودیە بـــوونی هەیە و مەترســـییەکی جددییشە بۆ سەر رژێمی ئەو وڵاتە. بەڵام ئیسرائیل بە پێچەوانەوە لە ناوەوە سـەقامگیرە، تەنها لە نەیارێتی ئێران دەترسێت بۆ سـەر وڵاتەکەی. بە مانـایەکی دیـکە ئیسـرائیل لـە سـنوورێکی جـوگرافی تەسـکدا نەیـارێتی ئێـران دەکـات، بەڵام سـعودیە لە جوگرافیـایەکی زۆر فراوانتر و پڕ کێشەدا. جگە لەوەش جیاوازییەکی گەورە خۆی لە مەودای جوگرافیدا دەبینێتەوە لە نێوان ئەم دوو وڵاتە و ئێران. لەم بـــارەیەوە ســـعودییە، بە تـــایبەتی بیـــرە نەوتـــی و دامەزراوە ئابورییەکـانی لە رۆژهەڵاتـی وڵات، ئامـانجێکی نزیـک و ئاسـانن بـۆ لێدانیان لە لایەن ئێرانەوە وە بەم شـێوەیەش وێرانکردنـی ئـابوری سعودییە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا.

دەرەنجــام دەتــوانین بڵێــین کە ئێــران دژ بە ســەربەخۆیی کوردسـتانە لە سێ ئاسـتدا: لە ئاسـتی عێـراق، لە ئاسـتی پـرۆژەی باڵادەسـتیی خـۆی لە نـاوچەکەدا، هەروەهـا لە ئاسـتی رۆژهەڵاتـی کوردستان یا کێشەی کورد لە ئێران.

ئەوەی پێویســتە ئەوەیە کە کــورد دەبێــت لە نێــوان ئەم دوو دیـدەدا دیپلۆماسـیەت بکـات. بـۆ نمـوونە بە راشـکاوانە بە ئێـران بگوترێــت کە ســەربەخۆیی کوردســتان نــابێتە رێگــر لە بەردەم پـرۆژەی هەژمـونی ئێـران بە سـەر شـامدا، بـۆیە جیـابوونەوەی کوردسـتان لە عێراق دژ بە ئێران نابێت. لە راسـتیدا جیـابوونەوەی کــورد لە عێــراق زیــاتر هاوکــار دەبێــت کە ئێــران بتوانێــت بە شــێوەیەکی پتەوتــر پەیوەنــدییەکانی رێکبخــات لەگەڵ شــیعەی عێراقیـدا وە رێگـری و کێشـە، بە تـایبەتی لە رووە مەزهەبییـەکەوە، بـۆ تـوکمەیی ئەم پەیوەنـدیانە کەمتـر ببـنەوە. لە رووی ئاسـایش و ئابوورییشەوە کوردستان سوود بە ئێران دەگەیەنێت نەک زیان.

بــۆ ئەوەی کــورد لە باشــوور لە پــرۆژەی ســەربەخۆییدا سـەرکەوتوو بێت پێویسـتە نـاکۆکی نـاوخۆیی لە "مـاڵی خۆیـدا" تـێ بپەڕێنێت. رێکخسـتنەوە و تـوکمەکردنی دۆخـی نـاوخۆیی بەمانـای ئەوەی چیـدی دۆخـی نـاوخۆ داوەتنـامەیەک و درزێـک نەبێـت بـۆ هێزی دەرەکی بۆ ئەوەی لە رێگایـانەوە دزە بکەنە نـاو مـاڵی کـورد و پاشــانیش بــبن بە خــاوەن ئەو مــاڵە. ئەگەر تەماشــای مێــژووی نوێی باشووری کوردستان بکەیـن، دەبینین چـۆن شـەڕی براکوژی بەکــاربراوە بــۆ زاڵبــوونی هێــزە دەرەکیەکــان بە ســەر هێــزە ناخۆییەکانــدا. ئەم ئاڕاســتەیە، هەر بــۆ نمــوونە، لە ١٩٩٠کانــدا بە

شـێوەیەکی وێرانکـار بـوو بە ئاڕاسـتەی باڵادەسـت لە شـەڕی براکـوژی و خۆکوژیـدا. بە مانـایەکی دیـکە، ناکرێـت چـاوەڕوانی هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ بین لە ئێران کاتێک ئەو وڵاتە دەبینێت بۆ ئەو ئاسانترە هەژمونی خۆی لە رێگای سوود وەرگرتن لە ناکۆکی لایەنەکـانی باشـووری کوردسـتان بسـەپێنێت. ئەو کـاتە دەکرێـت چـاوەڕوانی هەڵوێسـتێک لە ئێـران بکەیـن کە بەرامـبەر هەمـوو باشـووری کوردسـتانە، نەک تەنهـا بەشـێکی، کاتێـک باشـووری کوردسـتان لە نـاوخۆدا یەک دەنـگ و یەک دەسـت بێـت. لەم بـارەیەوە یەکهەڵوێسـتی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان وە پـارتی دیمـوکراتی کوردستان یەکجـار گرنگە بـۆ ئەوەی ئێران لە **دۆخـی دوو سیاسەت بۆ دوو حاڵەت** (واتە سیاسەتێک بەرامبەر بە پارتی وە سیاسەتێکی دیکەش جیاواز بەرامبەر بە یەکێتی) بچێتە دۆخی **یەک سیاسەت بۆ یەک حاڵەت** (واتە سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە سیاسـەتێکی یەکبـووی باشـووری کوردسـتان). بەڵام لەبەر ئەوەی کـورد هێشـتا وەک دوو حـاڵەت خـۆی دەنوێنێت، ئەوا ئێـرانیش بە سوود وەرگرتن لەو دوو حاڵەتە دوو سیاسـەت (تۆ بڵـێ دوو جۆر پەیوەنـدی) لەگەڵ باشـووری کوردسـتان پیـادە دەکـات. لە راسـتیدا نەک هەر ئەوە، بەڵکـو زۆر جـار ئێـران وەهـا دەردەکەوێـت وەک ئەوەی حەز بکـات کێشـەکانی نـاو مـاڵی کـوردی لە باشـوور چارەسـەربکرێن. بەڵام ئەوەی کە پێویسـتە کـورد بیزانێـت ئەوەیە کە ئەم حەزە دروسـت و راسـتگۆیانە نیـیە. چـۆن دەکرێـت ئێـران راسـتگۆ بێـت لە یەکخسـتنی ریـزی کـورد لە باشـوور کاتێـک ئەم وڵاتە بە دەنگـی بەرز و راشـکاوانەوە هەڵوێسـتی خـۆی دژ بە

سەربەخۆیی باشووری کوردستان رادەگەیەنێت، لە کاتێکدا ئێران پێش هەموان دەزانێت کە یەکخستنی ماڵی کورد هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراستەی سەربەخۆیی.

لە لایەکی دیکەوە تا ئێستاش پێکەوەگرێدانێک هەیە لە نێوان تاران و بەغدادا. پەیوەندی باش لەگەڵ تاراندا بنەمای پەیوەندی باشە لەگەڵ بەغدادا، هەروەها بە پێچەوانەشەوە. بەڵام لە هەردووک حاڵەتیشدا سەرکەوتویی کورد لە یەکبوونی هەڵوێست و ئاراستەکانییەوەیەتی لە رووی ستراتیژی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، هەروەها بە هەمان رادە پێجەوانەکەشی راستە.

## ٤-٣-٣ تورکیا

تورکیای "ئیسلامی"، یان تورکیای حیزبی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە)، جودا لە تورکیای عەلمانی زیاتر بە ئاراستەی رۆژهەڵاتیدا وەرگەڕا، لەگەڵ ئەوەش کە وازی لە ئامانجی بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا نەهێناوە. ئەم وەرگەڕانە بەشێک بوو لە پرۆسەی تورکیایەکی نوێی جودا لە تورکیای ئەتاتورک، واتە ئەو تورکیایەی کە لە سەرەتای ١٩٢٠کانەوە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پرینسیپ دامەزرا کە دواجار ئەم پرینسیپانە بە کەمالیزم ناسران.

تورکیای ئیسلامی (راستتر بڵێین تورکیای ئەردۆغان) ئامانجی ئەوە بوو کە ببێتە وڵاتێکی خاوەن هەژموون لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمە پێویستی بە دابڕان و وەرچەرخان هەبوو لە سیاسەتی چەند دەیەی تورکیای کۆماری (کەمالی). تورکیای کۆماری وەها خۆی دەبینی کە وڵاتێکی رۆژئاواییە و پشتی لە رۆژهەڵاتە.

زۆر بە تـایبەت تـورکە عەلمانییەکـان وەهـا لە خۆیـان دەڕوانـی کـە تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدانییە بەڵکو بەشێکە لە ئەوروپا.[١]

وەرچەرخـــــانی تورکیـــــا لەگەڵ وەرچەرخـــــانی نـــــوخبەی دەســـــەڵاتداری ئەو وڵاتەدابـــوو، لە عەلمـــانییەوە بـــۆ ئیســـــلامی. هەروەهـا ئەمڕۆ تەنانەت لە رووی کۆمەڵایەتییەوە باس لە بوونی دوو چینـی مامناوەنـدی لە تورکیـا دەکرێـت، یەکێکیـان لایەنگـری تورکیـــای عەلمـــانییە کە لە رووی جـــوگرافییەوە لە بەشـــی هەرە رۆژئـاوای تورکیـا دەژێـت، هەروەهـا ئەوەی دیکەشـیان لایەنگـری تورکیـــایەکی ئیســـلامییە کە زیـــاتر لە ناوەڕاســـت و رۆژهەڵاتـــی ئەنـــادۆڵ خـــۆی دەبێنێـــتەوە. ئەم وەرچەرخـــانە لە هەمـــان کاتـــدا هاوتەریـب بـووە بە وەرچەرخـانی تورکیـا لـە وڵاتێکـی پەراوێـز (رۆخ)ەوە بـۆ وڵاتێکـی ناوەنـدی. ئەم وەرچەرخـانە لـە دیـدەکانی داودئۆغلۆدا، لە کتێبی قوڵایی ستراتیژیدا، بە روونـی دەبینرێت. لەم چوارچێوەیەشـدا، بگـرە لە هەمووشـی گرنگتـر، ئەو گەشـە ئـابوورییە بوو کە بۆ ماوەی زیـاتر لـە دەیەیەک ئەو وڵاتە بەخۆیەوە بینـی، لـە کاتێکدا لە ساتی هاتنە سـەر دەسـەڵاتی ئەم نـوخبە ئیسـلامییە، وڵات نەک هەر ئیفلاســـی کردبـــوو بەڵکـــو قەرزارێکـــی زۆریـــش بـــوو. دروشـمی بە سـفرکردنی کێشـەکان (واتە نەهێشـتنی کێشـە) لەگەڵ

---

[١] لە رووی سـایکۆلۆجیەوە، ئەم خـۆ بە ئەوروپـی زانینـە تـا رادەیەکـی زۆر هەوڵ بوو بۆ رزگار بوون لە هەستی خۆ بەکەم زانی بەرامبەر بە جیهانی رۆژئاوا: ئەگەر بویت بە بەشێک لەو رۆژئاوایە ئەوا لەگەڵ ئەودا یەکسانیت و چیتـر پێویســت بە خــۆ بە کەمتــر بینــین ناکــات. لــە هەمــان کاتــدا بــۆ خۆجوداکردنەوەبوو لە عەرەب.

هاوسێکانی تورکیا خواستێک یان پلانێک بوو، کە لە سەرەتادا وەها دەردەکەوت کە دەکرێت بە کردار جێبەجێبکرێت. لە ناوەوە نوخبەی ئیسلامی تورکی بە نزیکبوونەوە لە کورد، وەک خەڵکانێکی ئایینی؛ لە هەوڵی ئەوەدابوون کە کورد بکەنە لایەنگری پارتە ئیسلامییەکان بۆئەوەی ئەو زۆرینە دیموکراسیە زامن بکەن هەتا بتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ، کە لای زۆرێک لە نوخبەی ئاکەپە وەها دەبینرا کە بۆ ماوەی پەنجا ساڵی دیکە، حوکمی تورکیا بکەن.گەشەی ئابوری، کرانەوە بە سەر وڵاتانی دراوسێدا و هەوڵدان بۆ راکێشانی کورد بۆ ناو پرۆسەی سیاسی/ئاشتی، زەمینەیان سازاند بۆ کرانەوەی زیاتری تورکیا بە رووی باشووری کوردستانیشدا.

تورکیا هەمیشە بە زۆر شێوە سوودمەندبووە لە عێراق، وەک وڵاتێکی دەوڵەمەند. لە پاش روخانی رژێمی سەددام، تورکیا ئامانجی ئەوەبوو کە عێراق بکاتە باخچەی پشتەوەی خۆی و زۆرترین سوودی لێ بەدەست بهێنێت.[1] بەڵام تورکیا، لە بەر دابڕانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ماوەیەکی زۆر، تا ئاستێکی زۆر بێئاگابوون لە ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە. جگە لەمەش تورکیا لە بەکارهێنانی هێزی سەربازیدا وەک یاریکەرێکی کەم توانا و وەک ئەکتەرێکی نیمچە دیموکرات دەرکەوت. ئەوەی لەم بارەیەوە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هەرچەند وڵاتێک لە ناوەوە دیموکراتی

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە، بڕوانە: سەردار عەزیز، *تورکیا و هەرێم: چ جۆرە پەیوەندییەک*.

بێت لە بەرامبەردا توانای یاری (مانۆڤەر) و ڕۆڵ بینینیشیی لە جێگایەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لاوازتر دەبێت، چونکە نە ژینگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراتیانەیە و نە زۆربەی ئەکتەرە کاریگەرەکانی ناوچەکەش دیموکراتیین. کارکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆربەی کات پشت دەبەستێت بە کاری نهێنی، دوور لە ئاگایی زۆربەی ناوەندەکانی دەسەڵات، ڕێزدانەنان بۆ سەروەری وڵاتانی دیکە و هەروەها کاری توندوتیژی. جگە لە ئەمریکا ئەستەمە بۆ وڵاتێکی دیموکراتی بتوانێت ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لە جێگایەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. جیاوازی ئەمریکا تا ڕادەیەک ئەوەیە کە خەڵکی ئەمریکا هێندە بایەخ بە دونیای دەرەوە نادەن، بە تایبەت کاتێک ئەم دەرەوەیە ڕاستەوخۆ کاریگەری نەبێت لە سەر جۆری ژیان و ژیاریان.

دۆستی دێرینی تورکیا لە عێراق تورکمانەکان بون. بەڵام بە گەورەبوونی تەماحی تورکیا، بە گۆڕینی شوناسی ئەو وڵاتە لە وڵاتێک کە ناسیونالیزمی ئیتنی پەیڕەو دەکرد بۆ ناسیونالیزمی تێکەڵ بە ئاین بە تایبەتی ئیسلامی سوننە، ئەوا تورکیا خۆی نزیکتر بینی لە سوننەی عێراق (بە کورد و عەرەبەوە)تا هەر بەرەیەکی دیکە. ئەم پرۆسەیە زیاتر پەرەی سەند بە گەشەی ململانێکانی ناو عێراق و هەوڵی ئێران بۆ سەرلەنوێ لە قاڵبدانەوەی عێراق لە پێناو فەراهەمکردنی ئامانجە ئیقلیمییەکانی و لەناوبردنی مەترسییەکی مێژوویی لە سەر سنوورەکانی خۆی کە ئەویش عێراقێکی بەهێزە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە زاڵبوون و باڵادەستبوونی ئێران، بە تایبەتی دوای کەوتنی ڕژێمی بەعس لە

عێراق، رۆڵی بینی لە ناچارکردنی تورکیا بۆ ئەوەی پەنا بۆ سوننە و کورد ببات.

لاوازی سوننە لە عێراق کاریگەری هەبوو لەسەر بژاردەی تورکیا بۆ ئەوەی زیاتر لە کورد نزیک ببێتەوە و لەگەڵیاندا بمێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، راستییێکی گرنگ ئەوەیە کە لە نێوان تورکیا و کورددا پەیوەندییەکە زیاتر بریتییە لە پەیوەندی نێوان دوو دەستەبژێر (هەندێک جاریش دەگوترێت، دوو بنە ماڵە و دوو کەس) کە زیاتر بەرژەوەندییەکانی وزە و ئابوری پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بەم واتایەش ئەم پەیوەندییانە تا ئێستاش نەبون بە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی تورکیا لە لایەک وە هەموو هەرێمی کوردستان (وەک پانتاییێکی سیاسی) لە لایەکی دیکەوە. هەبوونی گرێبەستی پەنجا ساڵە (لە نێوان ئەردۆگان و بارزانی) بە نهێنی، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم دوو گروپە نیازی ئەوەیان هەیە کە بۆ رۆژگارێکی درێژ پێکەوەبن، بەڵام ئەوەیان شتێکی دیکەیە کە ئایا سەرکەوتوو دەبن یان نا. دەکرێت هەوڵە سەرنەگرتووەکەی کودەتای هەرە دوایی (١٥ تەمموزی ٢٠١٦) زەنگ و هێمایەکیش بێت لەوەی کە هیچ زەمانەتێک نییە کە ئەم رێککەوتنە تا سەر بەردەوام بێت!

لە میانەی گەشەی پەیوەندییەکەدا، تورکیا زیاتر بە بازاڕ و وزە ئاشنابوو. شایانی باسە کە لە سەرەتادا (بە تایبەتی لە سەرەتای ١٩٩٠کاندا) یەکێتی نیشتمانی کوردستان زیاتر مەیلەو تورکیا بوو لە پارتی بە حوکمی عەلمانی بوونی یەکێتی، بوونی کەرکوک لە جوگرافیای نفوزی یەکێتیدا وە خواستێکی یەکێتی (بە تایبەتی مام

جەلال) لە بینینی رۆڵێکی پۆزەتیڤ و ئەرێنی لە پەیوەندییەکانی نێوان کورد لە باکوور وە دەوڵەتی تورکیا. بەڵام شەڕی ناوخۆ یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە یەکێتی وەها لێکرد کە لە ئێران نزیک ببێتەوە، یان وردتر بڵێین ئێران بە سوودبینین لە هێزکی بچووکی وەک بزووتنەوەی ئیسلامی یەکێتی ناچارکرد زیاتر و زیاتر بچێتە ژێر رکێفییەوە. رەنگە بەشێکی زۆریش لەو نزیکبوونەوەیە هی جۆرێک بێت لە هۆکاری جوگرافیای سیاسی، یا ئەوەی زۆر جار پێی دەبێژن لەعنەتی جوگرافیا، بێت!

تورکیا لە گەڕانەوەیدا بۆ رۆژهەڵات ئەو ئەزموون و توانا پێویستەی نەبوو، ئەوەی هەیبوو، ئابوریەکی لاوەکی و بڕێکی زۆر لە لوت بەرزی و نەشارەزایی بوو. وەک چۆن ئێران خەونی دروستکردنی پانتایی نفوزی هەیە بە هەمان شێوە تورکیاش خەونێکی وەهای هەیە. تورک، وەک قوڵایی ستراتیژی داودئۆغلۆ پێشانی دەدات، ئارەزوی هەبوونی ئەوقوڵاییەن لە ریگای نفوزەوە، یا راستتر بڵێین ئەو نفوزە بەکاربهێنن بۆ دەستگەیشتن بەو قوڵاییە بۆ ئەوەی دواجار قوڵاییەکە ببێتەوە بە سەرچاوەی هێزی نفوزەکە. لە پەیوەست بە کوردەوە ئەمە پێکەوەگرێدانی دوو خاڵە، خاڵێکیان لە حەلەبەوە دەست پێدەکات، خاڵەکەی دیکەشیان لە کەرکوک کۆتایی دێت. بەم واتایەش لە تورکیا بۆچوونێکی بە هێز هەیە کە دەخوازێت ئەو ناوچانەی دەکەونە سەروی هێڵی نێوان ئەم دوو خاڵە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ئەنادۆڵ ببینێت و مامەڵەی لە تەکدا بکرێت. ئەم ناوچەی نفوزە، وەک لە نەخشەی خوارەوەدا دیارە، دەگەڕێتەوە بۆ نەخشەی تورکیای ساڵی ١٩٢٣.




ئێستا تورکیا لە سەر ڕێگایەکی نوێیە. تورکیا هەتا دێت وەک وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێدێت، نەک وەک ئەوروپا. ئەم وڵاتە لە پاشەکشەدایە بە تایبەتی لە بواری فەرمانڕەوایی دیموکراتی و ئازادییەکاندا. بەڵام ئەگەر دیکتاتۆریەتی سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە زۆر حاڵەتدا، لە سەر داهاتی نەوت دەژی، ئەوا تورکیا ئەو سەرچاوەیەی داهاتی نییە. بۆیە ئەستەمە لە تورکیا بتوانرێت بەو ئاسانییە سیستمی دیکتاتۆری بەرهەمبهێنرێت. دەکرێت وڵاتێک دیکتاتۆری بێت، بەبێ نەوت، بەڵام ئەستەمە وڵاتێکی بەهێزبێت. لە دەرەنجامی کودەتا شکستخواردووەکەی پانزەی تەمموزی ٢٠١٦، هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە تورکیا کەمتر لە جاران بتوانێت پشت بە سوپاکەی ببەستێت، سوپای تورکی بە پرۆسەیەکی پەرتبوون و

سەرلەنوێ بونیادنانەوەدا دەچێت، چیتر ئەم سوپایە یەک دەست و یەک ڕەنگ نییە؛ دامەزراوەی سوپا قڵیش و درزی تێکەوتووە. پێشتر سوپا وەک یەک دەست و یەک ریز و پارێزەرێکی بەهێز و سەرسەختی کەمالیزم تەماشادەکرا، بەڵام دوای کودەتاکە ئەم وێنەیە گۆڕانکاری بەسەردا هات و ئەم سوپایە چیتر یەک دەست و یەک ریز نییە.

ئێستا لە کاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا ئەوەی سەنگی مەحەکە لە چارەنووسی پەیوەندییەکانی تورکیا و ناوچەدا، بە تایبەتی باشووری کوردستان، ئەوەیە ئایا تورکەکان چ رۆڵێکیان دەبێت لە پاش موسڵ. ئەم شارە بۆ تورکیا وەها دەبینرێت وەک ئەوەی کە خاڵی هاتنە ناوەوەی عێراق بێت، هەروەها ئەم وڵاتە خاوەن پەیوەندیەکی مێژوویی بە موسڵەوە. بەڵام دەشکرێت بڵێین کە خاڵێکی گرنگی یەکلاکەرەوە لە هەڵوێستی تورکیادا مەسەلەی قەڵەمڕەویی شیعەیە لە عێراق و ستراتیژ و هەژمونی ئێرانییە لە ناوچەکەدا. هەڵبەتە ئەم دوو مەسەلەیەش دوو پرسی گرنگ دەبن لە قۆناغی دوای موسڵ وە بە ئەگەری زۆر لەو قۆناغەدا ململانییەکی ئاڵۆز لەسەر موسڵ بێتە گۆڕێ کە تیایدا ئاستەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و ئیقلیمی (بە تایبەتی ئێران و تورکیا) ئامادەیی توندیان دەبێت. ئەوەی لە ئێستاشدا دەکرێت بگوترێت ئەوەیە کە ناوخۆی ماڵی کوردی ئامادە نییە بۆ ئەوەی ئەسپی خۆی تاوبدات لە یارییە ئاڵۆزەکانی دوای رزگارکردنی موسڵدا.

نەبوونی، یا هەر نەبێت لاوازبوونی، رۆڵی تورکیا لە موسڵ دەکرێت کاریگەرییەکی ئەوتۆ بکاتە سەر تورکیا کە ئەم وڵاتە

وەک ئەکتەرێکی سەرەکی لە ناوچەکە بکشێتەوە قاوغی خۆی و زیاتر سەرقاڵی ناوەوەی خۆی بێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشمەرگە وەها دەبینرێت وەک ئەوەی بەشێک بێت لە پلانی تورکی-سوننی. هەر ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی بە توندی پێداگری بکات لەسەر ئەوەی کە پێویستە تورکیا بەشداری لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵدا نەکات وە دوای بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی ئازادکردنەوەش یەکسەر بکشێتەوە. هاوکارییەکانی ئەمریکاش بۆ پێشمەرگە لەوە دەچێت و ئەگەری هەیە، تەنها بۆ ماوەی جەنگی موسڵ بێت، پاشان بەردەوام نابێت. بەڵام پێشوەچوونێکی ئەوها گرێدراوی تەواوی بۆچوونی ئەمریکاشە لەمەڕ پرۆژەی دەوڵەتی عێراق وە پرسیاری ئەوەی ئایا تا کەی ئەمریکا لەسەر هەڵوێستی خۆی لە پشتگیریکردنی بەغدا و لەوێشدا عێراقێکی یەکبوو بەردەوام دەبێت. هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ لاوازبوونی بەرەی سوننە و پارتی و تورکیا. سەرباری هەموو ئەمانە سوننە لە ململانێی سەختدان لەگەڵ یەکتردا. جگە لەوەش بە ئەگەری زۆر سوننەش دوای موسڵ دەگەنە ئەو باوەڕەی ئیتر دوای داعش دوا کارتیان، کە توندڕەوی ئیسلامییە، لە ڕێگای داعشەوە سووتا. لێرەدا، واتە لەگەڵ دەرهاوێشتەو دەرەنجامێکی ئەوها دەکرێت سوننەی عەرەب لە عێراق بگەنە ئەو باوەڕەی کە ئیتر چارە نییە دەبێت سوننە واز لە وەهمی گرتنەوە دەستی دەسەڵات و باڵادەستبوون بهێنن!

هەڵبەتە جگە لە ڕەهەندە ناوچەییەکە، لە داهاتوودا پێشوەچوونەکانی ناو خودی تورکیا کاریگەری ڕاستەوخۆیان

لەسەر رۆڵی ئەم وڵاتە لە ناوچەکەدا دەبێت. بە تایبەتی دوای کودەتاکەی تەمموز لەوە دەچێت تورکیا پێ بنێتە قۆناغی نائارامی، ناجێگیری سیاسی و تەنگژەی ناوخۆیی، هەر بەم هۆیەشەوە نەیپەرژێتە سەر دەرەوەی خۆی. سیناریۆییەک کە لەم ئاراستەیەدا پێشتر باس کراوە ئەوەیە کە تورکیا ببێت بە "پاکستانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" بەو واتایەی کە پاکستان لە ساڵانی دواییدا باجێکی قورسی تێوەگلانی ئەو وڵاتەی لە شەڕ و پێشوەچوونەکانی ئەفغانستان لە ١٩٨٠کان و ١٩٩٠کان، هەر لە پشتگیریکردنی موجاهیدەکان تا هاتنە سەر فەرمانڕەوایی تاڵیبان، دەدات.

لە لایەکی دیکەوە لە رووی پێشوەچوونەکانی کوردستانی مەزن وە بە تایبەتی رووداوەکانی رۆژئاوای کوردستان، دەکرێت بڵێین تا ئێستا تورکیاو پارتی دیموکراتی کوردستان نەیان توانیووە ئەو شتەی کە هەوڵی بۆ دەدەن لەو بەشەی کوردستان بۆیان بچێتە سەر. جگە لەوەش جێگیربوونی زیاتری کۆنترۆڵ و فەرمانڕەوایی پەیەدە و بەدەستهێنانی پشتگیری و رەوایەتی نێو دەوڵەتی زیاتر دەبێتە هۆی پاشەکشەی تورکیا و پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە بەردەوام هەردووکیان یەک ئامانجیان هەبووە ئەویش سنووردارکردنی باڵادەستی و سەرکەوتنەکانی پەیەدە بووە.

لە ئەنجامدا دەکرێت روو لەداهاتوو بڵێین کە: ١) پارتی ناتوانێت بە پشتی تورکیا دەوڵەتەکەی کە بانگەشەی بۆ دەکات رابگەیەنێت؛ ٢) پارتی و تورکیا و سوننە رۆڵیان دوای موسڵ کەمتر دەبێتەوە لە عێراقدا؛ ٣) ئەم دوو خاڵە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر

هاوسەنگی هێز لە باشووری کوردستان دەبێت، بە ئەگەری زۆر بە دەرهاوێشتەی ئەوەی کە لە ڕەهەندی ئیقلیمییەوە پارتی پاڵپشتە ستراتیژییە ناوچەییەکەی لەدەست دەدات، یا هەرنەبێت دەچێتە پێگەیەکی بێهێزترەوە. دەرەنجام پارتی ناچارە بە نزیکبوونەوە لە هێزە کوردیەکانی دیکە لە باشوور. پێدەچێت هەر ئەم هۆکارەش بێت وا لە پارتی و مەسعود بارزانی بکات ئەوەندە لە خەمی قۆناغی دوای موسڵدابن؛ هەر لە ئێستاوە دەخوازرێت پێگەی بەهێزی لە قۆناغی دوای رزگاری موسڵ بپارێزێت وە بەرەو لاواز بون گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت.

ئەگەر دەوڵەتی کوردی لە باشوور دەوڵەتێکە بە پشتیوانی تورک یان پارتی دادوگەشەپێدان بۆ فراوانکردنی ناوچەی قەڵەمڕەوی تورکیا لە ناوچەکەدا دادەمەزرێت، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە ئەم بژاردەیە لە ئێستادا گوڕ و هێزی جارانی لەدەستداوە وە بە ئەگەری زۆر لە قۆناغی دوای رزگاری موسڵیش حاڵەتی لاوازی ئەم بژاردەیە جێگیرتر دەبێت.

لە لایەکی دیکەوە، کورد لە ئاستێکی دیکەدا دەتوانێت سوود لە لاوازی و گۆشەگیری تورکیا ببینێت، بەوەی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ پڕۆژەی دەوڵەتی خۆی بەدەستبهێنێت. ئەگەر تورکیایەک لە رابوردوودا کەم توانا دەرکەوتبێت لە هەوڵەکانی بۆ هەژمونی ئیقلیمی، ئەوا لە داهاتوودا تەنانەت بێتواناتر و بێهێزتریش دەبێت. بۆیە ئەم وەرچەرخانە بە سوودی پرۆسەی بە دەوڵەتبوونی کوردستان دەبێت. جگە لەوەش تورکیا زۆرێکی لە پێگەی ستراتیژی خۆی، لە چاوی وڵاتانی رۆژئاوا، لە کۆتایی جەنگی

ساردەوە لەدەست داوە. ئێستاش هەر چەندە روسیا وەک مەترسی و هەڕەشە دەربکەوێت بۆ سەر وڵاتانی رۆژئاوا، ئەوا لە بەرامبەردا شتێکی بەڵگە نەویستە کە تورکیا جارێکی دیکە ناتوانێت رۆڵی ستراتیژی و گرنگی خۆی بۆ رۆژئاوا بگەڕێنێتەوە، ئەمەش بە زۆر هۆ، کە لێرەدا بواری قسە لەسەر کردونیان نییە.

لە هەنوکەدا، پێویستە هێزەکانی دیکەی کوردستان (واتە هێزە سیاسییەکان جگە لە پارتی) پەرە بە پەیوەندییان بدەن لەگەڵ تورکیا و لە هەمان کاتدا هەوڵبدەن جۆری پەیوەندییەکە بە ئاراستەیەکی دیکەدا ببەن، ئاراستەی دارشتنەوەی ئەم پەیوەندییانە لە نێوان تورکیا لە لایەک و تەواوی پانتایی سیاسی لە باشووری کوردستان لە لایەکی دیکەوە، نەک تەنها پانتایی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها ئەم پەیوەندییە لەسەر حسابی پارچەیەکی دیکەی کوردستان نەبێت. ئەمە لە ئێستادا لانی کەمی ئەو بژاردەیەیە کە لەبەردەم هێزە سیاسییەکانی دیکەی باشووری کوردستاندا دایە بۆ ئەوەی هەرنەبێت موقەدەراتی باشووری کوردستان لە پەیوەندییە ئیقلیمییەکاندا بۆ سەرکێشی و سیاسەتێکی پڕ لە موغامەرە لە لایەن هێزێکەوە بەکار نەبرێت،

پەیوەندی لەگەڵ تورکیا **بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە** لە قازانجی کورد نییە لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا. پەیوەندییەکان لەسەر لۆژیکێک بونیادنراوە کە دوو رەهەندی سەرەکی هەیە: ١) لە رووە کوردییەکەیەوە ئەم پەیوەندییانە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە قۆرخ کراون و سروشتی پەیوەندییەکە زیاتر لە سەندوقێکی رەش دەچێت، کە لە باشترین حاڵەتدا لە دوو

دیوی سنوور (لە تورکیا و باشووری کوردستان) تەنها چەند کەسێک ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەم پەیوەندییەن؛ ٢) لەم لۆژیکەدا تورکیا دەخوازێت بە لایەنێکی کوردی بڵێت "من پشتیوانیت دەکەم بە مەرجێک تۆ دژایەتی هێزە نەیارەکانم لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بکەیت، بە تایبەتی لە باکوور و رۆژئاڤا." هەر لە بەرامبەر ئەم لۆژیکەش زۆر گرنگە ئەم قۆرخکارییە لە پەیوەندییەکاندا تێکبشکێت، ئەگەر نا بەردەوامی ئەم قۆرخکارییە دەتوانێت کارەساتبار بێت بۆ کورد و هەرگیز لە خزمەتی پڕۆژەی سەربەخۆییدا نەبێت.

## ٤-٣-٤ سوریا

سوریا ناوێکە بۆ کۆمەڵێک ئاماژە. سوریا ئەمڕۆ وڵاتێکە کە بووەتە گۆڕەپانێکی ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا بووەتە شوێنی سەرهەڵدانی بوونێکی نوێی کوردیش، ئەو بوونەی کە دەتوانێت ببێت بە قوڵایی ستراتیژی هەرێمی کوردستان.

لە لایەکی دیکەوە، پەیوەندی نێوان رۆژئاڤاو هەرێم خراپە، خراپی ئەم پەیوەندییەش رەنگدانەوەی ئەو دابەشبوونە، خێڵەکی و شەخسی و حیزبی و نیمچە ئایدۆلۆژیەیە کە بزووتنەوەی کوردایەتی تیایدا دەژی.

رۆژئاڤا لە ساتەوەختی لە دایکبووندایە. پارادۆکس (موفارەقە) ئەوەیە کە دەرکەوتنی داعش هاوکاریەکی زۆری ئەم پرۆسەی دەرکەوتنی کورد و ئیدارەی کوردیی کردووە لە رۆژئاڤا، بە تایبەتی لە رووی پشتگیری نێودەوڵەتی و قبوڵکردنی ئەم

دەرکەوتـــنە. بەڵام لە هەمـــان کاتیشـــدا داعـــش دژایەتیەکـــی سەرســـەختانەی ئەم دەرکەوتـنە کـوردییەی کـردووە. ئەمە یەکەم جارنییە لە مێژوودا کە نەیارێکی کوردەکان ببێتە هۆی پەیداکردنی دۆست بۆ کورد، بۆ نموونە سەددام و هەڵە کوشندەکانی بوون بە هـۆی ئەوەی کە کـورد لە عێراقـدا ببێـت بە چەقـی گرنگیپێـدانی نێـودەوڵەتی. بەڵام ئەمە یەکەم جـارە، هەڵـبەتە بە هـۆی رەفتـاری نەیارەکـانی، بەم رادەیە و بەم فـراوانییە پشـتگیری نێـودەوڵەتی بـۆ کورد روو بدات.

لە لایەکـی دیـکەوە مەترسـی گەورە ئەوەیە کە ئەم پشـتگیری و دۆسـتایەتیەی کـورد درێژخـایەن نەبێـت و تەنهـا تـا کۆتاییهێنـان بە هەڕەشەی داعش بڕ بکات. لە بەشێکی دیکەی ئەم باسـەدا قسـەمان لە پەیوەنـدی کـوردی-کـوردی لـە هەمـبەر مەسـەلەی دەوڵەتـی کوردی کرد. باڵادەستی پارتی کرێکاران و دژایەتـی ئەو هێزە بـۆ بیـرۆکەی دەوڵەت، وەهـا دەکـات کە رۆژئاڤا هـاو ئامـانج نەبێت، یـا راســــتتر بڵێـــین ئامـــــانجەکەی بە زەرورەت لەگەڵ ئامـــــانجی سـەربەخۆییدا یەکـانگیر نەبێت، بە هەر حـاڵ تـا ئێسـتا وا بـووە. بەڵام بە فیـدراڵبوون دەکرێـت هەنگاوێـک بێت لە ئاڕاسـتەی سـەربەخۆییدا. لە لایەکـــی دیـــکەوە، گۆڕانکـــاری لە فیـــدراڵییەوە بە ئاڕاســـتەی سـەربەخۆیی لە رۆژئاڤـادا بە شـێوەیەکی سـەرەکی وابەسـتەی سـێ شـتە: ١) پەکەکە گۆڕانکـاری لە بۆچـوونی سـاڵانی دوایـی خۆیـدا بکـات، کە بۆچـوونێکی دژە دەوڵەت-نەتەوە بـووە؛ ٢) پەکەکە بگـاتە ئەو بـاوەڕەی کە دەکرێـت سیاسـەتێکی هاوتەریـب پیـادە بکـات کە ئەویـش ئەوەیە "رۆژئاڤـا دەتوانێـت بەرەو سـەربەخۆیی بـڕوات

بەڵام لە باکوور شتێکی دیکە بۆ کورد - کەمتر لە دەوڵەت – فەراهەم دەبێت، لەبەر ئەوە ئەم شتە کەمترە لە دەوڵەت دەخوازێت"؛ ٣) رۆژئاڤا بتوانێت بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆی لە هەژمونی گوتاری دژە دەوڵەتی پەکەکە رزگار بکات، ئەگەر چی ئەم بژاردەیە ئاسانیش نییە. بیرۆکەی ئەوەی کە پەکەکە هەڵیگرتوە بەوەی من دەتوانم لەگەڵ ئەویتردا بژیم بەوەی بڵێم من نیم، یان من لە تۆ جیانابمەوە، بیرۆکەیەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژئاواش تاقیکراوەتەوە و دەرەنجامەکەشی زۆر جار قڕکردن بووە. جوولەکەکانی ئەوروپا زۆربەیان بڕوایان بە تێکەڵبوون و ئاوێزانبوون بوو وە بوون بە (هاووڵاتی ژمارە یەک) لەو کۆمەڵگایانەی کە تیایاندا دەژیان، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا هەرگیز ئەوانی دیکە سنگیان بۆ جوولەکەکان نەکردەوە، بەڵکو زیاتر و زیاتر رقیان لێیان بووەوە تا پڕۆسەکە بە هۆلۆکۆست کۆتاییهات. پێکەوەژیان بەدەرنییە لە هێز، واتە دەبێت خاوەن هێز[١] و توانست

[١] لێرەدا هێز بە زەرورەت بە مانای هێزی چەکداری و خۆ پڕ چەککردن نایەت بەڵکو دەکرێت زۆر مانای دیکە ببەخشێت. هەر بۆ نموونە ئەمڕۆ کورد لە باشووری کوردستان خاوەن هێزێکی چەکداری زۆرە و پشتگیری نێودەڵەتیشی هەیە، بەڵام ئەمە بە زەرورەت وا ناگەیێنێ کە کورد لە باشوور **خاوەن هێزە**. لە راستیدا دەتوانین بڵێین کورد لە باشوور زۆریش بێهێزە کاتێک یاسا رێزی لێ ناگیرێت، گرنگترین دەزگای دەسەڵاتی گەل (پەرلەمان) پەکدەخرێت، حیزب دەستی لە بیناقاقای "دەوڵەت" گیرکردووە، ناڕەوایەتی دیموکراتی باڵادەسترە لە رەوایەتی دیموکراتی و سیاسی، کورد بە مانا سیاسییەکەی زۆر پەرتەوازەیە، کەم یان زۆر بەسەر ئەنجێندا ئیقلیمییەکاندا دابەش بووە... هتد. لەمەش هەمووی خراپتر ئێستاش ئەگەری ئەوە هەیە کە

بیت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا وەک هاووڵاتی ژمارە یەک، بە هەموو مافەکانەوە، بژیت: لە نەبوونی یەکسانی لە توانست و هێز و دەرفەتدا نایەکسانی بەرهەمدێت. کەواتە تەنها بۆ سەربەخۆبوون پێویستت بە هێز نییە، بەڵکو بۆ ئەوەی وەک ئەوەی دیکە هاووڵاتی ژمارە یەک بیت پێویستە پارسەنگی هێز بە شێوەیەک بێت کە لە بەرژەوەندی تۆدا بێت بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە دان بە یەکسانبوونی تۆدا بنێن.

هەمان دیاردە لە رۆژهەڵات، بۆ نموونە بۆ حاڵەتی مەسیحیەکان راستە. ئێستا بەچاوی خۆمان دەبینین کە چۆن مەسیحیەکانی رۆژهەڵات بەبێ ئەوەی خاوەن هیچ خواستێکی جودایی و دەوڵەتی سەربەخۆ بن و تەنانەت بەردەوامیش تێکەڵی کۆمەڵگاکانیانن، کەچی وا وردەوردە بەرەو نەمان دەچن.

پێکەوەژیان گوتارێکی ئایدیاڵی جوانە، بەڵام دەکرێت بەدەستهێنانی بە قەد جیابوونەوە ئەستەم بێت، لە راستیدا بە پێی ئەزموونی هەندێک گەلانی دیکە یەکسانبوون هەندێک ئەستەمتریش بووە لە جیابوونەوە. پێکەوە ژیان ئەو کاتە دەبێتە واقیعێکی جوان ئەگەر هەموان بە بەڕاستی ویستی پێکەوەژیانیان هەبێت و هەموان بوونیان وەک یەک، نە زۆر و نە کەم، دانپیانراو بێت. بەڵام ئایا پێکەوە ژیان لەگەڵ کەسێک (لایەنێک)دا دەکرێت کە

---

ئەم هەموو هێزە چەکدارییە ببێتەوە کەرەسەیەک بۆ شەڕ و پێکدادانێکی دیکەی کورد بە کورد کوشتن. لە چرکەساتێکی ئەوهادا نەبوونی ئەم هێزە چەکدارانە لە بوونیان باشترە، چونکە ئەو کاتە کە لە ململانێ و دژایەتی یەکتریشدا بین، کەرەسەی یەکتر کوشتن و یەکتر قڕکردنمان نییە!

باوەڕی وایە ئەو باڵادەستە و بەردەوامیش نکۆڵی لە بوونت بکات. نەک هەر ئەمە، بەڵکو بە جۆرەها میتود کار بۆ تواندنەوە و لەناوبردنیشت بکات؟ ناتوانیت لەگەڵ کەسێکدا بژیت کە بوونی تۆ نزمتر وە کەم بەهاتر لە بوونی خۆی ببینێت، بەڵکو تەنانەت بە تەواوەتی نکولّی لە بوونیشت بکات. شتێکی لۆژیکی نییە کە **بوویەک** لەگەڵ "**نەبوویەکدا**" پێکەوە بژین: پێکەوە ژیان ئەو کاتە فەراهەم دەبێت کە هەردووکیان بە یەکسانی **ببن** و **بوونیان دانپێنراو بێت**. چونکە ئەوەی کە نکولّی لە بوونی تۆ دەکات لە هەرکوێدا تۆ دەرکەوتی، ئەوا هەڵبەتە هەوڵی سڕینەوەشت دەدات. دەرەنجام، پێکەوەژیانی راستەقینە ئەوەیە کە هەمومان خاوەن ماڵی خۆمان بین و دراوسێییەکی باشی یەکتر بین.

* * *

نەمانی سوریا دەرفەتە بۆ دەوڵەتی کوردی جا چ لە رۆژئاڤا چ لە باشوور، وە چ دەوڵەتێک کە لە هەردووکیان (باشوور و رۆژئاڤا) پێک بێت. ئەم دەرفەتە لەم چەند دیدەوە خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم، نەمانی سوریا وەک دەوڵەتێکی ناوەندی نکوڵیکەر لە کورد؛

دووەم، دروستبوونی پانتاییەکی کوردی لە رۆژئاڤا، کە ئاسانکاری و پشتیوانی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ هەرێم دابین دەکات؛

سێیەم، سوریا جارێکی دیکە نابێتەوە بە وڵاتێکی ناوەندی بەهێز، بە تایبەت وڵاتێک کە لە مێژوودا لانکەی عروبە و ناسیونالیزمی عەرەبی بووە و سەرچاوەی یەکێک لە دڵڕەقترین پرۆژەی ئینکار و بە عەرەبکردن و تواندنەوەی کورد بووە؛

چوارەم، پەرتبوونی سوریا، ئاسانکارییەکی زیاتر دەکات بۆ **دروستبوونی کورد.**

### ٤-٣-٥ ئەمریکا

سیاسەتی فەرمی ئەمریکی هەتا ئێستا بریتی بووە لە جەختکردنەوە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق. ئەمریکییەکان لە پاش هاتنیان بۆ عێراق لە ٢٠٠٣ هەوڵیاندا عێراقێکی نوێ و یەکبوو بهێننە کایە. ئەمریکیەکان عێراقی سەددامیان وەها دەبینی کە کێشەی سەرەکی ئەوەبووە کە فەرمانڕەوایی لەلایەن کەمینەیەکەوە قۆرخکرابوو، کە کەمینەی سوننی عەرەب بوو. بۆیە ڕێگاچارەی ئەوان ئەوەبوو کە دەوڵەتی عێراقی دوای سەددام لەسەر بنەمای فەرمانڕەوایی سیستمی فیدراڵی دابمەزرێتەوە و حوکم بکرێت. ئەم سیستمە فیدراڵیەش یان لە شێوەی پارێزگاکان، کە نموونەی ئەمریکا خۆیەتی، یان ئەوەی دوایی بە کردار، بە هەر حاڵ تاکو ئێستا، تەنها هەرێمە فیدراڵیە کوردییەکەی لێ ماوەتەوە. ئەمریکییەکان بۆ ئامادەکاری و دواتر بەرجەستەکردنی ئەم جۆرە سیستمە هەمیشە ناوی خەڵکی عێراقیان وەها بردووە کە بریتین لە سێ پێکهاتە، سوننە، شیعە لەگەڵ کورد. دیارە سیستمی فیدراڵی، وەک نموونەیەک بۆ ڕێگری لە دروستبوونەوەی دیکتاتۆریەت، پێشتر ئەمریکا پیادەی کردبوو، هەروەک دواتر لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و نەمسای پاش جەنگی دووەمی جیهانیش بەرجەستەکرا. هەروەها ئەم بیناسازییە لە فەرمانڕەوایی، وەک ڕێگایەک بۆ هێشتنەوەی جیاوازی لە پێناو ڕێگەگرتن لە

ناسیونالیزمی توندڕەو، بینراوە. ئەم مۆدێلە لە سەر بنەمای یۆتۆپیایەک بوو کە هەر زوو بوو بە دیستۆپیا (دیستۆپیا بە پێچەوانەی یۆتۆپیاوەیە. ئەگەر یۆتۆپیا جێگایەکی بێوێنە، باشە، ئەوا دیستۆپیا جێگایەکی بێوێنە خراپە). ئەم یۆتۆپیایە بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە پێکهاتە جیاوازەکان لە جێگاکانی خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، **هەمووشیان بە یەکەوە** لە بەغدا حوکمی عێراق بکەن.

بەڵام عێراق هەمیشە وڵاتێکی لاواز بوو، هەرکە درزی تێکەوت ئیتر درزەکان بوونەتە قڵیش و قڵیشەکان بوونەتە کەلێن و کەلێنەکانیش بوونەتە سنوور. ئەمە هەروەها لە ئاستی کۆمەڵایەتی، تایفی و ئیتنیشدا رووی دا. بەم پێیە پێکەوەنووسانی عێراق کە لە مێژوویدا پرۆژەیەکی سەرکەوتو نەبووە، ئەمڕۆ زیاتر لە ئەستەم دەچێت تا هەر شتێکی دیکە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە مۆدێلی عێراقی ئەمریکی، کە لە راستیدا درێژکردنەوەی مۆدێلی بەریتانییە لە عێراقێکی یەکبوو، بە هەموو پێوەرێک کۆتایی هاتووە، یان ئەگەر درێژەش بکێشێت ئەوا وەک شکستخواردویەک و یەکەیەکی پڕ کێشمەکێش و درز و گرژی و قەیران درێژەی دەبێت.

بەڵام سەرباری ئەمە ئەمریکا هەتا ئێستا هەر سیاسەتی یەکپارچەیی خاکی عێراق پەیڕەو دەکات. پێمان وانییە ئەمریکا لە گرفتە بنەڕەتییەکانی عێراق بێئاگابێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە تێڕوانینی ئەمریکا بۆ عێراق، یان سیاسەتی ئەمریکا بۆ عێراق، تەنها لە بینینی کێشەکانی ناو عێراقەوە هەڵناقوڵێت. ئەمریکا هێزێکە کە سەرتاپای دونیا (بگرە گەردوون هەمووی) بە قوڵایی

ستراتیژی خۆی دەزانێت. بەم مانایەش ئەم وڵاتە لە روانگەیەکی زۆر فراوانتـــرەوە لە کێشـــەکانی عێـــراق و تەواوی نـــاوچەکە دەڕوانێـت، نەک تەنهـا لە روانـگەی کێشـە ناوخۆییەکـانی عێـراق. جگە لەمەش پەرتبوونی عێراق، دوای ساڵانێک لە هەوڵی ئەمریکا بۆ هێشتنەوەی بە شێوەی یەکبوو، وەک شکست بۆ ئەمریکا لە قەڵەم دەدرێـت،[١] بە تـایبەتی کـە بەهانەکـانی هـاتنی ئەمریکـا بـۆ عێـــراق بنەمـــا رەواکـــانی (لە رووی یاســـای نێـــودەوڵەتییەوە) بەردەوام لەژێر نیشانەی پرسیاردا بوون. لە هەمان کاتدا دوای داگیرکردنـی عێـراق، ئەمریکـا دووچـاری شـەڕێکی سـەخت دژی تێـرۆر بـووەوە و جـگە لەوەش بەبـێ کۆتاییهـاتنی ئەم شـەڕە لە عێراق کشایەوە. ئەگەر دوای ئەمە هەمووی، دوای وەبەرهەمهێنانی، وەک ئامـاژەی پێـدرا، سـێ تریلیـۆن دۆلار لە پـرۆژەی عێراقـی یەکبـــوو، دابەشـــبوونی عێـــراق قبـــوڵ بکـــات ئەوا مانـــای وایە شکستەکەی بە لوتکە دەگات.

بـوونی ئۆبامـا بە سـەرۆکی ئەمریکـا هاوتەریـب بـوو لەگەڵ مانـدووبوون و بێـزاری ئەمریکییەکـان لە جەنـگ و وازهێنانیـان بـوو لەوەی کە باس لە دیموکراسـی و حـوکمی رەشـید و ئـازادی بکەن. دواجـار گەڕانەوە بۆ پێکهـاتە و خەسـڵەتی کۆمەڵگای عێراق خۆی،

---

[١] بۆ نموونە لە تویتێکی خۆیدا سەرۆکی نوێی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ، باس لە دیوێکی دیکەی شکستی ئەمریکا لە عێراق دەکات و دەڵێت "ئێران بە خێرایی و زیاتر و زیـاتر دەست بەسەر عێراقدا دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشـدا کە ئەمریکـا ٣ تریلیـۆن دۆلاری لەو وڵاتەدا سـەرفکردوە." https://twitter.com/realdonaldtrum

کە بریتییە لە کاریزما پەرستی و شەخس پەرستی و خۆخۆری و درزە کۆمەڵایەتییە قووڵەکان و عەشیرەتگەری و... هتد. دەرەنجامی ئەمە ئەوەیە کە ئەمریکییەکان عەودالی کەسێکی بەهێزن لە عێراق کە دۆستیان بێت و دۆخەکەیان بۆ هێمن بکاتەوە، بەڵام ئەمەش هەرگیز کارێکی ئاسان نییە. چونکە پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو کەسە بە هێزە کێیە کە عێراقییەکان پێی رازی ببن و ئەو کەسە خۆیشی هێزە ئیقلیمی و جیهانییەکان رازی بکات. دواجار ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە گومانێکی بەهێز بێنینە دەنگ بە شێوەی پرسیارێک و بڵێین ئایا ئەسڵەن کەسێکی ئەوتۆ بەهێز لە عێراق هەیە کە ئەو هەموو پشتگیرییەی هەبێت و ئەم هەموو لایەنانە پێی رازی ببن و ئەو هەموو ئەرکانەش بەجێ بگەیەنێت؟

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کە هەمیشە تێکهەڵکێشە لەگەڵ سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکادا، لە نێوان هەردوو جەمسەری ئاسایش و برەودان بە دیموکراتیدا جۆلانێ دەکات. ئەگەر ئاسایشی نیشتمانی بە پێی دانیال یەرگن دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی یالطا،[1] پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ئەوا برەودان بە

[1] Daniel Yergin, (1977) Shattered Peace: The Origins of the Cold War and the National Security State, penguin.

لە سەرەتادا چەمکی ئاسایشی نیشتمانی زیاتر باس بوو لە هێز و توانستی سەربازی دەوڵەت بەڵام دواتر ئەم چەمکە گۆڕانکاری بەسەردا هات و فراوانتر کرا بۆ ئەوەی بواری دیکەش بگرێتەوە وەک بۆ نموونە بوارەکانی ئاسایشی ئابوری، ئاسایشی ژینگە، ئاسایشی وزە... هتد.

دیموکراسی دەگەڕێتەوە بۆ گوتارەکەی ڕۆناڵد ریگن لە پەرلەمانی بەریتانی لە ساڵی ١٩٨٢. دواجار ئێستاش ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا و ئاسایشی هاوپەیمانانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەفزەلیەتی ژمارە یەکە لە سیاسەتی ئەمریکادا. ئەمە هەر بۆ نموونە لە هەڵوێستی ئەمریکا بە جوانی دەرکەوت لە مەسەلەی پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان و بەردەوامی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسعود بارزانی وەک "سەرۆکی هەرێمی کوردستان" ئەگەرچی ئەمریکیەکانیش باش دەزانن ئەوەی لە ١٢ی تشرینی یەکەمدا رووی دا بە هیچ پێوەرێک لە سیستمی نیمچە دیموکراتیشدا جێگای نابێتەوە، نەک هەر سیستمی تەواو لیبرال-دیموکراتی. لەم حاڵەتەدا گرنگ ئەوەیە ئەمریکا لە شەڕی داعشدا براوە بێت و لەم پرۆسەیەدا بنپێبوونی سیستمی دیموکراتی و بەرجەستەبوونی دەسەلاتی ناشەرعی مەسەلەیەکی ئەوەندە گرنگ نین.

لە رووی ئابورییەوە ئەمریکییەکان دیدێکی نیولیبراڵیانەی "خەیاڵپلاوی" یان هەبووە بەوەی عێراق بکەنە بازاڕی ئازاد و کەرتی گشتی بچووک بکەنەوە و کەرتی تایبەت گەشە پێبدەن. ئەمە لە گوتارە ناسراوەکەی پۆل برێمەردا رەنگی دایەوە کە لە بەرواری ٢٦ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٣دا بانگەشەی ئەوەی کرد کە عێراق کراوەیە بۆ بزنس. ئەم دیدە لەو رۆژەوە بووەتە مایەی رەخنەیەکی زۆر لە سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق. بە تایبەتی وەها دەبینرێت کە ئەم دید و هەنگاوە وەرچەرخانێکی حەپەسێنەربوو، کە رەگەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ بیرمەندی ئابوریناسی ئەمریکی میلتۆن فریدمان. دەرەنجامی ئەمە ئەو گەندەڵییە خەیاڵییە کە

عێراقـی گرتـووەتەوە و خەسـڵەتە هەرە گرنگەکانیشـی نەبـوونی دەزگـا، نەبـوونی حکومەت، نەبـوونی سیسـتمی بـاج و سـوڕانەوەی دراو، نەبـوونی چـاودێرییەکی کـارامە و نەبـوونی سیسـتمێکی ئـابوری تـوکمەیە. بە کـورتی و بە چـڕی کە لە دۆخێکـی ئەوهـادا بازاڕ ئازاد دەکەیت ئەوا ئاسانە هەموو شتێک داڕمێت، هەروەک لە عێراق ئەمە روویداوە.

بەڵام ئەم دۆخە خەریکە گۆڕانکاری بەسـەردا دێت. بـۆ نمـوونە لە دوا سـەردانیدا بۆ عێراق، جۆ بایدن، جێگری سـەرۆکی ئەمریکا (لە کـاتی ئیـدارەی بـاراک ئۆبامـادا)، لەگەڵ سـتافی باڵوێزخـانەی ئەمریکـی لە بەغـداد کۆبـووەوە. لەوێـدا بایـدن **نائومێـدی** خـۆی بـۆ پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی عێراق و هێشتنەوەی عێراق وەک وڵاتێکی یەکگرتـو دەربڕیـوە. جێگـای وەبیرهێنـانەوەیە کە بایـدن، کاتێـک لـە کۆنگریس سـەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بـوو، خـاوەنی پرۆژەی دابەشکردنی عێراق، بۆ سێ ناوچەی جیاواز، بوو.

بەڵام کاتێـک بایـدن جێگـری سـەرۆکە، ئەوا ناچـارە سیاسـەتی فەرمـی وڵاتەکەی جێبەجێبکـات، کـە خـۆی لە یەکپـارچەیی خـاکی عێراقـدا دەبینێـتەوە. دیـارە ئەوە ئیـدارەی ئۆبامـا کۆتاییهـات و لە کـاتی ئیـدارەی ئەم سـەرۆکەدا گۆڕانکـارییەکی بنەڕەتـی بەسـەر سیاسـەتی وڵاتەکەی لەمەڕ عێراقـدا نەهـات. لە لایەکـی دیـکەوە سـەرۆکی نـوێ، کەم یـا زۆر دەرفەتـی گۆڕانکـاری هەیە، بەڵام چەندە و چۆنە ئەوە ئاسان نییە هەر لە ئێستاوە پێشبینی بکرێت، هەر چەنـدە هەر لە سـەرەتای ئیـدارەی نـوێ هەنـدێک هێمـای جیاوازی سیاسەتی ترەمپ لەگەڵ ئیدارەی پێشوو دەرکەوتون.

دەرەنجام بەو شێوەیەی کە پێشتر مەسعود بارزانی و پارتی گوزارشتیان لێکرد، کە گوایە بەر لە کۆتایی ماوەی ئیدارەی سەرۆک ئۆباما دەبێت پەلە بکرێت و ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکرێت، هیچ بنەمایەکی نەبوو. بە واتایەکی دیکە، دەکرێت لێرەدا بە ئاسانی بڵێین کە ئەوانەی پەلەیان بوو ریفراندۆم لە باشووری کوردستان بەر لە کۆتاییهاتنی سەرۆکایەتی ئۆباما بکرێت، ئەم بۆچوونەیان لەسەر بنچینەی هەڵسەنگاندنێکی دروست و خوێندنەوەیەکی وردەکارانەی سیاسەتی ئەمریکا و خەسڵەتەکانی ئەم سیاسەتەیان نەکردبوو. ئەگەرێکی دیکە، کە بە باوەڕی ئێمە لاوازە بەڵام ئەگەرێکی کراوەشە، ئەوەیە کە مەسعود بارزانی ئاگاداری هەندێک شت بووبێت لە مەڕ سیاسەتی ئەمریکا، لەبەر ئەوەش، یا راستتر بڵێین دامەزراو لەسەر ئەو ئاگادارییە پەلەی کردبێت، بەڵام ئەو ئاگادارییانەی بۆ خۆی هێشتبێتەوە و قۆرخی کردبن. هێشتنەوەی ئەم جۆرە لە ئاگاداریی هەستیار لای تاکە سەرکردەیەک، مەسەلەیەکی مەترسیدارە و دەکرێت جارێکی دیکە ئەوە پشتڕاست بکاتەوە کە پڕۆژەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان بووەتە دیلی دەستی سەرکردەیەک و هێزێکی سیاسی دیاریکراو، پڕۆژەکە رفێنراوە.

رەنگە ئەمریکا هەرگیز خۆی بە فەرمی، واتە وەک سیاسەتێکی رەسمی ئەو وڵاتە، بە ئاشکرا و راشکاوانە بانگەشەی ئەوە نەکات کە دەبێت عێراق دابەش بکرێت، بەڵام ئەگەر قەناعەتی لەلا دروست ببێت کە دابەشبوون باشترە لە مانەوەی یەکبوونێکی کێشەدار و خوێناوی ئەوا رێگری لە دابەشبوون ناکات، تەنانەت بگرە

ئاسانکارییش بۆ دابەشبوونەکە دەکات. دواجار زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی دوارۆژ دابەشبوونی عێراق بارگاوی نەکرێت بەوەی کە دابەشبوونەکە پلانێکی (یا راستتر، پیلانێکی) ئەمریکی بوو، پێویستە دابەشبوونی ئەو وڵاتە بە هەندێک شێوازی دیکە بێت بۆ ئەوەی دابەشبوونەکە سروشتی دەرکەوێت و مۆری "پیلانی" ئەمریکی نەکەوێتە سەر.

ئێمە بە تایبەتی پێمان وایە کە بۆ کورد زۆر گرنگە کە "مۆری" ئەمریکا نەکەوێتە سەر دابەشبوونی عێراق بە تایبەتی بە پەیوەندی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان: کورد دوارۆژ باجی ئەوە دەدات، دوور نییە باجێکی زۆریش، گەر مۆری ئەمریکا کەوتە سەر دامەزراندنی دەوڵەتەکەی لە باشوور. لێرەدایە گرنگی ئەوەی کە ئێستگەی هەرە گرنگ لە راگەیاندنی ئەو دەوڵەتە راپرسییە و دواجار ئەم راپرسییە لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەییەوە بە فەرمی دانی پێدابنرێت. دواجار راپرسی، جگە لەوەی دەبێتە ئەو ئامرازەی کە لە رێگایەوە هەموو هاووڵاتیانی کوردستان دەبن بە خاوەنی شانازیی سەربەخۆیی، دەشبێتە ئەو ئامرازەی کە سەربەخۆیی کوردستان لە "مۆری پیلانی ئەمریکی" دەپارێزێت، مۆرێک کە دواجار بە ئاسانی ئەم کوردستانە سەربەخۆیە دەکات بە "ئیسرائیلی دووەم."

یەکێک لەو دیدە سەرەکیانەی کە باوە بۆ تێروانین لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوەیە کە ئەمریکا هەندێک جار چارەسەر یان نەمانی تەنگژە بە بژاردەیەکی باش نابینێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوەدا، بەڵکو هێشتنەوەی تەنگژە (یا راستتر بڵێین قەیرانێکی سنووردار) بۆ زەمینەسازی بۆ ئیدارەی قەیران بەلایەوە بژاردەی

گونجاوە. بۆ نموونە سیاسەتی ئۆباما بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتی بوو لە هاوتەریبکردنی سوننە و شیعە بەرامبەر یەکتر بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەک کە لە ئەنجامدا جۆرێک لە ئاشتی سارد، لە مۆدێلی جەنگی ساردی پێشوو، لە نێوانیادا بهێنێتە ئاراوە. لە هەردوو دۆخەکەدا، ئاشتی سارد و جەنگی سارد، ئەمریکا بونیادی تەنگژەیەکی بەردەوام دادەڕێژێت کە بە ئاسانی دەبێتە قەیران.

جەنگی داعش هێندەی ئەزموونی عێراق کاریگەری هەبوو لە سەر دیدی ئەمریکا بۆ ناوچەکە. بەڵام دوای ساڵی ٢٠١٤ (واتە دوای پێشڕەوییەکانی داعش) عێراق جێگایەکی جیاوازە. ئەمریکا لە هاتنی داعش گەڕایەوە بۆ سیاسەتی کورتخایەنی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و ئەم دۆخە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. بەڵام بە نزیکبوونەوەی قۆناغی کوتایی داعش، دەبینین کە وردە وردە وەرچەرخان هەیە لە سیاسەتی ئەمریکادا.

ئێمە لێرەدا دوو سیناریوی دژ بەیەک لە بەرچاو دەگرین: یەکەم، جەختکردنەوەی ئەمریکا لە سەر پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لە عێراق و هەرێم؛ دووەم، پشتگوێخستنی دیموکراتیزەکردن. یەکەمیان دەبێتە هۆی ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێم، بەڵام دووەمیان دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەم بەشەی کوردستان دەبێتە سۆماڵ یان باشووری سوودانێکی دیکە. ئەم بۆچوونەش زیاتر زادەی ئەو تێڕوانینەیە کە دەخوازێت پێمان بڵێت، جگە لەم پشتگوێخستنە، بە ئەگەری زۆر خەباتی مەدەنی لەو بەشەی کوردستان بێ کۆتایی نییە وە سیناریۆیەک بۆ دوای

داعش، ئەگەر کێشەکان، بە تایبەتی قەیرانی دارایی و ئابوری، چارەسەر نەکرێن ئەوا کۆتاییەکەی دەکرێت ببێت بە وەرچەرخان لە حاڵەتی خەباتی مەدەنی بۆ حاڵەتی پێکدادانی چەکداری بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان. جگە لەوەش لە دوای داعش دەکرێت زیاتر لە لایەنێک هەبن بخوازن شەڕ و پێکدادان بپەڕێتەوە ناو ماڵی کورد لە باشووری کوردستان!

لە کاتێکدا فشاری ئەمریکا بۆ دیموکراتیزەبوون لە عێراق وەها دەردەکەوێت کە هەنگاوێکی پۆزەتیف بێت، ئەوا لە هەمان کاتدا رەنگە رێگریش بێت لە جودابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان. گرنگە لایەنی کوردی باش لەو پارادۆکسە (موفارەقەیە) نزیک ببێتەوەو تێگەیشتنێکی، داڕێژراو لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و پڕۆژەیەکی نیشتمانی، بۆ بکات.

### ٤-٣-٦ یەکێتی ئەوروپا

لە بەر نەبوونی سوپا و ئەندامبوون لە ناتۆ و باڵادەستی ئەمریکا لەو رێکخراوەدا، هەروەها پێداویستی ئەوروپییەکان بۆ هاوسەنگی هێز بەرامبەر بە روسیا، ئەوا ئەوروپا سەرباری جیاوازی لەگەڵ ئەمریکا، هەموویان لە بڕیارە گەورەکاندا پشتگیری ئەو وڵاتە دەکەن. هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا زۆرجار، وەک زۆرێک لە شارەزایان جەخت دەکەنەوە، هەڵوێستی ئەمریکایە، بە کەمێک جیاوازییەوە. بەڵام دۆخی ئەوروپا لە دوو ئاستدا مەترسیدارە: یەکەم، ئەوروپا لە ناوەوە رووبەڕووی کۆمەڵێک قەیران بووەتەوە، لە هەمان کاتدا لە سنوورەکانی لەگەڵ

ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت و دەریـــای ســـپیدا ڕووبەڕووی شـــاڵاوی کـــۆچبەران بـــووەتەوە. بـــۆیە بڕیـــاری یەکێتـــی ئەورووپـــا هـــی یەکپـــارچەیی خـــاکی عێـــراقە، بە بەهـــانەی ئەوەی کە گـــوایە ئەم یەکپارچەییە مایەی سەقامگیری و گەشەی ئابورییە.[١]

لێرەدا هەوڵدەدەین لە دیدی ئەوروپاییەکانەوە هەردوو مەترسی کـۆچ و تیـرۆر لەیەک ڕوانـگەوە ببینـین، چـونکە بە تـایبەتی لـە ڕەهەندی ئاسایشـەوە، ئەم دوو دیاردەیە زۆر تێکهەڵکێشـن. تیـرۆر کـۆچ بەرهەم دەهێنێـت وە تیـرۆر خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ناچاردەکـات ڕووبـکەنە ئەوروپـا. جـگە لەمە، تیـرۆر وابەسـتەیە بە دەوڵەتـی شکسـتخواردووەوە، یـان ڕاسـتتر بڵێـین دەرهاویشـتەیەکی شکســـتخواردنی دەوڵەتە. بەو پێـــیە لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت دەوڵەت شکسـتی خـواردووە، لـە ئەنجامـدا ئەم نـاوچەیە بـووە بە ژینگەیەکی هەرە لەبار بۆ گەشـەکردنی تیرۆر، کە ئەویش خۆی لە خۆیـدا دەبێـتە هـۆی کـۆچکردنی خەڵـک. لە لەلایەکـی دیـکەوە، بە ئەگەری زۆر کـــۆچبەریش لە نـــاو هەنـــاوی خۆیـــدا ژمـــارەیەک تێرۆریســـت دەبـــاتە ڕۆژئـــاوا، یـــان هەنـــدێک لە کـــۆچبەران دوای چوونیـان بـۆ ڕۆژئـاوا لەوێ تـێکەڵاوی تـۆڕ و گـرووپە تونـدڕەوە ئیسـلامییەکان دەبـن و دەبـن بە تێرۆریسـت. ئەم پـێکەوە گرێـدانە

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی کاروباری دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا، ٢٣ی حوزەیران ساڵی ٢٠١٤ لە لۆکسۆمبۆرگ:
Council of the European Union; Council conclusions on Iraq Foreigen affairs Council meeting Luxembourg, 23 June 2014.http://www.gr2014.eu/sites/default/files/FAC%20Conclusions%2010.pdf

بەشـێکی گـرنگە لە بنەمـای تێگەیشـتنی ئەوروپـا لە نـاوچەکە. (ئارگومێنتێـک کە لە لایەن بێرنـارد لویسـەوە پشـتیوانی دەکرێـت ئەوەیە کە لە مێژوودا دووجار ئیسلام هەوڵی فەتحی ئەوروپایان داوە، ئەمجارە سێیەم جارە، وە دەبێت تیایدا سەربکەون).

لاوازی ئەوروپییەکـان تەنهـا لەوەدا نیـیە کە خـاوەنی هێـزی سـەربازی سـەربەخۆیان نـین، بەڵکـو لاوازیـی ئەوان لـە کۆمەڵێـک ئاسـتی دیکەشـدایە: یەکەم، لاوازبـوونی یەکێتـی ئەوروپـا وەک ناوەنـدێکی بڕیـار لـە ئەنجـامی قەیرانـی دارایـی و سـەرهەڵدانی گوتـاری ناسیونالیسـتی دژە بـان-دەوڵەتـی و دژ بە ئەوی دیـکە، بە رادەی یەکەم دژ بە ئیسلام و کۆچبەرانی هەڵگری ئەم شوناسـە لە هەنـاوی ئەوروپـادا. بە وردبوونەوەی ئەوروپا بـۆ تـاک وڵات، واتە هەڵوەشـانەوەی یەکێتـی ئەوروپـا، ئەوا ئەوروپـا لـە ئاسـتی زلهێزەکانی دیکەی جیهان، وەک ئەمریکا و چین و روسیا، بەشیک لە کاریگەرییـان لەدەسـت دەدەن؛ دووەم، جودابـوونەوەی وڵاتێکـی وەک بەریتانیـا یەکێتـی ئەوروپا لاوازدەکـات لە ئاسـتی بڕیـاردان لە جیهاندا، بەوەی یەکێتی ئەوروپا تەنها یەک وڵاتـی دەمێنێت لـە نـاو ئەنجـوومەنی ئاسایشـدا، واتە فەرەنسـا؛ سـێیەم، قەیرانـی ئـابوری لە وڵاتـانی وەک یونـان، ئیتالیـا، ئیسـپانیا، فەڕەنسـا، بە تـایبەت بەشـە کـاتۆلیکەکەی ئەوروپـا جـگە لە نەمسـا، وەهـایکردووە کە ئەوروپـا زیـاتر سـەرقاڵی خـۆی بێـت و ئەوەنـدە نەپەرژێـتە سـەر "دەرەوەی خۆی"؛ چوارەم، هەڵسانەوەی ورچە سپیەکە (روسیا)، بە کۆمەڵێک توانا و هێز و تەماحی جیۆپۆلیتیکی ترسناکەوە، ئەوروپای توشـی پەشۆکان کردووە.

لەم روانگەیەوە دۆخی ئەوروپا دۆخێکی ئاڵۆزە. لە کاتێکدا راستەخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە پێچەوانەوە هێندە توانا و هێزی نییە کە بتوانێت کاریگەری راستەوخۆی هەبێت لە سەر دۆخی ناوچەکە. ئەم دەستەپاچەییە دەکرێت لە دوو روانگەوە ببینرێت: یەکەم، ئەوروپییەکان چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکرێت کە هەڵوێستیان بگۆڕن پێش گۆڕانی واقیع خۆی؛ دووەم، بەڵام کاتێک کە واقیعەکە دەگۆڕێت ئەوروپیەکان هێندە رێگرنابن لەو گۆڕانکارییە، بەڵکو هەوڵ دەدن خۆیان لەگەڵ واقیعەکە بگونجێنن. دیویکی دیکەی ئەم قسەیە ئەوەیە کە ئەوروپییەکان لە بەر پشتبەستن بە هێز و بازووی ئەمریکا هەمیشە چاوەڕوانی ئەمریکان بۆ ئەوەی بە سەلامەتی و کەمترین زیان و تێچوو هەڵوێستیان بگۆڕن.

ئەوروپا گەر لە رابوردوودا کاریگەری راستەوخۆی هەبووبێت لە سەر باکووری کوردستان، ئەوا ئەمڕۆ کاریگەری لە سەر باشووری کوردستانیش هەیە. بەڵام ئەوروپا لەبەرئەوەی دانی نییە، بازوی نییە، هێزی سەربازی سەربەخۆیی نییە، ناتوانێت هێندە بوێرانە رای خۆی دەربڕێت.[١]

بە هەر حاڵ هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا گرنگە بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بەڵام لە هەمان کاتدا کەم بایەخیشە بۆ ئەم مەسەلەیە. گرنگە، چونکە هاوکارێکی باش دەبێت بۆ

[١] ئەمە قسەی دیپلۆماتێکی بەریتانییە بۆ سەردار عەزیز لە دیدارێکی تایبەتیدا.

بونیادنانی ئەو دەزگایانەی کە دەوڵەت پێویستیەتی ئەگەر سیاسی باش و بە سەلیقە لە کوردستان بوونی هەبێت. لە هەمان کاتدا کەم بایەخە، چونکە ئەوروپا هێزگەلێکی زۆر موحافیزکارن لە مەسەلەی هەڵوەشانەوەی ولاتان، بە تایبەتی دامەزرانی دەوڵەتان لەسەر بنەمای ئیتنی.[١] لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە لەسەر ئەرزی واقیع رووی دا، ئەوا بە ئەگەری زۆر هەر زوو ئەوروپا خۆی لەگەڵدا دەگونجێنێت و دان بەو واقیعەدا دەنێت.

### ٤-٣-٧ ئیسرائیل

ئیسرائیل، بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان، لە یەک کاتدا ولاتێکی **کاریگەرە** بەڵام **زیانبەخشیشە** بە سەربەخۆیی. ئیسرائیل وەک بوونێکی جیۆ-سیاسی لە دۆخێکی تایبەتدایە. بەشی زۆری ئەم دۆخە تایبەتە بریتییە لە گۆشەگیری و دوژمنایەتی لەگەڵ زۆربەی دراوسێکان، بە گشتی لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا. بە نەبوونی دۆست، دیڤید بن گۆریون (کە بە باوکی روحی ئیسرائیل ناسراوە) سیاسەتی رۆخی ستراتیژی (startegic periphery) لە ١٩٥٠کاندا هێنایە ئاراوە. ئەم دیدەی بن گۆریون پێی دەگوترێت دۆکترین یان پرینسیپی پەراوێزی ستراتیژی.[٢] ئەم مەبدەئە بریتی

---

[١] هەڵبەتە هەڵوێستی ئەوروپا لە دامەزرانی دەوڵەتی فەلەستین شتێکی جیایە.

[٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Alpher, Yossi (2015) *Periphery: Israel's Search for Middle East Allies*, Rowman and littlefield.

شایەنی باسە کە پشتگیری ئیسرائیل لە بزاڤی چەکداری لە باشووری کوردستان لە ١٩٦٠ وە لە ١٩٧٠کان تا هەرەسی ١٩٧٥، یەکانگیر بوو لەگەڵ ئەم ئاڕاستەیە، واتە ئاڕاستەی پەراوێزی ستراتیژی.

بوو لەوەی کە گرنگە ئەو هێزانەی کە لە رۆخ (پەراوێز)ی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان و دەوڵەتی ناعەرەبین (وە بە زەرورەت دۆستی عەرەب نین) وەک تورکیا، ئێران و ئەثیوپیا دۆست و پشتگیری ئیسرائیل بن. کوردستان و کورد، وەک بوونێکی نادەوڵەتی، بەشێکی زۆری (راستتر بڵێین بەشی رۆژهەڵات و باکووری کوردستان) دەکەوێتە ئەو رۆخە ستراتیژییەی ئیسرائیلەوە. گەڕانی ئیسرائیل بەدوای دۆستدا بەردەوام تەبا بووە لەگەڵ ململانێی لەگەڵ نەیارەکانیدا. بەم پێیە ئیسرائیل دەخوازێت ئەو ئابلۆقەیە کە لەسەریەتی لە کۆمەڵێک رێگاوە تێیبپەڕێنێت، لاوازی بکات، درزی تێبخات و لەدەرەوەڕا فشار بخاتە سەری لە رێگای ئاشتی، یان شەڕ، یان پەیوەندی ئابوری و هەروەها لە رێگای دروستکردنی لایەنگر لەناو وڵاتانی دراوسێ (واتە وڵاتانی عەرەبی) وەک ئەوەی لە لوبنان لە هەشتاکان رووی دا و ئەمڕۆ لە سوریا روودەدات.[١]

بەم پێیە کرۆکی جیۆپۆلیتیکی ئیسرائیلی بریتییە لە لاوازکردنی نەیارەکان بەوەی نەتوانن لە هەموو سنوورەکانییەوە بەرەیەک دژی ئەو پێکبهێنن. بوونی دەوڵەتی کوردی لە قازانجی ئەم دیدەیە، نەک تەنها لە عێراق، بەڵکو لە سوریاش. ئەوەی رێگرە لەم هەنگاوە تورکیایە، کە هەر زوو (لە ساڵی ١٩٤٩دا) دوای راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دانی بەو دەوڵەتەدا نا و دواتریش بەردەوام دۆستی ئەو وڵاتە بووە. شەڕکردنی کورد لە رابوردوودا دژ بە ئیسرائیل (مەبەست شەڕی پەکەکەیە لە لوبنان بە تایبەتی لە

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Samaha, Nour (2016) ”Will Israel Create safe zone in Southern Syria,” *Al monitor*, July 25

١٩٨٢) هێنـــدەی دیـــکە پەیوەنـــدی نێـــوان ئەو دوو وڵاتەی (واتە ئیسرائیل و تورکیا)ی تۆکمەتر کرد.

ئیســـرائیل دژ بە دروســـتبوونی وڵاتێکـــی خـــاوەن هەژمـــونە لـــە نـــاوچەکەدا بە تـــایبەت لە رووی تەکنەلـــۆجییەوە، ئەمەش کرۆکـــی نەیارێتی ئەو دەوڵەتە بووە بۆ پڕۆژەی چەکی ئەتۆمی عێراق لە رابـــوردودا و پـــڕۆژەی چەکـــی ئەتـــۆمی ئێـــران لـــە ئێســـتادا. جـــگە لەمەش تەکنەلۆجیـــا لە کرۆکـــی دەوڵەتـــی ئیســـرائیلدایە، بە تـــایبەتی تەکنەلۆجیـــای ســـەربازی. مۆدێرنبـــوون و باڵادەســـتیی تەکنەلـــۆجی توانـــا و هەیـــبەت و دەســـتکراوەیی بە ئیســـرائیل دەبەخشـــێت کە دراوســـێکانی بێـــبەرین لێـــی. بـــۆ وڵاتێکـــی بچـــووکی وەک ئیســـرائیل، تەکنەلۆژیـــا ئەو دەروازەیەیە کە توانـــــای زۆر دەبەخشـــێت بـــۆ هاوتاکردن و باڵابوون بەرامبەر نەیارێکی زۆرینە.[١]

دەتـــوانین بڵێـــین کـــە ئیســـرائیل هەڵگـــری سیاســـەتی نەهێشـــتنی هەژمـــونییە لە نـــاوچەی رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا. بەم پێـــیە ئەگەر وڵاتـــانی وەک ئێـــران و تورکیـــا و ســـعودیە لە هەوڵـــی ئەوەدان کـــە چۆن پانتاییەکان یەکبخەن لە ژێر رکێفیاندا، لە پێنـــاو دروســـتکردنی هەژمونـــدا، ئەوا ئیســـرائیل دژی ئەم جـــۆرە هەژمـــونیەتە تەقلیـــدییە دەوەســـــتێتەوە. بـــــۆ ئەم مەبەســـــتەش یەکێـــــک لە ئامرازەکـــــان بچـــووککردنەوەی قەبـــارەی زلهێـــزە ئیقلیمییەکـــانە، چـــونکە لـــە رێگـــای بچـــــووککردنەوەی ئەم هێـــــزە ئیقلیمییـــــانە ئیســـــرائیل دوو ئامـــــانج دەپێکێـــت: هەم لەرووی دیمـــوگرافییەوە (واتە ژمـــارەی دانیشـــتوان)،

---

[١] لە داهـــاتوودا کـــورد پێویســـتی بەم جـــۆرە ســـتراتیژە دەبێـــت. لـــۆژیکەکەش ئەوەیە چۆن زانست بکەیتە بەشێک لە فەراهەمکردنی ئاسایشی نیشتمانیت.

هەم لە رووی جوگرافیاشـەوە (واتە لە رووی پانتـایی جـوگرافییەوە). کاتێـک لەم دوو رووەوە ئیسـرائیل بێتوانـایە، لـە رکـابەری لەگەڵ وڵاتـانی دەوروبەرییـدا، چـونکە دواجـار ئیسـرائیل خـۆی خـاوەن جوگرافیـایەکی بەرتەسکە، ئەوا لە لایەکی دیکەوە وڵاتانی دەوروبەر لە رووی چەک و تەقەمەنـی و تەکنەلۆجیـا و ئـابوورییەوە نـاتوانن رکـابەرایەتی ئەو وڵاتە بـکەن. ئەمە بە تـایبەتی بـۆ بـواری سـەربازی پێش هەمـوو بوارێکی دیکە راستە. بەڵام رەهەندێکی دیکەی گرنگی بەهێزیـی ئیسـرائیل بەر لە هەمـوو شـتێکی دیـکە بریتییـە لەو پێکەوەبوون و شوناس و کەلتوور و یەکگرتوییەی ئەو وڵاتە هەیەتی.

ئەم دیـدە جیۆپـۆلیتیکیەی ئیسـرائیل، واتە خواسـتی بچـووککردنەوەی زلهێـزە ئیقلیمییەکـان، بە سـوودی کـوردە. ئەم دیـدە تەنهـا دیـدی وڵاتـی ئیسـرائیل نییـە بەڵکـو دیـدی زۆرێـکە لە جوولەکە چالاکەکانی دونیاش، کەسانی، بۆ نموونە، وەک بێرنـارد هێنری لیڤی یان بێرنارد کوشنێر هەمان روانگەیان هەیە.

ئێمە ئەمە بە کردار دەبینین کاتێک کە وڵاتـی ئیسـرائیل پشـتیوانی فرۆشـی نەوتـی قاچـاخی هەرێـمە، هەروەهـا جـووە تونـدڕەوەکان راشکاوانە پشتیوانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردین.

پشتیوانی ئیسـرائیل بـۆ دەوڵەتی سـەربەخۆی کوردسـتان دەکرێت بە سـوودبێت، بەڵام دەوڵەتـی جـوولەکە دەوڵەتێکـی عەقڵانیـیە. بە واتـای ئەوەی ئەم کـارە هەروا بە ئاسـانی ناکـات، چـونکە عەقڵانـی بەمانـای ئەوەی بەرژەوەنـدی خـۆی رێبەرێتـی نەک بـاوەڕ یان سـۆز یـان ئایـدۆلۆژیا. کێشـەیەک بـۆ کـورد کە لە دانپیانـان و پشـتگیری ئیسـرائیل لە دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان دروسـت دەبێـت

ئەوەیە کە ئەمە مـــۆری ئیســـرائیل دەخـــاتە ســـەر ئەم دەوڵەتە سـەربەخۆیە، ئەگەر چی، لە لایەکی دیکەوە، ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتـانی نـاوچەکە پەیوەنـدی راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆیان لەگەڵ ئیسـرائیلدا هەیە. بەڵام عەرەب و موسڵمانێکی زۆر ئەم پەیوەندییە بە کورد رەوا نـــابینن. بگـــرە کـــورد هەمیشـــە بەوە تاوانبـــارە کە پەیوەنـــدی بە ئیسـرائیلەوە هەیە، بەبێ ئەوەی ئەم پەیوەنـدیە سـوودێکی ئەوتـۆی هەبووبێت. لە ئێستادا ئەوەندەی ئیسـرائیل وەک ئەزمـوون بە سـوودە بۆ کورد بۆ وانە لێوەرگرتن، ئەوەندە وەک دۆست بە سوود نییە.

بەڵام دەبێـــت ئامـــاژەش بەوە بـــکەیەن کە ئـــێمە لە رۆژگـــاری وەرچەرخانێکی چاوەڕوانکراوداین، ئەویش ئەگەر ئێران یان شیعە بتـوانن زاڵ بـبن بە سـەر نـاوچەکەدا ئەوا ئیسـرائیل رەنـگە ببێـتە دۆستی هەندێک وڵاتی سوننە، بە ئاشکرا یان بە نهێنی، بە پشت بەســتن بە هەردوو لــۆجیکی هاوســەنگی هێــز و نەبــوونی تــابو (ممنوع) لە سیاسەتدا.

### ٤-٣-٨ روسیا

مانـــدوویەتی ئەمریکـــا و لاوازی ئەورووپـــا زەمیـــنەی ئەوەیـــان سـازاندووە کە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ببێـتە پانتـاییەکی کـراوە بـۆ یـاری جیۆپـۆلیتیکی روسـی. روسـیا هەتابێت کـاریگەرتر دەبێت لـە رۆڵگێڕان لە نـاوچەکەدا. نـاوچەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دراوسـێی ئاسـیای ناوەنـد و قەوقـازە. روسـیا، چ لە سـەردەمی قەیسـەر، چ لە سـەردەمی یەکێتـی سـۆڤیەت، چ لە سـەردەمی پۆتینـدا هەمـوو ئەو پانتـاییەی بە قـوڵایی جیۆپـۆلیتیکی خـۆی زانیـووە و دەزانێـت. بەم

پێیە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگییەکی جیۆپۆلیتیکی زۆری بۆ روسیا هەیە. ئەوەی ئەم گرنگییەی زیاتر کردووە ئەو هێڵە کەلتووری و ئایینیی و مێژووییانەن کە ئاسیای ناوەند و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و روسیا پێکەوە دەبەستنەوە، کە یەکێک لە گرنگترینیان بریتییە لە هێڵی ئایین. ئایینی سوننی وەک شوناسێک، ئایینێکی هاوبەشە لە نێوان پێکهاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەند و هەندێک لە کۆمارەکانی روسیا وەک چیچان و داغستان و چەند جێگایەکی دیکە. سەرباری ئەمە، روسیا هاوبەشییەکی دیکەی هەیە لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بریتییە لە بوونی سامانێکی سروشتی زۆری نەوت و گاز. ئەم هاوبەشییە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لە سەر سیاسەتی روسیا بەرامبەر ئەم ناوچەیە.

لە هەمان کاتدا روسیا کە ئەمرۆ خۆی وەک هێزێکی "بریندار"[١] دەبینێت بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە چۆن بتوانێت داکۆکی لە پانتاییەکانی خۆی بکات. یەکێک لەو ئامرازانەی کە ئەم ئامانجە بۆ روسیا فەراهەم دەکات تەکنەلۆجیای چەکە. تەکنەلۆجیای

[١] لە یەکچوونێکی بەهێز هەیە لە نێوان ئەم خۆ بریندار بینینەی روسیا، دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت، وە خۆ بریندار بینینی ئەڵمانەکان دوای دۆڕاندن و چۆکپێدادانی ئەڵمانیا لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا. هیتلەر و نازییەکان لەسەر ئەم حاڵەتی خۆ بریندار بینینە کاریان کرد وە توانیان بەم شێوەیە نەتەوەی ئەڵمان بەرەو جەنگی دووەمی جیهانی جۆشوخرۆش بدەن. ئەمرۆ پوتین کار لەسەر حاڵەتێکی هاوتەریب دەکات، هەر ئەمەشە سەرچاوەی مەترسی لە داهاتووی ئەو جۆرە یارییانەی کە روسیا دەیان کات لە مەیدانی سیاسەتی نێو نەتەوەیدا، وە لە ناویشیاندا هەڵبەتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

چەکداریی هەمیشە بەوە دەتوانێ کاریگەر بێت کاتێک کۆمپانیاکانی چەک بتوانن هێندە چەک بفرۆشن کە بتوانن تێچووی خۆیانی پێدەربکەن لەگەڵ دابینکردنی چەکی نوێ بۆ وڵاتی خۆیان. ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆرێک لە کۆمپانیاکانی چەک لە روسیا کۆمپانیای کەرتی حکومیین. هەندێک جار کۆمپانیای چەک ناچار دەبێت کاڵای دیکە بەرهەم بهێنێت بۆ دابینکردنی تێچوونی چەک بۆ وڵات.[١]

دەکرێت ئێمە لێرەدا سیاسەتی روسیا بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆی ئەم رەگەزانەدا وێنا بکەین: یەکەم، کێشە نییە ئەگەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قەیران هەبێت، ئەگەر بێتو ئەم قەیرانە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و گاز، چونکە ئەمە بە سوود بۆ روسیا دەشکێتەوە؛ دووەم، لەبەرژەوەندی روسیادا نییە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێبڕکێی ئەم وڵاتە بکات لە بوونی بە سەرچاوەی گاز بۆ تورکیا و ئەوروپا؛ سێیەم، نابێت وڵاتێکی دینیی سوننی توندڕەو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بێت، چونکە دەبێتە هۆکاری پەلهاوێشتن بۆ ناو قوڵایی ستراتیژی روسیا، یان بەهێزکردنی هێزە جوداییخوازە موسڵمانەکانی ناو روسیا؛ چوارەم، سوودبینین لە ناسەقامگیری، ئەگەر پێویستیشی کرد دروستکردنی ناسەقامگیری، لە پێناو راکێشانی هێزی دۆست؛ پێنجەم، دروستکردنی بەرەیەک لە موسڵمانانی دۆست، کە ئێستا خۆی لە بەرەی شیعەدا دەبینێتەوە.

---

[١] هەر بۆ نموونە، ئەمرۆ کۆمپانیای کەلاشینکۆف جلوبەرگی سەربازیش بەرهەم دەهێنێت، بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی.

بەم مانــایەش دەکرێــت بڵێــین روســیا چەنــد ئامــانجێکی لە کوردســتاندا هەیە: یەکەم، دەیەوێـت کوردسـتان تێکهەڵکـێش ببێـت لەگەڵ بەرەی دۆسـتانیدا، بـۆ فراوانکردنـی پانتـایی دۆسـتایەتی، بە تـایبەت پـاش گەڕانەوە بـۆ جیۆپـۆلیتیکی چالاکـانە لـە سیاسـەتی ناوچەکەدا؛ دووەم، ئەگەر سـەربەخۆیی کوردسـتان نەبێتە هۆکـاری لاوازکـردن و بێزارکردنـی بەرەی دۆسـت (یـا دۆسـتانی) روسـیا، کە زیــاتر لە شــیعەکاندا خــۆی دەبینێــتەوە، ئەوا پشــتیوانی دەکــات. هەرچەنـدە ئەوەش دەبێـت بگوترێـت کە وڵاتـی "ئیمپراتـۆریەت"، کە لێرەدا مەبەست روسیایە، بە ئەستەم پشتیوانی هێزی جودابیخـواز دەکـات، مەگەر تەواو پشتڕاسـت بێـت لە وەلائـی ئەو جیـاوازخوازە بۆ روسـیا، وەک لـە حـاڵەتی ئاسیای ناوەندا (ئۆسـیتیا و ئەبخازیـا)؛ سـێیەم، روسـیا دەیەوێـت لە کەرتـی سـامانی سروشـتی هەرێمـدا پشـکی هەبێت، بە ئامـانجی ئەوەی بەشـێک لە داڕێژەری سیاسـەتی وزەی ئێـرە بێـت، هەروەهـا ئامـادەیی هەبێـت لــە جێگایەکـدا کە ئەگەری هەیە ببێــتە ناوەنــدێک بــۆ فرەســەرچاوەکردنی بــازاڕی کڕیــارانی؛ چــوارەم، پــۆتین، وەک کەســێکی پێشــتر کەیجیبــی، دوودڵـی ناکـات لە بەکـاربردنی هێـزی سـوپا بـۆ پێشـاندانی هێـزی روسیا، بەڵام زۆریش جەخت لەسەر چالاکی هەواڵگری دەکاتەوە.

روسـیا گەرچـی بە وێنە مێژووییەکەیدا وەهـا دیـارە کە نەیـاری رۆژئـاوایە، بەڵام ئەمـڕۆ زیـاتر ئامـانجی ئەوەیە کە بەشـێک بێت لە یــانەی رۆژئــاوا، بە تــایبەتی ئەمریکــا. خەونــی ئەوەیە کە چــۆن ئەمریکــا وەک هاوتــایەکی خــۆی تەماشــای بکــات و هەوڵــی ئەوەنەدات کە فشاری بخاتە سەر، بە تـایبەت لە رێگـای ئـابلۆقەدانی

چ لە رووی دانانی هێز و بنکە نزیک بە سنوورەکەی یان لە رێگای بێبەریکردنی لە بازاڕی جیهانی. روسیا بەرەو ئەوە ناچێت کە وەک وڵاتێکی بەهێز بمێنێتەوە. لە ناوەوە ئەم وڵاتە بەرەو تۆکمەیی ناچێت.

## ٤-٣-٩ سعودیە

سعودیە وڵاتێکی هەم دەوڵەمەند و هەمیش پڕ لە قەیرانە لە ناوچەکەدا. لە هەمان کاتدا سعودیە سەرچاوەی قەیرانە بۆ دەرەوەی خۆی. کەم نین ئەو چاودێرانەی کە سعودیە بە ناوەندی توندڕەوەی ئیسلامی دادەنێن، چ لە رووی سەرچاوەی فیکر و سەرچاوەی دارایی و بەکاربردنی سیاسی بە شێوەی پرۆکسی (بە وەکالەت). لە راستیدا ئەمڕۆ بەشێک لە دەسەڵاتدارانی ئەمریکاش بەم گومانەوە سەیری سعودیە دەکەن.

سعودیە خۆی وەک ناوەندی ئیسلامی دەبینێت، بەڵام ئیسلامی سوننی و لە ئیسلامی سوننیش، سعودیە ناوەندی هەرە بەهێز و بڵاوکردنەوەی مەزهەبی وەهابییشە، لەگەڵ سەلەفیدا. بۆیە سعودیە بنکە و ناوەندێکی سەرەکی جەنگی تایفییە لە ناوچەکەدا. عێراقیش یەکێکە لە گۆڕەپانەکانی ئەم جەنگە تایفییە. لەم دیدەوە ئەوەی بەلای سعودیەوە زۆر گرنگە ئەوەیە کە عێراق بەشێک نەبێت لە قەڵەمڕەوی ئێران. لە لایەکی دیکەوە، لەوەدەچێت کە ئیتر درەنگ بێت بۆ رێگری لەم قەڵەمڕەویەی ئێران، چونکە تواناکانی سعودیە بۆ رێگری لەم هەنگاوە زۆر سنووردارن. لە کاتێکدا کە رێگری لە پرۆسەی بەهێزکردنی قەڵەمڕەوی ئێران لاوازە، بە

پێچەوانەوە ئەم ڕێگرییە لاوازە جارێکی دیکە دەبێتەوە یارمەتیدەر بۆ پڕۆسەی قەڵەمڕەوی ئێران نەک دژەکەی.

بینیمان چۆن شەڕی سوننە، کە داعش لە ساڵانی دوایدا بەهێزترین دەرکەوتەی بووە، دواجار بە قازانجی باڵادەستی شیعە لە عێراقدا شکایەوە و بەرەی شیعەی زیاتر سورکرد لە سەر کۆنتڕۆڵکردنی حکومەت و خاک و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی سوننە بە یەکجارەکی لە جوگرافیا و ناوەندەکانی دەسەڵات. ئەم شەڕە بە مانایەکی دیکە دەرفەتێکی زێڕین بووە بۆ شیعە و ئێران بۆ ئەوەی لە "سێبەری شەڕی دژ بە داعش" بە گشتی لە پێگەی سوننە بدەن وە زیاتر لاوازی بکەن.

ئەگەر سعودیە سەرکەوتو نەبێت لە بەرگرتن بە ئێران و بە شیعەبوونی عێراق ئەوا وەک هەوڵێک بۆ لاوازکردنی عێراق دژ بە سەربەخۆیی کوردستان نابێت، بە ئاستێک دوورنییە پشتگیریشی بکات.

بەڵام پشتگیرییەکی ئەوها بە ئەگەری زۆر تەبا نابێت لەگەڵ دیدی سوننەی عێراقدا. لە لایەکی دیکەوە، پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە ئایا سوننەی عەرەب لە عێراق تا چەند و هەتاکەی دەتوانن لە دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کورد بەردەوام بن، هەروەها تاکەی بە کردەوە کاریگەرییان لەم ئاڕاستەیەدا بەردەوامی دەبێت، کاتێک دەبینن بوونی خودی خۆیان هەڕەشەی لەناوچوونی لەسەرە؟ بەکورتی و بە چڕی، نزیکبوونەوە لە سعودیە، بە تایبەتی ئەگەر لایەنێکی کوردی (با ئاشکراتر بڵێین پارتی دیموکراتی کوردستان و مەسعود بارزانی) لە تاریکیدا تاکلایەنە ئەو نزیکبوونەوەیە بکات، لە هەموو ڕوویەکەوە بە زیانی کوردە. سعودیە لە شێوازی

جیاوازی وەک سەلەفی یان ئیسلامی ناسیاسی دژە دیموکراسی، وەهابی، داعش، عروبە، تایفیدا دەردەکەوێت کە هەموو ئەمانە دژ بە بەرژەوەندی کوردن. دواجار گریمان ئەگەر مەرجێکی سعودیە لە پشتگیری لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە عێراق ئەوەبێت کە کورد ببێتە بەشێک لە جەمسەری سوننە دژ بە ئێران و شیعە، ئەوا ئەم مەرجە ئەوەندە قورسە کە دەکرێت لە یەکێک لە ئێستگەکانیدا بە کارەساتێکی نەتەوەیی بۆ کورد تەواو ببێت، لە بڕی ئەوەی کە ببێتە یاریدەدەر بۆ سەربەخۆیی.

دوای لاوازبوونی تورکیا، هێندەی دیکە ڕۆڵی سعودیە لە ناوچەکدا لاواز دەبێت. پچڕانی ئەو پشتێنە، تۆ بڵێ "هاوپەییمانییە"، سوننییەی نێوان سعودیە و تورکیا بە ئەگەری زۆر لە خزمەتی کورددا دەبێت، چونکە ئەو پێشوەچوونە دەکرێت کورد بپارێزێت لە لایەنگیری یان بوون بە بەشیک لە جەمسەری سوننە دژ بە ئێران.

ئێران، وەک لە لێدوانی بەرپرسانیدا دەبینین، دژ بە بوونی ئامادەیی سعودیەیە لە هەرێمی کوردستان.[1] چونکە یەکێک لە بنەماکانی سیاسەتی ئێرانی بەرامبەر هەرێم بریتییە لە نەبوونی هەرێم بە بنکەی مەترسی ئاسایشی بۆ سەر ئێران. ئێران بوونی سعودیە وەها دەبینێت کە هاندەری ئۆپۆزسیونی ئێرانییە، بۆیە ئێران بە توندی دژ بە بوونی سعودیەیە لە هەرێم. سعودیە نەیتوانی هیچ بۆ عەرەبی سوننە بکات، بەڵکو زیاتر ناوچەکەیانی

---

[1] تەنانەت لە ماوەی دواییدا ئێران نیگەرانی خۆی بە بوونی قونسوڵخانەی سعودی لە هەولێر ڕاگەیاند وە لەسەر زاری هەندێک لە بەرپرسانییەوە داوای کۆتاییهێنانی بە بوونی قونسوڵخانەکە لە هەولێر کرد.

کردە کێڵگەی خۆتەقاندنەوە، ئەوا ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک بە قازانجی کورد بێت. بە تایبەتی وەک دەبینین سیاسەتی ئاسایشی و ناوچەیی ئەو وڵاتە زۆر بەرتەسکانە بونیادنراوە و نەوت کۆمەڵگایەکی دروستکردووە لەو وڵاتەدا کە خەڵکەکەی ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. دەستێوەردانی سعودیە لە یەمەن باشترین گەواهییە. ئەمڕۆ یەمەن وەک ڤێتنامی سعودیە دەبینرێت.

## ٤-٤ بنەماکانی گۆڕانکاری لە دیدی ئەوانی دیکەدا

وڵاتانی رۆژئاوا، بە ئاستێکی زۆر دیدیان لە بارەی عێراق و کوردستانەوە گۆڕاوە، بە گشتی لە دەرەنجامی ئەم هۆکارانە: یەکەم، بوونی عێراق لە ژێر فۆکەسی دونیادا، بەهۆی هاتنی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا بۆ عێراق. ئەم فۆکەسە زانیارییەکی زۆری بردووەتە دەرەوەی عێراق لە سەر عێراق، بە چەندین ئاستی جیاواز، کە بەشداریکردووە لە گۆڕینی راوبۆچوون لە سەر عێراق؛ دووەم، بوونی ژمارەیەکی زۆر لە قونسوڵخانەی وڵاتان لە کوردستان وەهایکردووە کە وڵاتان راستەوخۆ لە لایەن کەسی بڕواپێکراوی خۆیانەوە، زانیارییان لە سەر هەرێم بەدەست بگات. ئەم زانیارییانە بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی عێراق و زۆرێک لە ناوچەکانی دیکە، دیدێکی جیاوازیان لە سەر کوردستان دروستکردووە؛ سێیەم، پرۆسەی نەوتی هەرێم: بۆ رۆژئاوا جۆری گرێبەستی هەرێم یەکەم دەریچەیە بۆ کۆتاییهێنان بە پرۆسەی خۆماڵیکردنی نەوت و داماڵینی نەوت لە رەهەندە سیاسییەکەی. ئەم پرۆسەیە گرنگە، چونکە ئێمە هەمیشە

دەبێت لە پەنای سیاسەتدا، لە هەناوی سیستمی جیهانیدا، سیستمی ئابورییش لە بەرچاو بگرین. پەلکێشانی سیستمی سەرمایەداری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەولەویاتی سیستمی جیهانیدایە. ئەمەش بە بەشێک لە سەقامگیری دادەنرێت.

جگە لەوە لە رووی سەربازییەوە سوودبینین لە کورد وەک هێزی شەڕکەر کە گونجاوە بۆ سیاسەتی کەمکردنەوەی سەرباز لە ئەوروپا و ئەمریکا. هەروەها کردنی کوردستان بە لانکەی پەنابەر و کەمکردنەوەی فشاری پەنابەر لە سەر ئەوروپا.

لە لایەکی ترەوە، کورد لە ئاستی حوکمڕانی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و کاریگەری لە سەر ناوچەکە رۆڵی لاوازدەبێت، بە هۆی ئەو هەموو قەیران و بارگرژی سیاسی و کێشەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە رووی سیستمی سیاسییەوە. بە هەر حاڵ، ئەوەی بە گرنگی دەمێنێتەوە پانتایی کوردستانە لە ناوچەکەدا.

## ٤-٥ هەندێک هێزی سیاسی و مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆ

ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان گوتاری دەوڵەتی کوردی بۆخۆی مۆنۆپۆلکردووە، ئەوا هێزەکانی دیکە لە دۆخێکی نادیاردان، کە لە نێوان رەخنە لە دیدی پارتی و پشتیوانی لە هێڵە پانەکانیدا و هەندێک جاریش نەیارێتیدا خۆیان دەبیننەوە. دیدی بزووتنەوەی گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی مەدەنی گرنگە چونکە بوون بە دەوڵەت وەک کۆدەزگایەک؛ هەنگاوێکی بەرەوپێشە لە مەدەنیبوونی زیاتری کۆمەڵگای کوردی و ئاسانکردنی کاریگەریی دانان لە سەر سیستمی حوکمڕانی.

لە راستیدا گۆڕان، وەک پڕۆسە، دەرەنجامی هاتنە ئارای سەقامگیری و ئاسایشە. ڕێکخەری گشتی بزاڤی گۆڕان نەوشیروان موستەفا هەمیشە ئەوەی دووپاتکردووەتەوە کە یەکێک لە هۆکارەکانی هاتنەئارای گۆڕان بوونی سەقامگیری و لاوازبوونی مەترسی دەرەکی وایکرد کە هەنگاونان بۆ دامەزراندنی رەوتێکی نوێ (راستتر بزاڤی گۆڕان) لە پێناو فۆکەس خستنە سەر چۆنێتی سیستم و دەسەڵاتی کوردی بە ئاڕاستەی چاککردن و تەندروستکردنی ئەو سیستمە.

لەگەڵ دەرکەوتنی بزاڤی گۆڕان، لە پێشدا وەک لیست و دواتریش وەک بزاڤ، هەموو گرینگیپێدانی خۆی خستە سەر مەسەلەی سیستمی سیاسی، بە تایبەتی دیاردەی گەندەڵی. هەرچەندە ئەم بزووتنەوەیە لە هەڵوەستە وەرگرتن لەمەڕ مەسەلەی سەربەخۆیی دواکەوت،[١] بەڵام دواتر لە نەورۆزی ساڵی

---

[١] هەر زوو یەکێک لە نووسەرانی ئەم نووسراوەی بەردەست (بورهان أ. یاسین)، بە تایبەتی بە پەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق (٢٠١٠)، بۆچوونی وابوو کە بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ چوونی بۆ بەغدا، واتە بەشداریکردنی لە پەرلەمانی عێراق، دەتوانێت وە پێویستیشە دروشم و ستراتیژی **پێداچوونەوە**، هەڵبگرێت واتە پێداچوونەوە بە پەیوەندی عەرەبی-کوردی بکرێت، چونکە حەوت ساڵی پێشتر (٢٠٠٣ – ٢٠١٠) ئەوە بە جوانی دەرکەوت کە کورد پێویستی بەوەیە کە ئاستی داواکارییەکانی روو لە بەغدا بباتە سەرووتر. بەهانەیەکی گرنگی ئەو پێداچوونەوەش ئەوە بوو کە دەکرێت لەناواخنی چەمکی پێداچوونەوە هەموو ئەو دەنگە کوردستانیانە کۆببنەوە کە هەر لە فیدراڵییێکی بەهێزتر دەستپێدەکات و بە ماف و سیستمی کۆنفیدراڵیدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە ئاستی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق. شایەنی

٢٠١٢دا، لە ڕێگای ڕاگەیاندنی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەکەوە (نەوشیروان مستەفا)، بۆچوونی خۆی لە گوتارێکی کورت، بەڵام بە ناوەڕۆک، ڕاگەیاند. ئەم ڕاگەیاندنە جگە لەوەی بۆچوونی ئەم بزووتنەوەیەی لەم پرسە گرنگەدا ئاشکرا کرد، بەڵام وەک شێوازێکی تایبەتی نزیکبوونەوە لەم مەسەلەیە، پانتایی سیاسیشی لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی ڕوونتر کردە دوو بەشەوە: بەشیکیان بە موناسەبە و بێ موناسەبە و بەبێ گوێدانە ڕەهەندی ناوەڕۆک، باسی سەربەخۆیی کردووە و دەکات، کە ئەمەش زیاتر ئاڕاستەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە لایەکی دیکەوە ئاڕاستەیەکی دیکە کە ناخوازێت بە موناسەبە و بێ موناسەبە باس لە سەربەخۆیی بکات، بەڵکو دەخوازێت گوزارش لە پرسی سەربەخۆیی لە ڕێگای بەستنەوەی پرسەکە بە ناوەڕۆکێکی پڕ لە کێشە و ڕاگوزەرێکی پڕ لە ئەرک بکات.

بە واتایەکی دیکە، ئەم ڕاگەیاندنە، نەک هەر بۆ ساغکردنەوەی شوناسی بزاڤەکە گرنگ بوو، بەڵکو بۆ تەواوی گفتوگۆ دەربارەی سەربەخۆی لە پانتایی سیاسی باشووری کوردستانیشدا گرنگ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت چەند سەرنجێک دەربارەی ئەم ڕاگەیاندن و ئاڕاستەیەی گۆڕان بدەین: ١) دەبێت ئەو بۆچوونە

---

ئاماژەیە کە ئەمڕۆ دوای حەوت ساڵ دواتر، ئەگەر ئەم دروشمە لە لایەن گۆڕانەوە هەڵگیرایە، دەکرا پێگەی بزووتنەوەی گۆڕان لە قسەوباسی سەربەخۆییدا بەهێزتر بێت و بەو ڕادەیەش لایەنێکی دیاریکراو (واتە پارتی دیموکراتی کوردستان و مەسعود بارزانی) سەرکەوتوو نەبوونایە لە قۆرخکردن و داگیرکردنی گوتاری سەربەخۆیی.

بە جددی وەربگیرێت کە دەخوازێت بڵێت بزووتنەوەی گۆڕان بەم ڕاگەیاندنە ویستی خۆی لە مەسەلەی سەربەخۆیی بدزێتەوە. بەڵام، لە بەرامبەر ئەمەدا دەبێت بڵێین کە ئەم بۆچوونە، واتە ئەوەی کە گوتارەکە لەمەڕ سەربەخۆیی خۆدزینەوە بوو لە مەسەلەکە، زۆر ورد نییە، چونکە ئەم بزووتنەوەیە لە یەکەم کۆنگرەی خۆشیدا هەردوو مەسەلەکانی سەربەخۆیی و ریفراندۆمی یەکلاکردەوە و کردنی بە دوو مەسەلەی گرنگ لە پرۆگرامی سیاسی خۆیدا. بەمەش مەسەلەی سەربەخۆیی لە ڕاگەیاندنێکەوە کرد بە پرۆگرام و ستراتیژی سیاسی بزووتنەوەکە؛ ٢) لە لایەکی دیکەوە، بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانی کار بۆ ئەوە بکات کە ئەم ڕاگەیاندن و ئاڕاستەیە بکات بە هەڵوێستێکی سیاسی یەکبووی خۆی و هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەوەی بە یەکەوە بۆچوونێک بخەملێنن کە تیایدا مەسەلەی سەربەخۆیی لە ڕاگەیاندنی "بە موناسەبە و بێ موناسەبە" ببەنە ئاستێکی دیکە لە بیرکردنەوە و هەڵوێستە. بەم واتایەش، پێویست بوو هەر لە سەرەتادا گۆڕان داوای گفتوگۆیەکی تایبەتی بە مەسەلەی سەربەخۆیی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆندا بکات، لە پێناو سازدان و خەملاندنی گوتار و تێگەیشتنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە یەکەوە لە مەڕ مەسەلەیەکی ئەوها چارەنووسساز. جگە لەمەش، یەکجار گرنگە کە مەسەلەی سەربەخۆیی جێگەی گرنگیپێدان و باس و خواسی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بێت، لە پێناو ئازادکردن و پاراستنی بیرۆکەی سەربەخۆیی لە هەر قۆرخکاری

و بەکاربردنێکی چەوت و هەڵە و ناشایستە؛ ٣) گۆڕان کارێکی جددیتری پێویست بوو بۆ ئەوەی مەسەلەی سەربەخۆیی لە ناو ریزەکانیدا بەرجەستە بکات، بە تایبەتی کارکردن بۆ بەرجەستەکردنی ئەم مەسەلەیە لە هزر و ئەندێشەی نەوەی نوێدا. بە مانایەکی دیکە، زۆر گرنگ بوو، وە ئێستاش گرنگە، کە بزاڤی گۆڕان لە پڕۆژەی سەربەخۆییدا مامەڵە لە تەک نەوەی نوێ، وەک بنەمایەکی کۆمەڵایەتی هەرە گرنگی ئەم پڕۆژەیە، بکات... لە راستیدا هەر پڕۆژەیەکی **نوێبوونەوەی کوردایەتی** لە باشووری کوردستان، دەبێت ئەو نەوەیە، وەک کەرەستە و وزەیەکی بنەهاتوو و هەرە گرنگ، مامەڵەی لەتەکدا بکرێت؛ ٤) بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانیوە بە باشی و وەک پێویست لە مەترسی داگیرکردنی سیاسیانەی داهاتوو (تۆ بڵێی دواڕۆژ) لە لایەن هێزێکی دیارکراوەوە، لە رێگای دەستبردن بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی، بگات: ناکرێت بڵێین دروشمی سەربەخۆیی لە لایەن ئەو هێزە دیاریکراوەوە (تۆ بڵێی پارتی دیموکراتی کوردستان) تەنها **موزایەدەیەکی** سیاسییە و بەس. ناشکرێت بە شێوەیەکی تەنزئامێز بڵێی با "پارتی بفەرموێت سەربەخۆیی راگەیێنێت، ئێمەش ئەو کاتە دەستخۆشی لێدەکەین." نووسەرانی ئەم کتێبەی بەردەست لەوە دەترسن کە بەرزکردنەوەی دروشمەکە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان نەک هەر موزایەدە نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە رێک ئامرازێکی کاریگەریش بێت کە بە ئاگاییەوە لە لایەن ئەم حیزبەوە بەکاردەبرێت بۆ رفاندن و **داگیرکردنی دواڕۆژ!**

دەبێت ئەوەش بگوترێت کە جێکردنەوەی سەربەخۆیی و ریفراندۆم لە ناواخنی رێکەوتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕاندا، بە جەختکردنەوەیەکی شایستەوە، پێشوەچوونێک بوو. دەکرێت ئەم خاڵە بە تایبەتی بووبێتە هۆی بێزاری پارتی دیموکراتی کوردستان: چونکە بەم خاڵە، دوو هێزی سەرەکی هەوڵ دەدەن مەسەلەی سەربەخۆیی "لە پارتی بسەننەوە"، یا هەرنەبێت پرۆژەی سەربەخۆیی لە پڕۆژەیەکی "رفێنراو" لە لایەن هێزێکی دیارکراوەوە بکەن بە پرۆژەی "هەموان." ئەمە دەکرێت هەرنەبێت تێگەیشتنی پارتی بێت بۆ ئەو بەشەی رێککەوتن. ئەوەتا دوای راگەیاندنی ئەو رێککەوتنە، پارتی و بارزانی زۆر زیاتر باس لە سەربەخۆیی و ریفراندۆم دەکەن. هەر لەم ئاڕاستەیەشدا، هەر مانگێک دوای مۆرکردنی رێککەوتنەکە، جارێکی دیکە مەسعود بارزانی "بە بۆنەی ٢٣ی حوزەیرانەوە" بانگهێشتی هێزە سیاسییەکان دەکات بۆ کۆبوونەوە و بڕیاردان لەسەر ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی!

لەم جەدەلەدا، دەرەنجامێکی گرنگمان دەست دەکەوێت کە بەڵێ ئەو هێزە سیاسییەی ئەمڕۆ دەست بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی دەبات و بانگەشەی بۆ دەکات بە ئەگەری زۆر دوارۆژی دەبێت، چونکە سەربەخۆیی ئاڕاستەی داهاتووە. لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە ئەمە نەک هەر مەترسییەکەی لە ئاستی گریمانەدا بەڵکو لە رووی کردارەوە خەریکە دەبێتە راستی. لێرەدا مەترسیەکی جددی هەیە لەوەی کە مەبەستی سەرەکی بارزانی لە مەسەلەی سەربەخۆیی ئەوە بێت کە لە رێگای دەستبردن بۆ مەسەلەی

سەربەخۆیی *سەروەریەکی مێژوویی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی و حیزبەکەی* تۆمار بکات. دواجاریش، چۆن سالانێکی زۆر بە ناوی رەوایەتی شۆڕشگێرییەوە فەرمانڕەوایی باشووری کوردستانی کردووە ئەوهاش بۆ خۆی و بنەماڵەکەی بۆ ٤٠ – ٥٠ ساڵی داهاتوو لەسەر ئەو سەروەرییە مێژووییە (واتە سەربەخۆیی) بژێت و حوکمڕانی کوردستان بکات... ئەم "مەراقەی" بارزانی مەترسی و هەڕەشەیەکی هەرە جددیە لە سەر پرۆژەی سەربەخۆیی، ئەم ئەگەرە لە کاتی روودانیشیدا کارەساتی کورد قووڵتر و فراوانتر دەکاتەوە... "مەراقی" بارزانی دەبێتە هۆی ئەوەی کە پانتایی نیشتمانی و نەتەوەیی لە باشووری کوردستان پارچە پارچە ببێت (وەک ئەوەی بەشێک لەگەڵ ریفراندۆم و سەربەخۆیی بێت و بەشێکیشی دژی)، لە کاتێکدا ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە لە راگوزەری پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستاندا ئەم پانتاییە نیشتمانی و نەتەوەییە یەک دەست و یەک ریز بێت و لە خزمەت پرۆژەی سەربەخۆییدا یەکبخرێت. بەڵام لەوە دەچێت کە رێک "مەراقەکەی" بارزانییە لە پێناو سەربەخۆییدا، کە دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی ناو ماڵی کورد، ئەمەش رۆحی پارادۆکسە (موفارەقە)کەیە!

لە بەرامبەردا، هەر کەس و لایەنێک بیەوێت لەو جوگرافیا سیاسییە ناهەموارەی کوردستاندا دەست بۆ مەسەلەی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ ببات، پێویستە بەر لە هەموو شتێک مشوری ئەوە بخوات و لە خەمی ئەوەدا بێت کە چۆن دەتوانێت تەواوی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژ و کۆمەڵگای سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی و گشت تاکەکانی ئەو وڵاتە تێکەڵاوی ئەو

مەسەلەیە بکات و پشتگیرییان بۆ هەنگاوێکی ئەوها مسۆگەر بکات... ئەوەش رێک بەوە دەکرێت کە مەسەلەی سەربەخۆیی بکرێت بە شانازی هەموو توێژ و تاکەکان... ئەگەر هەموو تاکەکانیش بون بە خاوەنی شانازی هەنگاو و پرۆژەیەکی ئەوها ئەوا بێ گومان هەمووشیان دەبن بە سەرباز بۆ پاراستنی ئەو شانازییە... ئەمە پرۆسە هەرە دروست و تەندروستەکەیە، بەڵام هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی لەگەڵ پرۆسەیەکی ئەوهادا یەکانگیر نییە، بگرە ئەوان دژی ئاراستەیەکی ئەوهاش (واتە کردنی سەربەخۆیی بە شانازی هەموو توێژ و تاکەکان) دەوەستنەوە.

مەترسییەکی دیکە ئەوەیە کە باسکردن لە مەسەلەی سەربەخۆیی هەنگاوێکی تاکتیکی بێت بۆ ئیحراجکردنی هێزە سیاسییەکانی دیکە و بەلاڕێدا بردنی رای گشتی کوردستان کە ئەمڕۆ بە چڕی خەریکی باسکردنە لە گەوجی و قەیران و کێشەکانی سیستمی سیاسی لە باشووری کوردستان. واتە زەقکردنەوەی مەسەلەی سەربەخۆیی بۆ بەتاڵکردنی "سیحری" داواکاری جەماوەرییە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان و چاکسازیکردن لە سیستمی سیاسیدا..

جگە لەوەش گوزارشتکردن لە دەوڵەتی سەربەخۆ لە ساڵانی دواییدا، بە تایبەتی لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و کێشە لەگەڵ بەغدا، شتێکی گرنگ دەردەخات. ئێمە پێمان وایە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو پەیوەندییە کە تێیکەوتوە، دیارە بە بڕیاری تاکلایەنی خۆی، لەگەڵ تورکیا وە ئەو دابڕانەی کە لە ئاکامی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ تورکیا ئەم حیزبە تێیکەوتوە وە

بە هۆشـیەوە هەمـوو هەرێـم لەگەڵ بەغـدا تێیکەوتـوە دەکرێـت پـاڵنەرێکی بەهێـز بێـت بـۆ ئەوەی پـارتی لە بێچـارەیی و بـێ بژاردەیی دەست بۆ سەربەخۆیی ببات. لەو شێوە پەیوەندیانەی کە پارتی لەگەڵ تورکیادا تێیکەوتوە، بە تایبەتی رێککەوتنە پەنجا ساڵییەکەی، نەک هەر نەیتوانیـوە کێشـە دارایـی و ئابورییەکـانی هەرێم چارەسەر بکات بەڵکو بە دوو لێکەوتەی زۆر خراپ تەواو بـووە: ئەوەی هەرێـم لە نـاردنە دەرەوەی "سـەربەخۆی" نەوت دەستی دەکەوێت چارەسـەری کێشـە داراییەکانی ناکات؛ دووەم، هەر ئەو رێککەوتـنە و نـاردنە دەرەوەیەی نەوت بەبـێ گەڕانەوە بۆ بەغدا کێشـەکانی پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی چڕتـر کـردووەتەوە. بە چڕکراوەیـی دەتـوانین بڵێـین: رێککەوتـن لەگەڵ تورکیـا بەشـی چارەسـەرکردنی کێشـە دارایـی و ئابورییەکـانی هەرێـم ناکـات، بەڵام بەردەوامـی هەمـان رێککەوتنـیش رێگـرە لەبەردەم گەڕانەوە بۆ پەیوەندییەکی ئەوهـا لەگەڵ بەغدا کە ببێتە بنەمای چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. بەم واتـایە ئێستا پارتی خۆی لە ناوەڕاسـتی سێگۆشـەیەکدا (بەغـدا، ئەنـکەرە، سـەربەخۆیی)دا دەبینێتەوە کە دەستبردن تیایدا بۆ سـەربەخۆیی زیاتر سروشتی بێچـارەیی و تەنگەتـاوبوونی پێـوە دیـارە تـا خوێنـدنەوە و تەرتیباتێکی ئاڵۆزی پەیوەندیدار بە پرسی سەربەخۆیی. دەرەنجام هەر دەستبردنێک بۆ سـەربەخۆیی لە حـاڵەتی **بێچارەیی**، کە واتە لە حـاڵەتی بێئومێـد بـوون لە دوو سـەرەکەی دیـکەی سێگۆشـە (بەغـدا و ئەنـکەرە)، دەکرێـت بە زیـانێکی زۆری خـودی پـڕۆژەی سەربەخۆیی بشکێتەوە.

یەکێتـــی بە بەراورد بە پـــارتی زووتـــر، هەر لە هەشـــتاکانی سـەدەی رابـوردودا، هەڵگـری مـافی چـارەی خۆنووسـین بـوو، پاشانیش هەر ئەو حیزبە سەرسەختانە پێداگری لەسەر دروشمی فیـدراڵی کـرد، بە دوای قەیرانـی کوەیـت و بەرجەسـتەکردنی ئەم سیســتمە لە بڕیــارێکی پەرلەمــانی کوردســتاندا لە ١٩٩٢. ئەم پێشەنگییەی یەکێتی ئەمڕۆ بە تەواوی پێچەوانە بووەتەوە. ئەمڕۆ یەکێتـی بە روونـی نازانرێـت هەڵگـری چ دیـدێکە لەمەڕ مـانەوە لە چوارچێوەی سیسـتمی فیدراڵی یـا پەڕینەوە بۆ ئاسـتی داواکاری راشکاوانەی سەربەخۆیی. ئەمڕۆ ئێمە هەست دەکەین کە یەکێتی هەتـا دێـت وەک هێزێکی سیاسـی نامێنێت، بەڵکو دەبێتە هێزێکـی ئابوری و کۆمەڵایەتی کە چەند ناوەند و گروپ و دەستەبژێرێک دەژێنێـت. ئەم لە سیاســەتکەوتنەی یەکێتـــی وەهــا دەکــات کە نەتوانرێت بە ئاسانی بزانرێت ئایا هەڵوێستی "ئەم هێزە" چییە و خاوەنی چ دیدێکە. بە گشتی دەتوانین بڵێین کە یەکێتی، هەر نەبێ لە ئێســـتادا، زیـــاتر وەک پاڵپشـــتکارێکی سیاســـەتی پـــارتی دەردەکەوێـت، نەک وەک هێزێـک کە دوور لە هەیـمەنەی پـارتی بتوانێـت ســەربەخۆ وە بە بــاوەڕ بەخــۆ بــوونەوە سیاســەت و روئیای خۆی دابڕێژێت.

یەکێتی بە گشتی خـاوەن دیـدێک و ئایـدۆلۆژیایەکی روون نییە، چیتـر هێزێکـی سیاسـی گەورە و کـاریگەر نییە، بەڵکـو ئەم حیـزبە ئەمـڕۆ لە کـۆمەڵە هێزێکـی بچـووکی خـاوەن ئەجینـدای بچـووک پێکهــاتوە، کە هەتــا دێــت لە ئاســتی دیپلۆماســی و نــاوچەیی و کوردستانی مەزنـدا سـەنگی کەمـدەبێتەوە. راسـتە بچووکبوونەوەی

یەکێتـی بەشـێکی بە هـۆی باڵادەسـتبوونی پـارتییەوەیە، بەڵام بە رادەی یەکەم ئەم حیـزبە لە نـاوخۆدا بچـووککراوەتەوە وە بەمەش لەگەڵ ئەو بچووکبـوونەوەیەدا خەونە سیاسـییە گەورەکـانی ئەم حیـزبەش بچووکبـوونەتەوە. مـانەوەی یەکێتـی بەم شـێوەیە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی ئەوەی کە حاڵەتی ناهاوسەنگی سیاسی[1] لە باشـووری کوردسـتان بەرجەسـتەتر ببێـت وە بەم شـێوەیەش مەسەلە هەرە ستراتیژی و هەستیارەکان، لە ناویشیاندا مەسەلەی سەربەخۆیی، زیاتر و زیاتر بکەونە ژێر رکێفی پارتی دیموکراتی کوردسـتانەوە. لە راسـتیدا دەتـوانین بڵێـین کە ناهاوسـەنگی هێـز سەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری کێشە سیاسییەکانی کوردستانە:

---

[1] مەبەست لە ناهاوسەنگی هێز تەنها بە جیاوازی لە ژمارەی پەرلەمانتارانی هەر حیزبێک لە ناو پەرلەمانی کوردستان نییە، بەڵکو مەبەست زیاتر ئەو جیاوازییە گەورەیەیە کە بەدیدەکرێت لە باڵادەستیەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بە زەرورەت لەبەر ئەوە نییە کە ئەو حیزبە ٣٨ کورسی، لە کۆی ١١١ کورسی، لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە. هۆی ئەو ناهاوسەنگییە ئەو جیاوازییە گەورەیەیە کە هەیە لە نێوان ئەوەی کە پارتی بەرامبەر هەموو هێزەکانی دیکەی ناو پەرلەمان تەنها کەمینەیەکە بەڵام لە دەرەوەی پەرلەمان سـێ سـەرۆکایەتی بەدەسـتەوەیە (هەرێـم، ئەنجـوومەنی وەزیـران وە راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم) ئەمە لە کاتێکدا بە زۆرەملێیی سەرۆکایەتی هەرێمی لەدەست خۆیدا هێشتووەتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمانی پەکخستووە. جگە لەمەش، زۆربەی جومگە گرنگ و هەستیارەکانی دەسـەڵاتی کـوردی بەدەسـتەوەیە، بە شـێوەیەک کە ئەگەر ئەم جـومگە هەستیارانە لە هەر دەسەڵات و حکومەتێک دەربهێنین ئەوا هیچ نامێنێتەوە، جگە لە هەندێک سەکتەری خزمەتگوزاری بێدەسەڵات.

راسـتتر و بە سـادەتریش بڵێـین، ئەم ناهاوسـەنگییە **دایکـی زۆربەی کێشـە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتانە،** لە پـێش هەمووشـیانەوە کێشەی فەرمانڕەوایی.

تـا ئێسـتا هێـزە ئیسـلامییەکان نەیـان توانیـوە بـبن بە خـاوەنی کـاریگەرییەکی زۆر لە مەسـەلەی سـەربەخۆییدا. ئەگەرچـی پێشـتر تەبەننیکردنـی سـەربەخۆیی "وەک سـتراتیژ"، بـۆ نمـوونە، لە لایەن یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتانەوە لە کـۆنگرەی شەشـەمی حیزبەکەیـدا، ٢٠١٤، بڕیـارێکی گرنـگ بـوو، بەڵام ئەم بڕیـارە، هەر وەک شـێوەی مـامەڵەکردنی مەسـەلەی سـەربەخۆیی لە لایەن هێزەکـانی دیـکەوە، نەبـووەتە یاریـدەدەر بـۆ رزگـارکردنی مەلەفـی سەربەخۆیی لە چنگی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و تێکشکاندنی مۆنۆپۆڵی ئەم حیزبە لەمەڕ ئەم مەسەلە چارەنووسساز و هەستیارەدا.

## ٤–٦ بۆچی پارتی پەلەیەتی؟

ئەگەر لە فەلسـەفەی سیاسـی دەوڵەت بـڕوانین، ئەوا چەنـد چەمکێکمـان لە بـواری دەوڵەتـدا بەرچـاو دەکەوێـت: دەوڵەت وەک پێداویسـتی، دەوڵەت وەک ئـامراز، دەوڵەت وەک کـۆکردنەوەی توانـای گشـت و هەروەهـا دەوڵەت وەک قـۆرخکردن. پـارتی بە روونـی لە مەسـەلەی دەوڵەت وەک ئامـانج مەبەسـتی ئەوەیە کە چۆن لە ساتەوەختێکدا کە هێزێکی باڵایە بتوانێت هێز و بنەماکانی مانەوە و قۆرخکردن بۆخۆی بونیاد بنێت. ئەگەر لە دیدی دەوڵەت وەک ئامراز بڕوانین، کە زیاتر دیدێکی مارکسییە بۆ رەخنەگرتن لە دەوڵەت، ئەوا دەتـوانین هەمـان میتـۆد بەکـاربهێنین بـۆ

خوێنـدنەوەی نیـازی پـارتی لە دەوڵەت. مـارکس دەڵێـت، دەوڵەت ئامرازی چینی باڵایە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتیان بە سەر خەڵکدا. بە هەمـان شـێوە ئامـانجی پـارتی لە دەوڵەت بریتییـە لە سـەپاندن و بەردەوامیـدان و شـەرعیەتدان بە بـوونی دەسـەڵاتی قۆرخکـاری خـۆیەوە، ئەو چـنگەی کە سـاڵانێکە ئەو حیـزبە لە دەسـەڵاتی گیرکـردووە، لە ڕێگـای دروشـمی سـەربەخۆییەوە ئەم گیرکـردنە بپارێزێت، بەڵکو بگرە گیرتری بکات.

لە لایەکـی دیـکەوە، بەهـانەی سـەرەکی ئەو هیـزانەی کە بۆچوونیان دەربارەی سەربەخۆیی لەگەل هی پارتی یەکانگیر نییە، بە کـورتی بریتییـە لەوەی کە کـورد ئامـادەنییە بـۆ ڕاگەیانـدنی دەوڵەت، چـونکە بە هـیچ شـێوەیەک زەمینەسـازی نەکـراوە بـۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەم بەهانەیە لە کاتێکدا ڕوو لە نـاوەوە بە تـایبەتی لە مەسـەلەی بونیادنـان وایە، بەڵام لە لایەکـی دیـکەوە ئەم گوتـارە بە جیهـانی دەرەوە دەڵێـت کە لە ڕوانـگەی بونیادنـان و شایسـتەبوون کـورد توانـای حکومـداری نیـیە، کە ئەمەش خـۆی لەخۆیـدا زیانبەخشـە بـۆ پـڕۆژەی سـەربەخۆیی! بە هەر حـاڵ هەر نەبێـت ڕوو لە دەرەوە کۆمەڵێـک پرسـی جـددی ڕووبەڕووی گوتاری بونیاد دەبێتەوە:

یەکەم، ئایـا دەوڵەت لە نەبـوونی دەوڵەتـدا بونیـاد دەنرێـت؟ دووەم، ئایا بونیادنەنان بەهانەیە بۆ نەبوونی دەوڵەت، بە تـایبەت کاتێـک ئەگەر بونیادنـان ئامـانج بێـت ئەوا ئەگەری بونیادنەنـان لە نەبوونی دەوڵەتدا لاوازترە، تـا لە بـوونی دەوڵەت. سـێیەم، بـوونی دەوڵەت لە دوو ئاسـتدا بونیادنـانی دەوڵەت ئاسـان دەکـات: یەکەم،

بوونی ئامرازی زیاتر، دووەم، ناچاربوون بە بونیادنان، لە پێناو شکستنەهێنان. چونکە شکست وەک دەوڵەت زۆر جیاوازە لە شکست وەک هەرێمێکی نادەوڵەتی.

بۆیە دیدی بونیاد نابێت دژ بە دەوڵەت بێت. ئەوەی لە رەخنەی بونیادنەناندا دەکرێت سەرەکی بێت ئەوەیە کە کاتێک بونیادنانێیت ئەوا مانای وایە ئامانجت دەوڵەت نییە و ئەگەر ئامانجت دەوڵەتیش بێت ئەوا دەوڵەتداری نییە، بەڵکو مەبەستی دیکەیە. چونکە ئامانجی سەرەکی دەوڵەت، سازاندنی ئەو بنەمایانەیە کە پێویستن بۆ بونیاد یان گەشەکردن.

لێرەوە بونیادنەنان و پەلەیی، ئێمە ناچاردەکات بۆ رامان! چەمکی پەلەیی دەتوانێت هاوکاریمان بکات. پرسی ئەوەی بۆچی پارتی پەلەیەتی رەنگە هۆکاری زاتی هەبێت بەوەی مەسعود بارزانی دەیەوێت شانازییەک و ناوێکی گەورە بۆ خۆی لە مێژوودا تۆمار بکات، هەتا خۆی و بنەماڵەکەی بەردەوام بیلێینەوە و وەبەرهێنانی سیاسییانەی تیادا بکەن، وەک جۆرێک لە سەرمایەی رەمزی. بەو واتایەی ئەوەی کە لە ئێستاوە ئەم سەرکردەیە دەخوازێت زامنی مێژوویەک و چیرۆکێکی (نەرەتیڤ)ێکی باش بکات، کە لە داهاتوودا لەسەر رۆڵی ئەوان دەنووسرێتەوە و دەگوترێتەوە. ئەم هۆکارە وایە، بەڵام هێشتا بە تەواوەتی وەڵامی پەلەییمان نەداتەوە. لە لایەکی دیکەوە مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەدا، کە لە ١٩ی ئابی ٢٠١٥ەوە بە ناڕەوا تیایدا بەردەوامە، ئاسانکاری دەکات کە پارتی و بارزانی لە رێگای ئەم پۆستەوە بەردەوامی بە قۆرخکاری لە مەسەلەی

سەربەخۆییدا بدەن. بە بۆچوونی ئێمە وازنەهێنانی مەسعود بارزانی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم پەیوەندییێکی توندو تۆڵی بە مەسەلەی سەربەخۆییەوە هەیە: بارزانی دەخوازێت لەو پێگەیەوە سەربەخۆیی رابگەیێنێت وە وا دەزانێت بەبێ بوونی لەم پێگەیەدا ئەو دەرفەتەی نابێت بەو ئاسانییە بە ناوی هەموو هەرێمەوە دەست بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی ببات. کەواتە مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەیدا (بە رەوا و ناڕەوا) بە توندی گرێدراوە بە سەربەخۆییەوە. ئەم بە یەکەوەگرێدانە هەرنەبێت خواست و دیدی پارتی و بارزانییە، بەیەکەوەگرێدانێک، کە تیایدا پارتی و بارزانی دەخوازن پێمان بڵێن مانەوەی بارزانی زەرورەتە بۆ "گەیاندنی **کەشتی سەربەخۆیی** بە کەناری ئارام." دەرەنجام ئەم پەیوەستکردنەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم بە مەسەلەی سەربەخۆییەوە، لە هەمان کاتدا، بووەتە هۆی کێشەداربوونی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم وە بارگاویبوونی پڕۆژەی سەربەخۆیی. بە واتاییێکی دیکە، ئەم پەیوەستکردنە لە هەمان ئان و ساتدا بووەتە هۆی هەڕەشە لەسەر رەوایەتی دیموکراتی و مەترسی و هەڕەشەش لەسەر خودی پڕۆژەی سەربەخۆییش!

لایەنێکی دیکەی ئەم پەلەکردنەی پارتی و بارزانی ئەوەیە کە نەک تەنها لەبەر خواستێک لە ناوەخۆی پارتی، بەڵکو لە دەرەوەی ئەو حیزبەدا ناوچەکە لە ململانێیەکدایە لە نێوان دوو بەرەدا کە کوردستان لە دڵی ئەو ململانێیەدایە. بە کارکردن لە سەر دەوڵەتی کوردی لە سەر دەستی بارزانی ئەم دەوڵەتە، یان

ئەم پانتاییە کە خاکی باشووری کوردستانە، بە ئەگەری زۆر بەلای بەرەی سوننەدا دەشکێتەوە. بارزانی، وەک خۆی لە حاڵەتەکە گەیشتووە، دەخوازێت سوود لەم بەرەیە وەربگیرێت لە پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆدا. ئەگەر بێتو لە ئاراستەی هەردوو بەرەکە (بەرەی سوننە لە لایەک و بەرەی شیعە لە لایەکی دیکەوە) بڕوانین دەبینین کە بەرەیەک بە ستونی کاردەکات کە لە ئەنکەرەوە بۆ کەنداوی فارسی شۆڕ دەبێتەوە، بەڵام بەرەیەکی دیکەش ئاسۆیی کاردەکات کە لە تارانەوە بۆ دەریای ناوەڕاست درێژدەبێتەوە. ئەم دوو هێڵە لە کوردستاندا یەکتر دەبڕن. بەرەی سوننە دەخوازن پچڕانێک بخەنە ئەم هێڵە ئاسۆییەی (ئێران-شیعە)وە، بەرەی شیعەش دەخوازن پچڕانێک بخەنە هێڵە ستوونییەکەوە، واتە هێڵە سونییەکەی ئەنکەرە-کەنداو. واتە شەڕ لە سەر کوردستان، تا رادەیەکی زۆر، شەڕە لە سەر بەریەککەوتنی ئەو دوو هێڵە.

ئەگەر کوردستان بە هەرلایەکدا بکەوێت ئەوا هێزێکی زۆر دەبەخشێتە ئەو لایەنە لە ئیدارەکردنی ململانێکەدا. ئەم کێبڕکێیە هەروەها لە رۆژئاڤاش بەچڕی بەڕێوەدەچێت. بەڵام جێگایەک، کە زۆر بە روونی ئەم ململانێیە کاریگەری خستووەتە سەر، موسڵە. ئەم شارە، لە لایەن پارتییەوە، وەک درێژکراوە و تەنانەت بەشێکیش لە زۆنی هەیمەنەی خۆی (زۆنی زەرد) مامەڵە دەکرێت. ئەو ململانێیەی لە نێوان تورکیا، چ بە راستەوخۆ لە رێگای کامپی بەعشیقەوە، یان لە رێگای عەرەبی سوننە، عائیلەی نوجێفی و پارتی لە بەرامبەر ئێران و حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و تا

رادەیەکیش پەیەدە دەوەستنەوە. کێ موسڵ ئازاد دەکات یان جارێکی دیکە دەیگرێتەوە، ئەوە بڕیار دەدات لە سەر پێکەوەلکانی سوننە و دونیای عەرەبی، لەگەڵ تورکیا، واتە دروستکردنی بەربەستێک لە ڕێگای هەژمونی شیعە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یا دژەکەی ئەگەر موسڵ کەوتە دەست شیعە و ئێران.

دەرەنجام، یەکێک لە هۆکارەکانی پەلەی مەسعود بارزانی لەوەدایە کە ئەگەر هەر زوو ئەم ململانێیە یەکلایی نەکاتەوە لە بەرژەوەندی پڕۆژەکەیدا، ئەوا ئەگەری هەیە لایەنەکانی دیکە زاڵ ببن لە هاوسەنگی هێزدا و دواجار ئەمەش ببێتە هۆی پاشەکشێ لە پڕۆژەکەی ئەودا.

بۆ ئەوەی دەڵەتی کوردستان لە مەترسی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی بپارێزین، کە تووشی هەموو ولاتانی دیکەی ناوچەکە بووە، دەبێت پرۆژەی سەربەخۆیی لە خاوەنداریتی لایەنێک یان کەسێک بخەین و بیکەینە پرۆژەی هەموو خەڵک. ئەگینا پاش سەربەخۆیی بۆ سەردەمانێکی زۆر کوردستان بە دەست کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییەوە دەناڵێنێت. وەک لە ئەزموونی ولاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیبینین لە زۆر ڕوودا، کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لە کۆلۆنیالیزمی دەرەکی مەترسیدارترە.

## ٤– ٧ ئاڵۆزی بڕیاری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان

بڕیاردان بۆ بوون بە دەوڵەت، ئەگەر لە دۆخی هیچ ولاتێکدا شتێکی ئاسان نەبێت، ئەوا لە دۆخی کورددا لە زۆر جێگاکانی دیکە ئەستەمتر و ئاڵۆزترە. ئەم بڕیارە دەبێت بە شێوازێکی

زانستی بیری لێبکرێتەوە و نابێت باسوخواسی یاریکردن بە هەست و نەستی بە کۆمەڵی تاکەکانی نەتەوە بێت. لە راستیدا چەقبەستویی دروشمی دەوڵەت لە ئاستی ختوکەدان بە هەست و نەست، وەک هەوڵێک بۆ بازدان بەسەر قەیرانە سیاسیی و ئابورییەکانی دەسەڵات و بازدان بەسەر تەحەددا ناوچەیی و جیهانییەکاندا، مەترسیەکی هەرە جددییە بۆ سەر پڕۆژەی بەدەوڵەتبوون. راستە هەست و نەست و رەگەزەکانی دیکەی بەیەکەوە گرێدانی نەتەوەیەک گرنگن بۆ مۆبیلیزەکردن و جۆشوخرۆشدان، بەڵام هەرگیز ناکرێت "یاریکردن" بە هەست و نەست جێگەی خوێندنەوەی سیاسییانە و ستراتیژییانەی پڕۆژەی بەدەوڵەتبوون بگرێتەوە. بە واتایەکی دیکە، کاتێک بابەتی سەربەخۆیی لە ئاستی جووڵاندنی هەست و نەست قەتیس بوو و نەچووە ئاستی خوێندنەوەیەکی هەمەلایەن و ئاڵۆزی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی، ئەوا ئەو کاتە پڕۆژەی سەربەخۆیی لە بەردەم گەورەترین مەترسیدا خۆی دەبینێتەوە. ئەوەی بەردەوام جێگەی مەترسییە ئەوەیە کە هەست و نەست بەسەر وردبینی سیاسیی و لێکدانەوەی واقیعبینانەدا زاڵبێت، بەڵام ئەوەی راستییە ئەوەیە کە زۆر ئاسانە لە ئاستی هەستونەستدا مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان ببزوێنرێت، ئەوەش بەڕادەیەکی زۆر گرێدراوی ئەو ئەزموونە تاڵەیە کە کورد ساڵانێکی زۆر تیایدا ژیاوە، هەر لە داگیرکاری، ئەنفالکردن، کیمیابارانکردن، جۆرەها شێوازی چەوسانەوەیی نەتەوەیی... هتد.[١]

[1] Rubin, Michael (2016), p. 25.

بەهەر حاڵ ئەوەی کە هەموان پێویستە لەسەری کۆک بن ئەوەیە کە هەنگاوی سەربەخۆیی دەبێت لە دەربڕینی هەست و نەست و خواستێکی دانەمەزراو لەسەر وردبینی سیاسی نەمێنێتەوە، بەڵکو تێگەیشتنێکی واقعبینانەی هەمە لایەنە بۆ هەنگاوێکی ئەوها پێویستە، کە بە تایبەتی حساب بۆ ریسک (موخاتەرە) و نادڵنیاییەکان جێگایەکی تایبەتیان لە وردبینییەکەدا هەیە.

ئەو شتەی کە بە رادەی یەکەم لە هەر بڕیارێکدا بۆ سەربەخۆیی پێویستە حسابی تایبەتی بۆ بکرێت ئەوەیە کە ئایا ئەوانی دیکە، لە ئاستی عێراق، ناوچە و نێودەوڵەتی، هەڵوێستیان بەرامبەر ئەم بڕیارە چی و چۆن دەبێت. هەڵبەتە دیوێکی دیکەی ئەم پرسیارە (تۆ بڵێی دیوە ناوخۆکەی پرسیارەکە) ئەوەیە ئایا ئێمە وەک کورد چەندێک ئامادەین بۆ هەڵوێست و کاردانەوەی ئەوانی دیکە دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی، جا چ هەڵوێستی چاوەڕوانکراو یا چاوەڕواننەکراو بێت.

ئەوەی لەم بارەیەوە پێویستە بە تایبەتی هەڵیبسەنگێنرێت دوو شتە: یەکەم، ریسک (سەرکێشی، موخاتەرە)، دووەمیش، نادڵنیایی. ئەم دوانەیە بەشێکی بەرچاوی لە زانستی سیاسی (لە مەسەلەی دروستکردنی بڕیار – decision making)، لە ١٩٥٠کانی سەدەی رابوردووەوە، داگیرکردووە.

بڕیاری دەوڵەتی کوردی هەردوو **ریسک** و **نادڵنیایی** تیایە. جا ریسک چییە و نادڵنیایی چییە؟ پێش هەر شتێک دەکرێت ریسک بە سەرکێشی، موخاتەرە، یان رۆیشتن بەرەو مەترسی چاوەڕوانکراو، بەبێ گوێدانە مەترسییەکان، تەرجوومە بکرێت. بەم

پێیە ریسک بریتییە لەو مەترسیانەی کە رووبەڕوومان دەبنەوە، کە زانیاریمان دەربارەیان هەیە و دەتوانرێت ئامادەکاری بۆ مامەڵەکردونیان بکرێت. ریسک یان سەرکێشی لە ناو سیستمدا روودەدات: بۆ نموونە، ئایا کە ئێمە، وەک وڵاتێکی داخراو، بڕیاری جودابوونەوە دەدەین، کام دەروازەمان مسۆگەرکردووە بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەگەری ئابلۆقە و گەمارۆ، ئایا ئەم دەروازەیە ریسکی چییە، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی چییە؟

بەڵام نادڵنیایی، یان دڵنیانەبوون بە هۆی نەزانراو، دەکرێت زیاتر مایەی مەترسی بێت لە ریسک، چونکە **نەزانراوە**. ئایا ئێمە هەموو ئەو مەترسییانە دەزانین، کە لە ئەنجامی بڕیاری سەربەخۆیی رووبەڕوومان دەبنەوە؟ ئێمە پێمان وایە بڕێکی زۆر لە نەزانراو هەیە کە دەبێت چاوەڕوانی بکەین. نەزانراوەکان لە ئێستادا گرنگییان هەیە وەک رێگر لە بەردەم راگەیاندنی سەربەخۆییدا. سەرکردە کوردەکان خۆیان لە ئەمڕۆدا بەرچاو روونییەکیان نییە کە رۆژی دوایی راگەیاندنی ئەو دەوڵەتە چی روودەدات.[١]

ئەوەی گرنگە لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە ئایا ئەوانی دیکە چۆن ئەم دوانەیەی ریسک و نەزانراو دەبینن. لێرەدا دەکرێت بڵێین دوو جۆر لە مامەڵە هەیە، یەکەم، ئایا ئەو ریسک و مەترسییە نەزانراوانە چین کە رووبەڕووی ئێمە دەبنەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو ریسک و مەترسییانە چین کە ئەوانی دیکە لە بڕیاری سەربەخۆیی ئێمەدا رووبەرووی دەبنەوە.

---

[1] Rubin, Michael (2016), p. 23.

بۆ نموونە هەندێک مەسەلەی گرنگ هەن دەبێت ئێمە خۆمان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگە دونیاش لە شێوازی مامەڵەکەمان دڵنیابکەینەوە. بە گشتی ئەو پرسیارانە ئەمانەن:

یەکەم، بڕیاری سەربەخۆیی ئێمە دەبێتە مایەی دروستبوونی دەوڵەتێکی بچووک لە ناو جەرگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئایا ئەم دەوڵەتە بچووکە دەتوانێت لە سەر پێی خۆی بوەستێت؟ لە راستیدا، هەر بۆ وەبیر هێنانەوە و ناونانی نموونەیەک، زۆر جار باس لەوە دەکرێت ئایا ئەو دەوڵەتە فەلەستینییەی کە دروست دەبێت تا چەند دەوڵەتێکی لەسەر-پێ-وەستاو (viable state) دەبێت. دیارە ئەم پرسیارە بۆ حاڵەتی کوردستان و فەلەستین پرسێکی گرنگە و دەبێت بە پێی پێویست مامەڵەی لە تەکدا بکرێت، نەک لە رێگای بەکاربردنی هەست و نەستەوە بازی بەسەردا بدرێت: **بازدانێکی ئەوها بۆی هەیە بە کارەسات تەواوبێت.**

دووەم، ئایا چ جۆرە دەوڵەتێک دێتە ئاراوە، ئەمە لە ئێستادا لەسەر ئەزموونی باشووری کوردستان وەستاوە. ئەزموونی حکومداری ئێمە **دڵنیایی** دەبەخشێتە دراوسێکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یان **ترس**؟ ئەمە بوارێکە کە ئەگەر نیازی دەوڵەتمان هەیە دەبێت دەوڵەتیانە رێکی بخەین، کە هەڵبەتە تا ئێستا لەوەدا دەسەڵاتی باشووری کوردستان سەرکەوتوو نەبووە.

سێیەم، وەک وڵاتێکی داخراو، چۆن ئامادەین بۆ شکانی بەربەستەکان و کردنەوەی رێگا، یان چۆن ئامادەین بۆ بوونی رێگری لە گەمارۆ، یان تەنانەت ئابلۆقەیەکی کوشندەش؟ وەک توێژینەوەکانی بواری گەشەپێدان پێشانی دەدەن، لە دونیادا وڵاتی داخراو، لە رووی

گەشە و دەزگا و ڕۆڵدا، هەمیشە لە دوای وڵاتانی دیکەوەیە.

چوارەم، چۆن نابینە وڵاتێکی شکستخواردو. ئەگەر بەهانەیەکی سەرەکی و بەهێزی کورد لە ساڵانی دواییدا بۆ جیابوونەوە لە عێراق ئەوە بوبێت کە عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووە، ئەوا لە بەرامبەردا پرسیار ئەوەیە کە چۆن ئێمە دەتوانین ئەو دڵنیاییەمان هەبێت (بۆ خودی خۆمان، وە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی) کە ئێمەش نابینە شکستخواردوو. ئەی ئەگەر ئێمەش کەم یا زۆر بەرێچکەی ئەوانەدا چوین کە دەوڵەتەکانیان شکستی خواردووە، کە دەوڵەتەکانیان بوونەتە مایەی ستەمکاری و کپکردنی دەنگی ئازاد، ئەی کەواتە ئێمە خۆمان دەوڵەتمان بۆ چییە؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە!

بۆ ئەوەی ئێمەی کوردیش لە پڕۆژەی بەدەوڵەتبوون نەچینە هەمان دۆخی دەوڵەتە شکستخواردوەکان، ئەوا هەر زوو پێویستە هەڵگرانی پڕۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر ئەوە کۆک بن کە دەوڵەت لە **ئامانج و مەراقی** تاکە کەسیی چەند سەرکردەیەک، یا حیزبێکی دیاریکراوەوە، بکەن بەو **ئامرازەی** کە لە کاتی بەدەستهانیدا دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی خێر و خۆشی و گەشەکردنی مرۆیی و مافی مرۆڤ و ئازادییەکان و ئاسایش و سەروەری هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی. ئەوەی دەکرێت لە ئێستادا بگوترێت ئەوەیە کە کورد لە باشووری کوردستان سەرکەوتوو نەبووە لەوەی پڕۆژەی سەربەخۆیی لە رووی ناوەوە بکات بەو ئاڕاستەیەی کە تیایدا سیستمێکی سیاسی تەندروست و نیشتمانی بەرهەم هاتبێت، هاوتەریبیش، یا ڕاستتر بیناکراو لەسەر

راستییەکی ئەوها، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بگەن بەو دڵنیاییەی کە دەخوازێت بڵێت "بەڵێ لەبەر ئەوەی کورد لەو دەرفەتەی کە هەیبووە توانیویەتی دەسەڵاتێکی تەندروست بەرهەم بهێنێت ئەوا بە هەمان پێوەریش لە داهاتووشدا دەتوانێت بە سەرکەوتوویی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیشی بەڕێوە ببات." کەواتە یەکێک لە باشترین شێوازی بەرەوڕووبوونەوەی نادڵنیاییەکانی داهاتوو ئەوەیە کە تا بکرێت سیستمی سیاسی ئەمڕۆمان تەندروست بێت و لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ئیرادە و بڕیاری تاکەکان و هەروەها سیستمێکی دامەزراو لەسەر هەموو پانتایی نەتەوە (تۆ بڵێ لە ناوماڵی نەتەوەدا) هەموو دەنگ و ڕەنگەکان بیسراو و بینراو بن، قەوارە سیاسییەکانیش بە جیاوازی سیاسی و ئایدۆلۆژییانەوە ڕێز لێ گیراوبن. بەم مانایەش ناکرێت ئەوانەی بەردەوام باسی سەربەخۆیی دەکەن بەردەوام ئیرادە و مافی چارەی خۆنووسینی تاکەکان بنپێ بکەن، وە لە هەمووشی مەترسیداردارتر بە بڕیارێکی حیزبی پەرلەمان پەک بخەن و ئیرادەی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان ژێرپێ بخەن.

لێرەدا پرسیارێک کە پێویستە بکرێت ئەوەیە کە ئایا ئەوانەی ئەمڕۆ بوونەتە (یا دەبنە) هۆی تێکشکاندنی ئیرادە لە ناوەوە، چۆن دەتوانن لە دەرەوە نوێنەرایەتی ئەم ئیرادەیە بکەن. ئەم ئیرادەیە "لەسەر دەستی خۆیەک تێکشکێنراوە" وە ئاسان نییە بکرێت بە بنەما بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و بەرەوڕووبوونەوەی ریسک و مەترسییە چاوەڕواننەکراوەکان؟

## ٤–٨ نەرەتیڤ (چیرۆک)ی کوردی و ڤیژن (روئیا)ی سەربەخۆیی

نەرەتیڤی کوردی هەتا ئێستا نەرەتیڤی گێڕانەوەی رابوردووە، کە بەر لە هەر شتێک پێمان دەڵێت چیمان بەسەرهات "چونکە" دەوڵەتمان نەبوو. هەروەها زۆر بە دڵتەنگییەوە ئەم چیرۆکە پێمان دەڵێت، چیمان لێکراو و خۆشمان چیمان بە خۆمان کرد. هەڵەی ئەم نەرەتیڤە ئەوەیە کە رابوردوو ئاراستەیەک نییە بۆی بڕۆین و هەروەها چیرۆکی ئێمە تەنها دەربارەی رابوردووە. لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە نەرەتیڤێکمان هەبێت بۆ داهاتوو، ئەوەمان پیشان بدات کە دەوڵەت نەک تەنها ئامانجە بەڵکو **ئامرازێکە** بۆ لابردنی ئەو رێگریانەی کە لە بەردەممانداین بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە باشانەی کە مەبەستمانە لە رێگای دەوڵەتەوە وەک ئامراز لە خزمەتی خەڵک (تۆ بڵی هاووڵاتیان)دا ئەنجامیان بدەین.

جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ نموونەی سکۆتلاندا دیسانەوە یارمەتیدەرە. نەرەتیڤی سکۆتلەندا ئەوەیە کە دەوڵەت ئامانج نییە بۆخۆی، بەڵکو ئامرازێکە بۆ سکۆتلەندایەکی باشتر، لە ئێستاو لە داهاتوودا. سکۆتلەندایەکی سەربەخۆ بە تواناترە لە ئیدارەکردنی ئابوریەکی سەقامگیر و کەڵەکەکردنی سامان و پشتیوانیکردنی خزمەتی کەرتی گشتی و دواجار خزمەتی هاووڵاتیانی سکۆتلەندا.

چیرۆکی ئێمە دەبێت ورد و بەرفراوان بێت: لە باسی رابوردوودا جێگای هەموان دانپیانراو بێت و پێزانین بۆ خەباتی هەموان کرابێت. هیچ کەس و لایەن بە مەبەست یان بێ مەبەست، لە مێژوودا نەسڕێنەوە، بەڵکو مافی بوونی شایستەیان لە

رابــوردوودا پــارێزراو بێــت. بەم مانــایەش بنەمــایەکی گرنــگ لە **کەلتووری سیاسی دیموکراتیدا** ئەوەیە کە نووسینەوەت بۆ مێژوو دیموکراتییانە بێت. بە پێچەوانەوە ئەوانەی دەخوازن شانازییەکانی دوێنێ تەنها هی خۆیان بێت، ئاڕاستەیان لە سیاسەتیشدا ئەوەیە کە شانازییە سیاسییەکان بەر ئەوانی دیکە نەکەون. ئەم جۆرە لە هەڵوێستی ناتەندروست لە مێژوو و هەنووکەی سیاسەت، بنەمایە بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە **بێ دواڕۆژ بکرێن**. ئەگەر دەمانەوێت کورد بــۆ دواڕۆژ روئیــاکەی بونیادنــانی کۆمەڵگــایەکی بە سیســتم دیمــوکراتی بێــت، ئەوا بێگومــان لە چیرۆکــی رابــوردوو و لە هەڵســوکەوتی ئەمڕۆشــدا دەبێــت جێگــا و پــێگەی شایســتەی هەر هێزێکی سیاسی، هەر توێژێک و هەر کەسێک دانپیانراو بێت!

دەبێـت دەوڵەت ئەو بونیـادە بێـت کە هەمـوان لە خـۆ دەگرێـت. بـۆیە تەنهـا شوناسـێک بـۆ دەوڵەت شوناسـی کوردسـتانییە (واتە نیشتمانییە)، بەبێ بوونی هیچ تامێکی تایبەت.

لە کاتێکدا کە سەربەخۆیی یان جودابوونەوە، رووداوێکی گرنگ و مێژووییە، بەو مانـایەی کە دەبێتە هـۆی گۆڕانکاری زۆر، کەچـی هەتا ئێستا لە ناو کورددا تێڕوانین یـان ڤیژنێکی روون نییە بـۆ ئەم خواسـتە. بـۆ ئەوەی بتـوانین روئیـایەکی روون بونیـادبنێین دەبێت لانــی کەم هەوڵ بــدەین بــۆ ئەوەی وەڵامــی روونــی کۆمەڵێــک پرسـیارمان هەبێت: ئایـا دەوڵەتمـان بـۆ چییە؟ ئایـا دەوڵەت چـی بە کۆمەڵگاکەمــان و کۆمەڵگاکــانی نــاوچەکە دەبەخشــێت؟ ئایــا هــیچ جیاوازێک دەهێنێتە ئاراوە لەوەی کە هەیە، ئەگەر بەڵێ، چی و چۆن؟

بەم پێـیە ڤیـژن (روئیـا)ی دەوڵەتـی کـوردی بریتییـە لـە توانـای

بینینی دەوڵەت لە داهاتوودا، بەم واتایەش ڤیژن جودایە لە ئامانج، واتە لەو ئامانجانەی کە تا ئێستا خەبات لە پێناویدا کراوە، وەک بۆ نموونە ئامانجی دەوڵەتی سەربەخۆ. بۆ نموونە ڤیژنی سکۆتلەندا بریتی بووە لە کردنی سکۆتلەندا بە وڵاتێکی هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی ئەورووپا بۆ نەتەوەی سکۆتلەندی. لەم ئاڕاستەیەدا ئەو نموونەیەی لە دەوڵەت کە خەباتی بۆ دەکرێت بە بەهاکانی دادپەروەری و دەرفەتەوە ناسراوە، کە پەرە دەدات بە گەشەکردن و تێکهەڵکێشکردنی کۆمەڵگا. ئەم دەوڵەتە پێگەیەکی نوێ دەبەخشێتە سکۆتلەندییەکان لە جیهاندا وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ، واتە لە ڕێگای سەروەرییەکی نیشتمانی تەواوەوە، نەک وەک پاشکۆ بۆ وڵاتێکی دیکە، بەشدار دەبن لە ئەورووپا و کۆمەڵگای گەلاندا، لە سەر بنەمای یەکسانی، بەرپرسیارێتی و هاوڕێیەتی. بە واتایەکی دیکە تا خاوەنی سەروەری نیشتمانی خۆت نەبیت وەک یەکسان لە کۆمەڵگای گەلاندا حسابت بۆ ناکرێت، بەم پێیەش مامەڵەیەکی یەکسان ناکرێیت. کەواتە ئەم بوونە لەسەر نەخشەی سیاسی مەرجی یەکسانبوون دەبەخشێت و دواجار ئەم یەکسانییەیە کە وەبەرهێنانی ئابوری و سیاسی و دیپلۆماسیی تیادا دەکرێت لە پێناو خێر و خۆشی هاووڵاتیانی وڵاتە **سەروەر و یەکسانەکە**.

لەم ڕووەوە، هەر سکۆتلەندا وەک نموونە، دەوڵەت دەبێتە هۆی بەخشینی توانا بۆ ئەورووپاییبوونی سکۆتلەندییەکان، کە پەیامێکە بۆ جودابوونیان لە ئینگلیز. لە هەمان کاتدا دەوڵەت یەکسانیان دەکات بە ئەوانی دیکە. توانای بەشدارییان پێدەبەخشێت، دەتوانن لەمەودوا لە پاش بوونیان بە خاوەن دەوڵەت ببنە هاوڕێیەکی

یەکسـان و هاوتـای گەلانـی دیـکە. بەم پێـیە دەوڵەت بریتییـە لـە ئازادبوون و هاوتابوون و هاوڕێیەتی.

کوردسـتانیش ڤیژنێکی پێویسـتە، تەنـانەت بگـرە بـۆ کوردسـتان ڤیـژن زۆر پێویستتریشـە، چـونکە: یەکەم، پێویسـتە کـورد، وەک گەلێکـی بـێ دەوڵەتـی ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت، بە دونیـای پێشانیبدات کە مەبەستی چییە لە دەوڵەت؛ بۆچی دەوڵەتی خۆی دەوێـت لە کاتێکـدا ئەو هـاووڵاتییە لە ژمـارەیەک دەوڵەتـی ئەو نـاوچەیە؛ دووەم، لـە ناوچەیەکـدا کە تـاکە وڵاتێکـی سـەرکەوتوی تیـادانییە، ئەسـتەمە بەبێ ڤیژنێکـی ڕوون و بـاوەڕپێکراو بتوانیـت خەڵکی بهێنیتە سەر قەنـاعەتی ئەوەی کە تۆ دەتوانیت دەوڵەتێکی سەرکەوتوو، زۆر جیاواز لە دەوڵەتە شکستخواردوەکانی نـاوچە، بونیـاد بنێیـت. بەڵام لـە پاشـخانی هەمـوو ڤیژنێکـی ڕۆشـن و تۆکمەوە نەرەتیڤێکیش هەیە؛ سێیەم، ئەم ڤیـژنە نابێت هەر ڕووی لە دەرەوە بێـت و هەر خەمـی دەرەوە بخـوات، بەڵکـو زۆر گـرنگە هاووڵاتیانی کوردستان بێنە سـەر ئەو بـاوەڕەی کە بـوون لەسـەر نەخشـەی جیهـان وەک دەوڵەت هەر بـۆ جـوانی نیـیە و پەرچەکردارێکـی پڕ لە هەستونەسـت نیـیە، بەڵکـو **پێداویسـتییێکی مـرۆییە**. دواجـار دەوڵەت ئەو ئـامرازە دەبێـت کە دڵنیـابونێکی باشـتر، ئاسایشـێکی باشـتر، خۆپاراستنێکی باشتر لە کۆمەڵکوژی و شـێوازە جیاکـانی هەڕەشـە و چەوسـانەوەی نەتەوەیـی، گەشەیەکی ئـابوری باشـتر کە خۆت تیایدا بڕیاردەریت، باشترین سـوود وەرگـرتن لە سـەرچاوەکانی دەوڵەمەنـدی سروشـتی، دەسـتەبەرکردنی مـافی ئافرەتـان بەپێـی سـتاندارده هەره

پێشکەوتووەکان، پاراستنی ژینگەی نیشتمانی، وەدەستهێنانی ئازادییەکان وە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی... هتد دەبەخشێت.

### ٤-٩ ریفراندۆم[١]

لە سەرەتادا زۆر گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە هەندێک لایەنی سیاسی (بە تایبەتی پارتی)، هەن خوازیاری ئەوەن وەها مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ریفراندۆمدا بکەن وەک ئەوەی ئەم باسە هیچ مێژوویەکی نەبێت. بە واتایەکی دیکە، وەک ئەوەی بەرزکردنەوەی پارتی بۆ ئەم دروشمە لە ٣-٤ ساڵی رابوردوودا سەرەتای بیرۆکەی ریفراندۆم بوبێت. ئەم ئاراستەیەش دەربڕی کەلتوورێکی سیاسی نادیموکراتیانە و هەر لەسەر بنەمای ئەم کەلتوورە سیاسییەش دەخوازێت مێژووی پێشوتری ئەم بیرۆکەیە بسڕێتەوە بۆ ئەوەی بۆ ئەو هێزە ئاسانتر بێت کە خۆی بکات بە **خاوەنی پڕۆژەی ریفراندۆم**. پارتی دیموکراتی کوردستان و مەسعود بارزانی رێک بەو شێوازە هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلەی ریفراندۆمدا دەکەن. ئەگەر نا هەر لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە بیرۆکەی ریفراندۆم لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا کۆنە، بە تایبەتیش ئەو بزاوتەی ریفراندۆم کە هەر زوو دوای کەوتنی رژێمی بەعس سەری هەڵدا زۆر پڕ بایەخ و پڕ مانا بوو. هەر

---

[١] ئەمە بەشەی کتێبی بەردەست لە وتارێکی هاوبەشی نوسەرانی ئەم کتێبەی بەردەست لە سەرەتای مانگی ٤ی ٢٠١٧ لە هەندێک پێگەی ئەلکترۆنیدا بڵاوبوویەوە. بڕوانە، بۆ نموونە:
http://www.burhanyassin.com/Rifrandom%206.pdf

نەبێت یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەو بزاڤی ریفراندۆمە ئەنجامدانی "ریفراندۆمی نارەسمی"[1] بوو، کە هاوتەریب لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ٢٠٠٥دا بەڕێوەچوو. ئێمە ئێستاش پێمان وایە ئەگەر مەبەست تەنها زانینی هەڵوێستی خەڵکی لە باشووری کوردستان بێت لەمەڕ مەسەلەی سەربەخۆیی ئەوا دەکرێت لایەنەکان بگەڕێنەوە بۆ دەرەنجامی ئەو ریفراندۆمە کە لە ٢٠٠٥ کرا کە تیایدا، کەم یا زۆر، ٩٨٪ خەڵکی کوردستان دەنگی بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە عێراق دا.[2] لە لایەکی

---

[1] بۆ یەکەم جار چەمکی "ریفراندۆمی نارەسمی" لە گوتارێکی (بورهان یاسین)دا پێشنیارکراوە دواتر ئەم ریفراندۆمە "نارەسمییە" هاوتەریب لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ٢٠٠٥دا ئەنجامدرا. وتارەکە یەکەم جار لە ٩-٤-٢٠٠٤دا و دواتریش لە ٢٠٠٨دا بڵاوبوویەوە. بڕوانە یاسین، د بورهان "رەوتی ریفراندۆم لە کوێوە بۆ کوێ"، *عێراقی دوای سەددام و چارەنووسی باشووری کوردستان*، لاپەڕە ٤١-٧٧.

[2] لە راستیدا ئەو کاتە پارتی و یەکێتی، ئەگەر چی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان هاندا بۆ دەنگدان بە سەربەخۆیی، بەڵام هەرگیز ریفراندۆم نەبووە سیاسەتی رەسمی ئەو دوو حیزبە. نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەم دوو حیزبە، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، رۆڵی شکستپێهێنانیان بەو بزاڤەی ریفراندۆمدا بینی کە دوای کەوتنی دیکتاتۆر سەریهەڵدا. لە باشترین حاڵەتیشدا ریفراندۆم لە لایەن یەکێتی و پارتییەوە خرایە خزمەت پرۆژەی فیدراڵی. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە لە سەردانێک بۆ لای مەسعود بارزانی لە سەرەتای مانگی ١ی ٢٠٠٤دا، لەگەڵ چوار هاوڕێی دیکەیدا، بورهان یاسین روو دەکاتە بارزانی و پێی دەڵێت "کورد لە ژێر لوتکەیە، پاڵێکی دەوێ بۆ سەر لوتکە، جەنابت وە مام جەلال، پارتی و یەکێتی بەرپرسن لەو پاڵە بۆ سەر لوتکە، باشترین ئامرازیش بۆ ئەو

دیکەوە لەوەدەچێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی خوازیاری ئەوەبن کە گەڕانەوە نەکرێت بۆ ریفراندۆمەکەی ٢٠٠٥ وە لە ریفراندۆمێکی نوێدا، کە پارتی و بارزانی بانگەشەی بۆ دەکەن، خەڵک دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدات. بەم شێوەیەش ریفراندۆم و سەربەخۆیی ئەگەر بە تەواوەتیش نەبنە موڵکی پارتی و بارزانی ئەوا بێگومان بە توندی مۆری ئەو حیزب و ئەو کەسە دەکەوێتە سەر ریفراندۆمەکە. ئەمەش دەرەنجامی زۆری لێدەکەوێتەوە، کە بۆ هەنوکەی سیاسەت و سیاسەتکردن گرنگن و بۆ داهاتووش ئاسەواری گرنگ بەجێدەهێڵن!

* * *

---

پاڵە بۆ سەر لوتکە، ریفراندۆمە". پێویستە، تەنانەت گرنگیشە، ئەوە وەبیر بخەینەوە بارزانی لەو کاتەدا لەسەر ئەم قسەیە کە ئاراستەی کراوە هیچ کۆمێنتێکی نەبووە. دواتر بورهان یاسین لە نامەیەکی کراوەدا، کە لە ٢٠١٣/٧/٦دا بۆ بارزانی ناردووە، ئەو رووداوەی بیر دەخاتەوە. لە گێڕانەوەی ئەم رووداوانە مەبەست ئەوەیە بڵێین کە کاتێک ئەوانی دیکە باسی گرنگی ریفراندۆم و سەربەخۆییان کردووە، ئەوا ئەو پرسە بە لای پارتی و بارزانییەوە ئەوەندە گرنگ نەبووە، بەڵام هەر کاتێک ئەوان باسی ریفراندۆم و سەربەخۆییان کرد وەک ئەوەیە پێش ئەوان کەسی دیکە و هیچ هێزێکی سیاسی دیکە و هیچ رێکخراوێکی دیکە باسی ئەم مەسەلەیەیان نەکردبێت. بۆ هیچکردن و پەراوێزخستن و بە نادیدەگرتنی ئەوانی دیکە و خەباتیان لە هەنوکەی سیاسەتدا پێویستیت بەوەیە کە ئەم کەس و هێز و رێکخراوانە لە مێژوودا بسڕێنەوە، هەموو ئەمەش مەبەست لێی بۆ دەستگرتنە بە ئاسانی بەسەر دواڕۆژدا.

ریفراندۆم بریتییە لە هەڵبژاردنی راستەوخۆی وەڵامی پرسیارێک لە لایەن خەڵکانێکەوە لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو. بەم پێیە پرۆسەی ریفراندۆم بریتییە لە رێگایەک بۆ ئەوەی بزانیت خەڵکێک چیان دەوێت، یان چ جۆرە وەڵامێکیان هەیە بۆ پرسیارێک. پرسیارەکە لە سەر ئەم بنەمایە پێویستە پرسیارێک بێت کە خەمی گشتی بێت، هەتا هەموان لە روانگەی خۆیانەوە ئەو وەڵامە هەڵببژێرن کە بە لایانەوە گونجاوە. بەم شێوەیە هەر پرسیارێک لە رێگای ریفراندۆمەوە، کە جۆرێکە لە دیموکراتی راستەوخۆ، وەڵامی وەربگیرێتەوە، ئەوا مانای وایە وەڵامەکەی لە لایەن خەڵکەوە شەرعیەتی پێبەخشراوە.

بە پەیوەندی لەگەڵ بابەتی کێشەی نەتەوەیی و یەکلاکردنەوەی، ریفراندۆم دیوی دیکەی مافی چارەی خۆنووسینە. بەم واتایەش ریفراندۆم ئەو میکانیزمەیە کە لە رێگایەوە مافی چارەی خۆنووسین بە کردار پیادە دەکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی خواستی گەلێک.

بەڵام ریفراندۆمی کوردستان جیاوازە، یان دەبێت جیاواز بێت. چۆن جیاوازە، یان بۆچی جیاوازە؟ بەڕای ئێمە گەر ریفراندۆم هەولێکە بۆ زانینی وەڵامی خەڵک بۆ پرسیارێک و لە کوردستانیش ریفراندۆم بۆ زانینی وەڵامی پرسی سەربەخۆییە، ئەوا وەڵامی پرسیارەکە لە ئێستاوە بە گشتی دیارە. لە راستیدا، هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، ساڵی ٢٠٠٥ خەڵکی باشووری کوردستان بە زۆرینەی رەها دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا. کەواتە ئەم پرسیارە بە هەر جۆرێک بپرسرێت هەر لە ئێستاوە، کەم یا زۆر، وەڵامەکەی زانراوە، تەنانەت دوای ئەم هەموو بێزاری و

ناڕەزاییەتانەی خەڵک، دەکرێت ئەمجارەیان ڕێژەیەکی کەمتریش دەنگ بە سەربەخۆیی بدەن. بە بۆچوونی ئێمە گەڕانەوە بۆ ریفراندۆمەکەی ٢٠٠٥ دەکرێت زۆر سوودی هەبێت. یەکێکیش لەو سوودانە ئەوەیە کە بە زیندووکردنەوەی ئەو دەنگی، کەم یا زۆری، ٩٨٪ە بۆ سەربەخۆیی تەمەنی نیشانەی پرسیار لەسەر دەوڵەتی عێراقی دوای سەددام زۆر درێژتر دەکاتەوە بۆ دواوە وە نیشانەی پرسیار لە بری دانانی لەو کۆتاییەی کە ئێمەی تیاین (٢٠١٧)، نیشانەی پرسیارەکە دەباتە دواوە بۆ چوارگۆشەی ژمارە یەک، واتە ٢٠٠٣-٢٠٠٥، بە واتای ئەوەی کە کورد هەر لە سەرەتاوە رازی نەبووە ببێتەوە بە بەشێک لە عێراق. بە مانایەکی دیکە ئەو کاتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەوە باشتر دەزانێت کە خەڵکی باشووری کوردستان هەر زوو و لە سەرەتادا (واتە لە ٢٠٠٥) نیشانەی پرسیاری جددی خستە سەر حیکمەت و سەرکەوتووی پڕۆژەی دەوڵەتی عێراق و هەر ئەو کاتەش کورد گومانی خۆی لەسەر ئەو پڕۆژەیە و خواستی خۆی بۆ جیابوونەوە لەو پڕۆژەیە دەربڕی، بەڵام کۆمەڵگای جیهانی گوێی نەگرت!

لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە ریفراندۆمەکەی ٢٠٠٥ هی هەموو خەڵکی کوردستانە و کورد لەوێدا یەک دەنگ، یەک هەڵوێست و یەک بڕیار بوو و تیایدا لایەنگرانی هەموو حیزبەکان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، ئەگەرچی لە رووی رەسمییەوە حیزبەکان لەگەڵ سیستمی فیدراڵیدا بون. بەڵام ئاشکرایە کە ئەو ریفراندۆمەی ئەمرۆ پارتی بانگەشەی بۆ دەکات، نە یەک دەنگ و نە یەک هەڵوێست و نە یەک بڕیاربوون پشتڕاست دەکاتەوە. جگە

لەوەش مەترسـی هەیە کە لە دۆخێکـی ئەوهـادا دەسـتبردن بـۆ ریفرانـدۆم بە ئەنجـامی پـێچەوانە تەواو ببێـت، ئەگەر پـارتی بەردەوام بێت لەو گوتـارەی کە دەخوازێـت بڵێـت ئـێمە ریفرانـدۆم دەکەین، ئەوانی دیکەش "کەیفی خۆیانە"، لەگەڵ ریفراندۆم دەبـن یا نا. بە مانایەکی دیکە ئەمڕۆ مەترسـی هەرە گەورە لەسـەر ریفرانـدۆم ئەم گوتـارە تـاکلایەنەیە کە پـارتی نـوێنەرایەتی دەکـات؛ گوتارێـک نەک هەر بێ باکە لەوەی کە ریفرانـدۆم بکرێت بە شـانازی هەمـوان یـا نـا، بەڵکـو رێـک کـار بـۆ پـێچەوانەکەی دەکـات: ئەو حیـزبە دەخوازێت ئەو شانازییە تەنها بە خۆی و بارزانی ببڕێت!

ئـێمە ریفرانـدۆمێکی تەندروسـت و گشـتگیر لە رووی پشـتگیری سیاسـییەوە وەهـا دەبینـین کـە بریتییـە لە پڕۆسـەیەک کە کۆمەڵێک رەهەند لەخۆ بگرێ کە گرنگترینیان:

١) لە رووی نـاوخۆییەوە هەمـوو خەڵکی کوردسـتان تـێکەڵاوی پڕۆسـەی بەرەو سـەربەخۆیی دەکـات و بەم مانـایەش بڕیـارەکە هی یەک یا دوو حیزبی سیاسـی نابێت بەڵکو هی هەمـوو خەڵک دەبێـت. دەرەنجـام، بەم واتـایە، هەمـوو خەڵـک ئامـادە دەبێـت بـۆ ئەوەی بەرگـری لە دەوڵەتەکەی بکـات، چـونکە بە ئیـرادەی ئەو دەوڵەتە دامەزراوە؛

٢) پیشـانـدانی کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی، بە شـێوەیەکی دیموکراسـییانە، کە خواسـتی زۆریـنەی هەرە زۆری خەڵکـی کوردسـتان چیـیە و چـی دەوێـت لە مەسـەلەی پێکەوەژیـان یـان جودابـوونەوە لـە عێـراق. چـونکە ئەوە کۆمەڵگـای نیـودەوڵەتییە کـە دەبێت بزانن خەڵکی کوردستان چی دەوێت و چۆنی دەوێت. بەڵام

بۆ ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان بە هێند وەربگرێت، دەبێت ئەم هەنگاوە لە کۆمەڵێک بنەماوە سەرچاوەی گرتبێت:

یەکەم، شەرعیبوونی داواکە بەو مانایەی کە پێویستە پرسیاری داڕێژراو لە لایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر درابێت. خستنەڕووی پرسیارەکە لە پەرلەمانەوە بە دەنگی زۆرینە، پرسیارەکە بەبێ هیچ گومانێک دەکاتە پرسیاری نوێنەرانی خەڵک و هەر زووش راوەیەتییەک بەو داواکارییە دەبەخشرێت کە لە رووی ناوەوە و دەرەوە گرنگە وەک بەهانەیەکی سیاسی؛

دووەم، پێویستە کۆمیسیونێکی باڵای هەڵبژاردن هەبێت کە ئامادەیی خۆی دەرببڕێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم؛

سێیەم، پێویستە هەوڵبدرێت کە چاودێری بیانی بۆ چاودێریکردنی ریفراندۆمەکە مسۆگەر بکرێت، ئەمەش کاتێک دەبێت کە دوو خاڵەکەی سەرەوە ئەنجام درابێت؛

چوارەم، دەبێت رۆژنامەنووسانی بیانی، لە هەموو کونجێکی دونیاوە، بهێنرێن هەتا زۆرترین رووماڵی رووداوەکە بکرێت لە میدیاکانی جیهاندا. چونکە ساتێکی وەها تەنها ساتی بەڕێوەچوونی ریفراندۆم نییە، بەڵکو ساتی گێرانەوەی چیرۆکی کوردە بۆ دونیا، کە بە تایبەتی پێداویستیەکی سەرەکییە بۆ هەنگاوەکانی پاش ریفراندۆم، کە بریتین لە راگەیاندنی سەربەخۆیی و هەوڵ بۆ دانپیانان. هەڵبەتە سەربەخۆییەک کە بەر لە هەر شتێک بەرهەمەکەی جیاوازی بێت لە ژیانی خەڵکدا بۆ باشتر، ئەگەر نا سەربەخۆیی بۆ چییە؟

پێنجەم، دیارە کاتێک ئێمە خۆمان بۆ دونیا بەیان دەکەین، دەبێت ئەوەندە هەوڵمان دابێت ماڵی خۆمان یەکبخەین کە لە کاتی رووماڵی ریفراندۆمدا دونیا ئەو چیرۆکە ببیستێت کە ئێمە هیچ نەبێت لە دراوسێکانمان "باشترین". دیارە ئەمە بە پەلە و کاتی کورت ناکرێت، بەڵکو دەبێت ئاماژە هەبێت کە ئێمە ئاراستەی سیاسیمان گۆڕیوە لە **ئێستای خراپەوە** بۆ **داهاتووی باشتر**، وە ئەمەشمان هەر زوو بە کردار نیشانداوە؛

شەشەم، کاراکرنەوەی پەرلەمانی کوردستان، بە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان. سەرۆکی پەرلەمان لە ناو پەرلەماندا و لە ***پرۆسەیەکی پەرلەمانیدا***، کە تیایدا **پەیڕەو و پرۆگرامی پەرلەمان پێوەرە**، هاوکار بێت بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان.

جگە لەوە، پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە پڕۆژەیەکی گشتگیردا لەسەر چارەسەری کێشەکانی هەرێم رێکبکەون وەک ئامادەکاریەکی شایستە بۆ ریفراندوم و هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی:

أ) پرسی ریفراندۆم ببرێتە ناو پەرلەمان وە لەوێدا ئەم پرسە کاری لەتەکدا بکرێت. لە رێگای دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە ریفراندۆم، کە تیایدا بۆ نموونە ئەوە یەکلابکرێتەوە کە ئایا ریفراندۆم "راوێژکارییە" واتە تەنها هێزی راوێژی هەیە و بەس، واتە دوا بڕیار دەبێتە هی پەرلەمان، یان ئەوەتا ریفراندۆم "بڕیاریی و مولزیمە"، واتە دەرهاوێشتەی ریفراندۆم یەکسەر دەبێتە بڕیار. ئەمە و زۆر پرسی دیکەی یاسایی وەک ئەوەی ئایا ئێمە چ جۆرە ریفراندۆمێک دەکەین: ریفراندۆمی رەسمی لە رووی نێونەتەوەییەوە (واتە بە ئامادەیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی

بە تـایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکـان بـۆ پێـزانین و سەرپەرشـتیکردنی پرۆسـەکە)، یـان ریفرانـدۆمی نارەسـمی (وەک ئەوەی لە ٢٠٠٥ لە هەرێمی کوردستان کرا)؛

ب) پێویسـتە لە مـاوەیەکی دیـاریکراودا، کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکان (هەڵبەتە هی کوردستان) بە تەواوەتی ئامادەبێت بۆ سەرپەرشتیکردنی هەر هەڵبژاردن و ریفراندۆمێک؛

ج) پێویسـتە پرسـی چارەنووسـی نـاوچە دابڕێنراوەکـان، پـێش پرسی ریفراندۆم لە پەرلەماندا یەکلا بکرێتەوە، ئەگەر نـا هەر نەبێت بەرەو رووی ئەو راسـتییە گرنـگ و پـڕ کێشـەیە دەبینـەوە کە ئایـا چـۆن دەکرێـت ئەو ناوچـانە بێـبەش بکـرێن لە مـافی بەشـداری لە ریفرانـدۆمێکی چارەنووسـازدا بـۆ هەرێـم کە دەربـارەی سەربەخۆییە، وە ئایا گەر ئەو ناوچانە بەشداری بکەن بەر لەوەی لە رووی یاساییەوە گەڕابێتنەوە سەر هەرێم چی دەبێت و چی روو دەدات؟ پرسـیاری هەرە گـرنگیش لەو بـارەیەوە ئەوەیە ئایـا ئەم شێوازە لە ریفراندۆم (واتە ریفراندۆم بەبێ ناوچە دابڕێنراوەکان یا دژەکەی، واتە بەو ناوچـانەوە بەر لە چارسـەرکردنی کێشـەیان) پـڕ نابێـت لە کێشـەی جـددی، یەکێکـیش لەوانە راددەی رەوایەتـی یـان نارەوایەتی ئەم ریفراندۆمەی کە بۆ سەربەخۆیی تەواوی باشووری کوردستان دەکرێت بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە؛

د) لەسـەر بنچیـنە و پرەنسـیپی ئەوەی کە پرسـی ریفرانـدۆم و سـەربەخۆیی پرسـی هەمـوو هێـزە سیاسـییەکان، پێکهاتەکـان، تـوێژە جیاجیاکان، کۆمەڵگای مەدەنی و هەموو تاکەکانە بەبێ جیاوازی، ئەوا پێویسـتە ژوورێکـی سیاسـی-یاسـایی (وەک پێشـنیار، بە نـاوی

ئەنجوومەنی باڵای پرسە نیشتمانی و ستراتیجییەکان) بۆ پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم پێکبهێندرێت و نوێنەرانی سیاسی لە ئاستی هەرە بەرز و نوێنەری فراکسیۆنەکان تیایدا بەشداربن. ئەم ئەنجومەنە پەیڕەوی خۆی هەبێت و کار لەگەڵ هەموو رەهەندەکانی ریفراندۆم و سەربەخۆییدا بکات، وەک رەهەندی عێراقی، ئیقلیمی، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، پەیوەندییە گشتی و جەماوەرییەکان، راگەیاندن و رای گشتی. بەم پێیەش هیچ هێز و لایەنێک لەم پرسەدا نابێ بەبێ هێز و لایەنەکانی دیکە هیچ هەنگاوێکی تاکلایەنە لە مەسەلەی ریفراندۆم و سەربەخۆییدا بهاوێژێت و راگەیاندنی ئەوها بدات کە کاریگەری بخاتە سەر کاری ئەنجوومەنی باڵای پرسە نیشتمانی و ستراتیژییەکان. شتێکی باش و پێویستیشە نوێنەری پێکهاتەکانیش لە ئەنجومەنێکی ئەوهادا نوێنەرایەتییان هەبێت.

# ٥

# دەرەنجام

یەکێک لە ئەگەرەکان لە داهاتوودا ئەوەیە کە دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی باشووری کوردستان زیاتر بەرهەمی بە لوتکە گەیشتن و کامڵبوونی سێ بێهیوابوون بێت، نەک بە زەرورەت حیکمەت و بڕیاری بژاردەی سیاسی کوردستان: ١) بێهیوابوونی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، بە تایبەتی ئەمریکا لە پڕۆژەی دەوڵەتی عێراق؛ ٢) بێهیوابوونی شیعە و سوننە لەیەکتر و لە بەیەکەوە ژیان؛ ٣) بێهیوابوونی کورد لە دەوڵەتی عێراقی یەکبووی "فیدراڵی و دیموکراتی."

بەم مانایەش ئەم رووداوە دەرهاویشتەیەکی ئاڵۆز دەبێت لە کۆی پێشوەچوونەکان، کە دواجار بە ئەگەری زۆر زلهێزەکان و هێزە ئیقلیمییەکان بەرەو رووی راستی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی باشووری کوردستان دەکاتەوە. ئەو کاتەش بە رەسمی ناسینی وڵاتانی دەرەوە لەو دەوڵەتە "کوردستانییە سەربەخۆیە" وەک ئەمری واقع دەردەکەوێت تا بژاردەیەکی سیاسی نەخشە بۆ

کێشـراو. بە مانـایەکی دیـکە، بە ئەگەری زۆر چرکەسـاتێک دێـت کە تیایـدا لە ئاکـامی دارمـانی بە تەواوەتـی دەوڵەتـی عێـراق، نە هێـزە کوردسـتانییەکان، نە هێـزە ئیقلیمییەکـان و نە زلهێزەکـان کـاتی زۆریـان لەبەردەمـدا نابێـت بـۆ بیرکـردنەوە و خەملانـدنی بـژاردەی هەرە گونجاو بۆ خۆیان، چونکە ئەو کاتە دارمان یەکسان دەبێت بە پـارچە پـارچەبوونی عێـراق و دروسـتبوونی کوردسـتانێکی جیابووەوە لە عێراق!

ئەوەتـا بـۆ نمـوونە بـاڵیۆزی پێشـوی ئەمریکـا لە عێـراق (جیمـز جێفـری) بـاس لە سـیناریۆیەکی ئەوهـا دەکـات کە تیایـدا عێـراق لە دەرەوەی ئیـرادەی ئەمریکـا هەڵبوەشـێتەوە، کاتێـک دەڵێـت "ئێسـتا ئەمریکـا بە چـاوی لایەنگریـی سـەیری دابەشـکردنی عێـراق ناکـات **مەگەر ئەمە بووبێت بە شتێک کە نەتوانێت خۆی لێ لابدات** کە حاڵی حـازر دەتوانێـت خـۆی لـێ لابـدات."[1] بەم مانـایەش ئەگەری هـاتنە پێشـەوەی چرکەسـاتێک هەیە کە تیایـدا ئەمریکـا ناتوانێـت خـۆی لە دابەشـبوونی عێـراق لابـدات، بەڵکـو کاتێـک کە دابەشـبوونەکە دەبیـتە ئەمـری واقـع ئەو کـاتە ئەوەی پێویسـت دەکات ئەوە دەبێت کە **سیاسەتێکی نوێی گونجاو بۆ حاڵەتێکی نوێ** پیادە بکات.

* * *

[1] http://www.lvinpress.com/n/dreja.aspx?=hewal&jmare=46414&Jor=1
دەستگەیشتن ٢٠١٦/٦/٢١
جەختکردنەوەی ناو کەوانەی لێگیراو هی ئێمەیە

دوای ساڵانێک لە خەبات لە پێناو ئۆتۆنۆمیدا، ڕێککەوتن لەگەڵ بەعس لەم چوارچێوەیەدا (١٩٧٠-٧٤) وە لە هەمووی گرنگتر ئەزموونی "عێراقی فیدراڵ و دیموکرات (٢٠٠٥- ؟؟؟)، کوردایەتی لە باشووری کوردستان بە گشتی پێویستی بە پیداچوونەوەیەکی جددی و قووڵ و هەمە ڕەهەند، بە بیرکردنەوە و جیهانبینی خۆیدا، هەیە. لە ڕاستیدا کەوتنی ڕژێمی سەددام لە ٢٠٠٣دا دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ ئەم پێداچوونەوەیە. بەڵام لەگەڵ ئەم ڕووداوە گرنگەدا، کوردایەتی نەک هەر پێداچوونەوەی بۆ نەکرا، بەڵکو کورد زیاتر لە پێهەڵگرتن لە جیهانبینی ئۆتۆنۆمیخوازیەوە (تۆ بڵێ ئۆتۆنۆمیزمەوە، ڕاستتر بڵێین کوردایەتییە کۆنەکە) چووەوە بەغدا... دەرهاوێشتەی ئەزموونی ڕابوردوو (ئەزموونی ساڵانێکی دوور و درێژ لە خەبات لە پێناو ئۆتۆنۆمیدا) کۆمەڵێک وانەیە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١) خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی "ئەو ئاسانە نەبووە"، وەک ئەوەی لە لایەن قوتابخانەی ئۆتۆنۆمیخوازەوە بەردەوام بانگەشەی بۆ کراوە، بەڵکو ئەم خەباتە قوربانییەکی زۆرتری ویستوە لەوەی کە زۆرێک لە میللەتانی دیکە بۆ سەربەخۆیی داویانە؛

٢) بە ئەزموون لە باشووری کوردستان دەرکەوت کە ئۆتۆنۆمی (یان فیدراڵی) بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق *بەشی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی ناکەن*، کێشەکەش بەو مانایە عەللاوی و جەعفەری و مالکی و عەبادی و... هتد نین، بەڵکو کێشەکە لەوە قووڵتر و لەوە فراوانترە: ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی ناتوانن ببن بە بنەمای هاوتابوون و یەکسان بوونی دوو نەتەوە،

تەنانەت بگرە لە سیستمێکی ئەوپەڕی دیموکراتیشدا. لە راستیدا، لە ٦٠-٧٠ ساڵی رابوردوودا، کورد لە باشووری کوردستان خەباتی کرد بۆ دیموکراسی لە عێراق و قوربانیەکی زۆریشی لە رێڕەوی ئەم خەباتەدا دا، بەڵام کە دواجار هەر نەبێت لە فۆڕمدا لە عێراقی دوای سەددام ئەم "دیموکراتییە" بەدەست هات، دەرکەوت کە دەستکەوتی خەباتی کورد لە پێناو دیموکراسیدا "دکتاتۆرییەتی زۆرینە" بوو، واتە زۆرینەی عەرەب. ئەمڕۆ پرسی دیموکراسی لە وڵاتانی دەروەی ئەوروپا لە مەڕ **ستەمکاریی زۆرینە** جێگای مشتومڕێکی زۆرە.[١]

دواجار دەرکەوت کە دیموکراسی لە کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەک عێراق، نەتەوەی سەردەست دەکات بە خاوەنی دەسەڵاتێک کە زیاتر لە دیکتاتۆریەتی زۆرینە دەچێت تا هەر شتێکی دیکە. رێک ئەمە یەکێک بوو لە بەهانە هەرە گرنگەکان کە بزووتنەوەی ریفراندۆم لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٤دا هێنایە دەنگ. لە عێراقی دوای سەددامدا، لەگەڵ ئەو هەموو دوژمنکاری و ململانێ خوێناویەی لە نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەدا هەبووە، بەڵام دواجار بە کردار دەرکەوتووە کە ئەم دوو پێکهاتەیە لە کەمترین نزیکبوونەوەیاندا لە یەکتر، مەترسی دیکتاتۆریەتی زۆرینە بۆ سەر کورد لە عێراق دروست

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Yarwood, Jarnette (2016) “The struggle over term limits in Africa: the Power of Protest,” *Journal of democracy*, Vol. 27 issue 3.

دەکەن. شێوازی دروستکردنی حکومەتی عەبادی وەک نموونە و چۆن "چۆک بە کورد دانرا" و بە راشکاوی پێیگوترا، *بەبێ بوونی ئێوەش حکومەتی عێراق دادەمەزرێت*![1]

هەر لەبەر ئەوەیە کە بیری سەربەخۆیی دەبێت لە بنچینە و سەرەتادا لە هەڵوەشاندنەوەی دروشم و بەهانەکانی خەباتی سیاسی رابوردوو (ئۆتۆنۆمی – فیدراڵی – بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق) پێ هەڵبگرێت. بەبێ ئەم هەڵتەکاندن و هەڵوەشانەوەیە قسە دەربارەی سەربەخۆیی و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی شتێکی پڕ کێشە دەبێت.

دەکرێت لەم هەڵوەشاندنەوەی مێژووەدا ئەوەش ببینرێت، یا راستتر بڵێین پێویستە ببینرێت، کە خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی لە ماوەیەکی دوور و درێژدا بوو بە بەشێک لە یارییەکی ئیقلیمی کە تیایدا داگیرکارێکی دیکە ئامادە بوو بۆ بەرژەوەندی خۆی پشتگیری کورد لە عێراق بۆ ئۆتۆنۆمی بکات، بەمەش بزاڤێکی "ئازادیخواز" بوو بە *بزاڤێکی وابەستە*. بەهانەیەکی

[1] دوایین نموونەش لە رەفتاری دکتاتۆرییەتی زۆرینە کاردانەوەی سوننە و شیعە بوو بەرامبەر بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک بە بۆنەی نەورۆزی ٢٠١٧. لە کاردانەوەیەکدا، بە **زۆرینەی سوننە و شیعە**، لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی عێراقدا، وە لەگەڵ ئەوەشی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە یەک هەڵوێست بایکۆتی کۆبوونەوەکەیان کرد، بڕیاردرا کە ئاڵای کوردستان لە کەرکوک بهێنرێتە خوارەوە. ئەم رووداوە جارێکی تر ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە ئەگەر سوننە و شیعە شانبەشانی یەکتر دژی کورد بوەستنەوە، ئەوا کورد هیچ دەرفە و پەراوێزی کاریگەریکردنی بۆ نامێنێتەوە.

ئۆتۆنۆمیخوازان، بۆ وەدەستخستنی یارمەتی لە داگیرکارێکی دیکە، بەردەوام ئەوە بووە کە "ئەگەر داوای زیاتر لە ئۆتۆنۆمی بکەین کەس پشتگیریمان ناکات"، بەڵام دەرکەوت هەر هەمان پشتگیری (تۆ بڵێ وابەستەیی)، بە شێوازی جۆرا و جۆر بۆ کورد پشتشکێن بووە، وەک بۆ نموونە پشتشکان و نسکۆکەی ١٩٧٥.

هەڵبەتە پێویستە ئەوە بڵێین کە لە خەباتی ئۆتۆنۆمیخوازیدا تۆوی ئەو کەلتوورەی کە تیایدا داگیرکارێکی دیکە کرا بە فریادڕەس هەر لە ساڵی (١٩٦١)ەوە، لەگەڵ دەستپێکردنی بزاڤی ئەیلول، چێنراوە. ٣١ی ئابی ١٩٩٦یش بەرهەمێکی ئەو تۆوە بوو، ئەگەر چی ٣١ی ئاب لە زەمەنێکی دیکەدا رووی دا، بەڵام لۆژیکە هاوبەشەکە ئەوە بوو: لە پێناو مانەوەی خۆم و بردنەوەی شەڕ، لە وەرگرتنی یارمەتیدا هیچ هێڵێکی سور نییە! پێشتر ئەم لۆژیکە بۆ ماوەی ١٤ ساڵ بووە بەهانەی ئەوەی کە بزاڤی ئەیلول شای ئێران بکات بە فریادڕەس، بەڵام دواتر لە ٣١ی ئابدا بۆ بردنەوەی شەڕ دژی "براکان" ، دیسان هێڵی سور بەزێنرا و ئەمجارەیان یارمەتی لە ئەندازیاری ئەنفال و کیمیابارنکردنی هەڵەبجە، سەددام حوسەین، وەرگیرا. لەبەرامبەر ئەمەشدا پشتبەستن بە هێزی پاسداری ئێران بۆ لەناوبردنی هێزێکی دیکە، دیوێکی دیکەی هەمان دراو بوو. پێشتریش هەرەس و شکستی ١٩٧٥یش بەرهەمێکی دیکەی ئەم تۆوە چاندراوە بوو. لەبەر ئەوە گرنگە لە هەڵدانەوەی لاپەڕەی مێژوو ئەو پرسیارە بکرێت، ئایا خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی چەند کەوتوە لەسەر کورد؟ ئەم پرسیارە و زۆر پرسیاری دیکە، روو لە مێژوو و وەڵامدانەوەیان، زۆر

گـرنگن بـۆ ئامـادەکردنی هـزر و ئەندێشـە بـۆ قبـوڵکرانی، یـا قبوڵاندنی، دروشمی سەربەخۆیی.

ئەمڕۆ دوای ئەم هەمـوو ئەزمـوونە، پێویسـتە ئەم پرسـیارە بکرێت: ئایـا ئەوە دەهێنێت و بـواری ئەوە مـاوە، دوای ئەم هەمـوو ئەزمـوونە، چیتـر کـورد وەبەرهێنـانی سیاسـی لە دەوڵەتێکدا بکـات کە بە هەمـوو پێوەرێک شکستی خواردووە، هەروەها هیوا هەڵبچنێت کە ئەم دەوڵەتە شکستخواردووە ببێت بە دەوڵەتێکی سەقامگیر و سەرکەوتوو؟

* * *

لە ئێسـتادا دوو ئاڕاسـتە لەمەڕ بانگەشـەی سـەربەخۆیی لە هەرێمـی کوردسـتان بـاڵا دەسـتن، یەکێکیـان بە موناسـەبە و بـێ موناسـەبە وە زۆر جار لە ڕێگـای دەسـتبردن بۆ هەسـت و نەسـتی خەڵـک باسـی سـەربەخۆیی دەکـات، بەڵام ئاڕاسـتەی دیکەیـان بە بەهانەی ئامادە نەبون و پڕ کێشـەیی بـابەتەکە دەخوازێت باسـکردن لەم مەسـەلەیە دوابخات. لە لایەکی دیکەوە، دەکرێت بڵێین مـانەوەی ئەم مەسـەلە گرنگ و سـتراتیژییە بەم دوو ئاڕاسـتەییە مەترسـییەکی گەورەیە بـۆ سـەر خـودی بـڕاردەی جیـابوونەوە و سـەربەخۆیی. هەنگـاوێکی گرنـگ بـۆ چارەسـەری ئەم ئیشـکالیەتە ئەوەیە کە پێویستە گۆڕانکاری بەسەر هەردوو ئاڕاستەکەدا بێت:

١) ئەو ئاڕاسـتەیەی کە زۆرتـر بـاس لە کێشـەکانی **نـاوەڕۆکی** پڕۆژەی سـەربەخۆیی دەکات و دەخوازێت جارێ کورد بە کـردار بـاش خـۆی ئامـادە بکـات بەر لەوەی ئەو دەوڵەتـی سـەربەخۆیە ڕابگەیێنێت، پێویسـتە گۆڕانکـاری بەسـەر بۆچوونەکەیدا بهێنێت.

ئەم ئاڕاستەیە دەبێت ئەو تێگەیشتنە بەجێ بهێڵێت کە دەخوازێت بڵێت ئەوانی دیکە، تۆ بڵێ ئاڕاستەکەی پارتی، "تەنها موزایەدە بە مەسەلەی سەربەخۆییەوە دەکەن و هیچی دیکە." هەندێک جاریش بە کەمکردنەوە لە بەهای قسەکانی پارتی لەمەڕ سەربەخۆیی دەخوازێت "بە تەنزەوە" بڵێ "باشە ئەگەر راستدەکەن با دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنن، ئێمەش ئەو کاتە دەستخۆشی و پیرۆزباییان لێ دەکەین."

٢) لە راستیدا ئەوەی پارتی دەیکات، بە باش و خراپ، کاریگەری لەسەر بیرۆکە و ئاڕاستەی کارکردن بۆ سەربەخۆیی دادەنێت، هەرنەبێت بۆ دوارۆژ پارتی دەکات بە *خاوەنی شانازی سەربەخۆیی*. جگە لەوەش پارتی هەر چییەک بکات لە ئاڕاستەی پڕۆژەی سەربەخۆییدا، لە فەزایەکی سیاسی خاڵیدا نایکات، بەڵکو لە فەزایەکدا دەیکات کە کۆمەڵێک کاریگەری دادەنێت و دەبێتە هۆی کۆمەڵێک کاردانەوە لە لایەن هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و توێژە جیاجیاکان و تاکەکان... هتد. جگە لەوەش لە ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشدا، کاریگەرییەکە حاشاهەڵنەگرە. تا پارتی بەردەوام بێت لە قۆرخکردنی فایلی سەربەخۆیی و سەرکێشی و پێداگری تاکلایەنە لەسەر ئەوەی کە ریفرامدۆم و سەربەخۆیی پڕۆژە و شانازی ئەو حیزبەن، ئەوەندەش زیاتر هاوکات زیان بەو پڕۆژەیە دەگات. بە پێچەوانەشەوە چەند زوو ئەم پڕۆژەیە لەم قۆرخکارییە و تاکلایەنییەی پارتی رزگار بکرێت و ببێت بە هی هەموان، ئەوا زووتر پڕۆژەکە دەرفەتی دەبێت ببێت بە پڕۆژەیەکی نیشتمانی-

نەتەوەیی، گشتگیر و تەندروست، وە بە هەمان پێوەر دەرفەتی سەرکەوتنیشی زیاتر دەبێت.[١]

بۆ ئەم قۆناغە وەها باشە کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو و یەکێتی بە یەکەوە پرۆژەیەکی گشتگیر (تۆ بڵێ نەخشە ڕێگایەک) پێشکەش بکەن کە هەم چارەسەری کێشەکانی هەرێم لەخۆ بگرێت، هەم مەسەلەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بگرێتە خۆی، بە مەرجێک دوا ئێستگەی نەخشە ڕێگاکە مەسەلەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بێت نەک بە پێچەوانەوە. دواتر بۆ گفتوگۆکردنی ئەم نەخشە ڕێگایە و ڕێککەوتن لەسەری لەگەڵ پارتی دەکرێت ببێتە هەنگاوێکی هەرە گرنگ بۆ چارەسەری کێشەکانی ئێستا وە توکمەکردن و تەندروستکردنی هەنگاوەکان بەرەو سەربەخۆیی. چونکە بەبێ نەخشە ڕێگایەکی ئەوها دەکرێت پرۆژەی سەربەخۆیی زیانی هەرە گەورەی بەر بکەوێت، جگە لە بەردەوامبوونی کێشەکانی هەرێمی کوردستان. ئەم پێشنیارە دەبێت بە ئاگاییەوە بکرێت؟ لە لایەکی ترەوە پێشوەچوونەکانی هەرە دوایی، بە تایبەتی، کەم یا زۆر، قبوڵکردنی یەکێتی ئەوەی کە دەکرێ ریفراندۆم پێش کاراکردنەوەی پەرلەمان بخرێ وە بە شاندی هاوبەش لەگەڵ

---

[١] ئەم بۆچوونە چەند ساڵێک پێش ئێستا لە لایەن (بورهان یاسین)ەوە جەختکراوەتەوە، بە تایبەتی لە زنجیرە کۆڕێکیدا لە کوردستان و هەندێک وڵاتی ئەوروپا لە ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣. بۆ بینینی ناوەڕۆکی کۆڕەکە کە لە کۆبنهاگن تۆمارکراوە بڕوانە:
https://www.youtube.com/watch?v=TXrpe9elvXM

پارتی بچن بۆ بەغدا[١]، بەبێ بەشداری هێزەکانی تر، دەکرێ ببێتە سەرەتای لەباربردنی کاری هاوبەش، لە مەڕ پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو و یەکێتی.

* * *

بە هەموو پێوەرێک، هێماکانیش هەر ئەوەمان پێدەڵێن، ناوچەکە پێویستی بە دیزاینێکی نوێ هەیە کە تیایدا چەند مەسەلەیەک بە شێوەیەکی نوێ و بنەڕەتی چارەسەر بکرێن کە هەمووشیان پەیوەندییان بە کێشەکانی دەوڵەتەوە هەیە. هەر لەم ئاڕاستەیەدا ئەم بۆچوونە لە ناوەندی ئەکادیمی و سیاسی لە جیهانی رۆژئاوا، لێرە و لەوێ، جەختکردنەوە بە ئاڕاستەی ئەوەوە دەکرێت کە بەڵێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا **کێشەی دەوڵەت و بەدەوڵەتبوونمان هەیە**. ئەمەش خۆی لەخۆیدا مەسەلەیەکی یەکجار گرنگە کە، بە واتایەکی دیکە، رۆژئاوا تا رادەیەک ئامادە و کراوە بێت بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی دەوڵەت و سنوورەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یان هەر نەبێت کراوە بێت بۆ ئەگەرێکی لەم جۆرە.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە وێستڤالیایەکی نوێ هەیە کە دەوڵەت تیایدا خاوەن سەروەری خۆی بێت: سەروەری *لە ناوەوەی خەڵک بێت و لە دەرەوەشدا رێزلێگیراو بێت و ئەم دەوڵەتە خۆیشی رێز لە سەروەرییەکانی دیکە بگرێت.*

---

[١] ئەم شاندە لە رۆژانی سەرەتای مانگی ئەپریلی ٢٠١٧ چوو بۆ بەغدا وە لە فازڵ میرانی و عەدنان موفتی و فوئاد حوسێن پێکهاتبوو.

# ٦
# نەخشە ڕێگا

چەمک و گوتاری دەوڵەتی کوردی، هەروەها دەنگۆی ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە مەسەلەیەکی سیاسی فرەئاست و فرەڕەهەندە. بۆ قسەکردن دەربارەی ئەم مەسەلە گرنگە و مامەڵەکردن لە تەکیدا پێویستە هەموو ئاست و ڕەهەندەکان لە بەرچاو بگیرێن. لە لایەکی دیکەوە کەمترین ئاستی یەکانگیربوون لە نێوان ئاراستە و گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەک وە هێزەکانی دیکە لە لایەکی دیکەوە نییە، بە تێبینی ئەوەی کە دەکرێ یەکێتی حاڵەتێکی تایبەتی بێت: پێیەک لەم لایە و پێیەکیش لە لاکەی تر. ئەمەش بۆ ئێستا وە بە ئەگەری زۆر بۆ داهاتووش، کێشەیەکی گەورەیە بۆ پرۆژەی "دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان." دیوەکەی دیکەی ئەم قسەیە ئەوەیە: ئەگەر دەخوازرێت لە مەسەلەی سەربەخۆییدا پێشوەچوونێکی جددی بەدەست بێت، ئەوا پێویستە بەر لە هەر شتێک هێزە سیاسییەکانی

باشووری کوردستان لەسەر نەخشە ڕێگایەک ڕێک بکەون. نەخشەڕێگاکەش دەبێ دوو ڕەهەندی هەبێت: لە ناوەوە بونیادنان وە لە دەرەوە دانپیانان.

## ٦-١ لە ئاستی ناوخۆ، بونیادنان

لە ئاستی گوتاردا پارتی دیمۆکراتی کوردستان مەسەلەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، جگە لەوەی پێشتر ئاماژەی پێدرا، بە چەند مەبەستێک بەکاردەهێنێت: یەکەم، پڕکردنەوەی بۆشایی فیکری و نەبوونی پرۆژە؛ دووەم، جوڵاندن و جۆش و خرۆشدانی جەماوەری؛ سێیەم، ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ گرنگی خۆی؛ چوارەم، خۆکردن بە خاوەنی پرۆژەی دەوڵەت، وە یەکێکیش لە ئامانجەکانی بەدەستهێنانی خاوەندارییێتی ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکانی دیکە، یا هەرنەبێ هەندێکیان بە تایبەتی بزاڤی گۆڕان، وەک "**دژە دەوڵەت**" دەربکەون. لای پارتی بڕوایەک هەیە کە ئەم گوتارە هەرچۆنێک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و کاردانەوەکان هەرچیەک بن، لە ئێستا و لە داهاتوودا، هەر خۆی (واتە هەر پارتی) قازانجی لێدەکات.

لە ئاستی فەلسەفەی سیاسی و جیهانبینیدا مەسەلەی دەوڵەت و بەدەوڵەتبوون تەنها ڕەهەندی **بیرکردنەوەی هەنووکەیی** نییە، بەڵکو دەستبردن بۆ مەسەلەی دەوڵەت بەر لە هەر شتێک دەبێت هەڵوێستەیەکی سیاسییانەیەش بێت لە دوێنێ: ڕاستە وەک زەمەنی موجەڕەد دوێنێمان جێهێشتوە، بەڵام لە دوێنێدا کۆمەڵێک جیهانبینی و باوەڕی سیاسی و بەهای کەلتووری سیاسی بەرهەم

هاتوون کە بەشێکی زۆر لە ئێمە ئێستاش **هەڵگریانین**. نەک هەر ئەوە، بەڵکو تەنانەت **دیلی ئەو بەهاو بۆچوونانەشین**. بە مانایەکی دیکە، بۆ ئەوەی بتوانیت ببیت بە خاوەنی جیهانبینی و ڤیژنێکی نوێ پێویستە ئامادەبیت جیهانبینییەکەی دوێنێت هەڵبتەکێنیت وە بگرە هەرنەبێ بەشێکی ئەو جیهانبینییە ریشەکێشیش بکەیت. بە مانایەکی دیکە دەستبردن بۆ سەربەخۆیی رووڕووبوونەوەیەکی بوێرانە لە مێژوو (لەگەڵ دوێنێی خۆت) دەخوازێت، بە تایبەتی ئەو مێژووەی کە تیایدا "ئۆتۆنۆمیزمی" وەک چارەسەر بۆ مەسەلەی نەتەوەیی بەرهەمهیناوە. بگرە دەبێت ئامادەش بیت کە بەرەوڕوی خودی خۆت ببیتەوە، ئەو خودەی کە دوێنێ (دوێنێیەکی دوور یا نزیک) بیر و جیهانبینی ئۆتۆنۆمی، یا ئۆتۆنۆمیزمی، بەرهەمهێناوە.

روویەکی دیکەی ئەم قسەیە ئەوەیە کە دەبێت جیاوازییەکی راشکاوانە بکرێت لە نێوان: لە لایەکەوە ئەو کەسەی کە ئۆتۆنۆمی بە چارەسەر بۆ مەسەلەی نەتەوەیی دەزانێت و خەباتی بۆ دەکات، لەگەڵ ئەو کەسەی کە تەنها سەربەخۆیی و سەروەری نەتەوەیی بە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی دەزانێت و خەباتیش بۆ ئەو جۆرە چارەسەرە دەکات.

بۆ سەربەخۆیی پێویستیمان بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە کەسایەتی "ئۆتۆنۆمیخوازدا" بۆ ئەوەی لە ئەندێشە و بیری ئەو کەسەدا **سەربەخۆخوازی** جێگای **ئۆتۆنۆمیخوازی** بگرێتەوە. ئەگەر ئەم گۆڕانکاریەش روو نەدات، ئەوا لە یەکێک لە مەسەلە هەرە گرنگەکاندا، بابەتی سەربەخۆیی وەک دروشمێکی موجەرەد دەمێنێتەوە و هیچی دیکە: پرۆژەی سەربەخۆیی پێش هەر شتێک

پێویستی بە **سەربەخۆخوازە**، کە ئەمیش بۆ خۆی بە شەو و ڕۆژێک بەرهەم نایەت. گەیشتن بە ویستگەی سەربەخۆخوازی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی فرەڕەهەندی و فرەئاستە کە تیایدا کۆمەڵیک گۆڕانکاری لە ئاستی کولتووری سیاسی و ئایدۆلۆژی و جیاهنبینی و شوناس و ئاسایشی مرۆیی و گەشەکردنی مرۆیی و... هتد، پێویستن.

پێویستە هەوڵی جددی بدرێت بۆ ئەوەی چیتر پارتی پرۆژەی سەربەخۆیی قۆرخ نەکات، بە جەختکردنەوەی ئەوەی کە ئەم پڕۆژەیە **هی هەموانە**، چونکە بەر لە هەر شتێک ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی بەرهەمدێت، **دەبێت هی هەموان بێت**. لە ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەوە یەکێک لە مەبەستە گرنگەکانی ریفراندۆم دەبێ ئەوە بێت کە هەموو هێز و توێژە کۆمەڵایەتی و تاکەکان بە بێ جیاوازی، لە ڕێگای بەشداری چالاکانە لە ریفراندۆم لە هەموو قۆناغەکانیدا، ببن بە خاوەنی ئەم پڕۆژەیە، ئەم پڕۆژەیە بکەن بە پڕۆژەی هەموان. بەڵام هەنگاوی پێشتر ئەوەیە کە ریفراندۆمیش هەر لە سەرەتادا پرۆژەی هەموان بێت.

بە واتایەکی تر، نابێ پارتی دیموکراتی کوردستان مەسەلەی بەدەوڵەتبوون مۆنۆپۆڵ بکات، چونکە بە بۆچوونی ئێمە ئەم مۆنۆپۆڵە یەکێکە لە هەڕەشە و مەترسییە گەورەکانی سەر خودی پڕۆژەی سەربەخۆیی لە ئەمڕۆ و داهاتودا. لە چوارچێوەی ئەم مۆنۆپۆڵەدا، پارتی دەخوازێت گوتاری سەربەخۆیی بکاتە ئامرازێک بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە **بە ڕواڵەت** کێشەکانی ئێستای پێ چارەسەر بکات وە مۆنۆپۆڵی دەسەڵاتیش هەر لە دەست خۆیدا بێت، بە

بەهانەی ئەو لۆژیکەی کە دەخوازێت بڵێت "چونکە پارتی و بارزانی پێشڕەو و پێشەنگن لە پڕۆژەی سەربەخۆییدا، لێگەڕێ با لەدەسەڵاتیشدا بالادەست بن بۆ ئەوەی بتوانن ئەم پڕۆژەیە تا سەر ببەن، بیگەیێنە کەناری ئارام!" خواست و مەراقی ئەم مۆنۆپۆڵە بە ئەگەری زۆر دەستبردن بۆ سەربەخۆیی دەکات بە موغامەرەیەکی سیاسی و داهاتووش بارگاوی و پڕ کێشە دەکات. بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە تەنها هی پارتی نەبێت و لە قۆرخکاری ئەو حیزبە رزگار بکرێت و هەموان ببن بە خاوەنی، ئەوا بە لای کەمەوە پێویستە ئەم هەنگاوانە پەیرەو بکرێن:

یەکەم، روونکردنەوەی ئامانجی سەربەخۆیی بۆ رای گشتی؛

دووەم، کردنی ئەم پڕۆژەیە بە پڕۆژەی خەڵک و لە پێشدا بڕیاردان لەسەری لە رێگای پەرلەمانەوە؛

سێیەم، گرێدانی ریفراندۆم و هەڵبژاردنی کوردستان پێکەوە؛

چوارەم، پێویستە کار بکرێت بۆ بەرهەمهێنانی هاوپەیمانییەکی سیاسی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا، کە کرۆکی ئەم هاوپەیمانییە مەسەلەی سەربەخۆیی و ریفراندۆم بێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مامەڵە لە تەک سەربەخۆیی و ریفراندۆمدا وەک **ئێستگەیەکی کۆتایی** بکات. بۆ گەیشتن بەم ئێستگەی کۆتاییە پێویستە کۆمەڵێک وێستگەی زۆر گرنگ و پێویست راگوزەریان پێدا بکرێت، هەر لە کاراکردنەوەی پەرلەمان و سەلامەتی پێگەی پەرلەمان و... هتد. گرنگە لە دەستپێشخەرییەکی ئەوهادا پێکهاتەکانی دیکەش فەرموویان لێبکرێت وە هەر لە سەرەتاوە بەشدار بن لە بەرهەمهێنانی دەوڵەتی هاووڵاتیدا: بونیادنراو لە سەر بنچینەی

بەهاکانی دادپەروەری و هاونیشتمانیبوون و دیموکراسی و فرەیی و سەروەربوونی یاسا و خۆشگەزەرانی هاووڵاتییان و... هتد.

پێنجەم، بە تایبەتی لەم قۆناغەدا چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ هەموو لایەک بکرێت بە پێشمەرج و باشتر وایە، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە نەخشە ڕێگایەکدا چارەسەر بۆ کێشەکان دیاربکرێت وە ڕێککەوتنیان دەربارە بکرێت وە، هەر وەک گوترا، ریفراندۆم و سەربەخۆیی بکرێت بە قۆناغ و ئێستگەی کۆتایی نەخشە ڕێگایە. چوون بەرەو ریفراندۆم و بڕیاری چارەنووسسازی سەربەخۆیی، بەبێ ئەوەی کێشەکان چارەسەرکرابن یا هەرنەبێ نەخشەڕێگایەکی جددی گشتگیر بۆ ئەو مەبەستە هەبێ، واتای موغامەرە و ریسککردنە بە ریفراندەم و سەربەخۆیی!

دواجار مەبەستێکی زۆر گرنگی هەر نەخشە ڕیگایەک بۆ سەربەخۆیی دەبێت ئەوە بێت کە هەردوو ئاڕاستە لە باسی سەربەخۆییدا یەکبخرێن و ڕێککەوتن لەسەر نەخشە ڕێگایەک بکرێت کە دواجار هەردوو ئاڕاستەکە لەناو خۆیدا جێ بکاتەوە. بەم واتایەش، دوای نەخشە ڕێگاکە دوو ئاڕاستەیی لە گوتاری سەربەخۆییدا کۆتایی پێ بێت: هەمووان یەک نەخشەڕێگایان هەیە و هەمووشیان یەک گوتارن. بە پێچەوانەشەوە، واتە، مانەوەی ئەم دوو ئاڕاستە جیاوازە لەیەکتر، جیاواز وەک دوو هێڵی هاوتەریب، مەترسییەکی هەرە گەورەیە بۆ سەر پڕۆژەی سەربەخۆیی.

گرنگە لە نەخشە ڕێگاکەدا هیچ لایەنێک پەراوێز نەخرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگە ئەوە جەخت بکرێتەوە کە هیچ هێزێک بە هیچ بیانوویەک نە پێگەی پێشڕەوایەتی و نە پێگەی پێشەنگی لە

پڕۆژە و نەخشە ڕێگای سەربەخۆییدا وەردەگرێت، **هەر لایەنێک بەپێی قەوارەی خۆی لە پەرلەماندا جێگە و پێگەی هەیە لە پرۆسەکەدا**. ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە زەرورەتی بە پەرلەمانیکردنی پرۆسەی سەربەخۆیی دەسەپێنێت. هەموو لایەنەکان دەبێت کۆک بن لەسەر ئەوەی کە باشترین چوارچێوە بۆ یەکلاکردنەوەی گفتۆگۆ دربارەی سەربەخۆیی و هەنگاونان بەرەو لوتکەی سەربەخۆیی چوارچێوە و پڕۆسەی پەرلەمانییە. لە لایەکی دیکەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگای هەڵسوکەوتەکانییەوە ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە کە کارکردن لەگەڵیدا لە چوارچێوەی پەرلەمان و یاسا و ڕێساکانی دیموکراسیدا ئاسان نییە: مەسەلەی یاسای سەرۆکەیاتی هەرێم، نووسینەوەی دەستوور و پەکخستنی پەرلەمان و... هتد، گەواهی ئەوەن. وایلێهاتوە مرۆڤ بگاتە ئەو باوەڕەی کە بڵێت: *لەگەڵ پارتیدا ناکرێت، بەڵام بەبێ پارتیش هەر ناکرێت، بەڵام پارتیش، بە تەنها، پێی ناکرێت.*" ئەمەش دۆخێکی مەترسیداری بە بن بەست گەیشتووە، تا هەر شتێکی دیکە.

لە بەرامبەر ئەم حاڵەتەدا هێزە سیاسییەکانی دیکە تەنها یەک بژاردەیان لەبەر دەمە ئەویش ئەوەیە کە هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکە نییە جگە لە کارکردنی هێزەکانی دیکە لەگەڵ ئەو حیزبەدا، بە بەهانەیەکی زۆر سادە بەڵام گرنگ: لە پێناو پاراستنی هەنووکەی کورد و گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی لە داهاتودا، دەبێت ڕۆڵی هەموان دانپێنراو بێت. بە کورتی و بە چڕی: کورد لە باشوور یەک بژاردەی لەبەر دەستە ئەویش کەمکردنەوەی ئەو مەودا و

جیاوازییەیە کە لە نێوان پارتی هێزە سیاسییەکانی دیکە هەیە. لە راستیدا گەورەترین سەرکەوتن بۆ پرۆژەی سەربەخۆیی ئەوە دەبێت کە پارتی بێتە ژێر باری ئەوەی نەخشە ریگایەکی سەربەخۆیی قبوڵ بکات، *کە هی هەموانە، بەرهەمی کار و بیروبۆچوونی هەموانە وە لە پێناو هەموانە،* هەروەها پارتی پابەند بکرێت بە "پرۆژەی هەموانەوە" و بەم پێیەش کۆتایی بهێنرێت بە سەرکێشی و تاکرەوییەکانی ئەو حیزبە لەمەڕ مەسەلەی سەربەخۆییدا. جگە لەمە، ئەگەر هەموو هێزە سیاسییەکان لەسەر یەک نەخشە ریگا کۆکبن، کە لەوێدا باس لە پرنسیپەکان و میکانیزمەکان لە مەڕ سەربەخۆیی دەکرێت، ئەوا دەبێتە هۆکارێکی گرنگیش بۆ چارەسەرکردنی کێشە و دوو ئاراستەییە زیانبەخشەکە لە بابەتی سەربەخۆییدا.

بە مانایەکی دیکە هەر کەسێک بیەوێت لەو جوگرافیای سیاسییە ناهەموارەکەی کوردستان دەست بۆ مەسەلەی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ ببات، بە مەرجێک **راستگۆ بێت لەو دەستبردنەدا**، دەبێت بەر لە هەموو شتێک، لە راستیدا بەر لە هەر کەسێکی تر، مشوری ئەوە بخوات و لە خەمی ئەوەدا بێت کە چۆن دەتوانێت تەواوی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژ و ئاراستەی سیاسی و ئایدۆلۆژی و گشت تاکەکانی ئەو وڵاتە تێکەڵاوی ئەو مەسەلەیە بکات و پشتگیرییان بۆ هەنگاوێکی ئەوها مسۆگەر بکات. بە دیوێکی دیکەدا، چۆن هێز و بنەما و ئاسایش و پێکەوەیی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ بەرهەم بهێنێت... ئەوەش رێک بەوە دەکرێت کە مەسەلەی سەربەخۆیی بکرێت بە

شانازی هەموو توێژ و تاکەکان... ئەگەر هەموو تاکەکانیش بون بە خاوەنی شانازیی هەنگاو و پڕۆژەیەکی ئەوها، ئەوا ئەو کاتە بێ گومان هەمووشیان دەبن بە سەرباز بۆ پاراستنی ئەو شانازییە، "چونکە شانازییەکە هی خۆیانە."

بە کورتی و بە چڕی، دەوڵەت بەبێ بونیادنان نابێت، بۆ کورد بونیادنان هەرنەبێت لە دوو ئاستدا گرنگە: ئاستی یەکەم، لە رێگای بونیادنانەوە گەیاندنی پەیام بە دونیا کە ئەو (واتە کورد) دەتوانێت دەوڵەتداری بکات؛ ئاستی دووەم، توانای داکۆکیکردن و بەرگریکردن لە خۆی و لە دەوڵەتی خۆی لە رێگای ئەو بونیادنانەوە زامن و مسۆگەر دەکات، چونکە بونیادنانێکی نیشتمانی و دیمۆکراتییانە هەموان دەکات بە سەربازی داکۆکیکار لەو دەوڵەتە.

## ٦-٢ لە ئاستی نیودەوڵەتیدا، دانپیانان

گەرچی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەها دەردەکەوێت کە نەرمییەکی زیاتر نیشان دەدات بەرامبەر گوتاری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی دانپیانانێکی راشکاوانە. هۆکاری ئەم نەرمییە دەکرێت زۆربن، بەڵام ئەمانە بە گرنگییەوە دەخەینە روو:

یەکەم، لە ماوەی ٢٥-٢٦ ساڵی رابوردوو، فەرمانڕەواییەکی خۆجێیی لە باشووری کوردستان، بە هەموو کەموکوڕییەکەوە، هەبووە، کە هەم هەندێک لە دیپلۆماتکارەکان و هەم ئەکادیمیکارانییش بە **دەوڵەتی دیفاکتۆ** (دەوڵەتی ئەمری واقیع)

ناویـان بـردووە. قبـووڵکردنی ئەم فەرمـانڕەواییە لە دەسـتووری عێراقدا کارئاسـانی بـوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی مـامەڵە لەگەڵ ئەم فەرمـاڕەواییەدا بکـات وەک "یەکەیەکی سیاسـی" کەمێک زیـاتریش لە دیفـاکتۆ، لە راسـتیدا تەنـانەت هەنـدێک جـاریش وەک ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوبێت. مـامەڵە و قبوڵکردنی تورکیـا و ئێـران لەو فەرمـانڕەواییە گرنگییەکی تـایبەتی هەبـووە، هەر چەنـدە کاتێکی زۆری پێچوو، بە تـایبەتی بۆ تورکیـا، کە ئەم راسـتییە قبـوڵ بکــات. قبــووڵکردنی ئێــران و تورکیــا بــۆ مــامەڵەکردن لەگەڵ دەســەڵاتی هەرێمــی کوردســتان (تــۆ بڵــێ دەوڵەتە دیفــاکتۆکە) دیسـانەوە رۆڵـی گرنگـی هەبـوو لە رەوانـدنەوەی دوودڵـی لە لای کۆمەڵگــای نێــودەوڵەتی بــۆ نزیکبــوونەوەیەکی تەندروســتتر و دوورتر لە دوودڵی لەم دەسەڵاتە؛

دووەم، ئەولەویەتی شەڕی داعش: بەشداری کورد لەو شـەڕەدا گرنگ بـووە، بۆیە وڵاتـانی رۆژئـاوا نایانەوێت وەهـا دەربکەون کە دژ بە خواسـتی کـوردن، هەرنەبێـت تـا ئەو شــەڕە بەردەوام بێـت. هەروەها نائومێدبوونی رۆژئـاوا لە سـوننە و شـیعە، کە بەم نزیکـانە بتوانن بێنە ریزی کۆمەڵگای نیودەوڵەتیەوە.

بەڵام گــرنگە کە ئەم دۆخە بەوە تێــدەپەڕێنرێت، وەهــاش بــۆ کـورد سـوودی دەبێـت، کە لە دیـدی کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتییەوە کـورد دەتوانێـت لە قۆنـاغی شــەڕکەری بـاش دەربـاز بێـت بـۆ یـاریکەرێکی (ئەکتەرێکــی) خـاوەن هێــز و حکـومەت و ئـابوری. چارەســەری کێشــەکانی دەســەڵات رۆڵێکــی گرنگــی دەبــێ لەم ئاڕاســتەیەدا. بە واتــایەکی دیــکە، ئەگەر لەم دۆخەدا هەنــدێک

هەنگاوی جددی نەهاویژرێن، بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوا بە ئەگەری زۆر لە قۆناغی دوای داعشدا، ئەو دەرفەتە نامێنێت، تەنانەت هەر وەک لە سەرەوە باسکرا دەکرێت دوای شەڕی داعش دەرگای کۆمەڵێک تەحەددا بەرەوڕوی باشووری کوردستان بێتەوە. تەنانەت لەوەش خراپتر باشووری کوردستان ئامادە نییە بۆ ئەو بەڕووڕووبوونەوەیە! لە راستیدا دەبووایە شەڕی داعش ئەو رووداوە راچڵەکێنەرە بێت کە دەسەلاتی کوردی بە ئاراستەی چاکسازی بنەڕەتی هانبدات، بەڵام نەک ئەوە رووی نەدا بەڵکو ئەوەی روویدا پێچەوانەکەی بوو: لە ژێر سێبەری شەڕی داعش و بێدەنگی ئەوانی دیکەدا (راستتر بڵێین ولاتە رۆژئاواییەکان)، دەستدرێژییەکی جددی کرایە سەر شەرعیەت و کێشە و قەیرانەکانیش هەر لە ژێر ئەو سێبەرەدا قووڵتر و فراوانتر بوونەوە؛

سێیەم، لە کارکەوتنی دەوڵەتی یەکپارچەی عێراق و نەبوونی هیوا بۆ خستنەوە سەرپێی ئەم دەوڵەتە؛

چوارەم، بوونی چەند ولاتێک کە لە بەرژەوەندیاندایە رۆژهەلاتی ناوەڕاست دابەش ببێت، یان دەربڕینی پشتیوانی بۆ دەوڵەتی کوردی لەلایەن عەرەبی سوننەوە لە ئاستی نزمدا، وەک هەڕەشەیەک بۆ بەرەی شیعە؛

پێنجەم، کەمبوونەوەی بایەخی ستراتیژی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و خەملانی بەرژەوەندییەکان بە شێوازێکی نوێ.

* * *

ئەگەر ئەزمــونی دەوڵەت لــە کۆســۆڤۆوە وەربگــرین, دەبێــت رۆژئـاوا بگەیەنـدرێتە ئەو بـاوەڕەی کە سـەقامگیری لـە عێراقدا بەم دۆخەی ئێسـتای مەحـاڵە، کە ئەم ناسـەقامگیرییەش بـۆ خـۆی لـە رووی بەرهەمهێنـانی تیـرۆر و پەنـابەرەوە رۆژئـاوا دەخـاتە بەردەم مەترسـی و هەڕەشـەوە. لـۆژیکی ئەوەی کە پێویسـت ناکـات عێـراق بە راگـوزەرە خوێنـاویەکەی یوگسـلاڤیادا تێبپەڕێـت بـۆ ئەوەی ئەو کـاتە عێراقییەکـان و کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی بـگەنە ئەو بـاوەڕەی بەڵـێ هێشـتنەوەی عێـراق بە بـاجی ئەم هەمـوو خـوێنە ناکرێـت و لەبەر ئەوەش پێویســتە هەمــوان دەســت لە وەهمــی عێراقێکــی یەکپــارچە هەڵبگــرن و هەڵوەشــانەوەی ئەم وڵاتە بە چارەســـەر بـزانن، دەکرێـت بەهـانەیەکی بەهێـز بێـت بـۆ قبـوڵکردنی پرۆسـەی هەڵوەشـاندنەوەی "ئاشـتیانەی" عێـراق. رۆژئـاوا گـوێ بەوە نـادات گەر عێـراق وەک یوگسـلاڤیا و یەکێتـی سـۆڤیەت هەڵبوەشـێتەوە، ئەگەر ئەم هەڵوەشـــانەوەیە مەترســـی نەبێـــت بـــۆ ســـەر بەرژەوەندییەکانی خۆی.

لە رووی نێــودەوڵەتییەوە، پێویســتە کــورد گوتــار و بڕیــاری سیاسـی و سـەربازی یەکگرتـوی هەبێت. ئەمڕۆ لە هەمـوو رۆژێک زیـاتر دەرفەت هەیە بـۆ خەملانـدنی ئەو جـۆرە گوتـارە، چـونکە، بەرجەسـتەکردنی لە هەمـوو کـاتێکی دیـکە ئاسـانتر و فەراهەمتـرە: **کـاتی ئەوە هـاتووە کە هەمـوان بە یەک دەنـگ بڵـێن: "تـا کـورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبێت پارێزراو نابێت." بە واتایەکی دیکە زۆر گرنگە کە پشتگیری ئەمڕۆی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ کورد ســوودی لــێ وەربگیرێــت، بە واتــای ئەوەی کە بە دروســتی**

**وەبەرهێنانی سیاسیانەی تیادا بکرێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان**. دواجار جێگەی خۆیەتی ئەو پەیامە بگاتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە **کورد پارێزراو نابێت تا سەروەریی نەتەوەیی خۆی نەبێت**. ئەوە رێک ئەو لۆژیکە بوو کە دوای هۆلەکۆست، جوولەکە، روو لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، قسەی پێکرد. کوردیش دەکرێ دوای هەڵەبجە و ئەنفال و شنگال بە هەمان لۆژیک قسە بکات کە جوولەکە دوای هۆڵەکۆست قسەی پێکرد.

ئەگەر راستە کورد لە بری هەموو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی شەڕی تیرۆر دەکات، ئایا دەستکەوتەکەی تەنها چەند پارچەیەک چەک دەبێت، کە ئەویش دەبێت لە **رێگای بەغداوە** بە دەست کورد بگات یان ئەوەتا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەوە دەگات کە بەبێ پشتگیری ئەم کۆمەڵگا نێودەوڵەتییە لە کورد لە رووی دیپلۆماسی و سیاسیەوە، دەکرێت هەر ئەم پشتگیرییە لە مەودایەکی دوورتردا بە زیانی کورد تەواو ببێت. بەو واتایەی کە رۆژێک دێت کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کورد بەجێ دەهێڵن بۆ ئەوەی خۆی بەرەو رووی چارەنووسی نادیاری خۆی ببێتەوە. لە چاوی هێزە ئیسلامی و عروبییە توندڕەوەکانەوە بەو یارمەتییە، مۆری دۆستبوون و بگرە بەکرێگیراوبوون بۆ رۆژئاوا کەوتووەتە سەر کورد!

* * *

کورد "ساندویچە" لە نێوان سوننە و شیعەدا. چەند بژاردەیەکی لەبەردەمدایە، یان ئەوەیە (پەرتبێت) و بخورێت یان

بتوانێـت **هاوســەنگانە لەگەڵ هەردوولادا بێـت** یـان **لە نێـوان هەردوو لادا بێلایەن بێت.**

کاتێـک بیـر لە دەوڵەتـی کـوردی لـە باشـووری کوردسـتان دەکــرێتەوە، دەبێــت عێــراق و دۆخەکەی هەڵبســەنگێندرێت بە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی و وڵاتانی زلهێز. پاشـان چۆن لە خواســت و بەرژەوەنــدی ئەم وڵاتــانە دەگەیــن لە تەبــایی و ناتەباییەکان، دژایەتی و تەبایی لە بەرژەوەندییەکاندا، بە مانایەکی دیکە بە گشتی لە دژایەتی و یەکانگیربوونەکان؟ تورکیا و ئێران، کــە بڕیــاردەری ســەرەکین لەم دۆخەدا، هەردوولا بەردەوام لە هەوڵــدان بــۆ گرێــدانی هەرێــم بە وڵاتەکانیــانەوە، لە پێنــاو کــۆنترۆڵکردنی و ســوودلێبینینی لە رووی ئــابوری و سیاســی و جیۆپــۆلیتیکەوە. مەترســی ئەوە هەیە کە ئەم دوو وڵاتە بــگەنە چوارچێوەیەک لە رێککەوتن لە نێوانیاندا دەربارەی کورد لە هەر سـێ یـان هەر چـوار پـارچەکە، ئەو کـاتە دۆخێکی سـەخت دێـتە ئــاراوە، بەتــایبەتی پـاش شـەڕی داعـش. بـژاردەی هەرە گونجـاو ئەوەیە کە بەردەوام حسـاب بـۆ سـیناریویەکی ئەوهـا بکەیت بەبـێ ئەوەی بە زەرورەت ببیـت بە دیلـی ئەم سـیناریۆیە و بەهــۆیەوە توشی دەستەپاچەیی سیاسی ببیت.

پێویست ناکات باشووری کوردستان، تەنانەت باشیش نییە، لە نێـوان ئێـران و تورکیـا و عێـراق تەنهـا یەکێکیـان یـان دوویـان هەڵبژێرێـت. بەڵکـو وا باشـترە تـا بکرێـت هاوسـەنگی لە نێـوان هەرسـێ وڵاتەکـان رابگرێـت. تەنهـا زەمـانەتیش بـۆ راگرتنـی ئەم هاوسەنگییە و سوود لێوەرگرتنی لە بەرژەوەندی کورد، توکمەیی

سیستەمی سیاسی و یەک گوتارییە لە ئاستی ئاڵۆزییە جیۆپۆلیتیکییەکاندا. دەرەنجام نە دۆستایەتی ئەوان بۆ یەکتر، نە دژایەتی ئەوان بۆ یەکتر، کاریگەری نەخاتە سەر بژاردە ستراتیژییەکانی کورد و بەرژەوەندیە نەتەوەییە باڵاکانی کوردستان.

شتێکی واقیعبینانە نییە چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بتوانێت لە هەمان کاتدا لە حاڵەتی ململانێدا بێت بەرامبەر عێراق و تورکیا و ئێران. مەسەلەیەکی یەکجار گرنگیش ئەوەیە کە جیهانبینی کوردی دەبێت خۆی لەو بۆچوونە کلاسیکییە باوە رزگار بکات کە بەردەوام خواستویەتی بڵێ "**ململانێ لە نێوان ئەم هێزە ئیقلیمییانەدا بە زەرورەت لە قازانجی کوردە.**" پێشتر دەرکەوتووە کە ململانێ و تەنانەت جەنگ لە نێوان وڵاتانی داگیرکاری کوردستان (بۆ نموونە جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران) نەک هەر بە قازنجی کورد نەبووە، بەڵکو تەنانەت بووە بە هۆی نسکۆ و نەهامەتی مرۆیی زۆر گەورە.

لە راگرتنی هاوسەنگی بەرامبەر ئەم دەوڵەتانە دەکرێت ئێمە باسی دوو شێوازی هاوسەنگی (باڵانس) بکەین:

١- ستراتیژی *هاوسەنگی نەرێنی* (negative balance)، بە مانای رەتکردنەوەی هەموویان وە مامەڵەنەکردن لەگەڵ هیچیاندا؛

٢- ستراتیژی *هاوسەنگی ئەرێنی* (positive balance)، بە مانای بە زەرورەت قبوڵکردنی هەرچییەکی ئەو سێ هێزە دەیانەوێت.

بە بۆچوونی ئێمە باشترین ستراتیژ بۆ باشووری کوردستان ئەوەیە کە لەو دوو شێوازەی هاوسەنگیدا **ئینتیقائی بێت**، واتە

پەیڕەوی هاوسەنگی لەسەر بنەمای بژاردەی (هاوسەنگی ئینتیقائی selective balance –) بکات. بۆ ئەمەش گرنگە لە هەموو حاڵەتێکدا لە یەک مەسافەدا مامەڵە لەگەڵ ئەم هێزانەدا نەکات: بە رادەی یەکەم بەرژەوەندییە نەتەوەییە کوردستانییەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان ئەو مەسافەیە دیاریبکەن وە پێوەری نزیکبوونەوە یا دوورکەوتنەوە بن لێیان. لە هەندێک مەسەلەدا دەکرێت هەڵبژاردنی هاوسەنگی ئەرێنی پیادە بکەیت واتە تا بکرێت مامەڵەکردنێکی پۆزەتیڤانە دوور لە دوژمنکاری و ململانێ و تەنگەژە، بەڵام هەندێک جاریش هاوسەنگیی نەرێنی. واتە کاتێک باس دێتە سەر بەزاندنی هێڵە سوورە نیشتمانییەکانی کوردستان (لێرەدا مەبەست نەک هەر باشووری کوردستانە بەڵکو کوردستانی مەزنیش) لە لایەن هەر یەکێک لەو هێزە ئیقلیمییانەوە ئەوا ئەو کاتە پێویستە کورد بڵێ نا. لە هەمان کاتدا زۆر گرنگە دەسەڵاتی کوردی ڕێگا نەدات رووبەری کوردستان (روو لە پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ عێراق، تورکیا و ئێران)، دابەش ببێت بەسەر دوو جەمسەر (ئۆردوگا)ی سەرەکی، یەکێکیان پەیوەندی لەگەڵ جەمسەری ئێران و شیعە باش بێت و ئەوەی دیکەشیان لەگەڵ تورکیا و جەمسەری سوننە؛ یەکێکیان پەیوەندی لەگەڵ بەغدادا باش بێت بەڵام ئەوی دیکەیان زۆر خراپ بێت. پێویستیش ناکات کورد لە نێوان هیلالی سوننی و هیلالی شیعی بە زەرورەت یەکێکیان هەڵبژێرێت: کێشەی کورد، نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراتییە و دواجار کێشەکەی هی دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی و دەوڵەتی هاووڵاتی و یاسا و رەواییەتی دیموکراتییە

نەک دینی و مەزهەبی. بەم پێوەرەش دروشمێکی هەرە گونجاو بۆ هەموان دەکرێت ئەمە بێت: نا بۆ بەرەی شیعی، نا بۆ بەرەی سوننی، بەڵێ بۆ خەندەقێکی نیشتمانی کوردستانی.

رەهەندێکی زۆر گرنگی پەیوەندی لەگەڵ هێزە ئیقلیمییەکان ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک نابێت پەیوەندییە باشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم ناوەندانە لەسەر حسابی بەشەکانی دیکەی کوردستان و دۆزی کورد لەو وڵاتانەدا بێت. لە راستیدا جەختکردنەوە لەسەر گوتاری بوونی کێشەی کورد لەو وڵاتانە و پێویستی چارەسەرکردنی نەک هەر پێگەی کوردانی باشوور بێهێز ناکات، بەڵکو تەنانەت ئەمە باشترین شێوازی گوتارە. ئەم شێوە گوتارە رادەیەک لە گوشاری "نەرم" دەخاتە سەر ئێران و تورکیا وە لە لایەکی دیکەشەوە ئەم گوتارە پاراستنی پەیوەندی هەرە تەندروستیشە لەگەڵ کوردان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان وە بازنەدانە بەسەر بەرژەوەندی و مافەکانیاندا.

لە ئاستی ناوخۆی عێراق، کە ناکرێت لە ئاستە ئیقلیمییەکە جیابکرێتەوە، باشتر وایە کورد بە ئاسانی خۆی ساغنەکاتەوە لە نێوان شیعە و سوننە، واتە کورد بە فەرز لایەنێک هەڵنەبژێرێت بۆ دژایەتی لایەنەکەی دیکە: کورد *تەنها و تەنها لایەنگری بەرژەوەندییەکانی* خۆی بێت و هەموو پەیوەندییەکان بخاتە خزمەت بەرژەوەندیە باڵاکانی کوردستان. لە هەمان کاتدا پێویستە لایەنی کوردستانی ئەوە بە روونی بزانێت کە یەکگرتنی ئەو دوو لایەنە عەرەبییە لە عێراق (واتە شیعە و سوننە) دەکرێت دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بخاتە مەترسییەکی جددییەوە.

هەر وەک چەند جارێک پێشتر، دوای کەوتنی رژێمی پێشو، رووی داوە کـــورد وەک کەمینەیەکـــی بێدەســـەڵات لە لایەن "زۆریـــنەی دکتاتۆری عەرەبییەوە" مامەڵە کراوە.

وڵاتـــانی نـــاوچەکە بەڕوونـــی پەرە بە گـــرژی نێـــوان نـــوخبەی سیاســـی کـــوردی و نێـــوان هێـــزە سیاســـییەکان دەدەن بـــۆ ئەوەی ئیـــدارەی قەیرانەکـــانی نێوانیـــان بکەن بە قـــازانجی خۆیـــان، هەروەهـــا بـــۆ ئەوەی لەم ڕێگـــایەوە بتـــوانن ڕێگـــا لە کـــورد بگـــرن لە ئاڕاســـتەی بەدەوڵەتبـــوون. باشـــووری کوردســـتان هـــیچ چـــارەیەکی دیـــکەی نییە تەنها ئەوە نەبێت کە چارەسەری هەموو کێشـــەکان بکرێت لە نێوان هێزەکانـــدا و بەم شـــێوەیەش هەمـــوو درز و کەلێنە سیاســـییەکان پـــڕ بکـــرێنەوە بـــۆ ڕێگـــری کـــردن لە دزەکردنـــی داگیرکـــاران لێیـــانەوە بـــۆ ناو جەستەی سیاسی کوردی.

لە ئاســـــتی کوردســـــتانی مەزنـــــدا، هەر جەمســـــەرگیری و جەبهەبەنـــــدیەک و دژایەتـــــی یەکتـــــر کـــــردن لە نێـــــوان هێـــــزە سیاســـییەکانی کوردســـتانی گەورەدا، مەترســـیدارە و هەڕەشـــەیە بـــۆ ســـــەر هەمـــــوو بەشـــــەکانی کوردســـــتان، بە تـــــایبەتی باشـــــووری کوردســـتان. بە پێچەوانەشـــەوە، واتە مـــامەڵەکردن لەســـەر بنەمـــای کوردســـــتانی و نەتەوەییـــــانە، بـــــۆ ڕێگەگـــــرتن لە هەر ئەگەرێکـــــی لێکتـــرازان لەســـــەر ئاســـــتی کوردســـــتانی گەورە، خـــزمەتە بە هەر بەشێکی کوردستان بە جیا، وە بە کوردستانی مەزن بە گشتی.

ئەگەر کـــورد ئەمـــڕۆ وەک هێـــزی پیـــادەی هێزەکـــانی رۆژئـــاوا بەکاردەبرێت، چـــونکە رۆژئـــاوا نایەوێت ســـەربازی خـــۆی بەکوشـــت بـــدات، ئەوا دەبێـــت ئەم رۆڵە تەرجەمە بکرێـــت بـــۆ سیاســـەت و

دیپلۆماسی وە زۆر گرنگە کە ئەم تەرجەمەکردنە بۆ سیاسەت و دیپلۆماسی و **دوانەخرێت بۆ قۆناغی دوای داعش**. ئەگینا مامەڵەکردنمان وەک هێزی پیادە و بەبێ بوونی دەرفەت بە تەرجەمەکردنی ئەم پێگەیە لە رووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە، کورد دەکات بە خەڵکانێک کە بە "کوشتدانیان ئاساییە و بەم بەکوشتدانەش شەڕی وڵاتانی رۆژئاوا لەگەڵ داعش زۆر هەرزان دەکەوێت لەسەر ئەو وڵاتانە." مێژووی رۆژئاوا سیخناخە لە پشتکردنە ئەو خەڵکانەی کە بەکاری هێناون پاش تەواوبوونی رۆڵەکەیان و پشتی تێکردون. وانەیەکی تاڵ هەیە لە بوونی ئێمە بە "هێزی پیادەی رۆژئاوا" ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لە ریزی ئەو کەسانەین کە مەرگمان هێندە بایەخی نییە بۆ ئەوەی ئەژمار بکرێت و بەهای بۆ دابنرێت. ئەمە لە بیری سیاسی نوێدا بە ئەوکەسانە دەگوترێت کە وەک "بونەوەری سیاسی" تەماشا ناکرێن.

بە کورتی، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لە رووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە بەری خۆڕاگری و قارەمانیەتی و قوربانیەکانی خۆی بچنێتەوە، پێویستە کورد **لە ئێستاوە** خەمی دوای داعش بخوات بۆ ئەوەی نەبێت بە هێزێکی فەرامۆشکراو لە هاوکێشەی نوێی ناوچەکەدا. هەر لە ئێستاوە بوونی کارامەیی سیاسی و دیپلۆماسی و هەروەها بوونی نەخشە رێگایەکی هاوبەش کە تیایدا هەموو ئاست و رەهەندە ئاڵۆزەکانی سەربەخۆیی جێگایان بکرێتەوە، زامنی ئەوەن.